زنجیرە کتێبی گۆڤاری

کۆچ 29

# سوننەکانی ئێران

چەند سەرنجێکی مێژوویی سۆسیۆسیاسییە
دەربارەی ڕەوشی گشتیی سوننەکانی ئێران

وەرگێڕانی: بەرزانی مەلا تەها



منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

2015

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)ە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

/https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

# سوننەكانی ئێران

"چەند سەرنجێكی مێژوویی - سۆسیۆسیاسییە

دەربارەی رەوشی گشتیی سوننەكانی ئێران"

ناوی کتێب: سوننەکانی ئێران
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: بەرزانی مەلا تەها
تایپ: شەیما سەعید
نەخشەسازیی بەرگ: هادی ڕەسول
دیزاینی ناوەڕۆك: هەرێم عوسمان
نۆرەی چاپ: یەکەم - سلێمانی ٢٠١٥
چاپ: چاپخانەی حەمدی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٨٠٦)ی ساڵی (٢٠١٥)ی پێدراوە.

- اهل السنة في إيران: مجموعة باحثين، الطبعة الاولى، مركز المسبار للدراسات والبحوث، دبي، ٢٠١٢.

# نیوەرۆك

پێشکەشکردن.......... ٥
گوتەی وەرگێڕ.......... ١١
• ئێرانی مێژوو و واقیعی هاوچەرخ
تەلال عتریسی.......... ١٩
• قەیرانی کەمینە سوننیەکان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران
د. رزوان زیادە.......... ٥٣
• رێکخستنی فرەڕەنگیی کۆمەڵگەیی لەئێران و بارودۆخی سوننەکان
د. ئیدریس لکرینی.......... ٨٧
• سوننەکانی ئێران/ عەلی لاڤی.......... ١٠٧
• پوختەیەك دەربارەی ئێستای سوننەکان لەئێران
عیمران سەمیح نەزال.......... ١٢٥
• سوننەکانی ئێران "کۆڵینەوەیەکی سۆسیۆ سیاسییە لەبارەی بارودۆخی پێکهاتنی هۆشیاریی دەستەجەمعیی تایفەیەك"
عەلی ئەلحوسێنی.......... ١٦١
• کەسایەتییەکانی بیری سوننەگەرایی لەئێرانی هاوچەرخدا
عەباس ئەلمورشید.......... ٢٠٣
• جوندوڵلا لەئێران "شۆڕشێکی جەماوەریی خاوەن مەیلی سەلەفیی"٢٣٧
محەمەد عەواریدە.......... ٢٣٧
• کاریگەرییە دەرەکییەکان لەسەر سوننەکانی ئێران
محەمەد حەسەن فەلاحیە.......... ٢٥٧
• دەربارەی مافخوازیی سوننەکانی ئێران "تەمتومانی ژمارەکان و مۆتەکەی مانەوە"
ئەحمەد ئەلحەمدی.......... ٢٩١
پاشکۆی وێنە.......... ٣١٥

# پێشکەشکردن

پ.د خەلیل عەلی موراد

مسوڵمانانی سوننە دووەم گەورە گروپی ئایینی لە ئێراندا پێکدەهێنن لەپاش مسوڵمانانی شیعە، زۆربەشیان لە کوردو بلوچ و تورکمان و بڕێکی کەم لە عەرەب پێکدێن. ژمارەی ورد لەبارەیانەوە لەبەردەستدا نییە، بەڵکو قەبلاندنی جیاواز هەیە لەبارەی ڕێژەی مسوڵمانانی سوننە لە تێکڕای دانیشتوان، بڕێک لە سەرچاوەکان ڕێژەی سوننەکانیان لەنێوان ٩٪ و ١٠٪ قەبلاندووە، لەوەختێکدا بڕێکی تر لە سەرچاوەکان ڕێژەی سوننەکانیان گەیاندۆتە ٢٥٪، ئەمەش زێدەڕۆییەکی روون و ئاشکرایە، بەپێی ئەو ئامارەی، کە لە سەرەتای تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١١دا لە ڕێژەی دانیشتواندا ئەنجامدرا ڕێژەی دانیشتوانی ئێران گەیشتە ٧٥,١٤٩,٦٦٩ کەس، مسوڵمانانی شیعە و سوننە ڕێژەی ٩٩,٤٪یان پێکهێنا، مەسیحی و جولەکە و زەردەشتی و بەهائی و یارسان و سابیئەکانیش کەمتر لە ١٪. بەپشتبەستن بەو ئامارە دەکرێت بڵێین ڕێژەی مسوڵمانانی سوننە نزیکەی ٨ ملیۆن کەسە، ڕەنگە لەو ڕێژەیەش کەمتر بێت. هەروەها ئەو قەبلاندنە ڕێك لەگەڵ ژمارە نافەرمییەکاندا دێتەوە، کە ڕێژەی کوردیان بە ٧٪، بلوچ ٢٪ و تورکمان ٢٪ قەبلاندووە لە تێکڕای دانیشتوانانی ئێران.

ئێــران لــەپاش ســەرهەڵدانی کۆمــاری ئیــسلامیی لەســاڵی ١٩٧٩، مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامیی کردە مەزهەبی فەرمیی دەوڵەت، وەك لە ماددەی (١٢)ی دەستوری ساڵی ١٩٧٩دا هاتووە: "ئایینی فەرمیی لە ئێران بریتییە لە ئیسلامو مەزهەبی جەعفەریی دوانزە ئیمامیی، ئەم پرەنسیپە چەسپاوەو هەتا هەتایە قابیلی گۆڕانکاریی نییە"، لە هەمان ماددەدا هاتووە: "هەرچی مەزهەبە ئیسلامییەکانی ترە، کە مەزهەبی حەنەفی، شافیعی، مالیکی، حەنبەلیو زەیدییە، ڕێزی تەواویان هەیەو، باوەڕدارانیان سەربەستن لە بەجێهێنانی سرووتە ئایینییە فیقهییەکانیان بەپێی فیقهی تایبەت بەخۆیان، ئەو مەزهەبانە لە بابەتەکانی فێرکردنو پەروەردەی ئایینیو باری کەسیی (هاوسەرگیریی، تەڵاق، میرات، وەسیەت) بە فەرمیی دانپێدانراون، لەپاڵ هەرچییەك، کە پەیوەست بێت بە داوای دادگەکانەوە. لە هەر نێوچەیەکدا ئەو مەزهەبانە زۆرینەبن، ئەوا بڕیارە نێوخۆییەکانی ئەو نێوچەیە لە سنووری دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنەکانی شوراداندو، پێڕەویی لەو مەزهەبە دەکەن، بەبێ دەستبردن بۆ مافی شوێنکەوتووانی مەزهەبەکانی تر". بەهەر حاڵ، ئەم دەقە دەستوورییە ڕەنگدانەوەی ڕەوشی سوننەکان نییە لە ئێراندا، کە هەست بە زۆربۆهێنانو پەراوێزخستنیان دەکەن، سەرباری تەنگپێهەڵچنینیان لە بواری فێرکردنی ئایینیو پیادەکردنی دروشمە ئایینییەکان، هەروەها تارومارکردنی هەندێك لە مزگەوتەکانیانو، ڕێگریکردن لە بنیاتنانی مزگەوتی نوێ لە شارە گەورەکانی وەك تارانو مەشهەدو ئەسفەهان.

بێگومـــان دەرکـــەوتنی رێکخـــستنە سیاســـیی و چـــەکدارییە سوننەگەراکان لە ئێران (وەك رێکخراوی جوندوڵلاّ، لە ساڵی ٢٠٠٢ لە بلوچستان دامــەزرا) لــە لایــەك و، خراپبــوونی ململانێــی تــایفیی لەنێوچـــەکەدا لـــە ســـالآنی رابـــردوودا، بەتایبـــەت لـــەپاش ســەرنخونکردنەوەی رژێمەکـەی سـەددام لـە عێـراق لـە سـاڵی ٢٠٠٣، لەلایەکی ترەوە رەنگدانەوەی نەرێنیی هەبوو لەسەر رەوشی سوننەکان لە ئێراندا. ناکرێت کاریگەریی ئۆپۆزیسیۆن فەرامۆش بکەین ئەوانەی، کـە خـاوەن مـۆرکی نەتـەوەیین لەنێوچـە سـوننییەکاندا وەك رۆژهـەلاّتی کوردستان و بلوچستان لەسەر سروشتی مامەڵەی دەسەلاّتی ئێرانیی لەگـەڵ دانیـشتوانی ئـەو نێوچـانە. چـەندین راپـۆرت ئامـاژە دەدەن بـە رەوشی سوننەکان لـە ئێـران و تێبینییەکانیان لـەبارەی سیاسـەتەکانی دەسـەلاّت لـە بەرامبـەریان. دیسانەوە چەندین پەرلـەمانتارو کەسایەتی سوننە لە ئێران یاداشتیان ئاراستەی رێبەری بالاّی شۆڕشی ئیسلامیی عــەلی خامەنــەئی و، ســەرۆك کۆمــاری ئێــران کــردووە تایبــەت بــە مەترســییەکانی ســوننە لــە بەرامبــەر سروشــتی مامەڵــەی دەســەلاّت لەگەڵیانـدا، هـەروەها سیاسـەتی سـەرکوتکردن لـە دژیـان لـە هـەردوو دەسەلاّتی جێبەجێکردن و دادوەرییدا بەشێوەیەکی تایبەتیی. هەروەها هەڵمەتـەکانی پڕوپاگەنـدە لـە دژیـان لـە میـدیای گـشتیدا، سـوننەکان داوایـــان لـــە دەســـەلاّتی ئێرانیـــی کـــردووە پابەنـــدبن بـــە مـــاددە دەستوورییەکانەوە ئەو ماددانـەی، کـە مامەڵـەی هاوسـەنگ بۆ هـەموان دەستەبەر دەکەن.

کۆڵینەوەو کتێبی گرنگ لەبارەی سوننەکانی ئێران لەبەردەستدا نییە، بۆیە لەم بوارەدا کتێبی "سوننەکانی ئێران" بەشێك لەو کەلێنە پڕ دەکاتەوە. کتێبی نێوبراو لە ساڵی ۲۰۱۲ لەلایەن -دەزگای/المسبار بۆ کۆڵینەوە- لە دوبەی چاپکراوە، دەزگاکە تایبەتمەندە بە توێژینەوە لە جووڵانەوە ئیسلامییەکان و دیاردە فەرهەنگییەکان بەگشتیی بە هەردوو رەهەندی فیکریی و کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، دیسانەوە دەزگای نێوبراو گرنگی دەدات بە توێژینەوە لە جووڵانەوە ئیسلامییە هاوچەرخەکان بە شێوەیەکی تایبەتیی، وێڕای ئەو جووڵانەوانەی، کە خاوەن مۆرکی مێژوویین و تائێستاش کاریگەرییان هەیە لەسەر رەوشی ئەورۆکە.

ئەم کتێبە (۱۰) کۆڵینەوە لەخۆ دەگرێت، چەند کۆڵەرێك نووسیویانە، جگە لە کۆڵینەوەی یەکەم بەنێونیشانی "ئێرانی مێژوو و واقیعی هاوچەرخ"، کە تەلاڵ عتریسی نووسیویەتی، باسی لەلایەنی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئاینیی کردووە، لەپاڵ پەیوەندیی نێوان مێژووی وڵات و واقیعی هاوچەرخ، هەر نۆ کۆڵینەوەکەی تر تایبەتن بە کۆڵینەوەو پێشکەشکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بە سوننەکان لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، کە دۆخی ئەوان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەگرێتەوە، لەگەڵ دۆخی پێکهاتنی هۆشیاریی دەستەجەمعیی لە لای شوێنکەوتووانی ئەو مەزهەبەو، دیارترین کەسایەتییە فیکرییە سوننەگەراکان لە ئێراندا بەو پێیەی کوردو بلوچ سەرچاوەی سەرەکیی دەرچوونی ئەو رێبەرە سوننەگەرایانەن لە

ئێراندا، هەروەها کۆڵینەوە لە ڕێکخراوی "جوندوڵلا"ی سەلەفیی لە بلوچستان لەرووی دەرکەوتن و ستراکتۆری ڕێکخراوەیی و جموجۆڵە چەکدارییەکانی، دیسانەوە کۆڵینەوەیەکی تر لەبارەی کاریگەرییە دەرەکییەکان لەسەر سوننەکانی ئێران، کە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر دەرکەوتنی ڕێکخستن و پارتە سیاسییەکان لەنێویاندا، سەرەتا بە کاریگەرییە سۆسیالیستیی و کۆمۆنیستییەکان، پاشتریش ئایدیۆلۆژیا لیبریاڵییەکان و، بیری سوننەگەرایی سوننەتیی دەرەکیی، وێڕای کاریگەریی هەرێمە هاوسێکانی، شۆڕشی زانیارییەکان، بژاردە سوننەگەراکان/النخب السنیة، ڕۆژهەڵاتناسیی/الإستشراق و ڕۆڵی لە هورووژاندنی کێشەی سوننەکان. کتێبەکە بە کۆڵینەوە لە دۆسیەی مافخوازیی سوننەکانی ئێران، کە گرفتی مافخوازیی سوننەکان و، قورسبوونی پێشکەشکردنی ژمارەو ئاماری ورد لەبارەیانەوە کۆتایی هاتووە، لەپاڵ دەرخستنی دابەشبوونی جوگرافیی سوننەکان لە مەڵبەندە ئێرانییەکان و تارانی پایتەخت، لە پاشەکیی ئەم کۆڵینەوەیەشدا هاتووە: "روون و ئاشکرایە شکستی مسوڵمانان، لە ئاکامی ژێریی دوژمنانەوە نییە، بەڵکو دەستەوسان بوونە لەوازهێنان لە ستەمورزۆری هەندێکیان دژ بە هەندێکی تریان و بەکارهێنانی دەنگە تایفییەکان، کە لە کۆتاییدا تەنها خزمەت بە ستەمکاری نێوخۆیی و دەرەکیی دەکات".

نامەوێت درێژە بە پێشکەشکردنی ئەم کتێبە بدەم، بەجێی دەهێڵم بۆ ئەوانەی سەروکاری لەگەڵ دەکەن، هەروەها ئەوانەی

وردەكارییەكانی تەماشا دەكەن‌و سوودی لێوەردەگرن‌و، بڕیار لە راست‌و دروستیی‌و گرنگیی بابەتەكە دەدەن. لە كۆتایی ئەم پێشەكییەدا ستایشی برای بەڕێز بەرزانی مەلا تەها دەكەم، كە ناسراوە بەوەرگێڕانی كتێبە باشەكان‌و، توانای بەرزی ئەو لە هەڵبژاردنی نێونیشان‌و بابەتی گرنگ لەپێناو دەوڵەمەندكردنی كتێبخانەی كوردیی‌و، خزمەتكردنی خوێنەری دڵاوای كورد. هیوام سەركەوتن‌و بەخشینی بەردەوامیەتی.

هەولێر – زانكۆی سەلاحەدین– كۆلێژی ئاداب
٢٠١٥/١٠/١٠

# گوتەی وەرگێڕ

"ئێمـە هەمیـشە سـازو لەسـەرپێین بـۆ بـەرگریکردن لەئیـسلام‌و ولآتـانی ئیـسلامیی‌و سـەربەخۆییان، بەرنامـەی ئێمـە بەرنامـەی ئیـسلامە، لـەپاڵ بـەدیهێنانی یـەکێتی گوتـەی مـسوڵمانان‌و یـەکێتی ولآتـانی ئیـسلامیی‌و بەدیهێنانی برایەتیی لەگەڵ تەواوی مسوڵمانانی جیهاندا، هـەروەها یـەکێتیی لەگـەڵ تـەواوی دەوڵـەتانی ئیـسلامیی لەسەرتاسـەری جیهـان‌و، وەسـتانەوە بەرووی زایۆنیزم‌و ئیسرائیل‌و دەوڵەتە داگیرکەرەکان، کە دەیانەوێت سامانی گەلانی هەژارو زەبوون بەخوتوخۆڕایی بدزن"

**ئایەتوڵلآ خومەینی**

"هـەرکاتێك رێگـەیان پێـداین حوسـەینیەك لـە مەککـە دروسـت بکـەین، ئەوکات ئێمەش رێگەیان پێدەدەین مزگەوتێك لە تاران دروست بکەن"

**ئایەتوڵلآ میسباح یەزدی**

"مۆدێلی ئیسلامیی ئێران" یاخود ئـەزموونی ئێرانـی ئیـسلامیی بە یەکێك لە وەرچەرخانە گرنگەکان لەمێژووی هاوچـەرخی ئێرانـدا لەقەڵەم دەدرێت، کە **ئایەتوڵلآ خومـەینی** زەمینـەی بۆ خۆشکرد بەدامەزرانـدنی کۆمـاری ئیـسلامیی ئێـران لـە ئیپریلـی ١٩٧٩دا. لەهـەمان کاتیـشدا، سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئیـسلامیی لەدەوڵـەتێکی وەك ئێرانـدا گـرنگترین رووداو بوو لە مێژووی هاوچەرخی ئیسلامیدا، کە کاریگـەریی گـەورەی دروسـتکرد لەسـەر کـۆی تێڕوانینـە نێودەوڵەتییـەکان‌و سیاسـەتی

جیهانیی[1]. کەسایەتی ڕۆحانییەکی کاریزمیی وەك خومەینی کایەیەکی گرنگی گێڕا لە سەرکەوتنی شۆڕش و نوێنەرایەتیکردنی ڕۆحانییە شۆڕشگێڕەکان، بە بڕوای کریس هارمان "ئایەتوڵڵا خومەینی بەشێکی گەورەی جووڵانەوە هەڵکشاوەکەی شۆڕش بوو، نێوی هێمایەك بوو بۆ بەرهەڵستیکردنی شاهەنشاهیی، ئەو لەپاریس گیرسابۆوە، کە خاڵی پەیوەندیی نوێنەرانی هێزە هاوبەشەکانی جووڵانەوەکە بوو – واتە بازاڕییەکان و ڕۆحانییە نزیکەکانی خومەینیی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوای لیبراڵ و سەندیکا پیشەییەکان و قوتابیان و تەنانەت یاخیبووە چەپەکانیش – بەگەڕانەوەی خومەینی لە یەنایەری ١٩٧٩ بووە ڕێبەری سیمبولیی شۆڕش.. ئەو خاوەن هەستێکی تەکتیکی سیاسیی تیژ بوو..."[2].

لەراستیدا کەوتنی محەمەد ڕەزا شا و سەرنخونکردنەوەی سیستەمە سیاسییەکەی ئامانجی تەواوی ڕێکخستن و بزاڤە شۆڕشگێڕییەکانی ئێران بوو، پاش کەوتنی شا سەرجەم ئەو لایەن و بزاڤە شۆڕشگێڕییانە جیاوازیی و کەلێنی گەورە کەوتە نێوانیان، بەرکەوتنی توندی هێزو بەرە سیاسییەکانی بەخۆوە بینی،

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: **الثورة الاسلامية في إيران في افق تفكك البراديغمات الجاهزة:** عبدالعالي العبدوني، الطبعة الاولى، دار المعارف الحكمية، ٢٠١٣

[2] **النبي والبروليتاريا:** كريس هارمان، مركز الدراسات الاشتراكية، ١٩٩٦، ص ٣٥.

لەئاکامیشدا بە دوورخستنەوەی تەوژمو بەرە جیاوازەکان کۆتایی هات، کە بەرووی ئاراستەی رۆحانییەکاندا وەستانەوە.

دەیەی یەکەمی تەمەنی شۆڕشی ئیسلامیی ململانێو شەڕەقۆچی گەورەی بەخۆوەبینی لەنێوان هێزە ئیسلامییە لایەنگرەکانی ئیمام خومەینیو هێزو رەوتە سیاسییەکانی تر - مارکسییو لیبراڵییو ناسیۆنالیستەکان-، خومەینی بەو پێیەی توانی لەدەورانی پێشو پاش شۆڕشدا بابەتی عیرفانو سیاسەت بە تەواوی ئاوێتەی یەکتر بکات، توانی بێدەنگ بێت لە وردەکاریی پرۆژەی بە ئیسلامیکردنی دەسەڵاتی سیاسیی لە ئێران، بۆیەشە لەمەڵاسدا بوو بۆ گشت لایەنە بەشدارەکانی شۆڕش بەسەرجەم ئاراستە جیاوازەکانیانەوە تا ببینێت چۆن بەرەی شۆڕش پەرتەوازە دەبێت لەلایەك، دڵنیاییش بدات بەوانەی کە گومانیان لەرۆڵی سیاسیی پیاوانی ئاینیی شیعە هەبوو بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەکی ترەوە، چونکە هەر لایەنێکی بەشدار لە شۆڕشدا بەشێوەیەك راڤەیان بۆ ئامانجەکانی شۆڕش دەکرد، بڕێکیان بڕوایان وابوو ئامانجی شۆڕش کۆتایی هێنانە بە ستەمکارییو هێنانەئارای دەسەڵاتێکی نوێی ریفۆرمخواز، بڕێکی تریان ئامانجی شۆڕشیان لە پرۆژەی دیموکراتیزەکردنی دەوڵەتی ئێرانیدا دەبینییەوە یاخود بەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییو یەکسانیی هاونیشتیمانیان یاخود دوورخستنەوەی هەژموونی رۆژئاواگەرییو کۆتایی هێنان بە پاشکۆیەتیی ئێران بۆ رۆژئاوا، بەڵام هەوڵەکانیان

شکستخواردبوو، چونکه زەمینەکە پتر لەباربوو بۆ جڵەوکردنی دەسەڵات لەلایەن تەوژمی ئاینیی شیعەگەراو رۆحانییە شۆڕشگێڕەکان.

لەبنەڕەتدا خولیای ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی نوێی ئاینیی لەپاش رووخانی شا لە گرتنەبەرو پێڕەوکردنی یەکێك لەم سێ رێچکە سەرەکییەدا خۆی دەبینییەوە:

- **رێچکەی یەکەم:** پاراستن و رادەستخستنی دەسەڵات بۆ بژاردەی سیاسیی بەئامانجی دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسیی هاوشێوەی دەوڵەتانی دیموکراتیی رۆژئاوا، دوورخستنەوەی دامەزراوەی ئاینیی لە پیادەکردنی دەسەڵات و، هێشتنەوەی وەك دامەزراوەیەکی رۆحیی.

- **رێچکەی دووەم:** جڵەوکردنی دەسەڵات بەپێی مۆدێلی خانەی ئیسلام/دار الاسلام، هەروەها وەرچەرخانی ئێران بەرەو خانەی کۆچڕەوی خەباتگێڕانی ئیسلامیی لەپێناو سەرلەنوێ گێڕانەوەی شکۆ بۆ ئیسلام وەك هێزێکی نێودەوڵەتیی.

- **رێچکەی سێهەم:** بریتی بوو لە تێهەڵکێشکردنی رێچکەی یەکەم و دووەم، بەشێوەیەك بتوانێت دەوڵەتێکی نەتەوەیی هاوچەرخ دابمەزرێنێت، کە پابەند بێت بە سیستەمی نێودەوڵەتییەوە، ئامانجی ئەوە بوو سەرلەنوێ ئیسلام بکاتە هێزێکی نێودەوڵەتیی بە رێبەرایەتیی ئێرانییەکان.

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکەم هەوڵی چەسپاندنی مۆدێلی بەئیسلامیکردنی دەوڵەتی ئێرانیی بوو بەشێوازە شیعەگەراییەکەی لەسەر بنەمای مەزهەبیی ویلایەتی فەقیە، دەستووری ئێرانیش

رەنگدانـەوەی ئـەو رێـچکەیە لـە ئیـسلامی شـیعەگەرایی. لـەزۆر بەنـدی دەسـتووریدا بـە ئاشـکرا جەختکراوەتـەوە لەسـەر بیرۆکـەی دەوڵەت/نەتەوەو تەبەنیکردنی ناسیۆنالیزمی فارسیی لەپاڵ رەواجدان بـە بـیری شـیعەگەرایی و تەوژمـە مەزهەبییـەکانی، لـە وەختێکـدا نەتـەوەکانی تـری دانیـشتووی ئێـران نیـوە بـەرەو ژووری تێکـڕای دانیشتوانی ئێران پێکدەهێنن.

بیرۆکەی چەسپاندن و داهێنـانی ویلایـەتی فەقیـه لەلایـەن ئایـەتوڵڵا خومەینیـەوە گەنگەشـەی قـووڵی لـەنێو دامـەزراوەی ئـاینیی شـیعەو مـەرجیع تەقلیـدەکانی ئـەودەمی مەزهـەبی شـیعە هێنایـەئاراوەو، خوێندنـەوەی جیاوازیـان هـەبوو بـۆ تێـزی ویلایـەتی فەقیـه، لەوانـە "مورتـەزا ئەنـساری، ئایـەتوڵڵا شـەریعەتمەداری، ئایـەتوڵڵا حەسـەن تەباتـەبائی، ئایـەتوڵڵا مونتـەزەری"، سـەرجەمیان دووچـاری راوەدوونـان و قۆڵبەسـتکردن و دەستبەسـەرکردن بوونـەوە، تەنانـەت لـەدەرێی ئێـرانیش ناڕەزایـەتیی گـەورەی رۆحانییـەکانی لێکەوتـەوە، بەتایبـەت ئـەو رۆحانییـە شـیعە مەزهەبانـەی، کـە پـتر ئینتیمایـان بـۆ شیعەگەرایی عـەرەبیی هـەبوو لەوانـە "ئەبولقاسـم ئـەلخوئی، ئایـەتوڵڵا محەمـەد حـسێن فـەزلوڵڵا، محەمـەد مەهـدی شەمـسەدین"، ئـەوان بەسـەرجەم ئاڕاستە فیقهیی و سیاسییەکانیانەوە بەدژی ئـەو بیرۆکەیـە وەستانەوە[1].

---

[1] : الاسلاميون وحكم الدولة الحديثة: د. إسماعيل الشطي، الطبعة الاولى، منشورات ضفاف، بيروت، ٢٠١٣.

لەلایەکی ترەوە، وەك ئاماژەمان پێدا، سەرخستنی شۆڕشی ئێران بەتەنها زادەی تەوژمێکی مەزهەبیی یاخود سیاسیی یاخود کۆمەڵایەتیی نەبوو، بەڵکو زادەی خەبات و تێکۆشینی سەرجەم ئێرانییەکان بوو، لەنێویشیاندا سوننەکانی ئێران، کە بە ڕۆڵ و سەنگێکی گەورەوە پشتیوانییان لە شۆڕشی گەلانی ئێران کرد بەتەواوی پێکهاتەکانیەوە (کورد، بلوچ، تورکمان). ئەگەر بەراوردی شۆڕشی ئێرانیی بکەین بە شۆڕشی رووسیی دەبینین "تاقە پارتێك بەشێوەیەکی ڕێکخراو ئامادەیی تەواوی نەبوو بۆ ئەو شۆڕشە، بەڵکو شۆڕشێکی خۆڕسك بوو وەك دەرەنجانی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان، بۆیەشە بە ملیۆنان کەس هاتنە سەرشەقام، لەوەختێکدا پارتی بەلشەفیی لە پەراوێزی ژیانی سیاسیدا بوون، لەیەکەم هەڵبژاردنیشدا لەکۆی ١٥٠٠ بۆ ١٦٠٠ پەرلەمانتار تەنها ٤٠ پارلەمانتاری بەلشەفیی هەبوون واتە ٢,٥٪ لە تێکڕای پەرلەمانتاران"[1]، بۆیە ناکرێت هەڵایسان و سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانیی بە دەسکەوتی بەرەیەکی شیعەگەرای ئاینیی دابنرێت.

هەرچی مایەی سەرسوڕمانە پرۆژەی بە ئیسلامیکردنی ئێران لەدەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا شێوەیەکی تایفیی و مەزهەبیی وەرگرت، ئەویش بە پابەندکردنی دەوڵەتی ئێرانیی بە بیروباوەڕی شیعەی دوانزە ئیمامیی/جەعفەریی، بۆیەشە خودی پرۆژەی بە ئیسلامیکردنی ئێران وەرچەرخا بۆ پرۆژەی شیعاندن/التشییع، ئەم

---

[1] عصر الثورة "الماركسية في الالفية الجديدة": توني كليف، ترجمة اشرف عمر، مركز الدراسات الاشتراكية، ص ١٠٢-١٠٣.

پرۆژەیەش بە زیانی پێکهاتە سوننیەکانی ئێران کۆتایی پێهات، لەسەروەختێکدا ڕێبەری باڵای شۆڕش ئایەتوڵڵا خومەینی لەچەندین بۆنەدا ئاماژەیداوە بە برایەتیی شیعەو سوننە "ئێمە هەمیشە سازو لەسەرپێین بۆ بەرگریکردن لەئیسلامو وڵاتانی ئیسلامیی و سەربەخۆییان، بەرنامەی ئێمە بەرنامەی ئیسلامە لەگەڵ بەدیهێنانی یەکێتی گوتەی مسوڵمانانو یەکێتی وڵاتانی ئیسلامیی و بەدیهێنانی برایەتیی لەگەڵ تەواوی مسوڵمانانی جیهان، هەروەها یەکێتیی لەگەڵ تەواوی دەوڵەتانی ئیسلامیی لەسەرتاسەری جیهانو، وەستانەوە بەرووی زایۆنیزمو ئیسرائیلو دەوڵەتانی داگیرکەر، کە دەیانەوێت سامانی گەلانی هەژارو زەبوون بەخوتوخۆڕایی بدزن".

بەبڕوای ئێمە دۆخی نالەباری "سوننەکانی ئێران" ڕەنگدانەوەی دۆخی شیعەکانە لە وڵاتانی عەرەبیی وەك "سعودیە، ئیمارات، بەحرێن، کوێت، یەمەن، عومان"، لەهەریەك لەو دەوڵەتانەدا "لەبانەوە" دژایەتییەکی گەورەو زەقی کاریگەریی و پەلکێشانی هەژموونی ئێرانیی دەکرێت بەئامانجی سڕکردنو کوێرکردنەوەی کۆپیکردنی تیزی "ئاودیوکردنی شۆڕش" لەدەوڵەتەکانیاندا. لەهەریەکێك لەو دەوڵەتانەدا شیعەکان دۆخی تایبەت بەخۆیان هەیەو، لەچوارچێوەی ڕێکخستنو پارتی سیاسیدا کاری ڕێکخراوەیی دەکەن بەئامانجی بەدەستهێنانی مافەکانیان، کە تۆمەتبار دەکرێن بە پاشکۆیەتییان بۆ شیعەگەرایی فارسیی. بەتایبەت ئەوڕۆکە دەبینین شیعەکان بەدەستی تیۆرسێنانی وەهابیی و سەلەفیزمی نوێی سوننەگەراوە گیریان خواردووەو لە ڕەوشێکی نالەباردان، بە سەدان فەتوا لێرەو لەوێ لەزاری شێخە سەلەفییەکانەوە دەردەچن بە کوشتنو لەنێوبردنی

تایفـەی شـیعە، بۆیەشـە هـەر لەچوارچـێوەی دژایـەتیی و سـەرکوت و زۆرهێنـــان بـــۆ شــــیعەکان، تواناکانیـــان گـــۆجکراوەو، ســــێمبولە مەزهەبییـەکانیان لـە گرتووخانـەکان خزێنـراون و، رێکخـستن و پارتـە سیاسییەکانیشان قەدەخەکراوە.

ئەم کتێبەی بەردەستان چەند سەرنجێکی بایەخدار لە خۆدەگرێت لەبارەی شوناسـی تـەوژمی سـوننەگەرایی، دۆخـی ئـاڵۆزو کێشمەکێشە مەزهەبییـەکان، بەربەسـت و قۆرتـە دەسـتوورییەکان، رێگریکـردن و بەشـداریی پێنـەکردنی سیاسـیی، سـستی گەشـەپێدانی ئـابووریی، پاشکەوتنی فەرهـەنگیی و ئەو قەیرانە زۆروزەوەندانـەی، کـە دووچـاری گرووپـە ئیتنییـەکان بۆتـەوە لـە کۆمـاری ئیـسلامیی ئێرانـدا. تێیـدا بەوردیی تیشك خراوەتە سەر نەخشەی دابەشبوونی پارت و رێکخستنە سیاسـییەکان، کەسـایەتییە بەهـەژموون و کاریگـەرەکان، خواسـت و داواکارییەکان و جیاکارییە مەزهەبییەکان لەم وڵاتەدا.

کتێبی "سوننەکانی ئێران"، ئاوڕدانەوەیـەکی نـاوازەی ئەکادیمییە لـە دۆخـی سیاسـیی، ئـابووریی، کۆمەڵایـەتیی و فەرهـەنگیی سـوننەکان بەگـشتیی و، سـەنگ و خـەباتی کـورد لـە رۆژهـەڵاتی کوردسـتان بەتایبەتیی. ماوەتەوە لەکۆتاییدا زۆر سوپاسی مامۆستای هێـژا خـاتوو "شـەیما سـەعید" بکـەم، کـە بەوپـەڕی پەرۆشـییەوە ئـەرکی تـایپکردنی کتێبەکـەی گرتەئەسـتۆو، کـاتێکی زۆری بەخـشی، هـەروەها سوپاسـی مامۆسـتا "هـادی رەسـوڵ" دەکـەم، کـە بـەرگی کتێبەکـەی نەخـشاند. ئومێدەوارم ئەم هەوڵەمان جێی خۆی بگرێت.

**بەرزانی مەلا تەها**

٢٠١٥-١٠-١٥

# ئێرانی مێژوو و واقیعی هاوچەرخ

تەلاڵ عتریسی*

ناکرێت ئەو وەرچەرخانەی، کە ئێران لەم چەند دەیەی کۆتاییدا بەخۆوەی بینی، تەنانەت پاش سەرکەوتنی شۆڕشیش، لە مێژووی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئاینیی لەو وڵاتەدا دابڕین. ئێران هەر لە کۆنەوە بە ئیمپڕاتۆریەتێکی مەزن ناشنابووە ئەویش ئیمپڕاتۆریەتی فارسییە، کە لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا-کاریگەریی بەهێزی جێهێشتووە لەسەر کەسایەتیی ئێرانییەکان و فەرهەنگ و هیوا سیاسییە نێوخۆیی و دەرەکییەکانیان، هەروەها ئێران لەسەردەمی هاوچەرخدا لەسەروبەندی هەردوو جەنگی جیهانیدا رووبەڕووی هەڕەشەی دابەشبوونی خاکەکەی و داگیرکردنی راستەوخۆ بۆوە.

هەمدیسان لەسەروبەندی حوکمڕانی شاهەنشاهیدا( محەمەد رەزای پەهلەویی) دووچاری هەژموونی ئەمەریکی راستەوخۆ بۆوە لەسەر

---

* مامۆستای کۆمەڵناسیی لە زانکۆی لوبنانیی.

توانا نـەوتیی و سیاسـییەکانی، بەشـێوەیەك وەرچـەرخا بـۆ پاشـکۆی سیاسـەتەکانی ئەمـەریکا لـە نێوچـەی ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـتدا. ئێـران بەشێك بوو لـە پـەیمانی ئەتڵەسیی، کـە بەرژەوەندییـەکانی ئەمـەریکای دەپاراسـت و بـەرگری لێدەکرد لەرووبەڕووبوونـەوەی پـەیمانی وارسـۆی سۆڤیەتدا، بۆیەشە کە شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٩ سەرکەوتنی بەدەستهێنا زاکـیرەی سیاسـەتوانانەکانی لێوانڕێـژبوو لـە مێـژووی دەسـەڵاتێکی ستەمکارو دەستێوەردانی دەرەکیی و، ژینگەیەکی بە پیتی ئاینیی. لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ئێران بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا بوو بە دەوڵـەتێکی دەسـتووریی. هـەروەها یەکـەم کۆدەتـای سـەربازیی بـەخۆوە بـینی، کـە ئەفسەران بـە ڕێبەرایـەتیی ڕەزاشـای پەهلـەویی ئەنجامیانـداو کۆتاییـان هێنـا بـە حـوکمڕانیی قاجارییـەکان (١٧٩٠-١٩٢٥)، پاشـــتر فـــەرمانڕەوایی پەهلەوییـــەکان (١٩٢٥-١٩٧٩) دەستیپێکردو لە ساڵی ١٩٧٩ شۆڕشی ئیسلامیی کۆتـایی پێهێنا. ئەم شۆڕشـە ڕەنگدانـەوەی هـەبوو لەسـەر جەدەلیـەتی پەیوەنـدیی نێـوان دەسـەڵات و زانایـان، یـاخود لـە نێـوان میلیتاریسـتەکان و زانایـان لـەنێو ڕەوتی کۆمەڵایەتیی ئێرانیی لە لایەك و سروشـتی سیسـتەمی سیاسـیی پەهلـەویی لـە لایـەکی تـرەوە، هـەروەها پەیوەنـدی ئـەو ڕژێمـە بە گۆڕانـە دەرەکیـی یـاخود هـەرێمیی یـاخود نێودەوڵەتییەکانـەوە. دیـسانەوە فاکتەری جوگرافیی ڕەهەندێکی تری کێشاوە سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئێـران[1]. تێبـینی دەکـەین پەیوەنـدیی نێـوان ئـەو ڕەهەنـدە جـوگرافیی و

---

[1] سعيد الصباغ، تاريخ إيران السياسي، جذور التحول ١٩٠٠-١٩٤١، الدار الثقافية، القاهرة ٢٠٠٠.

سیاسییانەو نێوان ڕۆڵە نێوخۆیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان وەك گرێی سیاسەتەکانی ئێرانو ترسەکانی دەمێنێتەوە تەنانەت پاش سەرکەوتنی شۆڕشیش لە ساڵی ١٩٧٩. ئێران لەنیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەدا چووە قۆناغێکی مێژوویی نوێوە، تایبەتمەند بوو بە پشێویی ئابووریی و سیاسیی، ئەو پشێوییانەش پتر کەڵەکە بوون، ئێران کە سەدان ساڵە پردی پەیوەندیی سەرەکیی نێوان ڕۆژهەڵاتی دووری ئاسیایی و ڕۆژئاوای ئەوروپییە بەشێوەیەکی کتوپڕ گرنگییەکەی لەدەستدا، بەهۆی دۆزینەوە جوگرافییە گەورەکانەوە لە هەردوو سەدەی پانزدەو شانزەدا، بوو بە مایەی دۆزینەوەی ڕێگەی ئاویی ڕاستەوخۆ کە ئەوروپای بەو وڵاتانەی بەهارات و بۆنەوە دەبەستەوە. ئیدی دەسەڵاتدارو مەزنە فیوداڵەکان هەوڵیاندا ئەو زیانە قەرەبوو بکەنەوە، کە دووچاریان بۆوە لە ڕێگەی زیادکردنی باج لەسەر جووتیاران و پیشەوەرانی شار.

ئەو باجانەی لە سەردەمی دوا شای سەفەویدا، شا ئیسماعیل (١٦٩٤-١٧٢٢) بۆ سێ هێندە زیادیکرد، تەنانەت خێڵە کۆچەرییەکانیشی گرتەوە، کە هیچ کاتێك باجی حکومەتیان لێ وەرنەگیراوە[1]. بێگومان زاکیرەی ئێرانیی ئەو قۆناغە لەبیر ناکات، کە ئێران ڕۆڵی ستراتیژیی خۆی لەدەستدا لە پاش دۆزینەوەی ڕێگە ئاوییەکان بەرەو ڕۆژهەڵاتی دوور. بێگومان دەترسێت لە دووبارە بوونەوەی ئەو خەسارەتمەندییانە، کە نێوخۆی وڵاتەکەی دووچاری

---

[1] د. كمال مظهر، دراسات في تأريخ الحديث والمعاصر، بغداد ١٩٨٥،ص٩.

پشێویی و قەیرانی ئابووریی و سیاسیی بکاتەوە. رەنگبێ راڤەی مەترسییە هاوچەرخەکانی ئێرانیش بکات لە پەراوێزخستن و تەوقدان و داننەنان بە رۆڵی هەرێمیی ئەو وڵاتەو، ئەو سزایانەی کە دووچاری "شۆرشی ئیسلامیی" بووە بەتایبەت دەوڵەتانی رۆژئاوا پێشتر سزایان بەسەردا سەپاند، تا ئەورۆکەش ئێرانیی پێدەتۆقێنن و دەترسن لەوەی وەربچەرخێت بۆ بەرنامەی سەربازیی ئەتۆمیی.

رووبەرووبوونەوەکانی سەفەویی- عوسمانیی بەدرێژایی هەردوو سەدەی شانزەو حەڤدە بەردەوام بوو، بەهەند وەرگرتنە ستراتیژیی و جیۆپۆلۆتیکیەکان دەیجوڵێنن، نەوەك پاڵنەرە تایفییەکان، بەڵام رژێمی سەفەویی لەنێوخۆیدا هەڵگری فاکتەری لاوازیی گەورە بوو، لە کۆتاییدا توانای بەرگریی لەدەستدا، لە نەبوونی نەریتە بۆماوەکانی فەرمانڕەوایەتیی چەسپاو و سەقامگیرەوە بەرەو ململانێ لەگەڵ عوسمانییەکانداو، جەنگەکانی پاوانخوازیی بەردەوام و، دەستەوەسان بوون لە دامەزراندنی سیستەمێکی ئیداریی و باج، پاشتریش شکستهێنانی دەوڵەتی سەفەویی لە مامەڵەی لەگەڵ پەلکێشانی ئیتنیی و ئاینیی دانیشتوان... بەشێوەیەك خێڵە ئەفغانییە سوننەکان لە پەرچەکرداری سیاسەتی شیعەگەریی سەفەویدا ئێرانیان گرت و کۆتاییان هێنا بە حوکمڕانیی ئەو خانەوادیە[1].

---

[1] بشیر نافع، طلال عتریسي، إیران الدولة والازمة، مرکز الجزیرة للدراسات، سلسلة اوراق الجزیرة٣، الدوحة ٢٠٠٨، ص٢٦.

لـه ئـاخروئۆخری سـەدەی حەڤـدەو تـەواوی سـەدەی هـەژدەدا نێوچەیەکی بەرفراوانی ئێـران دووچاری پشێویی یەك لەدوای یەك‌و چەندین راپەڕین‌و جوولانـەوەی شۆڕشـگێڕیی بۆوە، بەهۆی گەندەڵی دەسەلاتداران‌و زیادبوونی باج، ئیدی پشێویی‌و ناسەقامگیریی تـەواوی وڵاتـی گرتـەوەو بەردەوامبوو تـا کۆتاییـەکانی سـەدەی هـەژدەو، پاشـتر سـەردەمی قاجـاریی دێتـە پێـشێ هەرلـە سـاڵی١٧٩٦وە، کـە قەیرانـە سیاسیی‌و کۆمەڵایـەتیی‌و ئابووریـیەکان پـتر قـووڵ بوونـەوە[١]. زانـراوە بەشێك لە خاکی ئێران لەو دەمەدا دووچاری داگیرکاریی رووسی بۆوە لـە دەورانـی قەیسەر بوترۆسـی گـەورەدا، تورکیـاش چـووە نێوچـەکانی بـاکووری رۆژئـاوای ئێـران. ئیـدی هـەردوو لایـەنی روسـی‌و تـورکیی پـەیمانێکییان مـۆرکرد بـۆ دابەشـکردنی نێوچـەکانی نفـوزی نێوانیـان، بەمپێە تورکیا رازی بوو تەواوی ئەو نێوچانەی، کە شا تەهماسب وازی لێهێنـاوە بـۆ رووسـیا بێـت‌و، رووسـیاش رازی بـوو هەریـەك لـە ئازەربایجان‌و کوردستانی ئێران تا سنووری شاری هەمەدان بۆ تورکیا بێت[٢].

لەگەڵ سەرنخونبوونەوەی رژێمـی قەیسەریی رووسیا‌و سەرکەوتنی شۆڕشـی سۆسیالیـستیی، گـۆڕانی گـەورە لـە تـەرازووی هێـزە جیهانییەکاندا دروستبوو، کە بە جەنگی سارد دەچوو لە پەنجاکانـدا،

---

[1] کمال مظهر، لا ٧.

[2] هەمان سەرچاوە، لا ١٨.

جێکەوتــەکانی ئــەو گۆڕانکارییانــە تونــد بــوو لەســەر ئێــران پــتر لــە بەشـەکانی تـری نێوچـەکە، لەسـەردەمی قاجاریـدا ئێـران وەرچـەرخا بـۆ نیمـچە کۆلۆنییـەکی سـەربە رووسـیای قەیسـەریی و بـەریتانیای گـەورە، تەنانــەت هــەردوو دەوڵــەت بــە پێــی رێکەوتننامــەی ١٩٠٧ هەســتان بەدابەشـکردنی ئـەو وڵاتـە بـۆ دوو نێوچـەی نفـوزی خۆیـان، لـە پـاش کـەوتنی رووسـیای قەیـسەریش لـە سـاڵی ١٩١٧ بـەریتانیا هەوڵیـدا شوێنی رووسیا بگرێتـەوە لـە باکووری ئێرانـدا بـۆ ئـەوەی لـەوێوە پـەل بهاوێت بۆ نێوچەکانی قۆقازو پشت قەزوین و ئاسیای نێوەڕاست، ئـەو نێوچـــانە لـــە رووی ئـــابووریی و ســـتراتیژییەوە سەرنجڕاکێـــشن، وەختێکیش خەونەکانی بەریتانیا نەهاتـەدی ئێرانـی کـردە بەربەسـتێك لەبـەردەم "مەترسـی بەلـشەفیی"[1]. ئێـران لـە چوارچێـوەی ئـەو ڕۆڵـەدا دەمێنێتەوە لەسەردەمی هاوچەرخدا وەختێك بووە بەشێك لـە پـەیمانی ئەتڵەســیی، کــە ویلایەتــە یــەککگرتووەکان رێبەرایــەتیی دەکــرد بــۆ بەرەنگاربوونـەوەی نفوزی سۆڤیەتیی لـە ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـتدا لەگـەڵ سـەرەتای جـەنگی سارددا لـە پەنجاکانـدا تـا کـەوتنی رژێمەکـەی شـا لـە ساڵی ١٩٧٩.

لەبەریەکهەڵوەشـان و لاوازیـی سیاسـیی و کۆمەڵایـەتیی و فەرهـەنگیی جەسـتەی دەوڵـەتی ئێرانـی داوەشـاند. لەگـەڵ کۆتـایی هـاتنی جـەنگی

---

[1] د. امال السبكي، تاريخ إيران بين ثورتين ١٩٠٦-١٩٧٩، سلسلة عالم المعرفة، عدد ٢٥٠، اكتوبر ١٩٩٩، ص ٤١-٤٥.

یەکـەمی جیهانیـدا، بایەخپێـدانی بـەریتانیا بـۆ ئێـران زیـادبوو وەك هـەوڵێك بۆ گرێـدانی تـەواوەتی بە ئیمپراتۆریەتەکەیانـەوەو، لـە ساڵی ١٩١٩ پەیمانێکی نوێیان بەسەردا سەپاند نێویاننا "هاوکاری بەریتانیا لە پێناو پێشکەوتن‌و خۆشگوزەرانیی ئێران" بەمپێیە ئەو مافەی بە بەریتانییەکان دا راوێژکارەکانیان لە گرنگترین دامەزراوە فەرمییەکانی ئێراندا بەگەڕ بخەن بە سوپای ئێرانیشەوە، تا ئەوەی پەیماننامەکە کۆتایی هێنا بە خانەوادەی قاجاریی لە ساڵی ١٩٢١و هاتنە پێشەوەی خانەوادەی پەهلەویی[1].

خانەوادەی پەهلەویی قوتاریان نەبوو لە دەستێوەردانی دەرەکیی لە کاروباری حوکمڕانی‌و بەڕێوەبردنی وڵاتدا، تەنانەت دەوڵەتانی زلهێزی ئەو دەمەش، واتە سۆڤیەت‌و ئەمەریکاو بەریتانیا، لەنێو خۆیاندا رێککەوتن لە ساڵی ١٩٤١ رەزاشای پەهلەویی لادەن‌و کوڕەکەی محەمەد رەزا شا لە شوێنی دابنێن. وەك بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکان بەو قۆناغەی مێژووی ئێرانەوە دەریانخستووە[2]. دەوڵەتانی زلهێز سیاسەتی دەستێوەردانی راستەوخۆیان لە کاروباری ئێران لەگەڵ شای نوێدا درێژە پێدا، لەڕووی دیپلۆماسییەوە باڵوێزی بەریتانیا لە تاران دەستپێشخەریکردو بەڵێنی لە محەمەد رەزاشا وەرگرت مامەڵەی حکومەتی ئێرانیی لەگەڵ باڵوێزخانەی ژاپۆنیی بوەستێنێت، چونکە

---

[1] کمال مظهر، لا ١١٠.

[2] السبکي، لا ١٥٦.

بەمانای هاوکاریی ناڕاستەوخۆ دێت لەگەڵ دەوڵەتانی "میحوەر"دا. دیسانەوە باڵوێزخانەی سۆڤیەت سەرلەنوێ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی پەرلەمانیی و زیادکردنی ئەندامانی حکومەتی نوێی ئێرانی پێشنیاز کرد. وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (ئیدن) ئاماژەی بەوەداوە، شای نوێ چەندین گەرەنتی داوە بە حکومەتەکەی هەروەها گرتنەبەری ئەو چاکسازییانەی کە حکومەتی بەریتانیا بە پێویستی دەزانێت.

شای نوێ محەمەد رەزا شای پەهلەویی پەندی وەرگرتبوو لە ناچارکردنی وازهێنانی بابی لە تەخت لەلایەن دەوڵەتانی زلهێزەوە هەر کە جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست هەوڵیدا پەنا بۆ ئەمەریکا بەرێت پارێزگاریی لێبکات، رایگەیاند خوازیارە بچێتە نێو پەیمانی ئەتڵەسییەوەو سوودی لێوەربگرێت، بە جەختکردنەوە لە رۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پاراستنی سەربەخۆیی و ئاسایشی وڵاتەکەیدا.

شای لاو هەرلەسەرەتاوە هەستی بە گرنگیی بنیاتنانی سوپایەکی بەهێزکرد، کە " تەختی تاوس" لە راپەڕینە ئیتنییەکان بپارێزێت، کە لێرەو لەوێ دەرکەوتن، بەهەمان شێوەی سەردەمی بابی، چونکە ئێران لەرووی فرەیی دیمۆگرافییەوە زۆر ئاڵۆزە لەسەر هەردوو ئاستی ئیتنیی و ئاینیی، هەروەها ئێران بە گەورەترین وڵاتی ئیسلامیی هاوچەرخ دادەنرێت لە رووی ژمارەی ئیتنی و ئاینیی و تایفییەوە، فارسەکان دانیشتوانی رەسەنن و سەربە تۆرەمەی هیندۆئەورووپین و، نیوەی دانیشتوان پێکدەهێنن و، خۆیان بە پارێزەری راستەقینەی

ئێرانی شارستانیەت و مێژوو لەقەڵەم دەدەن. ئازەرییەکان لە نێوچەی ئازەربایجان لەوسەری باکوورو باکووری ڕۆژئاوادا هەن ئەوانیش دابەشبوون بەسەر ئازەربایجانی ئێران و کۆماری ئازەربایجاندا، کە لە ساڵی ١٩٩١ لە یەکێتی سۆڤیەت جیابۆوە، ئازەرییەکان سەربە گەلانی تورکن، مازندەرانی و گەیلانییەکان هاوسێی ئازەرییەکانن لە کەناری دەریای قەزوینی باشوورو ڕۆژئاوا. لەهەمان نێوچەداو لە پایتەختی ئێران کەمینەیەکی ئەرمەنیی گچکە هەن و ماونەتەوە لەپاش کۆچڕەوی زۆربەی ئەرمەنەکان بەرەو کۆماری ئەرمینیای سۆڤیەتیی لەماوەی هەردوو جەنگەکەدا. سەرباری خێڵەکانی لوڕو بەختیاریی و بلوج لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران و، تورکمان و عەرەب، تا دەگاتە سەر کەمینەکانی جولەکەو بەهائیی و زەردەشتیی و سریان، ڕێژەی ئەوڕۆی دانیشتوانی ئێران(ساڵی ٢٠١٠) ٧٠ ملیۆنە، بە پێی ئامارە نافەرمییەکان فارسەکان ٥١٪و دوای ئەوان ئازەرییەکان ٢٤٪و، گەیلانییەکان و مازندەرانییەکان ٨٪و کورد ٧٪ عەرەب ٣٪، بلوج٢٪، خێڵە لوڕییەکان ٢٪ تورکمان ٢٪ گرووپەکانی تریش وەك سریان و جولەکەو چەرکەس ١٪، زۆرینەی ئێرانییەکان مسوڵمانی شیعەن، کە نزیکەی ٩٠٪ی دانیشتوان پێکدێنن، دوای ئەوانیش مسوڵمانانی سوننەن ٨٪. هەرچی کەمینە گچکەکانی ترە وەك زەردەشتی و مەسیحی و بەهائی و جولەکە ڕێژەی هەموویان دەگاتە ٢٪.

بەهەمان شێوەی شا کە چاوی بڕیبووە بنیاتنانی سوپایەکی بەهێزو هەرەکەت، کە هاریکاریی بکات لە چەسپاندنی یەکگرتوویی

دەوڵـەت و یـەکێتی نەتـەوە، سـەرباری گرنگیـی دامـەزراوەی سـەربازیی سـوننەتی لـە پاراسـتنی تـەختی دەسـەڵاتدا[1]، شۆڕشـی ئیـسلامیش لـە پـاش سـەرکەوتنی لـە سـاڵی ١٩٧٩ هـەمان ئامـانجی گرتەبـەر، واتـە دامەزراندنی سوپایەکی بەهێز، بەڵام شانبەشانی پاسەوانانی شۆڕش، لـەپێناو پاراسـتنی یـەکێتیی نەتـەوەو پاراسـتنی رژێـم لـە هەڕەشـەو گوڕەشە نێوخۆیی و دەرەکییەکان.

بیـستەکان و سـییەکانی سـەدەی رابـردوو، سـەروەختی هەڵکـشانی رۆحـی ناسیۆنالیـستی فاشـیزم بـوو لـە ئـەورووپا و، سـەردەمی سیـستەمە راسـتڕۆ ئەورووپییـە دیکتاتۆرەکـان بـوو، سـەرکەوتنی مـستەفا کـەمال لـە پاراسـتنی سـەربەخۆیی تورکیـا و یـەکێتی خاکەکـەی سـەرنجی زۆر لـە رێبـەرانی بـەلای خۆیـدا راکێـشا، لەنێوشـیاندا محەمـەد رەزاشـا، کـە هەوڵیـدا سـەرلەنوێ ئێرانێکـی یـەکگرتوو و بـەهێز بنیـات بنێتـەوە لەدەوری بیرۆکەی ناسیۆنالیزم، هەروەها بنیاتنانی ئێرانێکی هاوچەرخ خـاوەن نێـوەڕۆکی فەرهـەنگیی رۆژئـاوایی. ئیـدی ئاراسـتەی هاوچـەرخگەرایی و مۆدێرنـەخوازیی پێکـدادانی هێنایـە گـۆڕێ لەگـەڵ دامـەزراوەی ئاینیی لـە ئێرانـدا. بەتایبـەت شـا پـەنای بردەبـەر پسپۆڕو راوێـژکارانی مـەدەنیی و سـەربازیی ئەمـەریکیی، ژمارەیـان نزیکـەی ٤٠هـەزار بـوو. شانبەشـانی هەوڵـەکانی شـا بـۆ لاوازکردنـی سـێمبولە ئیـسلامییەکان( وەك قەدەغـەکردنی سوێند خـواردن بـە قورئـان لەلایـەن

---

[1] السبكي، لا ١٨٢.

پەرلەمانتارانـەوە)و زێـدەڕۆیی کـردن لـە جووڵانـەوەی بووژانـەوەی نەتەوەیی فارسیی و، پەیوەندییە بەرفراوانەکانی و نیمچە فەرمییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عیبریدا [1].

ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا هـانی محەمـەد ڕەزا شـای دا تـاکڕەو بێـت لـە دەسـەڵاتدا، ئـەویش پـەڕوباڵی ئۆپۆزیـسیۆنی کـردو، دەوڵـەتێکی دامەزرانـد لـەژێر حـوکمڕانی تاقـە کەسـیی راسـتەوخۆی خۆیـداو، بـاری نائاسـایی لـە وڵاتـدا راگەیانـد، کـە بەرهەڵـستی تونـدی لێکەوتـەوە بـە ڕێبەرایـەتیی بـەرەی نیـشتیمانیی لـە سـاڵی ١٩٥٠ بـە ڕێبەرایەتیی موسـەدیق و، بە پـشتیوانیی مـەرجیعی ئـاینیی ئایـەتوڵڵا کاشـانیی، بەرەی نیـشتمانیی پاڵی بە پەرلەمانـەوە نـا نـەوت خۆمـاڵی بکـەن و، موسـەدیق بـوو بـە بـەهێزترین کەسـایەتیی لـە وڵاتـدا، شـا ناچـاربوو بیکـات بـە سـەرۆك وەزیـران، بـەڵام زۆری نـەبرد کۆدەتـای بەسەرداکرا، کە هـەواڵگریی نێودەوڵـەتی ئەمـەریکیی لە ساڵی ١٩٥٣دا تـەگبیری بـۆکرد، پاشـتر ئێـران ڕووبەڕووبوونـەوەی کـراوەی بەخۆیـەوە بـینی لـە نێـوان ڕژێمەکـەی شـاو گـەل و ڕێبـەرە ئـاینیی و سیاسـییە جیاوازەکـان، لـە سـەرەتای شەسـتەکانەوە تـا ئـاخروئۆخری حـەفتاکان سـاتەوەختی سـەرکەوتنی شـۆڕشـی ئیـسلامیی، کـە ئیمـام خومـەینی ڕێبەرایـەتی کـرد، شـای بـەوە تۆمـەتبار کـرد کـە "وڵاتـی فرۆشـتووە بـە ئەمەریکییـەکان"، دووپـاتی کـردەوە، کـە "قورئـانی پـیرۆزو ئیـسلام

---

[1] بشير نافع، طلال عتريسي، لا ٤٠-٤٦

وەختە بکەونە چنگۆڵەی زایۆنیزمەوە"و " ئیسلام لە مەترسیدایە".
پاشتر کۆماری ئیسلامیی لەساڵی ١٩٧٩ دامەزراو ئێران کەوتە نێو قۆناغێکی مێژوویی نوێوە.

شۆڕشە نوێکە هەڵگری میراتێکی قورسی مێژووی ئێران بوو، واتە مەترسی پەرتەوازەبوونی نەتەوەو دابەشبوونی و، مەترسی دەستێوەردانی دەرەکیی، کە هاوکات بوو لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی داگیرکەران، کە لەسەردەمی سەفەویی و قاجاریی و هاوچەرخدا بەخۆوەی بینی. ئەو میراتە مێژووییە قورسە شۆڕشی هاتە پاڵ و تەحەدی قورس و ئاڵۆزی هێنایە ئاراوە، رژێمێکی ئیسلامیی هاتە ئاراوە، کە دەیویست مۆدێلێکی هاوچەرخی دەسەڵاتی ئیسلامیی بخاتەڕوو ئەویش" کۆماری ئیسلامیی" بوو، واتە پێکڕا گرێدانی بیرۆکەی "کۆماری" رۆژئاوایی و بیرۆکەی" ئیسلامیی" ئاینیی سوننەتیی. ئەو کۆمارە بنەمای ئەو سەربەخۆییەیە لە رۆژهەڵات و لە رۆژئاوا کە هیوای بۆ دەخوازرا، دامەزرێنەری کۆمارەکەش لە رێگەی سووربوونی لەسەر ئەو سەربەخۆییە، گوزارشتی کردووە لەو مەترسییانەی کە ئێران بگلێت بەم بەرەو ئەوبەرەیە وەك لە مێژووی نزیك و دووری ئێراندا روویداوە. زۆرجاران ئەو تێڕوانینە هەست پێدەکەین لە گوتارو بەیاننامەکانی خومەینیدا، کە بۆ لایەنگرانی گوتوویەتی: "مانەوەو بنجداکوتانی کۆماری ئیسلامیی ئێران پشت دەبەستێت بە سیاسەتێك، کە ئافەرۆزی رۆژهەڵات و رۆژئاوا پێکەوە بکات، ئافەرۆزکردنی سیاسەتێکی لەمشێوە خیانەتە بە ئیسلام و

مسوڵمانان و، دەبێتە مایەی داکشانی شکۆو کەرامەت و، پووکانەوەی سەربەخۆیی و شکۆی خاکی ئێران و نەتەوەکەی"[1].

دامەزراوەکانی بڕیارسازیی جۆراوجۆری ئێران لایەنێکی تری ئەو ترسە ئێرانیانە ئاشکرا دەکەن، کە پەیوەستە بە تاکڕەویی و دیکتاتۆریەتەوە، دەستووری ئێران پاشتر روونی دەکەینەوە رێبەری شۆڕش، کە بالاترین دەسەلاتە لە ولاتدا ملکەچی ئەنجومەنی خیبرەگانی کردووە، کە کارەکانی هەڵدەسەنگێنێ و لێی دەپرسێتەوەو دەتوانێت لایبەرێت. دیسانەوە پەرلەمانی خستۆتە ژێر چاودێری ئەنجومەنی "نیگەهبانی دەستوور". هەمدیسان ماف دەستێوەردانی داوە بە ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی رژێم بە ئامانجی چارەسەرکردنی ناکۆکیی نێوان پەرلەمان و ئەنجومەنی نێوبراو، بەمشێوەیە تۆڕی پەیوەندییەکانی نێوان دامەزراوەکان تاڕادەیەك ئاڵۆزە، بەشێوەیەك هیچ دامەزراوەیەك ناتوانێت تاکڕەو بێت یاخود زاڵ بێت، لەهەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی بیرۆکراسیەتی ئیداریی و گورجکردنی بڕیارسازیی.

دیسانەوە شۆڕش مۆدێلێکی تایبەتی لە دەسەلاتداریی "ویلایەتی فەقیه" پێشکەشکرد، ئەوەی ماوەتەوە بیسەلمێنێت توانای ئەو مۆدێلەیە، کە لە بەڕێوەبردنی ولاتدا سەرکەوتووبێت و چارەسەری کێشە کۆمەلایەتیی و فیقهیی و سیاسییەکانی بکات. زانراوە ئەو مۆدێلە

---

[1] د. اصغر شيرازي، السياسة والدولة في الجمهورية الاسلامية، دستور إيران، دار المدى دمشق ٢٠٠٢، ص ١١٨.

زۆر گەنگەشەی هوروژاندووە تەنانەت لە نێوەندی فیقهی شیعەشدا، بەو پێیەی تێڕوانینێکی فیقهیی جێگەی کۆدەنگیی نێوان زانایان نییە، جارێک لە روانگەی رەخنە لێگرتنیو، جارێکی تریش بەرگری لێکردنیو پشتیوانی کردنی. برێك لە کۆڵەران پێیانوایە ئەو ویلایەتە، فەقیهی سوارو زاڵکردووە بەسەر دەستووردا[1]. بەگەیشتنی ریفۆرمخوازان بە دەسەلات لەسەردەمی سەرۆك محەمەد خاتەمی (١٩٩٧-٢٠٠٥) دەسەلاتی وەلی فەقیه هوروژێنرا، پاشتر پاشەکشەی لێکراو سەرلەنوێ لەگەڵ هاتنی قەیرانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کەوتە بەرباس. هاوکاتیش هەلایسانی ناڕەزایەتییو خۆپیشاندانو کوت کوتبوونی سیاسیی لێکەوتەوە، کە تەواوی وڵاتی گرتەوە.

هەروەك چۆن فرەڕەنگیی ئیتنیی یەکێکە لە فاکتەرەکانی دڕدۆنگی ئێران لە پەرتەوازەبوون یاخود دەستێوەردانی دەرەکیی، ئەوهاش شوێنی جوگرافیی ئێران هەمان رۆڵ دەگێڕێت بەلەبەرچاوگرتنی سروشتی پێگەکەی، کە دەورەدراوە بە پشێویو ئاشوبو پەیوەندیی ناسەقامگیر لەگەڵ هاوسێکانی.

## شوێنی جیۆ - ستراتیژیی ئێران

هەرکەسێك لە شوێنی جوگرافیی ئێران رابمێنێت، لەگەڵ دەوڵەتانی هاوسێی، کە دەورەیان داوە، بە ئاسانی درك بە گرنگیی ستراتیژیی ئەو شوێنە دەکات، لەگەڵ ئەو رۆڵەی کە بە ئێرانی دەبەخشێت، ئیدی

---

[1] د. اصغر شیرازي، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٧-١٢٤.

سروشتی سیستەمی حوکمڕانییەکەی هەرچییەك بێت، رووبەری ئێران ١٦٤٨٠٠٠کم[٢]یە، ئەو رووبەرەش هەلی گرنگی دەداتێ، لەهەمان کاتیشدا دەیخاتە بەر زۆر مەترسیو هەڕەشەوە.

لە باکوورەوە ئێران مژولە بەوەی روودەدات لە دەریای قەزوینو دەوڵەتانی چواردەوری. ئەم دەریایە ( یاخود دەریاچەیە بە پێی جیاوازییەکان لەسەر نێوەکەی) دەوڵەمەندە بە نەوتو گاز. رێژەی ئەو نەوتەش کەمتر نییە لە ٣٠ ملیار بەرمیل، دەکرێت ژمارەکە بگاتە ٢٠٠ ملیار بەرمیل هەر بە دەسپێکردنی کاری پێویستی هەڵکەندن[١]. واتە ئەو نێوچەیە لەپاش پەرتەوازەبوونی یەکێتی سۆڤیەت بۆتە نێوەندی کەمەنکێشکردنی هێزە نێودەوڵەتییەکان، کە پێویستی زۆریان بە بەکاربردنی نەوتو گازە. لە ئۆزبەکستان گەورەترین کانی بەرهەمهێنانی ئاڵتون هەیە لە جیهاندا( ساڵانە ٥٠ تۆن)، تاجیکستان گەورەترین کانی زیوی تێدایە لە جیهاندا، کازاخستان یەدەگی نەوت ٢٥ ملیار بەرمیلە، هەرچی ئازەربایجانە رەنگە بتوانێت لەگەڵ کازاخستانو تورکمانستان ٥ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرهەم بهێنن. لە ئاکامیشدا قسەکردن دەستیپێکردووە لەبارەی "گەمەی گەورەی نوێ" و "راکردن بەرەو ئاڵتونی رەش".

---

[١] جيفري كمب، إيران والطاقة في بحر قزوين: إحتمالات التعاون والصراع في مصادر الطاقة في بحر قزوين الانعكاسات على منطقة الخليج العربي، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ابو ظبي ٢٠٠١، ص٨٠.

تورکمانـــستانو کازاخـــستانو ئازەربایجـــان دەرگایـــان خـــستۆتە سەرپشت بۆ کۆمپانیاکانی وزە بیانییەکان، لەپاڵ ئەو واقیعە نەوتییو سیاسییەدا، کە کراوەتەوە لەپاش نەمانی یەکێتی سۆڤیەت، دەوڵەتانی هاوســێی ئـــەو نێوچـــەیە کەوتوونەتـــە کێبڕکێـــی گـــەرم لەســـەر دەستەبەرکردنی ئەو ڕێچکانەی، کە لەو ڕێگەوە هێڵەکانی گواستنەوەی نەوتو گاز تێپەڕدەبن بەرەو بازاڕە جیهانییەکان، لەبەر ئەوە رووسیاو چینو ویلایەتـە یـەکگرتووەکان چەندین پێشنیاریان کـردووە، کـە بـە باشـترین شـێوە ڕێـچکەی ئـەو بۆرییانـە خزمـەت بـە بەرژەوەنـدیی نێوچەکەو بازاڕی وزەی جیهانیی بکات[1].

ئـــەوەی ئێرانـــی دڕدۆنـــگ کـــردووە لـــەم بـــوارەدا بریتییـــە لـــە دەستێوەردانی ئەمەریکییو چوونی بۆ نێو هێڵی کێبڕکێو کاریگەریی، بەتایبـەت ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا پـشت دەبەسـتێت - لـە سیاسـەتی وزە لەســەر ئاســتی نەتــەوەیی- بـە فراوانخــوازیی لــە زیـادکردنی بەرهـەمهێنانی نـەوت لـەدەرێی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانو، فرەجـۆری سەرچـاوەکانی، ئاشـکرایە نـەوتی دەریـای قـەزوین ئـەو پێداویستیانە پڕدەکاتەوە[2].

واتە ئەو نێوچەیەی کەناری باکووری ئێران نێوچەی ململانێیەکی توندو، دەوڵەتانی زلهێزو دەوڵەتانی هەرێمی نێوچەکە چاویان لێبڕیوە،

---

[1] جیفري کعب، هەمان سەرچاوە، لا ٧٧.

[2] روبرت ابیل، إیران والطاقة في بحر قزوین، سەرچاوەی پێشوو، لا ١١.

پێویستە ئێران لە سیاسەتە هەرێمییەکانیدا هەرچی روودەدات لە نێوچەکەدا بەهەندی وەربگرێت، تاکو بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی تر دەکات و، چۆن لەیەك کاتدا بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزێت. دەکرێت بۆ نمونە باس لە نمونەی دیاری کاریگەرییەکانی ئەوەی دەگوزەرێت لە نێوچەکەدا بکەین لەسەر پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و ئێران: ویلایەتە یەکگرتووەکان بە توندیی دژی هەرجۆرە پرۆژەیەکی گواستنەوەی نەوت و گازە، لە دەریای قەزوین و دەوروبەریەوە لە رێگەی خاکی ئێرانەوە بەرەو ئەورووپا و جیهان. چونکە ئەم کارە باری هەرێمیی ئێران سەقامگیر دەکات و، دەسکەوتە داراییەکانی باش دەکات و، جیهانیش سوور دەکات لەوەی پتر سەقامگیریی لە نێوچەکەدا هەبێت.

بۆیەشە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەهۆی ناکۆکییەکانییەوە لەگەڵ ئێران دەیەوێت ئەو هێڵانە لە رێگەی ئەفغانستان یاخود پاکستانەوە( هاوپەیمانە ستراتیژەکەی) بگوازێتەوە، بەڵام گرفتەکە لەم ئەگەرەدا ئەوەیە ئێران باشترین و کورتترین "راستەهێڵ"ە، لە وەختێکدا ئەو رێگایانەی تر کە پێشنیار کراون لە بەرەی تورکیاشەوە تێچوونی زۆر دەبێت و لەسەر ئاستی جوگرافیش قورس دەکەوێتەوە. لەم بوارەدا هەر گفتوگۆ یاخود لێککەیشتنێکی ئێرانیی - ئەمەریکیی، وا پێویست دەکات گواستنەوەی ئەو هێڵانە بخرێتە چوارچێوەی ئەو بابەتانەی ترەوە کە لە نێوان هەردوولادا هەڵپەسێردراون.

لــه باشــوورەوە ئێــران دەڕوانێــت بەســەر نێوچــەی کەنــداوی عەرەبیدا(١٨٨٠کم)، کـە گـرنگترین نێوچـەی بەرهـەمهێنانی نەوتـە لـە جیهانـدا( ڕۆژانـە ٥٠ نەوتهـەڵگر لـە ڕێگـەی هـورمزەوە ڕەوانـە دەکرێـت، واتــە ٦٢٪ لــە سەرچــاوەکانی نــەوتی جیهــانیی و ٧٠٪ بــەکاربردنی ئەورووپاو ٢٢٪ی بەکاربردنی ویلایەتـە یـەکگرتووەکان). دەزانرێـت ئـەو نێوچەیە هەمیشە بەهۆی ئەو سامانە گەورەیەوە کە شادەماری ژیانی جیهانە شوێنی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆو، گرنگی پێدانی دەوڵەتانی زلهێـزەو، ئـەو دەوڵەتانـە بـۆ پیـادەکردنی نفـوزو کاریگـەریی چـاویان لەسەرییەتی. ویلایەتە یەکگرتووەکان نایشارێتەوە، بەجیٚ جیاوازی لە نێوان ئاڕاسـتە دیمـوکراتیی و کۆمارییەکانـدا، کـە پاراسـتنی بەلێـشاو هـاتنی نـەوت یەکێکـە لـە پایـەکانی بەرژەوەندییـە سـتراتیژەکانی لـە نێوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. پایەی دووەمیش پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیلە.

ئەمـەش بـەو واتایـە دێـت، کـە ئێـران شـوێنی چـاودێریی و تەوقدانـە لەلایـەن ئەمـەریکاوە، بە ئامـانجی بـەرگرتن لـەوەی کاریگـەریی دروسـت نـەکات لەسـەر بەرهـەمهێنان و نرخـی نـەوت، لەوەختێکـدا ئێـران پـشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی پێگە جوگرافییە گرنگەکەی لە نێوچەکەداو، هەڕەشـەی بـەکارهێنانی چـەکی نـەوت و داخـستنی گـەرووی هـورمز دەکات گەر ئەمەریکا بیر لە تێسرەواندنی بکاتەوە بەهۆی ناکۆکییان لە بـارەی بەرنامــەی ئەتۆمییەکەیــەوە. هەمدیــسان زۆربــەی سەرچــاوە نەوتییــەکانی ئێــران دەکەوێتــە نێوچــەکانی باشــووری ئێــران، کــە

دەڕوانێت بەسەر گەرووی هورمزو دەوڵەتانی عەرەبیی بەرهەمهێنی نەوتدا. گەر ڕێژەی بەشداریی نەوت و گاز، کە بە ٨٦٪ قەبڵێنراوە لە کۆی هەناردەی ئێرانی لە ساڵی دارایی ٢٠٠٥-٢٠٠٦ بزانین. ئەوجا دەکرێت ڕاڤەی قەبارەی ئەو فشارانە بکەین کە دەگونجێت ئەمەریکا پیادەی بکات بۆ کەمکردنەوەی نرخی نەوت و شڵەژاندنی پلانەکانی گەشەپێدانی ئێران.

هەروەها پێشبینییە ڕۆژئاوایی- ئەمەریکییەکان بەدووری دەزانن ئێران پەنا بەرێتەبەر بڕینی سەرچاوە نەوتییەکانی گەر لەگەڵ ئەمەریکادا ڕووبەڕووبوونەوە بقەومێت، بەهۆی بێتوانایی ئێران لەو خەسارەتمەندییانەی بەو هۆیەوە دروست دەبێت، لە وەختێکدا دەوڵەتانی تری بەرهەمهێنی نەوت دەکرێت قەرەبووی وەستانی نەوتی ئێران بکەنەوە، کە لە بازاڕی نێوخۆیی ئێراندا بەکارهێنانی بەرزدەبێتەوە لەگەڵ سەرچاوە وزەییەکانی تر، لە ساڵی ٢٠٠٥ گەیشتە ٤١٪ لە بەرهەمهێنانی تەواوی وزەدا ( بەهۆی زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان و بەرفراوانبوونی خزمەتگوزارییەکانی گەشەپێدان، کارەبا و گاز... بۆ سەرجەم بەشەکانی وڵات). ئەمەش بە پێی پێشبینییە ڕۆژئاواییەکان، ئێران ناتوانێت هەناردەکردنی نەوت رابگرێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ( لەسەر وەختی جەنگدا لەگەڵ ویلایەتە یەککگرتووەکان) ، لە وەختێکدا دەکرێت ئێران هەستێت بە ڕاگرتنی تەواوی هەناردەکردنی لەرێگەی گەرووی هورمزەوە، کە بە نەرێنیی کاریگەریی لەسەر ٤٠٪ی دانراوی نەوتی جیهانیی دروست دەکات.

لەگەڵ عێراقیشدا سنوورەکانی ئێران بۆ ۱۲۰۰کم درێژ دەبێتەوە، رژێمی پێشوو( سەدام حوسێن) جەنگی لەگەڵ ئێراندا هەڵایساند، کەماوەی هەشت ساڵانی(۱۹۸۰-۱۹۸۸) خایاند، بەوهۆیەوە ئێران زیانی مرۆیی گەورەی بەرکەوت (سەدان هەزار گەنج)، لەرووی سامان‌و داراییەوە( سەدان ملیار دۆلار). ئێران شاگەشکەبوو بە نەمانی رژێمەکەی سەدام، بەڵام هەست بە دڕدۆنگیی دەکات لە بوونی ۱۵۰۰۰۰ سەربازی ئەمەریکیی لە عێراق، هەروەها مەترسییەکانی لە تەوقدانی لە پاش ئامادەیی سەربازیی ئەمەریکیی لە ئەفغانستان‌و، هەندێك لە وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست. ئێران "بێلانەیی ئەرێنیی" هەڵبژارد لەسەروبەندی ئامادەکاریی ئەمەریکا بۆ جەنگ لە دژی عێراق: واتە دەستوەرنەدان شانبەشانی رژێمی عێراق دژ بە هێزەکانی ئەمەریکاو، پێشکەشنەکردنی ئاسانکاریی بە هیچکام لە دووبەرەکەی جەنگ.

ئەو ستراتیژەی ئێران، راڤەی ئەوە دەکات کە ئێران نەیویستووە رووبەڕووبوونەوە بقەومێت لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لە پاش رووداوەکانی ۱۱ی سێپتێمبەری ۲۰۰۱و، بەرهەڵستی نەکردنی رووخاندنی رژێمی عێراقیی‌و لایەنگری نەکردنی هیچ لایەنێکی جەنگەکە، بەڵام ستراتیژی ئێران لەپاش داگیرکردنی عێراق هەوڵدانیەتی بۆ هەڵنەبژاردنی هیچ حکومەتێکی عێراقیی کە سەرلەنوێ جەنگ‌و دوژمنایەتی لەگەڵ ئێراندا بکات وەك لەگەڵ رژێمی پێشوودا روویدا. ئێران گۆڕەپانی عێراق بەتەنها بۆ هێزە ئەمەریکییەکان جێناهێڵێت بگرە لە تەواوی ئاستە سیاسیی‌و ئەمنی‌و سەربازییەکاندا

هەوڵدەدات رێگربێت لەوەی لە گۆڕەپانی عێراقەوە مەترسی بۆسەر ئاسایشی نیشتیمانی ئێران دروست ببێت. دیسانەوە هەوڵدەدات عێراق بکاتە خاڵی لاوازیی هێزە ئەمەریکییەکان لەبری ئەوەی بە تەنها بێتە نێوەندی هەڕەشە بۆسەر ئێران. واتەی هەرچی لەسەردەمی سەدام حوسێندا روویداو روودەدات لەپاش داگیرکاریی (١٩٨٠-٢٠٠٧) نەبێتە هۆی ناسەقامگیریی بۆ ئێران.

لە رۆژئاوای ئێرانیشەوە سنووری هەیە بە ئەفغانستانەوە کە ٩٣٦کم درێژییەکەیەتی، لەسەردەمی تاڵیباندا پەیوەندییەکانی ئێرانو ئەفغانستان پشێوی تێکەوتو وەختبوو جەنگ لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا بقەومێت. سەرباری جیاوازیی مەزهەبیی لە نێوان هەردوو لاداو، تەکفیرکردنی شیعە لەلایەن تاڵیبانەوە... ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەم هاوسێیەی مایەی دڵنیایی نییە بۆ ئێرانو ئاسایشی نیشتمانی ئەم وڵاتە نەك لە ساڵانی داگیرکاریی سۆڤیەتی بۆ سەر ئەفغانستان (١٩٨٠-١٩٩٠)و ساڵانی شەڕی نێوان موجاهیدان لە نێوان خۆیاندا بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتداو، ساڵانی حوکمڕانی تاڵیبان. دیسان بەو مانایە دێت کە ئێران بەداخ نەبوو بۆ خستنی بزووتنەوەی تاڵیبان لەسەر دەستی هاوپەیمانانی باکوور بە پشتیوانیی ویلایەتە یەککگرتووەکان، بگرە کۆمەکی پێشکەش بە هاوپەیمانان دەکات تاکو قوتاری بێت لە تاڵیبان( لە پاش یازدەی سێپتێمبەر). هاوسێ ئەفغانیەکەی ئێران بە تولی دە ساڵان لە داگیرکاریی سۆڤیەتی لە ئەفغانستان، سەرچاوەی دڕدۆنگیی و پشێوی بوو بۆی بەتایبەت

لەپاش لێشاوی پەنابەران بۆ ئێران (کۆچی یەك ملیۆن ئەفغانی بۆ خاکی ئێران). لە پاش داگیرکاری ئەمەریکیی - ئەتلەسی بۆسەر ئەفغانستان دڕدۆنگیی ئێرانیی و مەترسیەکان لە هەڕەشەی نویێ بۆسەر سنوورەکانی رۆژئاوایی بەردەوام بوو. ئیدی ئێران بەشدار دەبێت لە پاڵپشتیکردنی سیستەمی نویێ لە کابوڵ تاکو نەبێتە ژێردەستەی هێزە رۆژئاواییەکان بەتایبەت ئەمەریکا. بۆیەشە کۆمەکی دارایی پێشکەش دەکات و هاوپەیمانیی بازرگانیی، ئابووریی و ئەمنیی پێشکەش دەکات بۆ قەلاچۆکردنی قاچاخچێتیی مادده هۆشبەرەکان... بە بێئەوەی لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکانی بپچڕێنێت لەگەڵ باقی لایەنە ئەفغانییەکانی تر.

لەگەڵ پاکستانیش سنوورەکانی ئێران ٩٢٩کم، پاکستان دەوڵەتێکی ئەتۆمیی و هاوبەشی ستراتیژیی ویلایەتە یەکگرتووەکانە. قوتابخانە ئاینییەکانی ئەویێ خاکێکی بە پیتە بۆ بزووتنەوەی تاڵیبان. جیاوازی مەزهەبیی نێوان سوننەو شیعە بڕێکجار مۆرکێکی توند وەردەگرێت، هەروەها هێڵی پەڕینەوەی قاچاخچییەکانی ئەفیونە لە ئەفغانستانەوە بۆ ئێران. ئاساییە ئەم وڵاتە مایەی دڵنیایی نەبێت، پێویستە تاران چاوی کراوە بێت بۆ هەرچییەك لەم دراوسێوە روودەدات لە ئاستی ئەمنیی و سیاسیی و ئاینییەوە.

بەهەمان شێوە تورکیا دەوڵەتێکی هاوسێی ئێرانە ٤٩٩کم، دەوڵەتێکە سیستەمەکەی سێکیۆلارەو سوپا دەستی بەسەردا گرتووە. پەیوەندی بەهێزی هەیە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیلدا،

دیسان مایەی دڕدۆنگی ئێرانە، بەڵام بە گەیشتنی پارتی دادو گەشەپێدان( ئەردۆگان-گول) پێش چەند ساڵێك بۆ سەرۆکایەتیکردنی حکومەتو پاشتر سەرۆکایەتی کۆمارو مۆرکردنی ڕێکەوتنی ئابووریی و نەوتیی لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا ئێرانی پتر دڵنیا کردۆتەوە لە دڕدۆنگییەکان.

ئەوەی لەسەرێ باسمان کرد بەو مانایە دێت کە ئێران هاوسێی دڵخۆشکەری نییە لە تەواوی سنوورەکانیەوە، هەروەها دڕدۆنگیی دروست دەکات لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییەکانی. وەختێك لەو دراوسێیانەوە دووچاری جەنگ و هەڕەشەی جەنگ بێتەوە، لەهەمان کاتیشدا تۆقیوە لە دەورەدانی لەلایەن هێزە ئەمەریکییەکانەوە، کە چوونەتە نێوجەرگەی ئەو هاوسێیانەوە لەپاش یازدەی سێپتێمبەری ۲۰۰۱وە. واتە پێویستە لەسەر ئێران کە بیر لە ئاسایشی نیشتمانیی و سیاسەتە هەرێمییەکانی بکاتەوە، تەواوی ئەو دراوسێ ئاڵۆزانە بەهەند وەربگرێت، کە پێویستی بە سیاسەتی ئاڵۆزو جۆراوجۆرو جیاواز هەیە لە توندیی و نەرمیدا، بەڵام ئێران (لەرووی هەلی بازرگانییەوە) کەوتۆتە نێو دڵی نێوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو، لەسەر ڕێگەی ئاوریشم، نێوەندێکە بۆ ئاڵوێرکردنی شمەك لە نێوان ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیای نێوەڕاستو دەوڵەتانی قۆقاز، رووبەری ئێران ۱٦٤۸۰۰۰کم[۲] ، ڕێژەی دانیشتوانی ۷۰ ملیۆن کەسە، ئەو ڕێژەیەش زیاد دەکات وێڕای سیاسەتی بەرگرتن لە مناڵ خستنەوە لە لایەن دەسەڵاتەوە بە ڕێژەی ۹۵۰۰۰۰ کەس لە ساڵێکدا. کۆمەڵگەی

ئێرانیی کۆمەڵگەیەکی گەنجە، لە پاش شۆڕش قوتابخانەو زانکۆکان لەسەرجەم شارە ئێرانییەکاندا کرانەوە، ڕێژەی قوتابیان گەیشتە ٨٠٪، لەگەڵ پتر لە دوو ملیۆن قوتابی زانکۆو ٢٠ ملیۆن قوتابی تر، هەروەها ڕێژەی لەسەدا پەنجایان خانمانە، بەڵام ئەو ڕێژە بەرزەی قوتابیانی زانکۆ وایکردووە ئێران لە ساڵێکدا ٧٠٠٠٠٠ هەلی کار بڕەخسێنێت، ئەمەش نەگونجاوە بۆیەشە ڕێژەی بێکاریی لە نێوان ١٢ بۆ ١٥٪یە. لە وەختێکدا سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان سەرکەوتوو بوون لە باشکردنی کایەی تەندروستیی و فێرکردن، بەڵام ئاستی گوزەران و بژێویی خەڵك بە نزمیی ماوەتەوەو ١٦٪ دانیشتوان لەژێر هێڵی هەژارییدان.

پێگەی ستراتیژیی ئێران و سامان و ڕووبەرو ژمارەی دانیشتوانی وایکردووە ببێتە هێزێکی گرنگی هەرێمیی، ناکرێت بەسوك تەماشا بکرێت، یاخود بەرژەوەندییەکانی فەرامۆش بکرێت لەهەر پرۆژەیەکی هەرێمیی سیاسیی یاخود ئەمنیی یاخود ئابووریی یاخود ستراتیژییدا، لانیکەم دەتوانێت قۆرت دروست بکات لەبەردەم هەر پرۆژەیەکدا، کە هەست بە دڵنیایی نەکات بۆ بەرژەوەندیی و ئاسایش و سەقامگیریی ڕژێمەکەی[1].

---

[1] طلال عتريسي، جيو – استراتيجية الهضبة الايرانية – الاشكاليات والبدائل، مركز الحضارة لتنمية الفكر الاسلامي، بيروت ٢٠٠٩.

### دامەزراوەكانی بڕیارسازیی لە ئێران

سیستەمێكی ئاڵۆز لەو ئەنجومەنانەدا هەیە، كە لە ئێراندا كاردەكەن و، كاریگەرییان لەسەر بڕیارسازیی هەیە زۆرجاران بڕیاری رێبەری باڵای شۆڕش بریتییە لە بەرەنجامی هاوسەنگییەكان لە نێوان ئەو ئەنجومەنانەدا یاخود زاڵكردنی تێڕوانینێك بەسەر ئەوی تردا. ئەمانەش دەسەڵاتە بەرفراوانەكانی رێبەری شۆڕش رەتناكەنەوە، كە لە دەستووری كۆماری ئیسلامیدا هاتووە، لەو دەسەڵاتانە بۆ نمونە: قبوڵكردنی دانانی سەرۆك كۆمار، دامەزراندن( لابردنی) فەرماندەی گشتیی پاسداران و سەرۆكایەتی ئەركان و، سەرۆكایەتیی هێزەكانی ئاسایشی نێوخۆو، سەرۆكی دەستەی ئێستگەو تەلەفزیۆن و، دانانی بەرپرسی دەسەڵاتی دادوەریی، تا چارەسەركردنی ناكۆكییەكانی نێوان هەرسێ دەسەڵاتەكەو، راگەیاندنی جەنگ و ئاشتی، ئەمەش بەو مانایە دێت كە رێبەری شۆڕش بە پێی دەستوور خاوەنی پێگەی یەكەمە لە ئێران نەوەك سەرۆك كۆمار.

پێشتر ئێران پۆستی سەرۆكی حكومەت (میر حوسێن موسەوی ١٩٨١-١٩٨٩) شانبەشانی سەرۆكایەتیی كۆمار لەسەرەتای شۆڕشدا ئەزموونكردووە، لەپاڵ ئامادەیی ئیمام خومەینی، بەڵام ئەزموونەكە بووە هۆی پێكدادانی دەسەڵاتەكان لە نێوان پۆستەكاندا. ئەمەش بووە هۆی هەڵوەشانەوەی سەرۆكایەتیی حكومەت و دەسەڵاتەكانی كەوتەدەست سەرۆك كۆمار، كە سەرۆكایەتیی حكومەت دەكات لە وڵاتداو، داوای متمانە بەخشین دەكات لە ئەنجومەنی شورا بەو

حکومەتـەو وەزیرەکـان نـەوەك دەنگـدانی بـە کۆمـەڵ بـە تـەواوی حکومەتەکە، واتە متمانە بەخشین بەیەك بەیەکی وەزیرەکان،( سەرۆك کۆمار بەرپرسە لە بەردەم گەل و رێبەرو ئەنجومەنی شورادا ( ماددەی ١٢٢ی دەستوور).

بەڵام چۆن رێبەری باڵای شۆڕش - خاوەنی ئەو دەسەڵاتە بەرفراوانانە - دەگاتە پۆستەکەی؟ کێ هەڵیدەبژێرێت؟ یاخود کێ دایدەنێت؟

١. **ئەنجومەنی خیبرەگان**: ئەو ئەنجومەنەیە، کە رێبەر ( رێبەری شۆڕش) هەڵدەبژێرێت، ئەرکی ئەنجومەنە لەپاش هەڵبژاردنی رێبەری شۆڕش سەرپەرشتی کارەکانی دەکات، لابردنی گەر دەرکەوت شایستە نییە. ئەندامانی ئەنجومەنەکە لە زانا موجتەهیدەکانن ( نزیکەی ٨٦ زانا) ئەندامی ئەنجومەنەکە راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێرێن و، دانانرێن ( ماددەی ١٠٧و ١٠٨ی دەستوور).

٢. **ئەنجومەنی شورا ( پەرلەمان)**: راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێدرێن، هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکە لە سەرکەوتنی شۆڕشەوە تا ئەوڕۆکە نەوەستاوە تەنانەت لەسەروبەنی جەنگی ئێران- عێراقیشدا لە نێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨). زۆرینەی ئەنجومەنەکەش هەرجارەو لای یەکێکە لە بەرەی موحافزکاران یاخود ریفۆرمخوازان.

٣. **شورای نیگەهبانی دەستوور**: ئەرکی ئەنجومەنەکە هاوتاکردنی ئەو بڕیارانەیە، کە لە ئەنجومەنی شوراوە دەردەچێت لەگەڵ حوکمە ئیسلامییەکان و دەستووردا. ئەندامانی ئەنجومەنەکە شەش زانا( رێبەر

هەڵیان دەبژێرێت)و شەش پسپۆڕ لە سەرجەم لقەکانی یاسا پێکدێت( سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی کاندیدیان دەکات‌و ئەنجومەنی شۆڕش ڕەزامەندیی لەسەر دەردەبڕێت، ماوەکەشی شەش ساڵانە. یەکێکی تر لە ئەرکەکانی ئەنجومەنەکە سەرپەرشتیکردنی تەواوی ئەو هەڵبژاردنانەیە کە لە وڵاتدا ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ ڕاپرسییە گشتییەکان، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە ئەنجومەنی شورا تەنانەت گەر زۆرینەکەی ریفۆرمخواز بێت یان نا ناتوانێت ئەو بڕیارانە تێپەڕێنێت کە دەیەوێت بەبێ ڕەزامەندیی ئەنجومەنی (شورای نیگەهبانی دەستوور). ئەم ئەنجومەنە کاندیدکردنی دەیان کەسی ڕەتکردۆتەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ساڵی ٢٠٠٥، ئەنجومەنەکە ئەو فاکتەرانە دیاری ناکات کە پاساو دەهێنێتەوە بۆ ڕێگرتن لە کاندیدکردنی فلان‌و فیسار. ڕێگەش نادەن تۆمەتبار بکرێن لە لایەن کاندیدە ریفۆرمخوازەکانەوە بە لایەنگریی بۆ بەرەی موحافزکاران.

٤. **ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم:** ئەنجومەنەکە بە فەرمیی لە ساڵی ١٩٨٨ بە فەرمانی ڕێبەری شۆڕش پێکهێنرا، کە ئەندامانی ئەنجومەنەکە بەخۆی دیاری دەکات. ئەرکی ئەنجومەنەکە چاوخشاندنەوەیە بەو ناکۆکییانەدا کە لە نێوان ئەنجومەنی شوراو شورای نیگەهبان دروست دەبێت ( ماددەی ١١٢ی دەستوور) . ئەوڕۆکە هاشمی ڕەفسنجانی سەرۆکایەتیی دەکات.

٥. **ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی**: لە سەرۆکایەتیی هەرسێ دەسەڵاتە( یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەریی)و سوپاسالاری هێزە چەکدارەکان و وەزیرانی نێوخۆو دەرەوەو ئاسایش پێکدێت، سەرباری دوو نوێنەر، کە رێبەری شۆڕش خۆی دیارییان دەکات، سەرۆك کۆمار سەرۆکایەتیی ئەنجومەنەکە دەکات.

٦. **دەسەڵاتی دادوەریی**: سەرۆکی ئەم دەسەڵاتە لەلایەن رێبەرەوە دیاری دەکرێت. دەسەڵاتی دادوەریی رۆڵێکی گرنگی گێڕا لە بەرەنگاربوونەوەی ریفۆرمخوازان وەختێك لە سالآنی ١٩٩٧-٢٠٠٠ بڕیاریدا بە داخستنی زۆربەی رۆژنامە ریفۆرمخوازییەکان و دەستبەسەرکردنی دەیان نووسەرو سکرتێری نووسین تێیاندا. ئەو داخستنانە بوو بە مایەی بێبەشکردنی جووڵانەوەی ریفۆرمخوازیی لەو مینبەرە گرنگانەی، کە بەکاری دەهێنان بۆ گوزارشکردن لە خۆی لە بابەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا.

٧. **حەوزەی ئاینیی**: حەوزەی ئاینیی لە شاری قوم رۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەگێڕێت لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا، بەو هۆیەوە کە پێگەیەکی مێژوویی هەیە( هاوشێوەی نەجەف لە عێراق) لە پاراستنی مەزهەبی شیعەو، دەرچوونی زانایان و موجتەهیدان و، دەرکەوتنی بڕێك مەرجیع وەك ئیمام خومەینی، کە بەرووی شادا وەستایەوەو سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە رێبەرایەتیکردنی شۆڕش و دامەزراندنی " کۆماری ئیسلامیی"، لەنێو حەوزەکەدا چەندین تەوژمی فیقهیی و سیاسیی هەن هەندێکییان هانی ئاوێتەکردنی ئایین و سیاسەت

دەدەنو، هەندێکی تریش بە پێویستی نازاننو بەڵکو بەرهەڵستی دەکەنو لە دژی دەوەستنەوە. مەرجیعە تەقلیدەکان(واتە ئەو موجتەهیدانەی کە گەیشتوونەتە پلەی هەڵهێنجانی حوکمە فیقهییەکان) سەربەخۆیی تەواویان هەیە لە دەسەڵاتەکان، مەرجیع هەوڵدەداتو بەرای خۆی فەتوا دەدات بە رەوا بوونی شتێك لە بابەتە ئاینییەکان یاخود سیاسییەکان. هیچ مەرجعێك دوای راوبۆچوونی مەرجعێکی تر ناکەوێت، مەگەر مەرجعێك بەیعەت بدات بە مەرجعێکی تر لە پۆستێکی سیاسیدا، بەڵام لەسەر ئاستی فیقهیی ئاینیی کاری لەو شێوەیە ناکات. ئەمەش بەسەر سەرجەم مەرجیعەکاندا جێبەجێ دەبێت لە نێوخۆو دەرەوەی ئێراندا. بۆیەشە ناگونجێت ئەو گریمانەیە قبوڵ بکرێت کە باس لە پاشکۆیەتی سیستانی دەکات لە عێراق( مەرجیع تەقلیدە) بۆ مەرجەعیەتی رێبەری شۆڕش لە ئێران عەلی خامنەئی. مادامێکی ئایەتوڵڵا سیستانی بەیعەتی سیاسیی بەو نەداوە.

٨. بازاڕ: بازاڕ رۆڵێکی گرنگی گێڕا لەسەروبەندی ئامادەکاریی بۆ شۆڕشی ئێرانیدا، یارمەتیدەری سەرەکیی دامەزراوەی ئاینیی بوو، بازرگانان چالاکانە بەشدارییان کرد لە ناڕەزایەتییەکان کە رێبەرایەتی شۆڕش بانگەوازی بۆ دەکرد، بازرگانانی بازاڕ سەرچاوەیەکی دارایی گرنگن بۆ مەرجیعە ئاینییەکان لە حەوزە زانستییەکانی قومدا، سەرباری ئەو داراییە شەرعییانەی پێیان دەدرێت ( خومسو زەکات)، ئەوان دەیبەخشن بە قوتابخانە ئاینییەکانو کتێبخانەو بەخشینەکانی قوتابیانو، پێشکەشکردنی هاوکاریی کۆمەڵایەتیی بە هەژارو

زەبوونەکان. سروشتییە بازرگانانی بازاڕ پشتگیریی لە بە تایبەتکردن/ الخصخصة بکەن، بەڵام دەترسن لە وەرچەرخانە ئابوورییەکان لە ئێران، کە دەکرێت مەترسی دروست بکات لەسەر پێگە سوننەتییەکەیان، بەتایبەت تاران- شوێنی بازاڕ- ساڵانێکە گەشەسەندنی کەرتێکی نوێی بەخۆوە بینیوە لە بازرگانانی دەرێی نێوچەی بازاڕ.

٩. **کۆمەڵگەی مەدەنیی**: دەکرێت ئەوەی پێی دەگوترێت ڕێکخستنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی لە ئێران دەچێتە نێو چوارچێوەی ڕێکخراوە ئیسلامیی و سیاسییەکان و دامەزراوە میدیاییەکان: وەك کۆمەڵەی ڕۆحانییە خەباتگێڕەکان و، کۆڕی ڕۆحانییە خەباتگێڕەکان (روحانیون مبارز)و ڕێکخستنە ئیسلامییەکانی وەك هاوپەیمانیی ئیسلامیی (مؤتلفه اسلامی)، پارتی موشارەکەتی ئێرانیی ئیسلامیی( حزب مشارکت ایران اسلامی) کادێرانی بنیاتنان( کارگزاران سازندگی)، لەگەڵ هەندێك دامەزراوەی قوتابیان و، دەیان ڕۆژنامە، کە لە پاش گەیشتنی سەرۆك خاتەمی لە ساڵی ١٩٩٧ بڵاوبوونەوە. زۆربەی ئەو ڕێکخراو دامەزراوانە لە نێوان هەردوو تەوژمی ریفۆرمخوازیی و موحافزکاراندا دابەشبوون. زۆرجاران ئەو ڕێکخراو و ڕۆژنامانە بەشداریی دەکەن لە گفتوگۆکان لە بارەی بابەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی ئێران، وەك گفتوگۆ لەگەڵ ویلایەتە یەککگرتووەکان، سەرلەنوێ بەستنەوەی پەیوەندی لەگەڵ میسر، دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیە، ئازادییە میدیاییەکان. وێڕای سنووردارێی ڕۆڵی کۆمەڵگەی

مەدەنیی لە ئێران، کە دەوڵەت چالاکییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوەدەبات، لە ئێراندا نزیکەی ٦٠٠ چاپکراوی ڕۆژنامەو حەفتانەو مانگانە لەسەرجەم بوارە سیاسیی و هونەریی و ئەدەبیی و فیکریی و وەرزشەوانییەکاندا دەردەچێت.

١٠. **دامەزراوەی سەربازیی، پاسداران:** هێزە سەربازییەکانی ئێران لە نێوان سوپاو پاسداراندا دابەشبوون، بەڵام پاسداران بایەخی جیهانیی و نێوخۆیی- ئێرانیی- هەیە پتر لە سوپا، وەختێک فەرماندەیەکی نوێ بۆ پاسداران دادەنرێت سەرنجەکان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، بە ئامانجی زانینی مێژوو و ئەزموون و ڕۆڵی لە هەلومەرجە سیاسیی و ئەمنیی و سەربازییەکانداو، ئەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی ئێران دەبێتەوە. لە وەختێکدا گۆڕینی سەرکردەی سوپا ئەو بایەخەی نییە، بۆ زانیاریی هەردووکیان لەلایەن ڕێبەری شۆڕشەوە دیاری دەکرێن.

پاسداران ڕاستەوخۆ لە پاش سەرکەوتنی شۆڕش لەبەر دوو هۆکار دامەزرا: بێ متمانەیی بە سوپا، کە زۆربەی فەرماندەکانی لە ئەمەریکا مەشقیان پێکرابوو، لەگەڵ پاراستنی شۆڕش و ڕژێم بەهێزێکی جەماوەریی کە لایەنگری شۆڕش بێت و لایەنگری ئایدۆلۆجیا ئیسلامییەکەی بێت. پاسداران پێگەی خۆی بەدەستهێنا لە قوربانیدانە بالاکاندا کە لەسەروبەندی جەنگی ئێران- عێراق(١٩٨٠-١٩٨٨) پێشکەشیکرد. پاسداران یەکێکە لە دامەزراوەکانی موحافیزکاران لە ئێران. یەکێکی تر لە گرنگییەکانی پاسداران بەرپرسیارێتی

راستەوخۆیە بەرامبەر بە بەسیج کە ملیۆنان ئەندامی هەیەو، مەشق و ڕاهێنانیان پێکراوەو لە تەنگانەدا بانگ دەکرێن.

نەخشەی "ئالۆز"ی ئەنجومەنەکانی بڕیارسازیی لە ئێران میحوەریەتی پێگەی ڕێبەری شۆڕش دیاری دەکات، بەبێ کەمکردنەوەی ڕۆڵی دامەزراوەکانی تر. بۆیەشە قورسە بڵێین هیچ بەرپرسێك پێگەکەی هەرچییەك بێت ( وەك ئەوەی دەگوترێت لەسەروەختی هەڵبژاردنی ئەحمەدی نەژاد بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار، یاخود هەڵبژاردنی هاشمی رەفسنجانی بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی خیبرەگان) ناتوانێت چکێك لە ستراتیژی ئێران بگۆڕێت، بەرامبەر دەوڵەتانی هاوسێ، یاخود بەرامبەر بە ئەمەریکاو ئیسرائیلو تەواوی جیهان، بەبێ ڕەزامەندیی ڕێبەری باڵای شۆڕش. ئەمەریکا درەنگ بە ڕۆڵی میحوەریی ڕێبەری باڵای شۆڕشی زانی، ئۆباما پتر لە پەیامێکی ئاڕاستەی ( ڕێبەری شۆڕش عەلی خامنەئی) کرد، تێیدا داوای گفتوگۆی کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێراوەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت، لە دۆسیەی ئەتۆمییەوە بۆ دۆسیەکانی تر لە عێراق و ئەفغانستان و فەلەستین.

ڕەنگە ئەزموونی ئێران( کۆماری ئیسلامیی) بەهۆی پێگە جیۆ – ستراتیژیی و سروشتی ڕژێمە سیاسییەکەی، بەکراوەیی بمێنێتەوە لەسەر تەواوی ئالۆزییەکان و ئاستەنگەکان، کە لە سێ دەیەی ڕابردوودا بەخۆوەی بینیوە، واتە تەحەدییەکانی پێشکەشکردنی "مۆدێلێکی ئیسلامیی" و ئالۆزییەکانی بەڕێوبردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هێزە

دەرەکیی و نێودەوڵەتییەکان بە ئامانجی هاوتەریب کردنی "پرنسیبەکانی شۆڕش" و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی. ئەمەش روون دەبێتەوە بۆ نمونە لە راڕابوونی ئێران لە نێوان گفتوگۆو رووبەڕووبوونەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و، لە نێوان هاوکاریی، کە دانبنێت بە بەرژەوەندییە ئاڵوگۆڕەکان و لە نێوان ئەو هەڕەشەیەی لەسەر ئێرانە لە پەراوێزخستنی رۆڵی و سەرنخونکردنەوەی رژێمەکەی بەتایبەت دۆسیە ئاڵۆزەکان تا ئەورۆکە وەك خۆیان ماوەنەتەوە: لە بەرنامەی ئەتۆمییەوە، کە "گێچەڵە بە رۆژئاوا" و سزای زیاتر بۆ ئێران دەهێنێت، کە سوورە لەسەر سەربەخۆبوونی ئاشتییانەی بەرنامە ئەتۆمیەکەی تا دەگاتە دۆسیەکانی عێراق، ئەفغانستان، لوبنان و فەڵەستین، بەڵام لە هەموو حاڵوبارەکاندا، ئاستەنگەکان هەرچییەك بن، کە رووبەڕووی ئەزموونی ئێران دەبنەوە، رەنگبێ قورس بێت بۆ هەر هێزێکی هەرێمیی یاخود نێودەوڵەتیی ئێران فەرامۆش بکات لە هەر پرۆژەیەك یاخود هەر تێڕوانینێك بۆ ئایندەی نێوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

# قەیرانی کەمینە سوننیەکان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران

د. رزوان زیادە*

## مێژووی دەوڵەتی هاوچەرخی ئێران:

دەوڵەتی ئێرانی هاوچەرخ لە سەدەی شانزدەدا، لەپاڵ بنجداکوتینی حوکمڕانیی خانەوادەی سەفەوییەکاندا، ئیسماعیلی یەکەم، کە ویستی جەخت بکاتەوە لە سەربەخۆیی وڵاتەکەی لە بەرەنگاربوونەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی - تورکیی سوننەگەرای بەهێزدا، هەوڵیدا وەری بچەرخێنێت بۆ بیروباوەڕی شیعەگەرایی، ئەگەر بە زۆرلێکردنیش بێت. سەرباری نەبوونی زانای ئاینیی پێوست بە ئامانجی سەپاندنی مەزهەبە نوێکە، بۆ ئەم مەبەستە لە جەبەل عاملەوە ( باشووری ئەوڕۆی لوبنان) زانای ئاینیی "هاوردە" کرد، ئەمەش دەسپێکی پەیوەندیی هەمیشەیی بوو لە نێوان شیعەی لوبنانیی و شیعەی ئێرانیی[1].

---

* کۆلەرە لە نێوەندی هاکوب کلورکیان بۆ کۆڵینەوەکانی رۆژهەڵاتی نزیک لە زانکۆی نیویۆرک - ویلایەتە یەککرتووەکانی ئەمریکا.

[1] الان غريش، إيران: قومية شديدة الحذر تغذيها التدخلات الاجنبية، اللوموند، ديبلوماتيك، تموز/يوليو ٢٠٠٩.

ویڕای یەکخستنی ئەم وڵاتە، ئێران کەوتبووە نێو دوژمنایەتییەکانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیی و، ئیمپڕاتۆریەتی رووسیی و ئیمپڕاتۆریەتی بەریتانیی، کە دەسەڵاتی بەسەر هیندستاندا دەشکاو ئاراستەیان دەکرد، ئیدی قەیرانەکان کەڵەکەبوون و درێژەیان کێشا، لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەدەی هەژدەدا، خانەوادەی قاجارییەکان هاتنەپێشی و، چەندین جەنگی دۆڕاویان هەڵایساند لە دژی قەیسەرە رووسەکان (تەنانەت باشووری قۆقازی لەدەستدا)، هەروەها لە دژی لەندەن( بەناچاریی وازی لە نفوزی هێنا لە ئەفغانستان، ئیدی بەهۆی دەستێوەردانە بیانییەکانەوە هەوڵەکانی هاوچەرخگەرایی تارومار بوو، لە ساڵی ١٩٠٦ شۆڕشی دەستووریی (**شۆڕشی مەشروتە**) سەریهەڵداو پێکرا داواکارییەکانی ئازادییە دیموکراتییەکان و سەرکۆنەکردنی دوژمنکارییەکانی رووسیا و بەریتانیای لەیەك کاتدا کۆکردەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٠٧ هەردوو سیستەمە پاشاییەکە رێکەوتنێکیان مۆرکرد بە دابەشکردنی ئێران بۆ نێوچەی نفوزی نێوانیان[١].

بەمشێوەیە ئێران ناسەقامگیریی بەرۆکی گرت، کە وەرچەرخا بۆ شوێنی ململانێ لەسەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا. لە ساڵی ١٩٢٥ کۆدەتایەکی سەربازیی رەزاخانی گەیاند بەدەسەڵات. ئیدی لەژێر نێوی رەزاشای پەهلەویی خۆی وەك ئیمپڕاتۆر راگەیاند،

---

[1] نيفين مسعد، تأريخ إيران السياسي، سلسلة عالم المعرفة، الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون، ١٩٩٠.

هەرچەندە شۆڕشی بەلشەفیی رۆڵی رووسیای بەشێوەیەکی کاتیی لە گەمەی جیۆسیاسییدا سڕییەوە، لەولاوە بەریتانیا پارێزگاریی کرد لە نفوزی باڵادەستی خۆی، بەتایبەت لە رێگەی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ - ئێرانیی، کە سامانە نەوتییە دۆزراوەکانی وەبەرهێنا.

لە ئۆگەستۆس (ئاب)ی ١٩٤١، هێرشکرایە سەر ئێران( نێوی نوێی فارس هەرلە ساڵی ١٩٣٤)وە، کە لە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانیدا بێلایەن بوو، لە لایەن هێزە سۆڤێتەکانەوە کە لە باکوور خۆیان مەڵاس دابوو، لەپاڵ هێزە بەریتانییەکان، کە لە باشوور مۆڵیان خواردبوو. ئیدی شایان ناچارکرد واز لە دەسەڵات بهێنێت لە بەرژەوەندیی کوڕەکەی، محەمەد رەزا، کە تا ساڵی ١٩٧٩ جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو. سۆڤیەت لەهەردوو ساڵی١٩٤٥و ١٩٤٦ دوو کۆماری سەربەخۆیان لەسەر خاکی ئێران دامەزراند. یەکێکیان کوردیی پایتەختەکەی مەهاباد بوو، ئەوی تریشیان ئازەریی لە تەبرێز، بەڵام ناچاربوون ملبدەن لەبەردەم فشارەکانی ئەمەریکاو بەریتانیاداو واز لە هاوپەیمانەکانیان بهێنن.

ئیدی هەوڵەکانی دابەشکردنی ئێران هاریکاربوو لە بزواندنی ناسیۆنالیزمی ئێرانیی، کە لە رێگەی سەرلەنوێ گێڕانەوەی نەوتەوە گوزارشتی لەخۆیکرد، کە لەلایەن بیانییەکانەوە بەدیهێنرا، دیسانەوە رەتکردنەوەی کۆمپانیای ئەنگلۆ - ئێرانیی بە گفتوگۆکردن لە بارەی دابەشکردنی دەسکەوتەکان لەگەڵ دەوڵەتدا هاریکار بوو لە چەسپاندنی رای گشتیدا، بەشێوەیەك خۆپیشاندەران هوتافیان

دەکێشا: "نەوت خوێنمانە، نەوت ئازادیمانە". لە ١٢ی رەجەب ١٣٧٠ك/(٨) نیسان (ئیپریل)ی ١٩٥١ز، محەمەد موسەدیق، کە ناسیۆنالیستێکی میانڕۆ بوو، بەدیاریکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە بوو بە سەرۆك وەزیران، بڕیاریدا بە خۆماڵیکردنی نەوت، پاشتر لە ئاب (ئۆگۆستوس)ی ١٩٥٣ کۆدەتای سەربازیی بەسەردا کرا، بە رێکخستنی لەلایەن ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکییەوە(CIA)، بە پێی دانپێدانانی ئەمدواییەی سەرۆك باراك ئۆباما لە گوتارەکەی قاهیرەیدا، بە هاوکاریی لەگەڵ بەریتانیا، هەروەها گێڕانەوەی شا بۆ دەسەڵات، ئیدی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەبەرامبەر خزمەتەکانیدا دەستیگرت بەسەر ٤٠٪ی نەوتی ئێراندا. ئیدی هێوری گێڕایەوە بۆ تاران‌و، چەند هەزارێك لە قەناردراو ئۆپۆزیسیۆنی دیموکراتیکیش لەنێوبرا، بەڵام موسەدیق هەمیشە وەك سیمبولی خەونی لەباربراو دەمێنێتەوە بۆ سەربەخۆیی راستەقینەی ئێران[١].

شەستەکان‌و حەفتاکانی سەدەی رابردوو دیکتاتۆریەتی رژێمەکەی شای بەخۆوە بینی، لەپاڵ پرۆسەی هاوچەرخگەرایی رۆژئاوایی ساکارو رووکەشدا. بوونی ٣٠هەزار راوێژکاری ئەمەریکیی‌و بڕێك بنکەی بیانیی لەگەڵ هەستوسۆزە جەماوەرییەکاندا پێکهەڵپژان‌و، قەیرانی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی دروستکرد بەهۆی کەمبوونەوەی

---

[1] الان غريش، إيران: قومية شديدة الحذر تغذيها التدخلات الاجنبية، اللوموند، ديبلوماتيك، تموز/يوليو ٢٠٠٩.

نرخــی نــەوت لــە مــاوەی هــەردوو ســاڵی ١٩٧٥و ١٩٧٦و، ســتەم لەسەرجەم ئاستەکانیداو هـەژموونی ویلایەتـە یـەکگرتووەکان، هـەموو ئەمانە تێکەڵەی یەك بوون لـە تینوتاوسەندنی قەومانی هـەر ڕووداوێك، چەندیش ئاسایی بێت.

ئیـدی لـە ٢٧ی موحـەڕەمی ١٣٩٨/٧ی کـانوونی دووەم(یەنایـەر)ی ١٩٧٨ دۆخەکە گڕی گرت، وەختێك ڕۆژنامەیەکی حکومیی بابەتێکی بڵاوکـردەوە، کـە سـوکایەتی تێـدابوو دەرهـەق بـە ئایـەتوڵڵا ڕوحـوڵڵا خومـەینی، یـەکێك لـە بـاڵاترین نوێنـەرانی دەسـەڵاتی ئـاینیی شـیعەی دوورخـراوە لـە عێـراق، بەدرێـژایی چـەند ڕۆژێـك، هــەزاران قوتـابیو قوتابیانی فیقهی ئاینیی ڕژانـە سـەر شەقامەکانی قوم‌و، پۆلیس تەقەی کـردوو چـەندین کـەس کـوژران. لـەپاش چـەند هەفتـەیەك لـە ١٠و ١١ی ڕەبیعـی یەکـەم/ ١٨و ١٩ی شـوبات( فێبرایـەر)، ڕاپـەڕینێك لـە شـاری تـەبرێز پایتـەختی مەڵبەنـدی ئازەربایجـانی ئێرانـی قـەوما، پتر لـە ١٠٠ کــەس کــوژران‌و، لەوێــشەوە بازنــەی خۆپیــشاندانەکان دەســتیپێکرد، پاشتر سەرکوتکرا، پاشتر یادی چلەی شەهیدان کرایەوە، ئیدی بازنـەی ناڕەزایەتییەکان بەرەبەرە گورجتربوون‌و هـەزاران کوژراوی لێکەوتـەوەو، خۆپیشاندەران هاواریان دەکرد ( مەرگ بۆ شا، مەرگ بۆ ئەمەریکا)، کە تێکەڵەیــەك بــوو لــە ڕەتکردنــەوەی دیکتاتۆریــەت‌و زلهێزەکــان، کــە پشتیوان بوون بۆ دیکتاتۆریەتی شا.

لــە تــشرینی یەکــەم (ئۆکتۆبــەر) ١٩٧٨، ڕاپۆرتــەکانی دەزگــای هـەواڵگریی ئەمـەریکی باسـیان لـە مانـەوەی ڕژێمەکـەی شـا دەکـرد بـۆ

چەندین ساڵی تر، بەڵام هاوکارینەکردنی سەرۆك جیمی کارتەرو پشتیوانی نەکردنی چڕوپڕی سوپا، گەورەترین شۆڕشی جەماوەری لێکەوتەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمداو بەو هۆیەوە رژێمەکەی شا تەپێنراو کۆماری ئیسلامیی لە نیسان( ئیپریل)ی ۱۹۷۹ راگەیەندرا. داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمەریکیی لە تاران لە ٤ی نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا، بوو بە نیشانەی بنجداکوتینی شۆڕش و رەتکردنەوەی بەرفراوانی گەلەوە بوو دژ بە سیاسەتەکانی دەستێوەردانی رۆژئاوایی، کە بە درێژایی قۆناغی هاوچەرخ دەستی بەسەر ئەو وڵاتەدا گرتبوو[١].

**کەمینە ئاینییەکان لە ئێران:**

زۆرینەی گەلی ئێران سەربە مەزهەبی شیعەی ئیمامین، یەکێکە لە لقە سەرەکییەکانی ئیسلام واتە ٩٠٪، مسوڵمانانی سوننە ژمارەیان ٨٪، مەسیحی و جولەکە و بەهائی و مەندائی و زەردەشتی ٢٪ پێکدەهێنن[٢].

ئێران یەکێکە لەو وڵاتە دەگمەنانەی جیهان کە ئاینیی ئیسلامی نەکردۆتە ئاینیی فەرمیی دەوڵەت ( چەندین دەوڵەت هەن کە ئیسلام یاخود مەسیحییەتیان کردۆتە ئاینی فەرمیی دەوڵەت)، ئێران مەزهەبی

---

[1] الان غريش، إيران: قومية شديدة الحذر تغذيها التدخلات الاجنبية، اللوموند، ديبلوماتيك، تموز/يوليو ٢٠٠٩.

[2] Eliz sanasarian, Religious Minorities in iran, Cambridg university press, 2000

شیعەی کردۆتە مەزهەبی فەرمیی دەوڵەت، ئیدی بە بەردەوامیی بۆتە پارێزەرو بەرگریکار لە شیعەی جیهان، وێڕای ئەوەی بڕێك لە مەرجەعیەتەکانی شیعە بەتایبەت نەجەف لە عێراق کۆنترو ڕەسەنترو کاریگەرترە لە نێوخۆی خودی مەزهەبی شیعەدا.

بەمشێوەیە کاریگەریی روون و ئاشکرای کردۆتە سەر ماددەکانی دەستووری ئێران کە جۆرێکی زبری لە مەزهەبیەتی ئاینیی چەسپاندووە، ئەمەش دەنگدانەوەی لەسەر مافەکانی کەمینە ئاینییەکانی تری ئێران درووستکردە، لەنێویشیاندا شوێنکەوتوانی مەزهەبەکانی تر بەتایبەت سوننەکان.

سەرباری نەخشەی کەمینە ئاینیەکانی، ئێران دەوڵەمەندە بە کەمینەی رەگەزیی یاخود ئتنی جیاواز، دانیشتوانەکەی بەسەر چەند گرووپێکی رەگەزیدا دابەشبوون، لە گرنگترینییان: فارسی٥١٪، ئازەری ٢٤٪، جیلکی و مازندەرانی٨٪، کوردیی ٧٪، عەرەب ٣٪، لوڕ ٢٪، بلوچ٢٪، تورك ٢٪، ئەوانی تریش ١٪[1].

وێڕای ئەوەی هەرسێ کەمینە ئاینییەکە: مەسیحی و جولەکەو زەردەشتییە فارسەکان بە فەرمی دانیان پێدانراوە لە دەستووردا و لەنێو پەرلەمانی ئێرانی(ئەنجومەنی شورا) نوێنەریان هەیە، بەڵام مافە سیاسیی و ئاینییەکانیان هەمیشە کەم دەبێتەوە بەهۆی جیانەکردنەوەی رۆڵی ئایین (مەزهەبی شیعە)و دامەزراوەکانی دەوڵەت.

---

[1] Eliz sanasarian, **Religious Minorities in iran**, Cambridg university press, 2000

زۆربەی پۆستە فەرمییەکان، دەسەڵاتە بێ سنوورەکانی ڕێبەری شۆڕش بێت یاخود سەرکردە، بەپێی دەستوور (خومەینی دامەزرێنەرو خامنەئی جێنشین) یاخود سەرۆکی دەوڵەت، ئەوە بەتەواوەتی قۆرخکراوە بۆ باوەڕیارانی مەزهەبی شیعە بەپێی دەستووری ئێران، کە لە ڕاپرسییەکەی ساڵی ١٩٧٩و گۆڕانکارییەکەی ساڵی ١٩٨٩دا بڕیاری لێدراوە.

ئیدی نوێنەرایەتیی کەمینەکانی تر کورت بۆتەوە بۆ ئەنجومەنی شورا، کە نوێنەرایەتیی سەرجەم تایفەکانی گەل دەکات لە ئازەریی و فارسیی و عەرەب و جولەکەو ئەرمەن و کورد، بەپێی کۆتایی دیاریکراو، نابێت شوێنکەوتەی ئەو ئاینزایانە لە دەرێی ئەو کۆتاوە خۆیان هەڵبژێرن، واتە ژمارەیان هەرگیز زیاد ناکات لەدەرەوەی ژمارەی بڕیار لێدراوی کۆتا.

**مافە نیوەچڵەکان بە پێی دەستووری ئێرانیی:**

وەسفکردنی دەوڵەتی ئاینیی وەك دەوڵەتانی سەدەکانی نێوەڕاستی ئەوروپا بەسەر کۆماری ئیسلامیی ئەوڕۆی ئێراندا جێبەجێ دەبێت، زیاتر بە ئولیگارکیی دەچێ، کە پیاوانی ئاینیی و ئەوانەی بڕوادارن دەستیان بەسەردا گرتووە، کە لە ڕێگەی ئەوانەوە ویستی خوا جێبەجێ دەبێت، بەبێ دانانی هیچ ڕووبەرێك یاخود شیمانەیەك کە مرۆڤ دەکەوێتە هەڵەوە لە جێبەجێکردنی ئەو ویستە خواییە[1].

---

[1] نوێنەری ڕێبەری باڵای شۆڕش لە پاسەوانانی شۆڕش "پاسداران" موجتەبا زونـنـور پێیوایە ناکرێت ڕێبەر لەکاربخرێت، چونکە شەرعیەتەکەی لەخواوەیە.

وەلی فەقیھ لە ئێراندا دەسەڵاتداری باڵای وڵاتە، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادی ڕاستەوخۆوە هەڵنابژێدرێت، بەڵکو لە ڕێگەی ئەنجومەنی خیبرەگانەوە هەڵدەبژێردرێت، پاشتر باسی لێوە دەکەین.

بنچینەی دەوڵەتی ئایینی لە ئێران لە دەستوورەوە هەڵقوڵاوە، ماددەی چواری دەستوور بەراشکاوی تێیدا هاتووە، کە "پێوەرە ئیسلامییەکان بناغەی سەرجەم یاساو بڕیارە مەدەنیی و سزادان و دارایی و ئابووریی و ئیداریی و سەربازیی و سیاسییەکانە، ئەم ماددەیە دەروازەی تەواوی ماددەکانی دەستوورو یاساو بڕیارەکانی ترە بەگشتیی. زانایانی ئەنجومەنی نیگەهبان دیاریی دەکەن"[1]. مەبەست لەو زانایانەیە، کە دەستوور دادەنێن و ڕاڤەی دەکەن و پاسی جێبەجێکردنی دەکەن لە ڕێگەی ئەنجومەنی نیگەهبانەوە، ئەم دەزگایە هەڵنەبژێردراوەو ڕاستوخۆ لەژێر فەرمانی ڕێبەری باڵای شۆڕشدایە.

لەپاش سەرنخونبوونەوەی ڕژێمەکەی شا لە ساڵی ١٩٧٩و گەڕانەوەی خومەینیی لە پاریسەوەو سەرکەوتنی شۆڕش، ناکۆکیی

---

لەبەردەم کۆمەڵێك لە نوێنەرانی ڕێبەری باڵآ لە زانکۆ ئێرانییەکاندا گوتوویە شورای خیبرەگان، کە خامەنەئی بۆ ئەو پۆستە هەڵبژاردووە ناتوانن لەکاری بخەن، درێژەی بە قسەکانی داوە: "ئەندامانی ئەنجومەنەکە ڕێبەری باڵآیان دانەناوە بەڵکو دۆزیویانەتەوە، ئەمە بەو مانایە نایەت هەرکات بیانەوێت لەکاری بخەن. پۆستی ڕێبەری باڵآ لە سیستەمی ئیسلامیی و شەرعییەتەکەی لە خواو پەیامبەرو ئیمامەکانی شیعەوە، ئەوان شەرعییەتیان داوە بە ڕێبەری باڵآی شۆڕش، بۆیەشە ناتوانن لەکار بخەن. ڕۆژنامەی (النهار)، بەیروت، شەممە ١٤ تشرینی دووەم ٢٠٠٩.

[1] الدستور الايراني، طهران، ١٩٩٦.

گـەورە کەوتـە نێـوان زانایـانو فەقیهـەکانی ئێـران لـەبارەی باشـترین شێوەی بـەڕێوبردنی دەوڵـەت لـەژێر چـەتری ئیـسلامیدا، لـە کۆتاییـدا تیـۆری "ویلایـەتی فەقیـە" سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا، کـە خومـەینیی پشتی پێبەستو تەبەنی کـرد، وێڕای ناکۆکییەکانی لەگەڵ دیارترینی ئایەتوڵلاکان لەوبارەیەوە بەتایبەت ئایەتوڵلا مونتـەزەری کە تیۆرەکـەی رەتکـردەوە، پاشـتر لـە پۆسـتەکەی لادراو تـا مردنـی لـە سـاڵی ٢٠١٢ دەستبەسەربوو[١].

خومەینی پاساوی هێناوەتەوە بۆ تیۆری ویلایەتی فەقیە، کە لـە لای شـوێنکەوتوانی مەزهـەبی شـیعە بـە "نادیـاریی ئیمـام مەهـدی" نێودەبرێت. پاشتر وەلی فەقیە جێگری ئیمام مەهدییە تا دەرکەوتنی، لێـرەدا بـەرزترین حاڵەتـەکانی پێکـڕا ئاوێتـەکردنی ئـاینیی و دنیـایی دەردەکـەوێت، یـاخود ئیلاهیـی پـاکو لـە نێـوان سیاسـیی گـۆڕاو،

---

[١] لەسـەروەختی ناکۆکییـەکانی لەگـەڵ رێبـەری شۆڕشـی ئیـسلامیی ئێرانیـی ئیمـام خومـەینی لەساڵی ١٩٨٩، ئایـەتوڵلا عـەلی حوسێن مونتـەزەری ژیانی لە ریزەکـانی ئۆپۆزیسیۆنی ریفۆرمخوازییدا گوزەراند تا مردنی لە شەوی شـەممەی ١٩-١٢-٢٠٠٩. خومەینی کردیە جێگری خۆیو نێوی "فەقیهی مەزن"ی لێنراوە، پاشتر فەرمانیکرد بە لەکارخستنیو قۆڵبەستکردنی، کاندیدی بەهێزی جێگرتنـەوەی خومـەینی بوو، بـەڵام لەپاش مردنی رێبەری شۆڕش بەرهەڵستکاریی مونتەزەری درێژبۆوە بۆ جێگرەوەکـانی ئێـستا لـە رێبەرایـەتیی ئێـستاو لەسەرێـشیانەوە رێبـەری ئێـستای شـۆڕش عـەلی خامەنەئی، کە مونتەزەری بەیعەتی پێنەدا، بگرە رەخنەکانی بـەردەوام بـوو تـا تانەدان لە لێوەشاوەییو ئەهلییەتی ئەو بۆ حوکمڕانیی، بۆیەشە بۆ ساڵانێك لەماڵەکەی خۆیـدا دەستبەسەربوو.

بەشێوەیەك لە ماددەی پێنجی دەستووردا هاتووە:" لەكاتی نادیاریی ئیمام مەهدیدا( عجل الله تعالی فرجە) ویلایەتی ئەمرو ئیمامەتی نەتەوە لە كۆماری ئێرانی ئیسلامیدا دەكەوێتە دەست فەقیهی دادپەروەر، لە خواترس، بەرچاوڕۆشنی بە بارودۆخی سەردەم، ئازاو بەتوانا لە بەڕێوبردن و تەگبیر كردن بە پێی ماددەی ١٠٧"[1]. ماددەی ١٠٧ دەسەڵاتەكانی وەلی فەقیەو ڕێبەر لێك جیادەكاتەوە، تێیدا هاتووە" لەپاش مەرجیعی باڵاو ڕێبەری مەزنی شۆڕشی ئیسلامیی جیهانیی و دامەزرێنەری كۆماری ئیسلامیی سەماحەتی ئایەتوڵڵا ئەلعوزما ئیمام خومەینیی (قدس سرە)، كە زۆرینەی هەرەزۆری خەڵكی دانیان بەمەرجەعیەت و ڕێبەرایەتییەكەیدا ناوە، ئەركی دانانی ڕێبەر دەكەوێتە ئەستۆی پسپۆڕە هەڵبژێردراوەكان ئەوانەی ئەو مەرجانەیان تێدایە كە باسمانكرد لەهەردوو ماددەی پێنج و ١٠٩دا، هەركاتێك تاكێكیان دیاری كرد بەو پێیەی كە زاناترینە بە حوكم و بابەتە فیقهییەكان یاخود بابەتە سیاسیی و كۆمەڵایەتییەكان، یاخود بەدەستهێنانی پشتیوانیی رای گشتیی، یاخود یەكێكە لەو سیفەتانەی لە ماددەی ١٠٩دا هاتووە تێدابوو، ئەوە وەك ڕێبەر هەڵدەبژێردرێت. ئەگەر نا لەنێوخۆیاندا كەسێك هەڵدەبژێرن و دەیكەن بە ڕێبەر، ڕێبەری هەڵبژێردراو ویلایەتی كاروباری وەخت دەكات و تەواوی بەرپرسیارێتییەكانی هەڵدەگرێت"[2].

---

[1] دەستووری ئێران.

[2] دەستووری ئێران.

ماددەی ١١٠ دەسەڵاتەکانی ڕێبەری بەمشێوەیە دیاریکردووە:

- دیاریکردنی سیاسەتە گشتییەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەپاش ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم.
- سەرپەرشتیکردنی ئامادەکردن و دانانی سیاسەتە گشتییەکانی ڕژێم.
- دەرکردنی فەرمان بە ڕاپرسیی گشتیی.
- ڕێبەرایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان.
- ڕاگەیاندنی جەنگ و ئاشتیی و باری نائاسایی.
- دانان و لابردن و قبوڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەی هەریەك لە:
- زانایانی ئەنجومەنی نیگەهبان.
- باڵاترین بەرپرس لە دەسەڵاتی دادوەریی.
- سەرۆکی دامەزراوەی ئێستگەو تەلەڤیزۆن لە کۆماری ئیسلامیی ئێران.
- سەرۆکی ئەرکانی ڕێبەرایەتی هاوبەش.
- فەرماندەی باڵای هێزەکانی پاسەوانی شۆڕشی ئیسلامیی.
- چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕژێم، کە ناکرێت بە ڕێگەی ئاسایی چارەسەر بکرێت لەڕێگەی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێمەوە.

تەواوکردنی فەرمانی دانانی سەرۆك کۆمار لەپاش هەڵبژاردنی لەلایەن گەلەوە، هەرچی سەبارەت بەدەسەڵاتەکانی کاندیدەکانە بۆ

سەرۆکایەتیی کۆمار لەرووی دەستەبەربوونی ئەو مەرجانەی کە لە دەستووردا هەیە، پێویستە پێش هەڵبژاردنەکان رەزامەندیی ئەنجومەنی نیگەهبان بەدەست بهێنێت و، لە خولی یەکەمیشدا رەزامەندیی رێبەرایەتیی شۆڕش بەدەست بهێنێت.

لابردنی سەرۆك كۆمار لەگەڵ تێبینیکردنی بەرژەوەندییەکانی وڵات ئەمەش لەپاش دەرچوونی فەرمانی دادگەی باڵا بە دواکەوتنی لە ئەرکە یاساییەکانی یاخود لە پاش بۆچوونی ئەنجومەنی شورای ئیسلامیی بە ناشایستەبوونی سیاسیی لەسەر بنەمای ماددەی هەشتاونۆ.

لێخۆشبوون یاخود سووککردنی سزاکانی سەر تاوانباران لە چوارچێوەی پێوەرە ئیسلامییەکاندا لەپاش پێشنیارکردنی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی، رێبەر دەتوانێت کەسێکی تر راسپێرێت هەندێك لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەنجام بدات[1].

ئەو دەسەڵاتە رەهایانە تەواوی سیستەمی سیاسیی کردۆتە ژێر رکێفی فەرمانەکانیانەوە، وێڕای ئەوەی لە رووی ماناوە نارێکخراوە، دەسەڵاتەکانی "چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرسێ دەسەڵاتەکە یاخود چارەسەرکردنی کێشەکانی رژێم، کە ناکرێت بە رێگەی ئاسایی چارەسەر بکرێت" بەو مانایە دێت وەك پاشایەکی رەها دادەنرێت بۆ جێبەجێکردنی ویستی خوایی و بەدیهێنانی لەسەر زەویدا. ئەو توندییەمان بینی لە جێبەجێکردنی ئەو تێڕوانینە لە رێگەی لایەنگیرکردنی بۆ پشتیوانیی

---

[1] دەستووری ئێران.

له ئەحمەدی نەژادو لە دوا هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا لە ئێران لە ساڵی ٢٠٠٩، کە بەجۆرێك لە جۆرەکان ئەو شەرعییەتە جەماوەرییەی رێبەر کۆتایی هات لەلای زۆر کەرتی گەلی ئێرانەوە.

لە بان ئەو دەسەڵاتە رەهایانەوە کە بەدەست رێبەرەوەیە، چەند دەزگایەکی تری هەڵنەبژێردراوی تریشی بەدەستەوەیە کە دەسەڵاتیان دەشکێت بەسەر دەزگا هەڵبژێردراوەکاندا لە ساختەکارییەکی گەورەی ئەو راستیەدا کە گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە یاخود بیرۆکەی" کۆمار" یاخود "دیموکراسیەتی ئاینیی"ە. مادامێکی ئەو دەزگا هەڵنەبژێردراوانە باڵادەستن بەسەر دەزگا هەڵبژێردراوەکاندا وەك پۆستی سەرۆك و ئەنجومەنی شورا... ئیدی هەڵبژاردنەکان چ مانایەکیان هەیە چونکە لەنێو چوارچێوەیەکی نەخشەکێشراو و دیاریکراودایە بەپێی خواستەکانی رێبەرو ئەنجومەنی نیگەهبان یاخود ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی رژێم[1].

---

[1] رستەیەکی بەنێوبانگی ئیمام خومەینی هەیە "پێوەر لە حوکمڕانیدا بریتییە لە دەنگی گەل"، ئەمەش رێك لەگەڵ سروشتی سیستەمی کۆماریدا دێتەوە، کە گرنگیی دەنگی دەنگدەران "گەل" بەرز دەنرخێنێت، هەروەها هەڵبژاردنەکان دیارترین میکانیزمن بۆ زانینی خواستی گەل لەرێگەی جیاکردنەوەی دەنگەکانیان، بەڵام سیستەم لەئێراندا لە سیستەمی "کۆماری ئیسلامییەوە" گۆڕدراوە بۆ سیستەمی "کۆماری وەلائیی"، بەڵگەش لەسەر ئەمە رێژەی دەنگەکانی گەل وەلی فەقیە خۆی دیاری دەکات، دەگونجێت لەهەر شتێکدا بیەوێت دەنگی گەل فەرامۆش بکات، بەڵگەشمان بۆ ئەمکارە بابەتی سەرپەرشتیکردنی شورای نیگەهبانە لەسەر هەڵبژاردنەکان لەژێر نێوی "سەرپەرشتیی راستکردنەوە" واتە کاندیدکردنی کەسەکان بەپێی مەرجەکانی شورای نێوبراو، شورای نیگەهبان یەکێکە لە ئامرازەکانی وەلی

بۆ نمونە لە ماددەی نەوەدو یەكدا هاتووە "ئەنجومەنێك بە نێوی: ئەنجومەنی نیگەهبانی دەستوور پێكدەهێنرێت بە ئامانجی بەرابەركردنی هەرچی ئەنجومەنی شورای ئیسلامیی ڕەزامەندیی لەسەر دەردەبڕێت، كە لەگەڵ ئەحكامە ئیسلامیی و دەستوورییەكاندا بێتەوە، بەمشێوەیەی لای خوارەوە پێكدێت:

شەش ئەندام لە زانایانی دادپەروەرو زانا بە بابەتەكانی سەردەم و بابەتەكانی وەختو، ڕێبەر هەڵیاندەبژێرێت.

شەش ئەندام لە مافناسانی مسوڵمان ئەوانەی پسپۆڕییان لە تەواوی لقەكانی یاسادا هەیە، سەرۆكی دەسەڵاتی دادوەریی كاندیدیان دەكاتو ئەنجومەنی شورا ڕەزامەندییان لەسەر دەردەبڕێت[١].

هەرچی ماددەی نەوەدو سێیە بەراشكاوی تێیدا هاتووە كە" بە بوونی ئەنجومەنی نیگەهبانی دەستوور، ئەنجومەنی شورای ئیسلامیی هیچ ڕەوایەتییەكی نابێت"، دیسانەوە "پێویستە لەسەر ئەنجومەنی شورای ئیسلامیی سەرجەم ئەو بڕیارانەی ڕەزامەندی لەسەرداوە بینێرێت بۆ ئەنجومەنی نیگەهبانی دەستوور[٢] بە پێی ماددەی نەوەدوچوار واتە ڕۆحییەتی دەستووری كۆماری ئیسلامیی و ماددەكانی وایكردووە ئەندامانی "شوری نگهبان قانون اساسی"

---

فەقیه لە دەسەڵاتە ڕەهاكانیدا، بەپێی گوزارشتی موحسین كەدیور یەكێك لە ڕێبەرە ڕیفۆرمخوازەكان.

[1] دەستووری ئێران.

[2] دەستووری ئێران.

هاوشێوەی ئەندامانی دادگەی باڵای دەستووریی بن، کە دەسەڵاتی یاسادانانیان هەیە گەورەتر لە ئەنجومەنی شورا... لە گرنگترین دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنەکە بەپێی ماددەی نەوەدونۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی خیبرەگان و سەرۆک کۆمارو ئەندامانی ئەنجومەنی شورای ئیسلامیی و " راپرسیی گشتیی دەگرێتە ئەستۆ"[1].

شورای نیگەهبان[2] باڵاترین دامەزراوەی دەستووریی ئێرانە، کە مۆرکێکی تایبەتمەند دەدات بە دەستووری ئێران و تایبەتمەندی سیستەمی سیاسییەکەی، ئیدی چ ئەنجومەنێکی تری لەمشێوەیە لە هیچ دەستوورێکی جیهانیدا نابینێتەوە. ئەرکی ئەنجومەنەکە دەربڕینی رەزامەندییە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکان و ئیمزاکردنی. ئەنجامەکەشی لەرووی دەستوورییەوە جێبەجێ نابێت مەگەر لە پاش رەزامەندی ئەنجومەنەکە. ئەندامانی ئەنجومەنی نیگەهبان ماڧ ئەوەیان هەیە " لێوەشاوەی" کاندیدەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی و پارلەمانیی بپشکنن، هەروەها هەرچی ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت بەپێی پێوەرەکان دووری دەخەنەوە، لەوانە روانگە فیکرییەکانی کاندیدەکان، بەتایبەت بڕوابوون بە تیۆری "ویلایەتی فەقیە" حوکمڕان لە ئێراندا.

---

[1] دەستووری ئێران.

[2] بە فارسیی ئەو ئەنجومەنە پێی دەگوترێت "شورای نگهبان قانون اساسی".

لــە کــۆی ٤٧٥ کاندیــد بــۆ دەیــەم هەڵبــژاردنی ســەرۆکایەتیی، ئەنجومەنەکــە تــەنها رێگــە بــە چــوار کاندیــددا ئــەوانیش: مــەحمود ئەحمەدی نەژاد، میر حوسێن موسەویی، موحسین رەزاییی، مەهدی کەڕوبی[1].

ئەوڕۆکە ئەنجومەنەکە لە دوانزە ئەندام پێکهاتووە، نیوەیان لەو زانایانەی کە رێبەری کۆماری ئیسلامیی وەلی فەقیە راستەوخۆ دیارییان دەکات، نیوەکەی تریش لەلایەن ئەنجومەنی شوراوە هەڵدەبژێردرێن لە یاساناسانی پسپۆڕ لەسەرجەم لقەکانی یاسادا، بەپشتبەستن بەکاندیدکردن لەلایەن سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەرییەوە، کە راستەوخۆ بە بڕیاری رێبەری شۆڕش ( وەلی فەقیە) دادەمەزرێنرێت. ماددەی ٩٦ی دەستوور میکانیزمی بڕیاردان لە "شوری نگهبان قانون اساسی" دیاری دەکات، کە لە ئەنجومەنەکەدا بەسەر دوو بەرەی جیاوازدا دابەش دەبن، لەرووی گرنگییەوە. بەرەی یەکەم تایبەتــەو ئــەو زانایانــەن کــە مــاف دەنگــدانیان هەیــە لــە ئەنجومەنەکەدا، لە هەرچییەکدا، کە پەیوەندیی هەبێت بە بەرابەرکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی شورا بە حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامیی، واتە زۆرینەی چوار دەنگ بەسە بۆ دەرکردنی بڕیار. هەرچی ئەندامانی بەرەی دووەمە دەتوانن شانبەشانی زانایانی شورای نیگەهبان دەنگ بدەن، گەر بابەتێك پێشنیار کرا چوون یەکی بڕیارەکانی ئەنجومەنی شورابوو لەگەڵ دەستووری کۆماری ئیسلامییدا. لەم دۆخەدا زۆرینەی داواکراو سێیەکی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنەکەیە، هەمدیسان لە

---

[1] رۆژنامەی (النهار)، بیروت، ١٦ حزیران (یونیو) ٢٠٠٩.

ماددەی ۹۸ی دەستووردا هاتووە، واتە نۆ دەنگ لە کۆی ۱۲ دەنگ. شاراوە نییە مەرجی زۆرینەی نۆ ئەندامەکە مەبەستە لێی ئەوەیە ئەنجومەنی نیگەهبان هیچ بڕیارێك نەتوانێت دەربکات کە زۆرینەی شەش ئەندامەکەی زانایانی لەگەڵ نەبێت، ئەوانەی کە دەستوور کردوونی بە چاودێرو سەرپەرشتیار بەسەر حوکمەکانیەوە.

ئەندامانی شورای نیگەهبان بریتین لە :

- زانایان: **ئایەتوڵڵا جەننەتی( سەرۆکی ئەنجومەن)، سادق لاریجانی، محەمەد رەزا مودەڕیسی یەزدی، محەمەد موئمین، غولام رەزای رەزوانی، محەمەد یەزدی.**

- مافناسان: **محەمەد رەزا عەلیزادە، عەباس عەلی کەد خودائی، ئیبراهیم عەزیزی، غولام حوسێن ئیلهام، موحسین ئیسماعیلی، عەباس کەعبی**[1].

سەرباری شورای نیگەهبان، ئەنجومەنێکی تر هەیە بەنێوی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی رژێم، بە پێی ماددەی ۱۱۲ی دەستوور:" ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی رژێم- بەفەرمانی رێبەر- پێکدێت بە ئامانجی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکان لەو حاڵوبارانەدا، کە شورای نیگەهبان پێیوایە بڕیاری ئەنجومەنی شورای ئیسلامیی دژی پێوەرەکانی شەریعەت یاخود دەستوورە- بە تێبینی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی رژێم. دیسانەوە بۆ راوێژ کردن لەو بابەتانەدا کە رێبەر ئەوان رادەسپێرێت لەپاڵ تەواوی

---

[1] رۆژنامەی (النهار)، بیروت، ١٦ حزیران (یونیو) ٢٠٠٩.

ئەو ئەركانەی تر كە لە دەستووردا هاتووە، هەروەها ڕێبەر هەڵدەسێت بە دامەزراندنی ئەندامانی هەمیشەیی و كاتیی لەو ئەنجومەنەدا. هەرچی ئەو بڕیارانەیە كە پەیوەستە بە ئەنجومەنەكەوە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنەكەوە ئامادە دەكرێت و ئیمزا دەكرێت ڕەوانەی ڕێبەر دەكرێت تا ڕەزامەندیی لەسەر دەرببڕێت[1]، ئەم ئەنجومەنە دەزگایەكی تری هەڵنەبژێردراوە لە دەزگاكانی دەوڵەت و بەتەواوی لەژێر دەسەڵات و بەڕێوەبردنی ڕێبەری شۆڕشدایە.

"ئەنجومەنی دیاریكردنی بەرژەوەندییەكانی ڕژێم"، كە لە ٣٤ ئەندام پێكهاتووە لە ساڵی ١٩٨٨ دامەزراوە، ئەركی چارەسەركردنی ناكۆكییەكانی نێوان پەرلەمان و شورای نیگەهبانی دەستووری پێ سپێردراوە، ئەوڕۆكە هاشمی ڕەفسنجانی سەرۆكایەتیی دەكات و، لەلایەن ڕێبەری شۆڕشەوە دادەنرێت، هەروەها دەسەڵاتی یاسادانانی ئاوارتەی/ استثناء هەیە، لەكاتی تەنگاودا پێشنیاری تەگبیركردنی دەكات تەنانەت ئەگەر لەگەڵ شەریعەتیشدا یەك نەگرێتەوە. دەزگاكە لە ریزی دامەزراوە لاوەكییەكاندایە، وەك " ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی" (١٠ ئەندامی هەمیشەیی)، كە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی شۆڕش و سەروەریی وڵات لە خاكەكەیدا دامەزراوە.

پێویستە بگوترێت ئەنجومەنی دیاریكردنی بەرژەوەندییەكانی ڕژێم لە دەستووری بنەڕەتیدا نییە بەڵكو بە پێی گۆڕانكاریی لە دەستووردا

---

[1] دەستووری ئێران.

دامەزراوە. هەرچی ئەنجومەنی خیبرەگانە هەشتا موجتەهید لەخۆ دەگرێت و ئەرکی ئەنجومەنەکە هەڵبژاردنی ڕێبەری باڵاو چاودێریکردنی ئەداو لابردنیەتی لە کاتی پێویستدا یاخود لەسەروەختێکدا کارێك بکات بە دژی ئیسلام یاخود بنەماکانی ڕژێم، ڕێبەری باڵا ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت.

بەمدواییە ڕژێم چەندین ڕێکخراوو دامەزراوەی لەخۆگرتووە، کە لە هەناوی شۆڕشەوە داکەوتوون و شانبەشانی دەزگای دەوڵەتیی کاردەکات و بەتەواوی پەیوەستە بە ڕێبەری شۆڕشەوە: پاسەوانانی شۆڕش (پاسداران) دەزگایەکی هەمیشەییە بەرابەری سوپای نیزامییە، "بەسیج" میلیشیایەکی جەماوەرییە ( ژمارەیان بە دە ملیۆن قەبڵێنراوە)، دادگەو لیژنە شۆڕشگێڕییەکان...هتد ڕێبەری شۆڕش نوێنەری لە تەواوی مەڵبەندو وەزارەتەکاندا هەیە [1].

دەکرێت بڵێین مافە سیاسیی و مەدەنییەکان، وەك ئەوەی پەیماننامە نوسراوەکان لە پەیمانە نێودەوڵەتییەکاندا بڕیاری لێدراوە، بەتایبەت پەیمانگای نێودەوڵەتیی مافە مەدەنیی و سیاسییەکان لە ساڵی ١٩٦٩، بەهیچ کلۆجێك بۆ تەواوی ئێرانییەکان دەستەبەر نییە، ئەم ئەزموونەش بەتایبەت لە کۆتا هەڵبژاردندا، ساختەکاریی و قارسکردنی ئەو مافانەی دەرخستووە کە مافی تەواوی هاوڵاتیانن، پاشتر لە ڕاستیدا کەمینەکان مافەکانیان قارس دەکرێت بەتایبەت ئازادییە ئاینییەکانیان کە بە تەواویی لەگەڵ تێڕوانینە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامییدا دژیەکن،

---

[1] اوليفيه بيرونيه، بنية النظام الايراني، اللوموند ديبلوماتيك، تموز (يوليو) ٢٠٠٩.

وەك گوتمـان، ئێـران لـە رووی پێڕەوكردنـی مەزهـەبێكی فـەرمیی لـە دەسـتووردا دەوڵـەتێكی دەگمەنـە، لـە مـاددەی دوانـزدەدا هـاتووە " ئاینیی فـەرمی ئێـران ئیسلامو مەزهـەبی جەعفـەریی دوانـزە ئیمامییە، ئەم ماددەیە تا ئەبەد قابیلی گۆڕانكاریی نییە"[1].

هەرچەندە لـە ماددەكـەدا هـاتووە "مەزهەبە ئیسلامییەكانی تـر، كـە مەزهـەبی حەنـەفی و شـافعی و مـالیكی و حەنبـەلی و زەیـدی لـەخۆدەگرێت رێزو حورمەتی تەواویان هەیەو، شوێنكەوتوانی ئەو مەزهەبە ئازادن لـە جێبـەجێكردنی بۆنــە مەزهەبیـەكانیان بـەپێی ئـەو فیقهـەی پێڕەویـی دەكـەن، هـەروەها ئـەو مەزاهەبانـە بـە فـەرمی بـە هەنـد وەرگـیراون لـە بابەتــــەكانی فێركـــــردن و پــــەروەردەی ئـــــاینیی و بـــــاری كەســێتیی(هاوســەرگیریی و تــەڵاق و مــیرات و وەســیەت) و هەرچــی پەیوەســـتە پێـــوەی لـــە داوای دادگـــەكان. لـــە هـــەر نێوچـــەیەكدا شـــوێنكەوتوانی ئـــەو مەزهەبانـــە زۆرینـــە بـــوون، ئـــەوا حوكمـــە نێوخۆییـــەكانی ئـــەو نێوچـــەیە- لـــە چوارچـــێوەی دەســـەڵاتەكانی ئەنجومـەنی شـورای نێوخـۆیی- بـە پێـی ئـەو مەزهەبـە دەبـن، ئەمـەش لەگـەڵ پاراسـتنی مـافی شـوێنكەوتوانی مەزهەبـەكانی تـر. پیـادەكردنی سیاســـیی تـــەواو جیـــاوازە لـــەو مـــاددە دەســـتوورییانە، راپـــۆرتی رێكخراوەكـانی مـافی مـرۆڤو راپۆرتـە میدیاییـەكان ئامـاژە دەدەن بـەوەی شـــوێنكەوتوانی مەزهـــەبی ســـوننە رێگرییـــان لێـــدەكرێت بـــەپێی

---

[1] دەستووری ئێران.

ڕێبازەکەیان مزگەوت بنیات بنێن، بەشێوەیەك لە هیچ مەزنە شارێکدا کە شیعە زۆرینە پێك بێنێت مزگەوتی سوننەی تێدا نییە، وەك ئەسفەهان و شیرازو یەزد، هەروەها تارانی پایتەخت، کە پتر لە دوو ملیۆن سوننەی تێدایە[1].

زۆربەی مسوڵمانانی سوننە لە ئێران لە کورد –پارێزگای کوردستان – تورکمان و، کەمینەیەکی گچکەی عەرەب لە پارێزگای ئەهواز، بەشێکی تریان سەربە بلوچە، مسوڵمانانی سوننەی ئێران زۆرینەیان شوێنکەوتەی مەزهەبی حەنەفین[2]. لەگەڵ کەمۆکەیەك عەرەب لە هەرێمی عەرەبستان (ئەهواز)، لە نزیك هێڵەکانی سنوور، کە ئێران لە دەوڵەتانی هاوسێی جیادەکاتەوە، کە خاوەن زۆرینەی سوننەن وەك پاکستان و ئەفغانستان و عێراق و تورکمانستان نیشتەجێن، هەرچی مسوڵمانانی سوننەیە لە ڕەگەزی فارسیی بوونیان دەگمەنە.

شوێنکەوتوانی مەزهەبی سوننە لە ئێران سەر بە گەلانی نافارسن، لەژێر سایەی ڕژێمی شاهەنشاهیی تا سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامیی

---

[1] Discrimination against religious minorities IRAN report presented by the FIDH the ligue de defense des ihomme en iran. 63[rd] session the committee on the elimination of radical Discrimination. Augest 2003.

[2] شاری زاهیدان پایتەختی هەرێمی سیستان نێوەندی سەرەکیی سوننەکانە، هەروەها بلوچستان، کە مزگەوتی مەککی تێدایە "گەورەترین مزگەوتی سوننەکانە لە ئێران". هەروەها "زانکۆی خانەی زانستەکان" گەورەترین نێوەندی زانستیی سوننەکانە لە ئێران، لەم زانکۆیەدا قوتابییەکی زۆر لە تەواوی ئێرانەوە دەخوێنن.

له ئێران لـه بارودۆخێکی دژواردابوون، هاوڵاتی پلـه دوو بوون، یەکەم بەهۆی دوورییـان لـه مەزنـه شارەکان و پایتەختـەوە، دووەمیش بەهۆی بـڕوای جیاوازیـان لــه فارســه شـیعەگەراکان، شـای ئێـران بەیـداخی ناسیۆنالیزمی فارسیی بـەرزکردەوە، پاشتر چانسیان بەدەستنەهێناوە لــه بەشــی خۆیــان لــەرووی کۆمەڵایــەتیی و ئیــداریی و وەزیفییــەوە. کەمینــەی ســوننه، دەســەڵاتدارانی ئێــران تۆمــەتبار دەکــەن بــەوەی ڕێگرییـان لێـدەکات نوێنەرایـەتییان هـەبێت لـه پەرلەمانـدا بەشـێوەیەك گونجاو بێـت لەگـەڵ قـەبارەی راستەقینەیاندا، تـەنها ١٢ پارلـەمانتاریان هەیە لـه کۆی ١٤ بۆ ١٩ ملیـۆن کـەس، لـه وەختێکدا لـه هـەر ٢٠٠هـەزار شیعەیەك بـه نزیکـەیی پەرلـەمانتارێکیان هەیـه، بڕوایان وایـه حکومـەت هەوڵی سەرخستنی ئەو کەسایەتییه سوننانه دەدات کـه سـەر بـه ڕژێمـن نەوەك ئەوانەی گوزارشت لـه خواستەکانی سوننه دەکەن.

بەمشێوەیە دۆخـی کەمینـه ئاینییـەکانی تـر سـەد لـه سـەد خـراپترە، وێـڕای ئـەوەی لــه مــاددەی ســیانزدەی دەســتووردا هــاتووە:" تــەنها ئێرانییـه زەردەشـتییەکان و جولەکـەو مەسـیحییەکان کەمینـەی ئـاینیی دانپێدانراون، ئازادن لـه ئەنجامدانی بۆنه ئاینییەکانیان لـه چوارچێوەی یاسـادا. بۆیـان هەیـه لـەباری کەسـێتیی و سـرووته ئاینییـەکانی خۆیـان ئــەنجام بــدەن"[1]. لــه لایــەکی تــرەوە، دانینــەناوە بــه مــاف کەمینــه

---

[1] دەستووری ئێران.

ئاینییەکانی تری وەك سابیئەکان لە ئەهواز، بەهائییەکان، کە هیچ مافێکی مەدەنییان نییە چجای ماف سیاسیی[1].

هەمدیسان برێك لە پۆستە سیاسییەکان، دەستوور قۆرخی کردووە بۆ کەسانی سەربە مەزهەبی شیعە، لە دەستووردا هاتووە، دەبێت رێبەری شۆڕش شیعە مەزهەب بێت، بەهەمان شێوەش سەرۆك کۆمار بە پێی ماددەی ۱۱۵، کە دەڵێت : سەرۆك هەڵدەبژێردرێت لە نێو پیاوانی ئایینداری سیاسیی ئەوانەی ئەم مەرجانەی خوارەوەیان تێدایە:

١. دەبێت بە تۆرەمە ئێرانیی و هەڵگری رەگەزنامەی ئێرانیی بێت.
٢. لێوەشاوە بێت لە ئەنجومەنەکانی بەڕێوبردن و تەگبیرکردندا.
٣. رابردوویەکی باشی هەبێت.
٤. ئەمانەتپارێزو لەخواترس بێت.
٥. بڕوای بە پرەنسیپەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و مەزهەبی فەرمیی وڵات هەبێت[2].

دیسان ماددەی سەدوبیستو یەك، کە باسی سوێندخواردنی سەرۆك کۆمار دەکات تێیدا هاتووە " دەبێت پارێزەری مەزهەبی فەرمیی و، رژێمی کۆماری ئیسلامیی و دەستوور بێت..."[3].

---

[1] Discrimination against religious minorities IRAN report presented by the FIDH the ligue de defense des ihomme en iran. 63rd session the committee on the elimination of radical Discrimination. Augest 2003.

[2] دەستووری ئێران.

[3] دەستووری ئێران.

کەمینە ئاینییەکانیش هیچ مافێکییان نییە پۆستی باڵا لە سوپا یاخود دادوەریدا وەربگرن بە پێی هەردوو ماددەی ١٤٤، ١٦٢، هەرچەندە لە دەستووردا بەراشکاویی باس نەکراوە[1].

نوێنەرانی کەمینەی سوننە نزیکەی بیست نوێنەرن لە کۆی ٢٨٠ نوێنەر لە ئەنجومەنی شورای ئیسلامیدا هەیە، سەرۆکی پێشوو محەمەد خاتەمی لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ بەدواداچوونی کاروبارەکانیان، کە خوشکەزای خودی خاتەمی لە لیژنەکەدا بوو، پێشتر بەڕێوبەری هەواڵگریی بووە لە یەکێك لە هەرێمەکاندا کە زۆرینەیان سوننەن، لەگەڵ دوو نوێنەر لە مسوڵمانانی سوننە.

کۆمەڵەی "دەعوەو ئیسلاح"ی سوننی لە ئێران لە ٣٠ مایۆی ٢٠٠٥دا یەکەم بەیاننامەی سیاسیی خۆی دەرکرد، تێیدا داوای لە حکومەتی ئێران کرد دادپەروەر بێت و، سەرجەم شێوەکانی جیاکاریی مەزهەبیی و نەتەوەیی هەڵگرێت، کە دژ بە ئەهلی سوننە پیادە دەکرێت، بەیاننامەکە، کە لە سەروبەندی دەستپێکردنی هەڵمەتی

---

[1] لە ماددەی سەدو چل و چواردا هاتووە "پێویستە سوپای کۆماری ئیسلامیی سوپایەکی ئیسلامیی و عەقایدیی و جەماوەریی بێت. پێویستە کەسانی شایستە بچنە ریزەکانیەوەو بڕواداربن بە ئامانجەکانی شۆڕشی ئیسلامیی و، قوربانیش بدەن لەپێناو ئامانجەکانیدا". لە ماددەی سەدو شەست و دوودا هاتووە "پێویستە سەرۆکی دادگەی باڵاو دادوەری گشتیی وڵات موجتەهیدو دادوەر بن، زانا بن بە کاروباری دادگا، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی بە راوێژ لەگەڵ دادوەرانی دادگەی باڵا بۆ ماوەی پێنج ساڵان دیارییان دەکەن.

هەڵبـژاردنی کاندیـدانی خـولی نوێـەمی سـەرۆکایەتی کۆمـاردا بـوو، کـە ئەحمـەدی نـەژاد بردیـەوە، دە خـاڵی لـەخۆ دەگـرت، تێیـدا داوایـان لـە جێبـەجێکردنی ئـەو بڕگانـەی دەسـتووری ئێـران کـرد کـە گـۆجکراون، هەروەها لابردنی تەواوی مومارەسەو سیاسەتە جیاکارییەکان.

کۆمەڵـەی نێوبراو بـە تونـدیی باسـی لـە پێویـستیی لەبەرچـاوگرتنی تـەواوی مافـە مرۆڤایـەتیی و ئـاینیی و نەتەوەییـەکانی ئـەهلی سـوننە بکرێــت بــە پێــی مــاددەی ســیانزەو پــانزە لــەپاڵ بەشــی ســێیەمی دەسـتووری ئێرانیـی و مـاددەی بیـستودوو، مـاددەی بیـستو سـێ لـە بڵاوکـراوەی ئیـسلامیی بـۆ مافـەکانی مـرۆڤ کـە لـە سـاڵی ١٩٩٠ لـە ڕاگەیەنـدراوی قـاهیرەوە دەرچـوو، کـە سـەرجەمیان جـەخت دەکەنـەوە لــەوەی پێویــستە تــەواوی هاوڵاتیــان مافــە بنــچینەییەکانیان بــۆ دەستەبەربکرێت.

**"کۆمەڵـەی دەعـوەو ئیسلاح"**، ئـەم داواکاریانـەی لای خوارەوەیـان خستۆتەڕوو:

١. بـەدیهێنانی داواکارییـەکانی تـەواوی گـەلی ئێـرانو، یـەکێتیی هاوبەســتەگیی نیــشتمانیی تــەنها بــە بەشــداریی هــەموان دەســتەبەر دەبێت.

٢. ئەنجامـدانی گفتوگـۆی یەکـسانو داوەرانـە لـە نێـوان نەتـەوەو مەزهەبـەکانی وڵاتــدا. لـەپاش هــەڵگرتنی ڕێوشـوێنە جیاکارییـەکانو جێبەجێکردنی بەندە گۆجکراوەکانی دەستوور.

٣. جێبەجێکردنی ماددەی ١٢ی دەستوور، کە تێیدا هاتووە لەهەر نێوچەیەکدا یەکێك لە مەزهەبەکان زۆرینە بوو، ئیدی حوکمە نێوخۆییەکانی ئەو نێوچەیە بە پێی ئەو مەزهەبە دەبێت لەپاڵ پاراستنی ماف شوێنکەوتوانی مەزهەبەکانی ترو دەستوەرنەدان لە کاروباری مەزهەبییان.

٤. پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و رێزگرتن و رەچاوکردنی رەوشی کەمینەکان و، جێبەجێکردنی ماددەی ١٥ی دەستوور، کە تێیدا هاتووە پێویستە لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا زمانی ئەو نەتەوەیە بخوێندرێت.

٥. بێبەشنەکردنی ئەهلی سوننە لە وەرگرتنی پۆستە وزارییەکان، هەرچەندە دەستوور رێگری کردووە لەوەی مسوڵمانێکی سوننە مەزهەب پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار وەربگرێت.

٦. بەگەڕخستنی گەشەپێدان و دەڵبکردنی فەرهەنگیی لە نێوچەکانی ئەهلی سوننەدا، پێدانی مۆڵەت بە دەرکردنی چاپەمەنیی و، هەڵگرتنی چاودێریی لەسەر ئەو کتێبانەی، کە تایبەتن بەخۆیان.

٧. پێدانی دەسەڵات بەکاروباری ئەوقاف سوننەو بەڕێوبردنی سەرجەم کاروبارە ئاینییەکان، لەوانە بەگشتیی هەڵبژاردنی پێشنوێژی جومعەو بەڕێوەبردنی قوتابخانە ئاینییەکان و ئەنجامدانی جەژنەکانی ئەهلی سوننە لەلایەن خۆیانەوە.

٨. گەشەپێدانی ئابووریی نێوچەکانی ئەهلی سوننە، ئەویش بە دانانی ژێرخان و بنیاتنانی دامەزراوەی پیشەسازیی و، دەرهێنانی

سامانە سروشتییەکان و دۆزینەوەی هەلی کار لە پێناو کۆتایی هێنان بە کێشەی بێکاریی و دیاریکردنی بودجەیەکی تایبەت بەو نێوچانە.

٩. سود وەرگرتن لە تواناکانی ئەهلی سوننە لە پۆستە ئیدارییەکاندا لە وەزارەت و باڵوێزخانەو، دەسەڵاتدارانی هەرێم و پارێزگا و نێوەندە زانستیی و فەرهەنگیی و زانکۆکان، بە ئامانجی جێبەجێکردنی داوەرانە لە دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکاندا.

١٠. چاوخشاندنەوە بە نێوەڕۆکی کتێب و دروشمە ئاینییەکان و گرنگیدان بە بنەماکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە.

لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ شێخ عەبدولحەمید ئیسماعیل زەهی، مەرجیعی ئاینیی ئەهلی سوننە لە ئێران[1]، گوتوویە "سوننە لە ئێراندا بێبەشکراون لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیی یاخود دامەزراندن لەسەرجەم وەزارەت و فەرمانگە حکومییەکاندا، وێڕای شایستە بوونیان " دیسان گوتوویە لە تاران هیچ نێوەندێك یاخود دامەزراوەیەکی فەرمیی نییە بەدواداچوون بکات بۆ کێشەکانی ئەهلی سوننە جگە لە نوێنەرانیان لە ئەنجومەنی شورادا، ئەوانیش کەمۆکەیەکن، هۆکاری کەمی ئەو ژمارەیە شورای نیگەهبانی دەستوور زۆرجاران شیابوونی کاندیدەکانی ئەهلی سوننە رەتدەکاتەوە ئەوانەی خاوەن ئەزموون و شایستەن.

---

[1] الشرق الاوسط، لندن، الاربعاء ٦ يناير ٢٠١٠، العدد ١١٣٦٢.

هەمدیسان گوتوویە "وێڕای ئەوەی دەستوور ڕێگری نەکردووە لە دامەزراندنی ئەهلی سوننە لە فەرمانگەکان‌و بەکارهێنانیان لە پۆستەکاندا، لەو سی ساڵەدا تاقە کەسێك چییە لە ئەهلی سوننە بۆ جارێکیش نەبۆتە جێگری سەرۆك یاخود وەزیر لە وەزارەتێکدا، یاخود جێگیری وەزیر، یاخود باڵوێزی وڵات، یاخود پارێزگاری یەکێك لە پارێزگاکان، لەوەش سەیرتر بەشداریی ئەوان لاوازە لە بەڕێوبردنی پارێزگاکاندا کە سوننە زۆرینەی پێکدەهێنێت، هەروەها جیاکاریی تایفی ئاشکرایە لە دامەزراندنی بژاردەی ئەهلی سوننەو وەرگرتنی پۆستەکان. هەرچی سەبارەت بە هێزەکانی پۆلیسە تەنها بۆ ماوەیەکی کەم لە سەرەتای شۆڕشدا ئەهلی سوننەی تێدا دامەزراوە، لە ئێستای هێزە چەکدارەکاندا ئەهلی سوننە هیچ بوونێکی نییە، سەرباری ئەو جیاکارییانە ئەهلی سوننە جۆرێك لە دڕدۆنگیی‌و شپرزەیی‌و گۆشەگیریدا دەژی"[1].

شێخ زەهی، نەهامەتییەکانی کەمینەی ئەهلی سوننەی لە ئێراندا کورت کردۆتەوە بۆ:

١. ئازادیی مەزهەبیی.

٢. جیاکاریی‌و نایەکسانیی لە وەرگرتنی پۆستە حکومییەکان‌و دامەزراندنی ئیدارییدا[2].

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی فەرهەنگیی لە ئێران، کە سەرۆك کۆمار مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرۆکایەتیی دەکرد لە دانیشتنی ژمارە ٦١٢، کە لە ڕۆژی ٨٦/٨/٨ هـ.ش (مێژووی ئێرانیی) ڕێکەوتی ٢٨ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٧ بەسترا بڕیارێکی

## نەخشەی ڕێکخستن و جووڵانەوە سوننەگەراکان[1]:

نەخشەی جووڵانەوە ئیسلامییەکان (سوننەکان) لە ئێران بە پێی فرەڕەنگیی نەتەوەیی و نێوچەیی دابەشبووە، ئەو فرە ڕەنگییە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە فرەیی جووڵانەوەکان و میتۆدە فیکریی و سیاسییەکانیان، لە نێوچە کوردنشینەکاندا لە ڕۆژئاوای وڵات دەبینین بزاڤی ئیسلامیی بەسەر سێ تەوژمدا دابەشبووە، ئەوانیش:

سۆفیگەراکان، ئیخوان ئەلموسلمین، سەلەفیگەراکان، لە دیارترین جووڵانەوە ئیسلامییە کاراکان لە گۆڕەپانی کوردیدا:

١. **کۆمەڵەی دەعوەو ئیسلاح ( ئیخوان ئەلموسلمین)**: لە ساڵی ١٩٧٩ دامەزراوە، لە دیارترین دامەزرێنەرانی خوا بەخشیو عەللامە ئەحمەدی موفتی زادەو خوابەخشیو مامۆستا ناسری سوبحانیە، هەردووکیان لە کەسایەتییە ئیسلامییە بەدیمەنەکانن لەسەر ئاستی

---

دەرکرد بە پێکهێنانی لیژنەیەکی حکومیی، کە هەستێت بە پلاندانان و دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن و ئیداریی قوتابخانە ئاینییە سوننییەکان. تەواوی ئەندامانی لیژنەکە شیعە بوون تاقە سوونەیەکی تێدا نەبوو، لە مانگی سێپتێمبەری ڕابردوودا بیست پەرلەمانتاری سوننە لە پەرلەمانی ئێران پەیامێکیان ئاڕاستەی سەرۆکی ئێران کرد تێیدا ڕەخنەیان لەبڕیارەکە گرت و بە دەستێوەردانیان لە قەڵەمدا لەکاروباری ئاینیی سوننەکان، دیسانەوە بڕیارەکەیان بە جیاکاریی تایفیی لەقەڵەمدا چونکە حەوزە ئاینییەکانی شیعەی نەدەگرتەوە، کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا نین.

[1] علي عبدالعال، خارطة الحركات السنية في إيران، موقع إسلام اونلاين، ٢ مارس ٢٠٠٩. لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ سەباح موسەوی نووسەری عەرەبیی ئەهوازیی دانیشتووی کەنەدا، بەڕێوەبەری سایتی "نێوەندی عەرەبیی کەنەدیی" بۆ بەدواداچوونی کێشەی کەمەنە نەتەوەکان لەئێران و پسپۆڕ لە کاروباری ئێرانیدا.

ئێراندا یەکێکیان لە قەنارەدراو ئەوی تریشییان لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی ئێران تیرۆرکرا.

٢. **ڕێکخراوی" خەبات"ی شۆڕشگێڕیی ئیسلامیی**: لە ساڵی ١٩٨٠ دامەزراوە، وشەی "خەبات" بە زمانی کوردیی واتە تێکۆشان‌و بەرخۆدان، دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە شێخ خزر عەباسییە.

٣. **کۆمەڵەی "یەکتاپەرستە ئازادیخوازەکان/ الموحدون الاحرار"**: لە ساڵی ١٩٩٢ دامەزراوە بە ڕێبەرایەتی موسا عیمران، خۆیان بە جووڵانەوەیەکی یەکتاپەرستیی ئیجتیهادیی لەقەڵەمداوە، داوای سەراوبنکردنی ڕژێمی ویلایەتی فەقیە و دامەزراندنی کۆمارێکی ئێرانی جەماوەریی فیدراڵ دەکەن.

٤. **شورای مسوڵمانانی سوننە "خۆر/ شمس"**: کردبوونەوەی جووڵانەوەو کەسایەتییە ئیسلامییە سوننەگەراکانە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ دامەزراوە، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە دووچاری لێدانێکی بەهێز بوونەوە، زۆرێک لە دامەزرێنەرانی لە قەنارە دران، هەندێکیشیان ناچارکران وڵات جێبهێڵن بەهۆی داواکردنیان لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە. کۆمەڵەی نێوبراو بەشێوەی نهێنیی کاریانکردووە، لە دیارترین ئەو زانایانەی کە هاریکار بوون لە دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنەدا " عەللامە شێخ عیزەدینی حوسێنییە، ئەو کەسایەتییەکی ئیسلامیی کوردیی ناسراوە، ئێستا لە تاراوگە دەژی بەهۆی داواکردنیەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە.

دیسانەوە لە گۆڕەپانی کوردیدا چەندین زاناو کەسایەتی ئیسلامیی بوونیـــان هەیـــە کـــە مـــەیلییان بـــە لای ســـەلەفیزمدا یـــە، جـــەماوەرو کاریگـەریی ئاشـکرایان لـە گۆڕەپانەکـەدا هەیـە، بـەڵام بەشـێوەی تاکـە کەسیی هەوڵی خۆیان دەدەن، لەو کەسایەتییانە بۆ نمونـە: مـەلا ئـەیوب گـەنجی، مـەلا حەسـەنی زارعـی، مـەلا حوسـێنی حوسـێنی...هتـد . زۆربـــەیان لـــە گرتووخانـــەکانی ئێرانـــدا بـــە تۆمـــەتی هـــەڵگرتنی بیروبۆچوونی وەهـابیی بەنـدکراون دەسـەڵاتدارانی ئێـران سـەلەفیەت بـە ڕێکخراوێکـی وەهـابیی لەقەڵـەم دەدەن کـە پێویـستە راوەدوو بنـرێن و لایەنگرانیان لە نێوببرێت[1].

-جوولانەوەکانی بلوچ و تورکمان:

لـــە رۆژهـــەڵاتی ئێـــران بوونیـــان هەیـــە، بـــە دیـــاریکراویی لـــە هـــەرێمی(سیـــستان و بلوچـــستان) زێـــدی ســـوننەکانی بلـــوچ، جوولانـەوەکانی ئـەوێ بەسـەر دوو تەوژمـدا دابەشـبوون، ئـەوانیش: تەوژمی سەلەفیی، کۆمەڵەی تەبلیغ و دەعوە. جموجوڵی بزاڤ ئیسلامیی لە هەرێمی بلوچستان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی دووروودرێژ، زانایانی ئـەو نێوچـەیە رۆڵێکـی گـەورەیان گێـڕاوە لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕژێمەکـەی پێـشووی شـاو سـەرنخونکردنەوەی، لـە نێـو ئـەو مەزنـە زانایانـەدا مەولـەوی عەبدولعـەزیز مـەلا زادە ( لـە پـاش سـەرکەوتنی

[1] هەمان سەرچاوە.

شۆڕش قۆڵبەستکرا، لەگەڵ چوارسەد زانای ئاینیی و ڕۆشنبیری سوننە بە تۆمەتی دامەزراندنی شورای مسوڵمانانی سوننە(شمس) لەپاش بەرهەڵدابوونی (جووڵانەوەی محەمەدیی دامەزراند)، دکتۆر مەولانا عەبدولعەزیز کازمیی، شێخ مەولەوی حەبیبوڵلا حوسێن، شێخ مەولەوی عەبدوستار، مەولەوی عەبدولمەلیك مەلا زادە، عەللامە محەمەد سەربازیی، تەواوی ئەم کەسایەتییانە لەسەر دەستی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران یان لەقەنارەدران یانیش تیرۆرکراون، بەڵام ئەم سەرکوتکردنە ڕۆڵی بزاوتی ئیسلامیی و زانایانی ئاینیی بلوچستانی کۆتایی پێنەهێنا، بە پێچەوانەوە ئەوڕۆکە جووڵانەوەی ئیسلامیی لەو نێوچانەدا زۆر بزۆزو چالاکە[1]. ئەوڕۆکە لە بلوچستان چەندین ڕێکخستنی ئیسلامیی هەن، لە دیارترینییان:

١. **حیزبی فورقان**: لەساڵی ١٩٩٦ لەسەر دەستی شێخ جەلیل قنبر زەهی شە بەخش دامەزراوەو، لە دیارترینی ئەو جووڵانەوانەیە، کە لەژێر بەیداخی تەوژمی سەلەفیدایە.

٢. **بزووتنەوەی جوندوڵلا**، بە ڕێبەری عەبدولمالیك ریگی، لە ساڵی ٢٠٠٢ دامەزراوە.

٣. **بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامیی**، بە ڕێبەرایەتی سەلاحەدین بلوچی، پێش دووساڵ دامەزراوەو جموجوڵی بەرچاوی هەیە لە بلوچستان، شانبەشانی ئەم بزووتنەوەیە چەندین جووڵانەوەو ڕێکخراوی تر لە هەرێمەکەدا لە جموجوڵدان.

---

[1] هەمان سەرچاوە.

- **تورکمانە سوننەکان:**

لە پارێزگای (تورکمان سەحرا) لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران زۆربەی دانیشتوانەکەی لە تورکمانانی سوننەن، هەرچی لەمڕۆدا لەو نێوچەیەدا باوە تەوژمی سۆفیگەرایی تەریقەتی گەیلانییە جموجوڵی ئیسلامیی لەو نێوچەیەدا خۆی دەبینێتەوە لە ڕۆڵی قوتابخانە ئاینییەکان، کە شێخان و زانایانی بەڕێوەی دەبەن، وێڕای بوونی دوو ملیۆن و نیو لە مسوڵمانانی سوننە لە (تورکمان سەحرا) بەڵام نێوچەکە هیچ ڕێکخستنێکی ئیسلامیی سیاسیی تێدا نییە . هەروەها هەرێمی خۆراسانیش، کە نزیکەی ملیۆنێك مسوڵمانی سوننەی تێدایە بە تۆرەمە عەرەبیی و تاجیکیی و ئۆزبەکین، هیچ ڕێکخستن یاخود جووڵانەوەیەکی سیاسیی سوننە لە نێوچەدا بوونی نییە، پتر لایەنگری تەوژمی سەلەفی و سۆفیی و ئیخوانن.

- **جووڵانەوەی سوننەکان لە ئەهواز:**

سەبارەت بە ئەهلی سوننە لە نێوچەکانی باشوور لەسەر کەناری باکوورو ڕۆژهەڵاتی کەنداوی عەرەبیی و لە دوورگەکانیدا، ئەوەی باوە لەو نێوچانەدا نەهجی سەلەفیی و کۆمەڵەی دەعوەو تەبلیغە، کاری بانگخوازیش لەلایەن بانگخوازان و شێخانەوە ئەنجام دەدرێت، کە لە ڕێگەی قوتابخانە ئاینییەکانەوە جموجوڵەکانیان بەڕێوە دەبەن، ڕێبەرایەتییە ئاینییەکانی ئەویش لە قوتابخانەی شێخ سوڵتان ئەلعولەمادا خۆی مەڵاسداوە، نێوەندەکەشی بەندەری (لەنجە)یە.

# ڕێکخستنی فرەڕەنگیی کۆمەڵگەیی
# لە ئێرانو بارودۆخی سوننەکان

د. ئیدریس لکرینی*

برێك لە ئامارەکان ئاماژە دەدەن بە ژمارەی مسوڵمانانی سوننە لە ئێران بەشێوەیەك، کە زیاتر لە بیست ملیۆن کەسە لە چەندین ڕەگەزی جیاواز(عەرەب، کورد، بلوچ، تورکمان) بە ڕێژەی زیاتر لە چارەکێك لە تێکڕای دانیشتوانانی ئێران. وێڕای ئەوەی بابەتەکە پەیوەستە بە کەمینەیەکی مسوڵمانەوە، کە تایبەتمەندیی مەزهەبیی و جیاوازی هەیە لە مەزهەبی شیعە لەنێو کۆمەڵگەیەکی مسوڵماندا، بەدرێژایی چەندین سەدە سوننە دووچاری شێوازی جیاواز بۆتەوە لە زۆربۆهێنانو جیاکاریی لە نێوخۆی ئەو وڵاتە ئیسلامییەدا، بەتایبەت لەسەر ئاستی دروستکردنی مزگەوتو قوتابخانەی تایبەت، هەروەها لەو شوێنانەی سوننەکان گیرساونەتەوە دووچاری پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتیی ئابووریی بەرچاو بوونەتەوە، بگرە بە بڕوای هەندێك نوێنەرایەتییان لە

---

* مامۆستای ژیانی سیاسیی، کۆلێژی یاسا، مەراکیش – مەغریب.

نێوەندەکانی بڕیار لە حکومەت و پەرلەمان و نێوەندە ئیدارییە باڵاکاندا هەڵنەکشاوە بۆ قەبارەی ژمارەو قورساییان لە نێو کۆمەڵگەی ئێرانیدا.

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا، کە دروشمەکانی یەکێتیی ئیسلامیی و دادپەروەریی بەرزکرایەوە، بڕێک هیواو ئومێد هەبوو لەسەر ڕێگەی تێپەڕاندنی سیماکانی پەراوێزخستن و زۆربۆهێنان و جیاکاریی، بەڵام دۆخەکە بەو شێوەیە نەگۆڕا، پەیوەندیی دەوڵەت بەو "کەمینە"وە پەیوەندییەکی سڵەمینەوە بوو، هەروەها گومان لە ڕاستیی لایەنگرییان هەبوو. بڕێکی زۆر لە کوڵەران ئاماژە بەو کێشە جیاوازانە دەدەن، کە ئەهلی سوننە لە ئێران تێیدا دەژی و لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی مەزهەبیی لەڕووی جیاوازبوونیان لە مەزهەبیی شیعەو، لایەنی ڕەگەزیی پەیوەست بەوەی سوننە لە ڕەچەڵەکی نافارسەوە پەیدابوون.

ئەزموون و پیادەکردنە مەیدانییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە پلەی توانەوەو پێکڕا ژیانی ڕەگەزو فەرهەنگ و ئایینەکان لە نێو تاقە کۆمەڵگەیەکدا وەستاوەتەسەر سروشتی مامەڵەی دەسەڵاتە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان لەبەرامبەریاندا. دوورکەوتنەوە لە دادپەروەریی و ئازادیی و دیموکراسیەت، تەواوی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان هاندەدات خۆیان لە پشتی تایبەتمەندییێتیەوە مەڵاس بدەن و، بەرەو داخران بڕۆن لە رووبەرە گشتییەکەداو، بگەڕێن بەدووی پرۆژەی تری بەدیلی تایبەت بەخۆیان، ئەمەش سیماکانی ململانێ و دڵەخورتێ و دەمارگیریی و پەرتەوازەیی دروست دەکات. پشتبەستن بەو بەهاو پرنسیپانە

یـــەکێتیی نیـــشتیمانی چەسـپاو دەکـــات و بـــەرەو پێکـــڕا ژیـــان و هاوبەستەگیی هەنگاو دەنێت.

فرەڕەنگیی بەسەرجەم سیماکانییەوە (فەرهەنگیی، ئیتنیی، ئایینیی، زمانیی)، دوو رووی هەیە: یەکەم روویەکی ئەرێنیی بە تەماشاکردنی ئەو رۆڵە گرنگەی، کە فرەڕەنگیی دەیگێڕێت لە بەهێزکردنی قەوارەی دەوڵـــەت، گـــەر گرنگیـــی ئـــەو فرەڕەنگییـــە وەربگیرێـــت و لـــە رووی مەیدانییەوە بچەسپێت، رووی دووەمیش نەرێنیی بەشێوەیەك مەترسی لەسەر سەقامگیریی و یەکێتی دەوڵەت دروست بکات، بەتایبەت لەنێو دەوڵەتدا دووچاری لەباربردن و لادانی دەکاتەوە[1].

ستەم و پەراوێزخستن و سەرکوتکردن گەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵگە بگرێتەوە، سەد لە سەد سەردەکێشێت بۆ دژواربوونی هاوبەستەگیی نێوخـــۆیی و مەترســـی لەســـەر یـــەکێتی کۆمەڵگـــە دروســـت دەکـــات، دیسانەوە زۆر جاران دەبێتەهۆی دەرکەوتنی قەیرانی کۆمەڵایەتیی و سیاســـیی و ئـــابووریی خەتـــەرناك. لەوەختێکـــدا پیـــادەکردنی دیموکراسیەت و پشتبەستن بە دادپەروەریی بە رەهەندە سیاسیی و کۆمەڵایـــەتیی و فەرهەنگییەکانـــەوە دەروازەیـــەکی زامـــن دەبێـــت بـــۆ چارەکردنی گرفت و جیاوازییەکان و، زامنی پێکڕا ژیانی کۆمەڵگەیی و

---

[1] إدريس لكريني، التنوع المجتمعي والممارسة الديمقراطية، القدس العربي، لندن، العدد ٥٩١٢، ٦ يونيو (حزيران) ٢٠٠٨. العرب، قطر، العدد ٧٧٢٤، ١٥ اغسطس (اب) ٢٠٠٩.

یەکێتیی نیشتیمانیی دەکات، کۆمەڵگەش لە هەر جۆرە پیلانگێڕییەکی دەرەکیی دەپارێزێت.

ئەگەر بڕێک لە دەوڵەتان تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووبن لە ڕێکخستنی فرەڕەنگیی و فەرهەنگیی و زمانیی و ئاینیی و ڕەگەزیی لە نێو کۆمەڵگەکانیاندا، وەك بەلژیکاو فەڕەنسا، ئەوا دەوڵەتانی تر تەقینەوەی ململانێی ڕەگەزیی و ئاینییان بەخۆوە بینیوە، کە کەموکورتییان هەیە لە بیرکردنەوە لەو دۆسیەیە وەك (یۆگۆسلاڤیای پێشوو، سۆماڵ، ڕواندا، یەمەن، عێراق، سودان)، بڕێکی تر لە دەوڵەتان هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری ئەو کێشانە دەدەن لە ڕێگەی گرتنەبەری ڕێوشوێن کە لە رووخساروچالاکییاندا لە نێوچەیەکەوە بۆ نێوچەیەکی تر جیاوازن، بەتایبەت لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە خێراکان، کە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیی لەم چەند دەیەی کۆتاییدا بەخۆوەی بینیوەو، کۆمەڵێك لە گرفتە نێوخۆییەکانی گوازراوەتەوە بۆ نێو بازنەی گرنگی پێدانی نێودەوڵەتیی (دیموکراسیەت، مافەکانی مرۆڤ، پیسبوونی ژینگە، کۆچ، قەڵاچۆکردنی تیرۆر).

ئەو کێشانە، کە ساڵانێکی دووروودرێژە بەردەوامیی هەیە بەستراوەتەوە بە تەوقێکی ئەمنیی و، زۆرجاران ڕێوشوێنی توندی لە بەرامبەردا گیراوەتەبەر بەو پێیەی پەیوەندی هەیە بە سەروەریی لە رووی نێوخۆییەوە پەیوەست بە کێشە "هەستیارەکان"، کە لە دوو دەیەی رابردوودا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی گرنگی پێدانی نێودەوڵەتیی لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە جیهان بەخۆوەی بینیوە.

(دارمـانی یـەکێتی سـۆڤیەت، کـە سیاسـەتێکی تونـدی سـەپاند لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی کەمینـەو گرووپـە ئیتنییـەکان)دا، پاشـتریش بەنێودەوڵەتیکردنی کێشەکانی مافی مرۆڤو ئازادییەکانی، کە پێگەیەکی دیاری داگیرکردووە لە چوارچێوەی گوتاری بکەرە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێکخـراوە حکـومیی و نـاحکومیی و دەوڵـەتانو ڕای گـشتیی نێودەوڵـەتیی، شانبەشانی کێشە زینـدووەکانی تـر، کـە لـە بیرکـراونو فەرامۆش کراون بەهۆی هەلومەرجی جەنگی ساردەوە، وەك پیسبوونی ژینگـە، تـیرۆر، دیموکراسـیەت، نەخۆشـییە ترسـناکەکان ئەوانـەی سنوورەکان دەبڕن.

ئەو گۆڕانکارییانـە کاریگـەریی تێبینیکراوی هـەبووە لـە زیـادبوونی داواکـاریی و خـەباتو بەرخۆدانـەکان، کـە بڕێکـی زۆر لـە کەمینـەکان دەستیان داوەتـێ لـە نێوچە جیاجیاکـانی جیهانـدا، لەپێناو باشـکردنی بارودۆخیـانو لابردنـی سـتەمو پەراوێزخـستن کـە پێـوەی دەنـاڵێنن لـە ڕێگـەی ئامـادەکردنی بەرژەوەندییـەکانی لـە سیاسـەتە گـشتییەکانی دەوڵەتانـدا، ئەمـەش بەشێوەیەکی بەرچاو گرنگـی پێـدانی مـافخوازیی و میـدیایی و فەرهـەنگیی نێودەوڵـەتیی بـەو کێـشەیەوە زیـادیکردووە، لەسـەر بەدەمەوەچـوونی بڕێـك دەوڵـەت لەگـەڵ ئـەو دۆسـیە زینـدووەدا خواستە ئیتنییەکان فرەڕەنگو جیاواز دەبن لە نێوان خواستی ڕەمزیـی لەسەرێی هەموویانـەوە زمانو ئـایینو نـەریتو سـیمبولە تایبەتـەکان بە کۆمـەڵو خواسـتی مـاددیی، وەك نوێنەرایـەتی لـە دامـەزراوەو پۆستە

گشتییەکانداو پشکی کۆمەڵ لە بودجەی گشتی و خاوەنداریتی زەویی و سەربەخۆیی ئیداریی و سیاسیی[1].

لایەنە دەرەکییەکان، ئەوانەی لەمەڵاسدان یاخود دوژمنکاریی لە دژی دەوڵەت دەکەن، زۆرجاران هەوڵدەدەن ئەو فرەڕەنگییە وەبەربهێنن لە شێوەی پیلانگێڕییدا، کە سەقامگیریی نێوخۆیی دەوڵەتە لاوازەکان تێکدەدەن[2]. لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیانداو(لایەنە دەرەکییەکان) و زۆرهێنان بۆیان(دەوڵەتە لاوازەکان)، لە ڕێگەی گەمەکردن بەو کێشە هەستیارانە، سەرەتا بە هورووژاندنی پێکدادان و شەڕەقۆچی ڕەگەزیی و تایفییەکان دەست پێدەکات لەژێر نێوی سیاسیی یاخود ئینسانیدا، بەمشێوەیە کۆمەکیی نەیارە دوژمنکارەکان دەکەن بۆ سەر ئەو هەرێمە لە نێوخۆ بێت یاخود دەرەوە لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان[3].

وێڕای بوونی کۆمەڵێك بابەت لە دەستووری ئێرانیدا، کە زامنی مافەکانی شوێنکەوتەی مەزهەبەکان و مافی کەمینەکان دەکات، هەروەها

---

[1] محمد عاشور مهدي، التعددية الاثنية "إدارة الصراعات وإستراتيجيات التسوية"، المركز العلمي للدراسات السياسية، الاردن ٢٠٠٢، ص ١٧٤.

[2] لەسەروبەندی ڕووداوەکانی ئیپریلی (نیسان) ٢٠٠١ بە ڕوونی لە جەزایر لەنێوچەی قەبایل دەرکەوت وەختێك وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی فەڕەنسا گوتی: "فەڕەنسا ناتوانێت چیتر بێدەنگ بێت لەئاست ڕووداوەکانی سەرکوت و توندوتیژیی لە جەزایر".

[3] ياسر الغرباوي، حركات التغيير والحراك الجماهيري، سلسلة الجغرافيا في خدمة الشعوب، المجموعة الجيو – إستراتيجية للدراسات، الطبعة الاولى ٢٠٠٧، ص ٧٨

جەختکردنەوەی دەسەڵاتدارانی ئێرانیی لەسەر مافەکانی ئەهلی سوننە وەك تەواوی هاوڵاتیانی تری ئێرانی لەنێو وڵاتدا، بەڵام واقیع ئەو قەبارەی پێکدژییەی نێوان دەستووری ئێرانیی و مومارەسە مەیدانییەکان دەردەخات لەرووی بوونی کۆمەڵێك کەلێن لەسەر ئاستی رێکخستنی فرەڕەنگیی لە ئێراندا بەسەرجەم رووەکانییەوە.

لەسەر ئاستی واقیع و مومارەسەش، زۆرێك لە کۆڵینەوەکان و راپۆرتی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئاماژە دەدەن بە قەبارەی زۆربۆهێنان و ئەو نەهامەتییانەی، کە رووبەڕووی ئەهلی سوننە دەبێتەوە لە ئێران لە چەندین ئاستدا، سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و مەزهەبیی و فەرهەنگ، سەرباری ئەوەی کەمینەیەکی مەزهەبین لە کۆمەڵگەیەکی مسوڵماندا دەژین و ئایینی فەرمیش ئایینی ئیسلامە.

هەر لەمبارەوە هەندێك ئاماژە دەدەن[1] بەوەی "نەهامەتییەکانی ئەهلی سوننە لە گرنگترین بابەتەوە دەست پێدەکات تا ئاسانترینیان، ئەو نەهامەتییانە هەندێکیان دەرهاویشتەی رێوشوێنی دەستووریی و یاسایین، هەندێکی تریشیان دەرهاویشتەی پیادەکردنەکانن (لەبانەوە) لەلایەن فەرمانبەرە تایفییەکان لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا. لەسەر ئاستی مەزهەبیی و فەرهەنگیش بڕێك لە راپۆرت و کۆڵینەوەکان

---

[1] صباح الموسوي، نظام ولاية الفقيه وظلم اهل السنة في إيران، مصر الجديدة، ١٧ اكتوبر (تشرين الاول) ٢٠٠٨.

ئاماژەیان داوە بەو ڕێوشوێنانەی گیراونەتەبەر لەپێناو پەراوێزخستنی فەرهەنگو تایبەتمەندیی ئەهلی سوننە، سەرباریی ڕێگری لێکردنیان لە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە سوننەتییەکانو ئەو مزگەوتانەی تایبەتن بەخۆیان[1].

لەم چوارچێوەیەدا، سەعد محەمەد نامی[2] ئاماژە بەوە دەدات "ئەهلی سوننە لە ئێران دووچاری ڕێگریکردن دەبنەوە، کە کاریگەریی دروست دەکات لەسەر ئازادیی لە عیبادەتکردنو پیادەکردنی سرووتو ئەرکە ئاینییەکاندا... بەمشێوەیە وایکردووە لە ماڵەکانی خۆیاندا ئەنجامی بدەن. وێڕای ڕێژەی گەورەی سوننە لە شاری تاران، کە هەندێك بە دوو ملیۆن کەسیان قەبڵاندوویانە، بە ڕێژەیەك کە زیاترە لەسەرجەم کەمینەکانی تری ئەو شارە. دکتۆر نامی ئاماژە بەوە دەدات کە هیچ مزگەوتێکی سوننە لە تاراندا نییە... لەپاڵ ئەوەی شوێنی عیبادەتکردن بۆ زەردەشتییو جوولەکەو مەسیحییەکان هەیە لەو شارەدا[3]، بەهەمان شێوەش لە شارە گەورەکانی تری وەك ئەسفەهان و شیراز.

هەندێکی تر تێبینی[4] ئەو پێکدژیانەی کردووە، کە ماددەی ١٢ی دەستوور جەختی لێدەکاتەوەو ڕێگە دەدات بەتەواوی شوێنکەوتووانی

---

[1] سەرباری ئەمەش زۆرجاران دەسەلاَتدارانی ئێران ڕێگریی دەکەن لە بنیاتنانی مزگەوت بۆ سوننەکان لە نێوچە شیعە نشینەکاندا.

[2] د. سعد بن محمد بن نامي: جريدة رياض، سەرچاوەی پێشوو.

[3] هەمان سەرچاوە.

[4] صباح الموسوي، نظام ولاية الفقيه وظلم اهل السنة في إيران، سەرچاوەی پێشوو.

مەزهەبە ئیسلامییەکان (حەنەفی، شافعی، مالیکی، حەنبەلی، زەیدی) ئازادبن لەرووی فێرکردنو پەروەردەی ئاینییو باری کەسێتیی لەلایەکو، ئەو دەستێوەردانانەی، کە حکومەت پێی هەڵدەستێت لە کاروباری ئایینی ئەهلی سوننە لەلایەکی ترەوە، وەك "داخستنی قوتابخانە ئاینییە بەنێوبانگەکانو دامەزراندنی پێشنوێژی مزگەوتەکانو، دوورخستنەوەی بڕێك لە پیاوانی ئاینیی بەدیمەن ئەوانەی، کە لە نێوەندی سوننەدا ڕێزوحورمەتیان لێدەگیرێتو، کەمکردنەوەی گرنگیی شێخانی سوننەو، سوکایەتی پێکردنیان لە ڕێگەی ئەو مووچە کەمەی پێیان دەدرێتو لەسەرەدا دەوەستێنرێن، هەروەها دەستێوەردان لە شێوازو پرۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانە ئاینییە نوێکاندا لەژێر سەرپەرشتیی نێوەندی گەورەی ئیسلامیی، گوزارشتە لە نێوەندێکی دەوڵەتیی، کە وەزارەتی ئیتلاعات دایمەزراندووەو سەرپەرشتیی دەکات"[1]، کە بەرپرسان لە پیاوانی ئاینیی شیعە سەرپەرشتیی دەکەن. هەندێك جاریش بە پێی ڕاگەیاندنەکان[2] گەیشتۆتە ئاستی تیرۆرکردنی هەندێك لە کەسایەتییە سوننەکان (زانا، سەرکردە، پیاوانی ئاینیی) یاخود لە باشترین دۆخدا قۆڵبەستکردنیان.

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] ئامارە دەدەین بەرووداوەکانی تیرۆرکردنی پیاوانی ئاینیی سوننەکان لە پارێزگای سیستان – بلوچستان، کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەلاتی ئێران. بڕوانە: www.ilanews.net/news/404html

دیسانەوە بڕێك ڕێگریی تر تۆمارکراوە، کە ماف سوننەی لە خوێندندا گرتۆتەوە، یاخود دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار بەزمانی خۆیان کە گوزارشت لە کێشەو گرفتەکانیان بکات، چجای دروستکردنی نێوەندی فەرهەنگیی لەو نێوچانەدا، کە بە چڕی سوننەی لێیە، هەمدیسان ڕێگریکردن لە بنیاتنانی نێوەندو دامەزراوە ئاینییەکانی سوننە لەنێو ولآتدا. سوننەکانی ئێران هاواریان لێ بەرزبۆتەوە بەهۆی ڕماندنی ژمارەیەك مزگەوتو قوتابخانە بە بیانووی لێدان لە سیستەمی گشتیی، هەروەها مۆڵەت نەدان بە دروستکردنی مزگەوت یاخود بەکارهێنانی مزگەوتەکان بۆ مەرامگەلێك، کە لە قەوارەو ئاسایشی دەوڵەت دەدات.

لەسەر ئاستی سیاسییش خودی دەستوور، کاندیدی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار بەمەرج گرتووە کە دەبێت شیعەی دوانزە ئیمامیی بێت(وەك پێشتر باسمانکرد) ئەمەش زەوتکردنی ماف ئەهلی سوننەیە کە لە ئایندەدا ئەو پۆستە وەربگرن، واتە لەژێر سایەی دەستووردا سەرۆك کۆمارێکی سوننە مەزهەب نابینینەوە. لەوەختێکدا دەبینین نێوی دەوڵەتو ڕژێم کۆمارییە واتە ڕێبەرایەتیی جەماوەریی، واتە یەکسانیی ماف لە نێوان هەموانـدا، چەمکێکی ئیسلامیش واتە مسوڵمانانو ئایندار بە ئاینیی ئیسلام[1].

---

[1] صباح الموسوي، نظام ولاية الفقيه وظلم اهل السنة في إيران، سەرچاوەی پێشوو.

هەمدیسان سوننە لە ئێراندا هاواریان لێ بەرزبۆتەوە، لە بوونی پەراوێزخستنێکی بەرچاو لەسەر ئاستی وەرگرتنی پۆستە باڵاکان، لە چوارچێوەی هەرەمیی دەسەڵاتداو دەرکردنی بڕیاری گرنگ لە نێو دەوڵەتدا، نوێنەرایەتیی ئەوان لە پەرلەمان(ئەنجومەنی شورای ئیسلامیی) یاخود لە دامەزراوەی حکومەتدا هیچ نییەو رەنگدانەوەی قەبارەی ژمارەی ئەوان نییە لەنێو کۆمەڵگەی ئێرانیدا. ژمارەی پەرلەمانتارانی سوننە لە نێو ئەنجومەنی شورای ئیسلامیدا بیست پەرلەمانتار تێناپەڕێت لە باشترین دۆخدا لەبەرامبەر بیست ملیۆن هاوڵاتی سوننە بە پێی هەندێك لە ئامارەکانو لە تێکڕای ٢٧٠ پەرلەمانتار[1] لە ئەنجومەنەکەدا.

لەژێر سایەی ئەو پێشهاتانەدا پرسیارێك قوت دەبێتەوە، لەبارەی ئەو رۆڵەی کە دەکرێت سوننە بیگێڕێت لەسەر ئاستی کارتێکردن لە سیاسەتە گشتییەکانی وڵاتدا. ئاماژە بەوە دەدرێت((کە یاساو رێوشوێنە جیاکارییەکانی دەلاقەی نێوان فارسو نەتەوەکانی تر زیاتر دەکات لەلایەكو، لە نێوان سوننەو شیعەشدا لە لایەکی ترەوە، دیسانەوە نافارسو ئەهلی سوننە زیاتر لە رژێمی فەرمانڕەوا دوور دەخاتەوە))[2]. بڕێك لە زانایانی ئەهلی سوننە ئامارە بەوە دەدەن، کە

---

[1] رێژەی ئەندامانی شورای ئیسلامیی بریتییە لە دوو سەدو حەفتا پەرلەمانتار، بەپێی ماددەی ٦٤ی دەستووری ئێران.

[2] صباح الموسوي، نظام ولاية الفقيه وظلم اهل السنة في إيران، سەرچاوەی پێشوو.

دەوڵەت بە هەستیاریی و گومان و بێ متمانەیی لە لایەنگریی سوننە بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت دەڕوانێت، زۆر جارانیش تۆمەتی سیخوڕییکردن لەگەڵ ڕژێمە دوژمنکارەکانی دەرەوە دەداتە پاڵیان، بۆیەشە زۆربەیان هەست بەوە دەکەن، کە هاوڵاتی پلە دوون.

هەرچی ئاستی ئابووریی و کۆمەڵایەتییە، بڕێکی زۆر لە راپۆرت و کۆڵینەوەکان ئامارەدەدەن بەو پەراوێزخستنەی، کە نێوچەکانی سوننەی گرتۆتەوە و کاریگەریی نەرێینی دروستکردووە لەسەر رێچکەکانی گەشەپێدان لەو نێوچانەدا، هەرلەمبارەوە زۆربەی راپۆرتەکان باس لە قەبارەی هەژاریی دەکەن، کە بەرۆکی سوننەی لە ئێراندا گرتووە، ئەوانەی لە نێوچە سنوورییە دوورەدەستەکان نیشتەجێن دوور لە شارە گەورەکان، هەروەها هەژار لەرووی سامان و تواناوە، پەراوێزخراو لەسەر ئاستی ژێرخانی بنەڕەتیی بەراورد بە نێوچەکانی تری وڵات، سەرباری زەرەرمەندییان لەسەر ئاستی سوودوەرگرتن لە خوێندن.

ئەگەر نەهامەتییەکانی سوننە، کە پێشینە مەزهەبییە جیاوازەکانی نێوان سوننە و شیعە کاری لێدەکات، کە جڵەوی بڕیارە سیاسیی و ئابوورییە گرنگەکانیان لە وڵاتدا لەدەستدایە، سەرباری فاکتەری ململانێ و دوژمنایەتیی مێژوویی نێوانیان، ئەوا نەهامەتیەکانی سوونە پتر قووڵ دەبنەوە وەختێك لە پشتەوە خولیا رەگەزییەکان خۆیان مەڵاس دەدەن، لەسەر ئەو بنەمایەی کە زۆربەی سوننە تۆرەمەیان نافارسە، کە لە عەرەب و بلوچ و تورکمان و کورد خۆی دەبینێتەوە... ئەمانەش ئایندەی سوننە لە ئێراندا دووچاری ئاڵۆزیی و مەترسیی دەکەنەوە.

## بەرەو ڕێکخستنی دادپەروەرانەو بنیاتنانی فرەڕەنگیی کۆمەڵگەیی لە ئێران

وەختێك شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ سەریهەڵدا، ڕێبەرانی شۆڕش چەندین دروشمیان بەرزکردەوە، بەڵێنیان دا بە بەدیهێنانی کۆمەڵێك دەسکەوت بۆ ئەهلی سوننە لە چوارچێوەی یەکێتیی ئیسلامیدا. بە لەبەرچاوگرتنی نەهامەتییەکانی ئەهلی سوننە لە دەورانی سیستەمی شاهەنشاهییدا، کە باڵادەست بوو، هەموو چاوەڕوانیی و ئومێدو گریمانەیەکیان لەسەر شۆڕش و ڕێبەرەکانی بوو بەهیوای تێپەڕاندنی سەرجەم ئاستەنگ و زۆربۆهێنانەکان، کە بەدرێژایی چەند سەدەو دەیە بەدەستیەوە دەیانناڵاند، بەڵام بارودۆخەکە بەگەیشتن بەدەسەڵات گۆڕا، پاش ئەوەی بە فەرمیی مەزهەبی شیعە کرایە مەزهەبی دەوڵەت و، پاش ئەوەی پیاوانی ئاییني جڵەوی بڕیارسازییان لە نێو دەوڵەتدا کرد.

ئەو دروشمانەی بەرزکرانەوە بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنی سامان و زەوی و زار، دەستبەسەرگرتنی ئەو باڵەخانانەی کە کەسیان تێدا نەبوو، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی ئیستیغلال و خۆماڵیکردنی کۆمپانیا زەبەلاحەکان بەشێوەیەکی دروست جێبەجێ نەکرا، بۆیە جیاوازییە ڕەگەزییەکانی لە نێوان ئێرانییەکان و کەمینەکانی وەك کوردو تورکمان و عەرەب و بلوچ توندترکردەوە، کە بەشدارییان پێنەکرا لەدەسکەوتەکانیدا[1].

---

[1] امال السبكي، تأريخ إيران السياسي بين ثورتين (١٩٠٦-١٩٧٩)، سلسلة عالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت، العدد ٢٥٠، اكتوبر (تشرين الاول) ١٩٩٩، ص ٢٤١.

وێڕای ئەو دروشمانە، کە ڕێبەرانی ئێران هەموو جارێك دەیڵێنەوە بۆ بەرگریکردن لە ستەملێکراوان و بووژاندنەوەی نێوچەکانیان" بەڵام هیچ هەنگاوێکی ڕاستەقینەیان نەناوە بەرەو ئاوەدانکردنەوەی ئەو نێوچانە، تاکو ڕەوایەتیی بدەن بە دروشمەکانیان، بەشێوەیەك سەرجەم بودجەکانی حکومەت، کە تەرخان کراوە بۆ خزمەتکردنی نێوچە سوننە نشینەکان بەدرێژایی هەرسێ دەیەی ڕابردوو، ناگاتە بودجەی یەك پارێزگا لە پارێزگا نێوەندییەکان"[1].

بەڵام سەرباری هەرچی باسمانکرد، ئامارەیەك هەیە بۆ ساڵانی کۆتایی سەرۆکی پێشوو محەمەد خاتەمی، کە تایبەتمەند بووە بەلاکردنەوە لە بارودۆخی ئەهلی سوننە، پاش ئەوەی هەوڵیدا لیژنەیەکی بەدواداچوون دروست بکات بۆ بارودۆخ و گوزەرانیان[2]. هەروەها هەوڵیدا لیژنەیەکی تر پێك بهێنێت سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی دەستوور بکات و چاوێکی لەسەر بێت[3]. بەتایبەت لە چوارچێوەی ماق کەمینە ڕەگەزیی و مەزهەبییەکاندا. بەڵام ڕێگریش نەبوو لە بەردەوامبوونی نەهامەتیی و کێشەکان بەتەواوی دەرکەوتنەکانیەوە لە لای سوننەکان.

---

[1] صباح الموسوي، نظام ولاية الفقيه وظلم أهل السنة في إيران، سەرچاوەی پێشوو.

[2] د. همام عبدالمعبود، الدستور الايراني يفرق بين الشيعة والسنة في إيران، سەرچاوەی پێشوو.

[3] محمد خاتمي، التنمية السياسية، التنمية الاقتصادية والامن، ترجمة سرمد الطائي، دار الفكر سورية، الطبعة الاولى ٢٠٠٢، ص ٢٥١.

لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی کاندیدانی سەرۆکایەتییەکەی ساڵی ٢٠٠٥، کە تێیدا ئەحمەدی نەژاد پۆستی سەرۆکایەتیی وڵاتی گرتەدەست، کۆمەڵەی (دەعوەو ئیسلاح)ی سوننە لە ئێران کۆمەڵێك داواکاریی پێشنیازکرد، کە حورمەت بگێڕێتەوە بۆ سوننەو، سیماکانی جیاکاری تەنگپێهەڵچنینی مەزهەبیی و رەگەزیی تێپەڕێنێت ، کە ئەهامەتییەکانی سوننە زیاتر دەکات و دەیانخاتە پەراوێزی کۆمەڵگەوە.

ئەمەش لە رێگەی بەدیهێنانی دادپەروەریی لە نێوان سەرجەم هاوڵاتیانیدا[1]. بەچاو پۆشین لە مەزهەب و رەگەزیان و، چالاککردنی دەستوور ئەو ماددانەی(١٢_١٥) وادەکات ئەهلی سوننە پۆستی وەزاریی وەربگرن و، لاکردنەوە لە نێوچەکانیان و گەشەپێدان و بەرنەگرتن لەدەرکردنی ئەو کتێب و رۆژنامانەی، کە گرنگیی بە بارودۆخیان دەدات و، وادەکات کاروباری ئایینی خۆیان ئەنجام بدەن و رووە شارستانییەکانی مەزهەبی سوننە بخەنە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە لە وڵاتداو، وەرگرتنی پۆستی ئیداریی لە کەشێکی دادپەروەرانەو هەلی یەکسان بۆ تەواوی هاوڵاتیان.

لای خۆیانەوە دەسەڵاتدارانی ئێران جەخت لەوە دەکەنەوە، کە سوننەکان لە ئێران نوێنەرایەتیی گرنگیان هەیە لە نێو ئەنجومەنی شورای ئیسلامیداو رێژەیان گەیشتۆتە نزیکەی بیست پەرلەمانتار: "لە

---

[1] د. همام عبدالمعبود، الدستور الایراني یفرق بین الشیعة والسنة في إیران، سەرچاوەی پێشوو.

پاڵ شیعەداو لە کەشێکی دادپەروەرانەو یەکسانیی لە ماف و ئەرکدا پێکڕادەژین". دیسانەوە ئاماژە دەدەن بە بوونی ٢٥٠ مزگەوت بۆ سوننەکان لەسەرتاسەری ئێراندا، راشیگەیاندووە کە مزگەوتەکانی شیعە کراوەن لەبەردەم تەواوی مسوڵمانانددا لە نێویشیاندا سوننەکان، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هاریکار دەبێت لە پارێزگاریکردن لە یەکێتیی کۆمەڵگە.

حکومەتی ئێران جەخت لەوە دەکاتەوە، لە وەڵامی ئەو تۆمەتانەی دەدرێتە پاڵی بە تێوەگلانی لە تیرۆرکردنی زاناو پیاوانی ئاینیی سوننەدا ئاماژەی پێدەدەن لە وڵاتدا، بەشێوەیەك، کە سیماکانی توندوتیژیی کە دەرهەق بە سوننە کراوە رەنگدانەوەی هەڵوێستی رژێمی ئێران نییە، بەڵکو چەند رووداوێکی دابڕاون و گوزارشت لە مامەڵەی ئەنجامدەرانی دەکەن.

ئێران تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە لە رێکخستنی فرەڕەنگیی کۆمەڵگەیی بەشێوەیەکی بنیاتنەرو زامنکاری پاراستنی یەکێتیی دەوڵەت و کۆمەڵگە، رێکخستنی ئەم دۆسیە گرنگ و زیندووە دەچێتە ئەو خانەیەوە، کە یەکێك لە کۆڵەران نێوی ناوە "ستراتیژی هەژمونگەریی"، بە بەربڵاوترین ستراتیژە توندوتیژو سەرکوتکارەکان دادەنرێت، کە سیستەمە سیاسییەکان لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەمدا بەکاری دەهێنن، بە جیاوازیی ئاراستەی سیاسیی و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانیان[1]. بەهەمان ئەندازەش ئەو رێکخستنە زیانبەخش و

---

[1] محمد عاشور مهدي، التعددية الاثنية، إدارة الصراعات وإستراتيجيات التسوية، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧.

سوكايەتييە دژ بە سوننەو بارودۆخيان بەو پێيەی پێكهاتەيەكن لە پێكهاتەكانی كۆمەڵگەی ئێرانيی، لەهەمان كاتيشدا يەكێكە لەو فاكتەرانەی، كە بەردەوام مەترسی لەسەر سەقامگيريی و هێوريی كۆمەڵگەو دەوڵەت دروست دەكات، هەروەها دەسكەوتە پرشنگدارەكانی ئێران لەسەرجەم بوارو كايەكاندا ناشيرين دەكات.

رێكخستنی فرەڕەنگيی كۆمەڵگەيی، بە شێوەيەك كۆمەكيی يەكێتيی دەوڵەت و كۆمەڵگە بكات پێويستی بە گرتنەبەری لێكنزيكييەكی گشتگيرە، كە سەرجەم رەگەزە ياسايی و كۆمەڵايەتيی و فەرهەنگييەكان لەخۆبگرێت و، پشت ببەستێت بە دادپەروەريی و ئامادەكردنی تەواوی پێكهاتەكان لە پرۆسەی ديموكراسيی و گەشەپێداندا، شايەنی باسكردنە لۆژيكی ديموكراسيی و دەوڵەتی هاوچەرخ تێپەڕاندنی لۆژيكی تايفەگەريی دەسەپێنن.

يەكێك لە كۆڵينەوەكان ئامارژە بە گرنگی رۆڵی دەستوورو ياسای هەڵبژاردن و دامەزراوە حكومييەكان(ياسادانان و جێبەجێكردن و دامەزراوەی سەربازيی) لەم بوارەدا دەكەن[1]. گەر لە نێوخۆی ئێراندا، بەشێك لە دەمارگيريی بۆماوەيی هەبێت لە نێوان كۆی شيعەدا، كە قوتابخانەيەك برەوی پێداوە كەلتوری فيكريی نووسراوو بەربڵاوی

---

[1] محمد عاشور مهدي، التعددية الاثنية، إدارة الصراعات وإستراتيجيات التسوية، سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٧.

هەیەو سیمبولی چالاکی هەیە لە حەوزە زانستییەکاندا[1]. ئەوا هەندێکی تر بڕوایان وایە ستراتیژی پێویست بە بەدیهێنانی لێکنزیکیی لە نێوان هەردوو تایفەی سوننەو شیعەی ئەوڕۆدا لە جیهانی ئیسلامییدا پشت دەبەستێت بە بەخۆداچوونەوەی فیکری رەخنەیی بۆ کەلتوری فیکریی و سیاسیی، کە لایەنەکان و پێکهاتەکانی نەتەوەی لێک پچڕاندووەو لێکی کردوون[2].

رەگەزەکانی لێکنزیکی لە نێوان تەواوی مەزهەبە فیقهیە ئیسلامییەکان جۆراوجۆرە، زانایانی ئایینی جەختی لێدەکەنەوە، بەتایبەت شوێنکەوتووانی ئەو مەزهەبانە (بڕوایان بە یەکتاپەرستیی و پێغەمبەران هەیە، بڕوایان بە پەیامی محەمەد(د.خ) هێناوە، مەزهەبەکانیان دەبەنەوە سەر ئەو، هەروەها کۆکن لەسەر مەرجەعیەتی قورئانی پیرۆزو بەها ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان، کە تێیدا هاتووە، وێڕای جیاوازییان لە بڕێك راڤەی قورئان و، ئیسلام بە مەرجەعیەتی تەواوی تاك و کۆمەڵگە دەبینن)). هەمدیسان (روودەکەنە یەك قیبلە: وەك یەك نوێژ دەکەن هەرچەندە لە کاتەکانیدا جیاوازییان هەیە... لە کەعبە حەج دەکەن و، لە مانگی رەمەزاندا لە نوێژی

---

[1] فهمي هويدي، إيران من الداخل، مركز الاهرام للترجمة والنشر، مصر، الطبعة الرابعة ١٩٩١، ص ٣١٥.

[2] د. محمد جبرون، المراجعات الفكرية واستراتيجية التقريب بين السنة والشيعة، القدس العربي، الاربعاء ٢، إبريل (نيسان) ٢٠٠٨، العدد ٥٨٥٦.

بەیانیەوە تا بانگی ئێوارە بەرۆژوو دەبن، زۆرجارانیش لە هەندێك لە بابەتە لاوەكییەكاندا كۆكن، هەرچەندە جیاوازن لەسەر رێگەكانی سەلماندنیان))[1].

بیریاری ئێرانیی عەلی شەریعەتی باس لەوە دەكات ئەوانەی ئاژاوەی مەزهەبیی دەهەورووژێنن لە لای شیعە پشت دەبەستن بەو ئیجتیهادانەی هیچی كەمتر نییە لە زێدەڕۆیی و توندڕەویی زانایانی سوننە، بەشێوەیەك دوژمنایەتیی لە نێوان هەردوولادا دروست دەكات، بۆیەشە لە روانگەی بانگەوازی عەلی شەریعەتی بۆ یەككەوتن و ئافەرۆزكردنی دووبەرەكیی و پەرتەوازەیی، پێیوایە **"جیاوازی نێوان شیعەو سوننە، جیاوازی نێوان موجتەهیدەكانی یەك ئایینە، كە حوكم لە یەك سەرچاوەوە هەڵدەهێنجێنن"**[2].

---

[1] شفیق شقیر، المشتركات الدینیة بین المذاهب الاسلامیة الاساسیة، ضمن التقریب بین المذاهب الاسلامیة، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

[2] فهمي هویدي، إیران من الداخل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٩.

# سوننەکانی ئێران

عەلی لاڤی*

## پێشەکی

مێـژووی شارستانیەت و فەرهـەنگیی ئێرانیـی دەگەڕێتـەوە بۆ پتر لـە دوو هـەزار سـاڵ لەمەوبـەر، وەختێـك دەشـتەکییە ئارییـەکان لـە ئێـران نیشتەجێ بوون، پاشتریش گرووپـە جیاوازەکـانی تۆرەمـەی ئاریی لەو وڵاتـەدا جێگیر بـوون وەك مادەکـان ( میدییـەکان کـوردن)، پارسـییەکان (واتە فارس) ، فریتییەکان (واتە ئەشکانییەکان).

فەرمانڕەوایەتییـەکانی پـێش پارسـییەکان لـەڕووی یـەکێتی تـەواو و سـەقامگیرییەوە چ شـتێکییان بـەخۆوە نـەدیبوو، بگـرە نـوقمی جـەنگی خێڵـــەکیی بـــوون، دەکرێـــت ســـەرهەڵدانی دەوڵـــەتی ئـــەخمینیی( فەرمانڕەوایـەتی کۆرشـی گـەورە، ٥٠٠ سـاڵ پـێش زایـین) بەسـەرەتای مێـژووی فەرمانڕەوایـەتی ئیمپراتـۆریی لەقەڵـەم بـدەین، کـە حـوکمڕانی بۆمـــاوەیی بـــوو لـــە خانـــەوادەی پاشـــاییدا، کـــە لەســـەر ســـتەموزۆر

---

* نووسەرو کۆڵەرێکی تونسییە.

پایەداربووبوو، ئەمەش بەردەوام بوو لە بنەچەی پاشاییدا لە پاش بنەچەی ئەخمینیی وەك ئەشکانییەکان و ساسانییەکان، هەرچی بیروباوەڕی گەلیش لەو دەمەدا بەزۆریی زەردەشتیی بوو.

### مێژووی کۆنی ئێران

**شارستانیەتی ئیلام:** یەکێکە لە بەراییترین شارستانیەتەکانی لە نێوچەکەدا، گەلەکەشی سەر بە گەلانی هیندۆئەورووپین. لە پارێزگای ئیلام و هەرێمی خۆزستان ژیاون، تا نێوان ساڵی ٧٠٠٠ پێش زایین و ٥٣٩ی پێش زایین بەردەوام بووە.

**مانییەکان:** لەو زەوییانەدا نیشتەجێ بوون، کە ئێستاکە بە ئازەربایجانی ئێرانییە ناسراوە، لە ماوەی نێوان سەدەی دەیەی پێش زایین و سەدەی حەفتی پێش زاییندا، ئەمانیش لە گەلانی هیندۆئەورووپین.

**شارستانیەتی جیرفت:** لە بلوچستان نیشتەجێ بوون.

**دەیلم:** لە بەرزاییەکانی ئێراندا نیشتەجێ بوون.

**ئیمپراتۆریەتی فارسیی:** ئارییەکان خێڵی ئاسایی دەشتەکیی کۆچەرین، وەك مادەکان( میدییەکان)، پارسییەکان( فارس)، فریتییەکان( ئەشکانییەکان)، سەربە تۆرەمەی سپین و، ناوکی گەلانی هیندۆ- ئەورووپییان پێکهێناوە. ئەو خێڵانە گرووپ گرووپ کۆچڕەویان کردووە بۆ بەرزاییەکانی ئێران. لە ئاسیای نێوەڕاستەوە هاتوون لەگەڵ

نێوان دەریای خەزەرو دەریای رەش. دانیشتوانانی رەسەن لە ئێران بریتین لە ١٥ گەل لە نێویشیاندا جیرۆفت و ئیلامییەکان- ئاشتیانە ژیانیان گوزەراندووەو خاوەن شارستانیەتی رەسەنن.

لە گرنگترین ئەو ئیمپڕاتۆریانەی کە لە وڵاتی فارسدا لە پاش کۆچی ئارییەکان سەریانهەڵداوە بریتین :

**ئیمپڕاتۆریەتی میدیی**(٧٢٨-٥٥٠ پ. ن): میدییەکان لەو نەتەوانەن، کە لە باشووری رۆژئاوا نیشتەجێ بوون، ئەوەی ئێستا پێی دەگوترێت ئێران.

**ئیمپڕاتۆریەتی ئەخمینیی**(٦٤٨- ٣٣٠ پ.ن): تا ئەوڕۆ هیچ نەخشێك نییە باس لە فارسەکان بکات لە پێش کۆرشی گەورە (دووەم). یەکەمجار هەستا بە داگیرکردنی شانشینی ماد، دووەمیش هەستا بە هێرشکردنە سەر بابل، پاشتر وڵاتی شامیشی گرتەوە، دیسانەوە رۆژئاوای ئەنادۆڵ تا دەریای ئیجە. لە باکووریشەوە بەرفراوان بوو تا چیای قۆقان، هەمدیسان لە رۆژهەڵاتیەوە بەرفراوان بوو لە ئاسیای نێوەڕاست تا ئەوپەڕی گەیشتن بە شارستانیەت. کوڕەکەی لە پاش خۆی میسری داگیرکرد، پاشتر نەوەکانی جەنگیان لە دژی یۆنان و گەلانی دەریای رەش بەرپاکرد.

**ئیمپڕاتۆریەتی سلوقی**(٣٣٠-١٥٠پ.ن): پاش سەرنخونکردنەوەی ئیمپڕاتۆریەتی ئەخمینی لە لایەن ئەسکەندەری گەورەوە شانشینەکەی لە نێو فەرماندەکانیدا دابەشکرد، بڕێکیان ئیمپڕاتۆریەتی سلوقییان دروستکرد، کە خاوەنی فەرهەنگی یۆنانی بوو.

**ئیمپراتۆریەتی پارسیە( ٢٥٠پ.ز-٢٢٦ز) ئەشکانییەکان.**

**ئیمپراتۆریەتی ساسانیی(٢٢٦-٦٥٠ز):** لەسەردەمی گەشەسەندنی ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا هونەرو فەرهەنگو سیاسەت پێشکەوتنی بەخۆوەبینیو، گەشەسەندنی ئابووریشی بەخۆوەبینی تا سەرەتای فەتحی ئیسلامیی.

**ئێران لەسەردەمە سوننییەکاندا**

گەیشتنی ئیسلام بۆ وڵاتی فارس لە ئاخروئۆخری خەلافەتی ئەبوبەکردا دەستیپێکرد، لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگەکانی یاخیبوون (الردة)، بەڵام زۆربەی فەتحەکان لەسەردەمی عومەردا ئەنجامدران. سەرجەمی فتوحاتەکانی هەرێمەکانی دەوروبەری فارسیش لەسەردەمی عوسمانیدا ئەنجامدران. فەرمانڕەوایەتیکردنی وڵاتی فارس لەسەردەمی حوکمڕانی ئیسلامیدا لە لایەن چەندین دەوڵەتەوە بوو، سەرەتا ئەمەوییەکان(٦٦١-٧٥٠ز) تا دەگاتە دەوڵەتی خوارزمیی(١٠٧٧-١٢٣١ز)، واتە ئەو تورکانەی، کە لە چیای ئەلتایەوە هاتبوون.

**- گەشەسەندنی مۆرکی سوننەگەرایی لە فەتحی ئیسلامییەوە تا کەوتنی عەباسییەکان**

ئێرانییەکان سەرسام بوون بە دادپەروەریی و یەکسانیی و لێبوردەیی ئیسلام، لەژێر سایەیدا حەوانەوە، ئیسلامەتییان لێدەهاتو

دڵسۆزبوون بۆی، سووربوونی لەسەر بڵاوکردنەوەی ئایینەکە، ئەوەی گورجتر هاوکاربوو بۆ تەشەنەسەندنی لە ئێرانو گەشەسەندنی مۆرکی سوننەگەرایی تێیدا کۆچڕەوی زۆر خێڵی عەرەبیی بوو بۆ خاکی ئێرانو مانەوە تێیدا، پاشتر ئەندامانی ئەو خێڵە عەرەبییانە تێکەڵاوی ئێرانییەکان بوونو خزمایەتی لە نێوانیاندا دروستبوو، ئەمەش بووەهۆی تێکەڵاوبوونی رەگەزەکانو هەڵکشانی نفوزی ئیسلامیی و کاریگەریی عەرەبیی لە خاکیی ئێراندا.

مۆرکی سوننەگەرایی بۆ ماوەی نزیکەی نۆ سەدە زاڵبوو بەسەر ئێراندا- لەساڵی ٢١ك تا ٩٠٧ك(٦٤٢ز-١٥٠٢ن)- چونکە شەڕی نەهاوەند کە نێوبراوە بە فەتحی فەتحەکان لە سیٚ ٢١ك(٦٤٤ن) قەوماوە شەڕێکی یەکلایکەرەوە بوو، پاشتر دەوڵەتی ساسانیی نەیتوانی لەسەرپێی خۆی راوەستێت، لە پاش ئەم جەنگە دەرگاکانی ئێران بەڕووی سەربازە مسوڵمانەکاندا خرایە سەرپشت، ئیدی یەك لەدوای یەك کەوتنە گرتنی هەرێمە ئێرانییەکان، بەبیٚ هیچ بەرگرییەك کە شایەنی باسکردن بێت پاش ئەوەی سوپای (یزدگردی سێیەم) کۆتا پاشای ساسانییەکان پەروازەبووە تا خۆراسانو لەوێشەوە بۆ مەروە لە هەرێمی میزۆپۆتامیا لە هەوڵێکی شکستخواردوودا بۆگردکردنەوەی سەربازەکانی، بۆیەشە بە کوشتنی لە ساڵی ٣١ك(٦٥٢ن) تەواوبوو، ئەمەش کۆتایی ئاوابوونی دەوڵەتی ساسانیی بوو، ئیدی مۆرکی سوننەگەرایی لە ئێراندا لەژێر سایەی ئیسلامدا بەدرێژایی سەردەمی عەباسیی زاڵبوو لە ساڵی ١٣٢ك(٧٤٩ن) تا ساڵی (١٢٥٨ن). هەرلە

سەرەتاوە گواستنەوەی خەلافەت بۆ عەباسییەکان هاوکار بوو لە زیادبوونی نفوزی ئێرانییەکان لە دەوڵەتی عەباسیدا، ئێرانییەکان قەڵەمڕەوییان داگیرکرد لەم دەوڵەتەدا پتر لە نیو سەدە- ساڵی ١٣٢ك(٧٥٠ز) بۆ ١٨٧ك(٨٠٣ز)- واتە لەسەردەمی ئەبولعەباس سەفاحەوە یەکەم خەلیفەی عەباسیی تا سەردەمی هارونە رەشید پێنجەم خەلیفەی عەباسیی.

لە ساڵی ٢٠٥ك(٨٢٠ز) خەلیفە مەئمون ویستی فەرماندەکەی تاهیر کوڕی حوسێن پاداشت بکات بەبۆنەی سەرکەوتنی بەسەر ئەمینی برایدا، خۆراسانی دایە دەستیو، تاهیریش ئەم هەلەی قۆستەوەو دەوڵەتێکی دروستکرد بەنێوی دەوڵەتی تاهیریی و بۆ ماوەی پەنجا ساڵان لە هەرێمی خۆراسان تولی کێشا لە ساڵی ٢٠٥ك(٨٢٠ز) تا ٢٥١ك(٨٧٣ز).

بەمشێوەیە هەر لەسەرەتاکانی سەدەی سێی کۆچییەوە خولیای سەربەخۆیی جیا لە عەرەب لە ئێراندا سەریهەڵدا پاشتریش لە هەڵکشاندابوو لەو دەوڵەتانەی، کە جێی دەوڵەتی تاهیرییان گرتەوە وەك دەوڵەتی سەفاریی و دەوڵەتی خەزنەویی، بەلام مۆرکی سوننەگەرایی بەزاڵێتی بەسەر رووخسارەکانی چالاکیی مرۆیی لە ئێراندا بە درێژایی حکومڕانی عەباسییەکان مایەوە.

لە ساڵی ٢٥١ك(٨٧٣ز) یەعقوبی کوڕی لەیسی سەفاریی دەوڵەتێکی نوێی لە خۆراسان دامەزراندو نێوی نا دەوڵەتی سەفاریی و کوڕو نەوەکانی لە پاش خۆی تا ساڵی ٢٧٩ك(٨٩٢ز)ی دەسەلاتیان لەدەستدابوو.

لەساڵی ٢٧٩ك(٨٩٢ن) ململانێ لە نێوان بەرەی سەفاریی و بەرەی سامانیی دەستپێکردو بەسەرکەوتنی سامانییەکان کۆتایی پێهات و، رۆژهەلاتی ئێرانیان لێ سەندەوەو دەوڵەتێکی نوێیان دامەزراند بە نێوی دەوڵەتی سامانیی، حوکمڕانی دەوڵەتەکەش لە ئیسماعیلی سامانیی دامەزرێنەری دەوڵەت و کوڕو نەوەکانیدا خۆی دەبینێتەوەو نێوچەی رۆژهەلاتیان لەدەستدابوو، کە خۆراسان و میزۆپۆتامیای لەخۆدەگرت بۆماوەی سەدەیەك لەساڵی ٢٧٩ك(٨٩٢ن)، تا ساڵی ٣٨٩ك(٩٩٩ن).

لەسەردەمی نەسری کوڕی ئەحمەدی ساسانیدا دەوڵەتی سامانیی گەیشتە ترۆپکی هێزو، دەستیگرت بەسەر هەرێمەکانی میزۆپۆتامیا، خۆراسان، سجستان، تەبەرستان، رەی و کرمان، وێڕای ئەوەی سامانییەکان زۆر روخساری شارستانیەتی ئێرانیی کۆنیان زیندوو کردەوە، بەڵام ئەوان پێڕەوییان لە مەزهەبی سوننیی دەکردو بەهەمیشەیی زانایانی پشت رووبار/ما وراء النهر بە توندیی پەیوەستبوون پێیەوە.

لە لایەکی ترەوە سامانییەکان هەستان بە هەڵایسانی جەنگ لە تورکستان و سەرکەوتیان بەدەستهێنا، بەمشێوەیەش بەشێکی زۆر لە تورکەکان چوونە نێودەوڵەتی سامانییەوە، بە تێپەڕبوونی کاتیش توانییان دەوڵەتی سامانیی سەراوبن بکەن، بۆیەشە سەردەمێکی نوێ هاتە کایەوە، سەردەمی دەسەلاتی تورکەکان لە ئێرانی ئیسلامیی، هەروەها تورکەکان دەوڵەتێکی بەهێزییان دروستکرد، کە لە مێژووی

ئیسلامییدا بەگشتیی پێگەی خۆی هەیە، بەتایبەتیش مێژووی ئێران، ئەو قۆناغەش گەیشتە ترۆپکی پلەکانی لە روخساری سوننەگەرایدا لە ئێران.

خەلیفە عەباسییەکان هانایان دەبرد بۆ تورکەکان هەر لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی موعتەسەم کوڕی مەئمون- لە ساڵی ۲۱۸ك بۆ ۲۲۷ك( ۸۳۳ز-۸٤۲ن)- کە دایکی تورك بووە. ئێران رۆڵێکی تایبەت و تایبەتمەندی بەخۆوەی بینی لەسەردەمی سوڵتان مەحمودی خەزنەویدا، کە ناسرابوو بە ئازایەتیی و فتوحاتە زۆرەکانی و سەرکەوتنەکانی، دیسانەوە رۆڵێکی بەهێزی بینی لە پێشخستنی شارستانیەتی ئیسلامیی خاوەنی مۆرکی سوننەگەرایی، هەمدیسان لەپاش سەردەمی خەزنەویی لە پاش شکستی سوڵتان مەحمود خەزنەویی قۆناغی سەلجوقییەکان هاتە پێشێ لە ساڵی ٤۲۹ك(۱۰۳۸ن) بەدامەزراندنی دەوڵەت بۆ خۆیان لە هەرێمی خۆراسان، دەوڵەتی سەلجوقیش، کە خاوەن مۆرکی توندی سوننەگەرایی بوو بەروون و ئاشکرا، سوڵتانە سەلجوقییەکان زۆر بە توندی دەستیان گرتبوو بە مەزهەبی سوننەوە، خۆشیان بە سەربازی خەلافەتی عەباسیی لە قەڵەم دەدا لە پاش سەردەمی سەلجوقییەکانیش دەولەتی خوارزمیی لە ساڵی ٥۹۰ك(۱۱۹٤ن)، کە سەردەمێك بوو مۆرکی سوننەگەرایی لەسەرجەم سیماکانی شارستانیەتی ئێرانیدا دەرکەوت زاڵبوون بەسەر مسوڵمانانلدا لە ئێران لەپاش کەوتنی خەلافەتی عەباسیی لە بەغداد ٦٥٦ك(۱۲٥۸ن).

## ئێران لە پاش کەوتنی خەلافەتی عەباسییەکان:

کـەوتنی دەوڵـەتی سـەلجوقیی لـە ئێـران و عێـراق لـە سـاڵی ٥٩٠ ك (١١٩٤ز) سەرەتای کۆتـایی هـاتنی خەلافـەتی عەباسیی بوو لە بەغداد، کـەوتنی سـەلجوقییەکان رێکـەوت بـوو لەگـەڵ دەرکـەوتنی مـەغۆل و پێـشاندانی سـووربوونی ئـەوان لەسـەر جیهـانی ئیـسلامیی سـوننی. مەغۆڵـەکان لـەو خێڵـە تورکـە بتپەرسـتانە بـوون، کـە لـە نێوەڕاسـتی ئاسـیادا نیـشتەجێ بـوون، یەکـەم سـوڵتانیان( تیمـوجین) جـەنگیزخان مـەغۆلی گەیانـدە سـنوورەکانی دەوڵـەتی خـوارزمیی لـە سـاڵی ٥٩٩ك(١٢٠٣ز). لـە سـاڵی ٦٥٦ك(١٢٥٨ز) خەلیفـە موستەعـسەم بـیللا یەکێك لە خەلیفە عەباسییە سوننەکان کوژراو مەغۆڵەکانیش بەتـەواویی ئێران و عێراقیـان گـرت، ئیـدی مەغۆڵـەکان لـە ئێـران گیرسانەوەو شـاری سـوڵتانیەیان کـردە پایتـەختی دەوڵەتەکـەیان لـە ئێـران. وێـڕای بتپەرسـتیی مەغۆڵـەکان، مـۆرکی ئیـسلامیی سـوننەگەرایی بـاوو ئاشـکرابوو لـە ئێـران لـە پـاش کـەوتنی دەوڵـەتی خەلافـەتی عەباسـیی سوننی. بگرە چەسپاویی و بەهێزیی شارستانیەتی ئیسلامیی لە ئێران چەسپا، هێندە کاریگەربوو لەسەر مەغۆڵەکان کەوتنە گۆڕینی نەریت و ئاکاریان و جۆری نوێیان لە جلوبـەرگ دەپۆشـی و بیروباوەڕی ئاینییان بەشێوەیەك پێڕەو دەکرد، کە جیاواز بوو لـەوەی لە ژیانی خێڵایـەتیی بتپەرسـتیدا خوویـان پێوەگرتبـوو. پـاش ئـەوەی مەغۆڵـەکان سـەقامگیربوون لـە ئێـران پێویـستییان بەفەرمانبـەر هـەبوو بـۆ پۆسـتە ئیدارییـە جۆراوجۆرەکـان، ئەمـەش کارئاسـانیکرد بـۆ ئێرانییـەکان تـاکو

بگەن بە پۆستە ئیدارییە باڵاکان لە دەوڵەتی مەغۆلیدا، ئیدی مۆرکی ئیسلامیی سوننەگەرایی باوبوو لە روخسارەکانی جموجوڵی مرۆییدا لە ئێران لەسەردەمی مەغۆلیدا، تەنانەت تکودار ئەخو ئەبی خان- لە رێبەرایەتی مەغۆل- نێوی ئەحمەدی لێنرا- ئەمەش لە ساڵی ٦٨٠ك(١٢٨١ن) لەپاش تێپەڕبوونی کەمتر لە چارەکە سەدەیەك بەسەر کەوتنی خەلافەتی عەباسیی سوننی لەسەر دەستی مەغۆلەکان ئەوانەی لەرووی سەربازییەوە سەرکەوتنیان بەدەستهێناو لەلایەن مسوڵمانانەوە لەرووی شارستانییەوە قبوڵکرانو وازیان لە بتپەرستیی هێناو بوون بە مسوڵمان، هەروەها بوون بە سەربازی بەرگریکار لە ئیسلام.

پاشتر لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتی کۆچیی تەیمورییەکان بە رێبەرایەتیی تەیمور دەرکەوتن، توانییان هەرێمەکانی خۆراسان، مازندەرانو سجستان بگرن، زۆریشی نەبرد زۆر بەشی ئێرانیان گرتو پەلاماری عێراقو شامیان دا، تەیمور، شاری سەمەرقەندی کردە پایتەختی دەوڵەت و توانی بەشێك لە تورکستانو بەشێکیش لە هیندستان بگرێت، ئیدی لەژێر سایەی دەوڵەتی تەیموریدا مۆرکی سوننەگەرایی دیاردەیەکی زاڵبوو لە ئێراندا، بەڵام لە پاش مردنی دامەزرێنەرەکەیان تەیمور لە ساڵی ٨٠٧ك(١٤٠٥ن) لە نێو کوڕو نەوەکانیدا ململانێ دروستبوو بوو بە هۆی لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی خانەوادەی تەیموریی و، پەرتەوازەبوونی دەوڵەتی تەیموریی، خێڵەکانی (قەرەقیونلو) لە ساڵی ٨٠٠ك(١٤٠٨ن) توانییان دەست بگرن بەسەر هەرێمی ئازەربایجاندا، دەسەلاتی ئەو خێڵانە بەرفراوانبوو تا گەیشتە بەغداد، ئەوانەی هەرێمی رۆژئاوای ئێرانیان بەڕێوەدەبرد، لە

وەختێکدا کوڕانی تەیمور هەرێمی ڕۆژهەڵاتیان بەڕێوە دەبرد، ماوەی حوکمڕانیان بەردەوامبوو تا ساڵی٩١١ك(١٥٠٥ز).

بەکورتی و بەکوردی وێڕای پێکڕاتێکهەڵبوونی مەغۆل لە شارستانیەتو ژینگەی ئیسلامییدا، بەڵام ئەوەی ئەنجامیاندا بە کوشتن لەسەروبەندی هێرشەکانیاندا کارەساتێکی راستەقینە بوو، بووبەهۆی لەنێوبردنی ملیۆنان مرۆڤو بڵاوبوونەوەی پشێویی و ئاشووب لە وڵاتدا.

لە نێوان سەدەی یازدەو سەدەی نۆزدەدا نزیکەی پازدە شانشین حوکمڕانیی ئێرانیان گرتۆتە دەست، زۆربەیان بەنزیکیی بنەچەیان دەشتەکیی بووە لە ئاسیای نێوەڕاستەوە. دەشتەکییەکان هێزی سەربازییان بەکارهێناوە لەپێناو دەستەبەرکردنی بژێویی لە ڕێگەی دزینی سامان کە شارستانیەتە سەقامگیرەکان بەدەستیان هێناوە، واتە لەپای هەر پەلامارێك لە پاڵیدا زەویو زارێکی بەرین بەدەستهاتووەو سەرلەنوێ بە قازانجی بژاردەیەکی فەرمانڕەوای نوێ دابەشکراوەتەوە.

وەك پێشتر باسمان کرد مۆرکی سوننەگەرایی لە ئێراندا سوارو زاڵبوو، وێڕای کەوتنی خەلافەتی عەباسیی لەسەروبەندی زاڵبوونی مەغۆلو تەیمورییەکانیشدا بۆ ماوەی دوو سەدەو نیو لە پاش سەرنخونبوونەوەی دەوڵەتی خەلافەت، ئەو مۆرکە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات تا سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەویی شیعەگەرا لە ساڵی ٩٠٦ك(١٥٠١ز)و ڕاگەیاندنی مەزهەبی شیعەیی ئیمامی وەك مەزهەبی فەرمیی لە ئێراندا لە ساڵی ٩٠٧ك(١٥٠٢ز)، لەوساوە مێژووی ئێرانو شارستانیەتە ئیسلامییەکەی ئاراستەیەکی نوێی وەرگرتووە تا ئەمڕۆکە.

**سوننه لەژێر سایەی دەوڵەتی شیعەگەرادا**

ئێـران وەك حكومـەتێكی نێوەندگـەرای یـەكگرتووی پێكڕاگونجـاو مایـەوە، حكومەتـە هەرێمییـە نێوخۆییـەكان حوكمڕانییـان دەكـرد لـە چـەندین شـوێنی جیـاوازی وڵاتـدا تـا سـەرهەڵدانی شانـشینی سـەفەویی(١٥٠١ن). پاشـتریش شانـشینی ئەفـشاریی و پاشـتریش زەنـدیو قاجـاریی. ئـەم جـۆرە لـە حـوكمڕانی ستەمكاریی بـاوبوو لـە ئێرانـدا، تـا لەنێوچـوونی پەهلەوییـەكان، كـە لـە پـاش قاجارییەكانـەوە دەركەوتنو كۆتا سیستەمی پادشایەتی ئیمپڕاتۆریی بوو لە ئێراندا.

**- دۆخی مەزهەبییو ئایینیو فاكتەرەكانی دەركەوتنی سەفەوییەكان:**

ڕێبـازی سـەفەویی لەسـەرەتادا ڕێبـازێكی سـوننەگەرابوو بگـرە سـۆفیگەرای ئەرسـەدۆكیش بـوو، لەسـەردەمی هەرچـوار ڕێبـەرە بەراییەكەیدا لە لایـەن هەموانـەوە ڕێـزی لێنـرا، لەلایـەن زانایانو ڕەشـە خەڵكو خـاوەن دەسـەڵاتەكانەوە. ئەمـەش بـەو واتایـە دێـت كـە لـە ڕووی سیاسـییەوە سروشـتێكی ئاشـتیخوازانەی هـەبوو هـیچ تمـوحێكی سیاسیی نەبوو شایەنی باسكردن بێت لە ڕووی ئافەرۆزكردنی ڕەهەنـدە دنیاییەكانـەوە، بـەڵام بـەهاتنی جونەیـد بـەخێرایی وەرچـەرخا بـۆ ڕێكخراوێكـی سـەربازیی خـاوەن ئاڕاسـتەی ئـایینیو تایبەتمەنـد بـە مـۆركی شـیعەگەرایی تونـدڕەو، لـە دەورانـی حەیـدەردا جموجـوڵی سـەربازییان گەشـەیكردو پـشتیوانی قزڵباشـەكانیان بەدەسـتهێنا بەدانانی ئیسماعیل لەسـەرتەختی تـەبرێز. بـەكورتیی، كـەمتر لـە پێـنج

سەدە ڕێبازی سەفەویی لەڕووی ئاینیی و دنیاییەوە وەرچەرخا بۆ هێزێکی پەلاماردەر لە ئێران.

شا ئیسماعیل لەوەختێکدا بەدەسەڵات گەیشت لەنێو ئێراندا دوو تەوژمی سەرەکیی لەگۆڕێدا بوون:

سۆفیزمی "ڕەسەن" یاخود گشتیی: لەو دەمەدا جەوانیەت*/الجوانیة لەسەر شێوەی سۆفیزمی سوننەگەرایی ئەرسەدۆکسیی بوو. ڕێبازە سۆفیگەرا ڕەسەنەکانیش وەك مەولەویی و نەقشبەندیی، کەناڵی سەرەکیی بوون بۆ گوزارشتکردنی جەوانیی لە ئەنادۆڵەوە بۆ پشت ڕووبار، کە بە ئێراندا گوزەریان دەکرد.

سۆفیزمی جەماوەریی لە پاڵ مۆرکی شیعەگەراییدا: لەسەر شێوەی جووڵانەوەی جەماوەریی و ڕێبازی نیمچە سۆفی دەرکەوتن، توانییان لەو ڕێگەیەوە (جەوانی و بەڕانیی)[1] دنەی چاوچنۆکییە سیاسییی و چاوچنۆکییە ئاینییەکان بکەن و پشێویی و ئاشووب بخوڵقێنن، کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدان و هەڵایسانی شۆڕشە جەماوەرییەکان بوو دژ بە دەسەڵاتداران.

---

* جەوانیەت، فەلسەفەیەکی تایبەتە بە خودناسیی، هەوڵی ناسینی مرۆڤ دەدات بە ڕوانینێکی ڕۆحیانە، واتە قاڵبوونەوەو رامان لە قووڵایی مرۆڤبوون و، حەقیقەتخوازیی لەپشت واقیعەوە. لەفەرموودەیەکدا هاتووە: "إن لكل امرئ جوانيا وبرانيا، فمن اصلح جوانيه أصلح الله برانيه".

[1] تيريز (كولن)، **التشيع والتحول في العصر الصفوي**، ترجمة حسين علي عبدالساتر، منشورات الجمل، الطبعة الاولى ٢٠٠٨، كولونيا (المانيا)، ٢٠٠٨.

- زۆربەی سوننەکانی ئێران لەسەر فیقهی شافیعیی و حەنەفیی بوون، هاوکاتیش لەپاڵ هەڵکشانی سۆفیزم.
- دژواربوونی بەڕانیەت*/البرانیة ئایینی ئەرسەدۆکسیی، وێڕای هەوڵوهەڵپەی بڕێك لە ڕێبازە سۆفییەکان وەك ( اهل الفتوة، اهل الاخوة) لەپێناو پاراستنی بیروباوەڕە سوننییەکان و گرنگیدان بە هەردوو ڕەهەندی ڕۆحناسیی و روخسارناسیی ئاینییان.
- زۆرجاران گەشەسەندنی شیعەگەرایی ئیمامیی ئەرسەدۆکسی لە دەرێی ئێران مانەوەی پێویستییە فیقهیی و ڕۆحییەکانی بڕێك لە گروپە گچکەکان بووە لە مسوڵمانانی ئیمامیی دانیشتووی نێوچەکانی جەبەل عامل لە لوبنان و ئەحسا و بەحرەین، ئیدی مەزهەبی ئیمامی خزایە نێو ئێران لەسەردەستی زانا ئیمامییەکان ئەوانەی دەیانویست بیروباوەڕیان لەنێو دەسەڵاتداران بڵاوبکەنەوە، بەڵام کاریگەرییەکانی لەسەر ئێرانییەکان لاواز بوو ئەمەش وای لە ئیسماعیلی لاوو ڕاوێژکارانی کرد پەنابەرنە بەر ئەرسەدۆکسیەت تا دۆخەکە هێور بکەنەوە و زەمینە خۆش بکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتە تازەکەیان.

- **دەورانی سەفەویی**

ئیسماعیلی سەفەویی لەساڵی ١٥٠٠ز دەوڵەتەکەی دامەزراند، ڕاشیکەیاند، کە شیعەگەرایی ئایینی دەوڵەتی سەفەوییەو، مەزهەبی

---

* بەڕانیەت، گرنگیدانە بە رووخسارناسیی و دیوی دەرەوەی مرۆڤ.

شیعەی کردە مەزهەبی فەرمیی لەسەرتاسەری ئێراندا بەبێ هیچ پێشەکییەك و لەوەختێکدا سێ لەسەر چواری ئێران سوننە بوون.

یەکەم کاری شا ئیسماعیل لەپاش ئەوەی مەزهەبی شیعەی ئیمامیی کردە مەزهەبی فەرمیی دەوڵەتی سەفەویی کوشتنی سوننەکەرا یەکتاپەرستەکانی ئێران بوو، تەنانەت فەرمانیکرد لە بانی مزگەوتەکانەوە زانایانی سوننە توڕ بدرێنە خوارێ. لە تەبرێزی پایتەخت بەتەنها ڕێژەیان کەمتر نەبوو ٦٥٪ی خەڵکەکەی، بە دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە ئیمامیەت چووە نێو قۆناغێکی گرنگەوە بە ئامانجی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی هەوڵیان بۆدەدا، مەزهەبەکەشی بوو بە دەوڵەت.

لەسەردەمی شای سەفەویدا، کە هانای بردە بەر ئینگلیزو چەندین نێوەندی لە ئێراندا بۆ کردنەوە، دیسانەوە بڕێك لە ئاژاوەگێڕانی شیعەی ناردەسەر گەڕەك و کۆڵانەکان و، هەستا بە جنێودان بە خەلیفە ڕاشیدینەکان، نێوی ئەو گرووپانەش نرا( المتبرئون)، وەختێکیش هەستان بە جنێودان بە ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان دەبوو گوێگرانی ئەهلی سوننە لەبەر خۆیانەوە بیانوتایەتەوە.

ئیدی فارسەکان بەهۆی ئەوکردەوانەوە ناچاربوون لە ئایینەکەیان هەڵبێن و قبوڵی مەزهەبی شیعە بکەن بەناچاریی، دواجاریش سوڵتان سەلیمی یەکەم توانی شاری تەبرێز بگرێت، بەڵام لەپاش ئەوەی لێی دەرچوو دیسان کەوتەوە دەست سەفەوییەکان و یەکسەری هەستان بە کۆمەڵکوژیی وەحشەتناك و سوننەیان لەو شارەدا سڕییەوە، تەبرێز

بەتەواویی بوو بە شارێکی شیعە، لە تاقە رۆژێکدا پتر لە ١٤٠٠٠ کەس لە ئەهلی سوننەو جەماعە کوژران.

لەو دەمەدا کە سەفەوییەکان توندڕەوانە دەماربوون بەرامبەر بە ئەهلی سوننە رێگەیاندا بە نەسرانییەکان بەکردنەوەی کلێساو بازرگانیکردن لەگەڵ هیندستانو دەوڵەتانی بیانییو ئازادیی تەواویان پێدان، هەروەها گۆڕانکاریی گەورە بەدیهات لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ رۆژئاوادا، لە ئاکامی ئەو گۆڕانە سیاسییەش، کە شا عەباس دروستیکرد دەربارەکەی پڕبوو لە نەسرانییو کەشیش.

ئەمەش ئەو دەوڵەتە سەفەوییە بوو کە لە ساڵی ٩٠٧ك(١٥٠٢ز تا ١١٤٨ك/١٧٣٥ز) حوکمڕانییان لەدەستدابوو واتە نزیکەی ٢٥٠ساڵ، تاقە دەوڵەتی شیعەی ئیمامیی بوو لە مێژوودا.

## رەوشی سوننەکان لەدەورانی سیستەمی شاهەنشاهیی پەهلەوییدا

وێڕای نەمانی خانەوادەی سەفەوییو گرتنەدەستی حوکمڕانی لە لایەن خانەوادەی ئەفشارییەوە لە وڵاتی فارسدا، کەچی هەڵوێست لەبەرامبەر سوننەگەراییدا گۆڕانی بەسەردا نەهات، نە لە ئێرانو نە لە دەرەوەشدا. جەنگە بەردەوامەکان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا یەکێك بوو لە رووەکانی ئەو جەنگە. جگە لە قۆناغی حوکمڕانیی نادرشا، کە شێوە ئاگربەستێکی لەگەڵ ئەهلی سوننەدا هێنایە ئاراوە، بەڵام حوکمڕانەکانی پاش ئەو بەردەوامبوون لەسەر نەهجی سەفەوییەکان بەشێوەو رێگەی جیاواز. رژێمی پەهلەویی(١٩٢٦-١٩٧٩) وێڕای

سێکیوٚلاربوونی جیاوازبوو لە فەرمانڕەوایەتی سەفەویی و ئەفشاریی و قاجاریی لەوبارەوە. موحەمەد رەزاشای پەهلەویی پشتیوانیی لە حەوزەی قوم و نەجەف کرد لەسەردەمی مەرجەعیەتی بروجەردیی و موحسین ئەلحەکیم و خوئیدا، کە چەندین دامەزراوەیان هەبوو لە میسرو هیندستان و لوبنان و ئەو دەوڵەتانەی تر کە کاریان لەسەر بیری شیعەگەرایی سەفەویی دەکرد.

شرۆڤەکاران و زانایانی سوننە لەرووی بەراوردکارییەوە جیاوازن لە قۆناغی محەمەد رەزاشا و پاش شۆڕش بەرامبەر بە رەوشی ئەهلی سوننە و پێگەی سیاسیی و فەرهەنگییان، بۆچوونی زانایانی سوننە و کتێب و رێبەرانیان لەمبارەوە زۆرن:

مەرجیعی ئایینی ئەهلی سوننە لە ئێران شێخ عەبدولحەمید ئیسماعیل زەهی جەخت لەوە دەکاتەوە" کە لە پێش شۆڕشدا سەرباری رژێمی باوی وەخت، ئەو شتانەی بەلایەوە گرنگ بوو تەنها پرسی دەسەڵات و پاراستنی بوو، بۆیەشە جیاوازییان نەدەبینی لە نێوان سوننە و شیعەدا، مەزهەب رۆڵی کاریگەریی نەبوو لە بەڕێوبردن و پۆستەکاندا، بۆیەشە ئەهلی سوننە لە پۆستە حکومییەکاندا دادەنران و، پۆستی باڵای پۆلیس و هێزەکانی سوپایان پێدەدرا، ئیدی دڕودۆنگیی و ڕاڕایی فیکریی بەنیسبەت جیاکاریی و نایەکسانیی لە رژێمی پێشوودا لە ئاستێکی نزمدابوو، بکرە زۆریش لاوازبوو..."[1].

---

[1] رۆژنامەی (الشرق الاوسط)، الاربعاء، ٦ يناير ٢٠١٠، ١١٣٦٢.

**دۆخی ئەهلی سوننە لەرێگەی نمونەی داگیرکردنی ئەهوازەوە:**

چیرۆکی نەهامەتییەکانی ئەم هەرێمە لە ٢٦ی رەمەزانی ١٣٤٣ک/ ٢١ ئیپرلی( نیسان)ی ١٩٢٥ز دەست پێدەکات، وەختێک شا هەستا بە داگیرکردنی هەرێمی ئەهواز( عەرەبستان)، پاش ئەوەی شێخ خەزعەل ئەلکەعبی فەرمانڕەوای هەرێمەکە پەلکێشکرا بۆ تەڵەیەك، کە لەلایەن سوپاسالاری ئێران ژەنڕاڵ زاهیدییەوە تەگبیری بۆ کرا لەپێناو ئەنجامدانی گفتوگۆ، بەڵام ژەنڕاڵ زاهدیی هەستا بە قۆڵبەستکردنی شێخ خەزعەل‌و رەوانەی گرتووخانەی تاران کرا لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی تا ساڵی ١٩٣٦ هەر لەوێش تیرۆرکرا[١].

هەر لە داگیرکردنییەوە تا ئەورۆ کێشەی عەرەبستان، کێشەیەکی عەرەبیی‌و هەرێمی‌و نێودەوڵەتی نادیارە لە نەخشەی رۆژهەڵاتی

---

http:/aawsat.com/details.asp?section=11362

[1] شێخ خەزعەل بەدوورخراوەیی لە تاران لەلایەن پیاوانی شاوە خنکێنرا، لەپێش کوشتنی شێخ خەزعەل حکومەت بەیاننامەیەکی دەرکرد گوایە شێخ خەزعەل بەخۆی دەریکردووە، لە بەیاننامەکەدا هاتبوو:

١. میری عەرەبستان شێخ خەزعەل محێسین واز لەدەسەڵات دەهێنێت بۆ کوڕەکەی جاسب محێسین.
٢. دەوڵەتی ئێران ماف ئەوەی هەیە سەرپەرشتیی حوکمڕانیی نێوخۆیی لە عەرەبستان بکات.
٣. عەرەبستان پەیوەندییە دەرەکییەکانی دەپچڕێنێت لەگەڵ دەوڵەتانی تر، کە پەیماننامەی بازرگانیی لەگەڵ مۆرکردوون یاخود پەیوەندیی سیاسیی لەگەڵ بەستوون.

نێوەڕاستدا. هەر لە ڕۆژی یەکەمی داگیرکردنیەوە شۆڕشەکانی ئەهواز دژبە داگیرکەر کە پێڕەویی لە سیاسەتی زەوی سوتاو/الارض المحروقة دەکرد کە لەو دەمەدا داگیرکەر پێی هەڵدەستا. هەستان بە تارومارکردنی گوندو شارە عەرەبییە ئەهوازییەکان و بەبێ بەرگریکردن لە خۆیان گەنجان و جاحێڵان لە قەنارە دەدران لەپێناو تۆقاندنی خەڵکەکەی.

تەنانەت شوێنەوارەکانیش بێبەش نەبوون لە وێرانکاریی و تێکدان لەپێناو سڕینەوەی شوناسی ئەهوازی عەرەبیی و پساندنی پەیوەندیی مێژوویی بە قووڵایی عەرەبییەوە و گرێدانی بە مێژووی فارسییەوە، بە ئەنقەست هەستان بە ساختەکردنی مێژووەکەیی و گۆڕینی نێوەکەی لە ئەحوازەوە بۆ ئەهواز. دیسان هەستان بە گۆڕینی نێوی شارە عەرەبییەکان بۆ نێوی فارسیی. موحەمەرە – پایتەختی مێژوویی ئەهواز– نێونرا بە –خوڕەمشەهر، عەبادان بە ئابادان، حەوزە بۆ هوێزە، تەنانەت ئەحوازیش نێونرا خوزستان، تەواوی ئەمانە لە چوارچێوەی سیاسەتی فارساندندا بوو، کە پێڕەوی لێدەکرا، تەنانەت نێوی کەسەکانییشی گرتەوە.

حکومەتەکانی ئێران هەربەمەوە نەوەستان بەڵکو هەوڵیاندا لەپێناو پرۆسەی کۆچڕەو پێکردنی هۆزە عەرەبییە جێگیرەکان بەرەو نێوچەکانی باکووری ئێران و کێشکردنی دانیشتوانانی ئەو نێوچانە بەرەو ئەهوازو گیرسانەوەیان لەوێ. بگرە سیاسەتی برسیکردنی جاحێڵانی ئەهوازیشیان گرتەبەر لە ئەنجامی نەبوونی هەلی کارو

ناچارکردنیان بۆ ئەوەی کۆچ بکەن بۆ نێوەوەی ئێران و، پاشتریش دوورخستنەوەیان لە زێدو کەسوکارو ئینتیماو پەیوەندییان بە نێوچە تازەکانەوە بە نەریتی تر. یاخود کۆچپەوپێکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات و سڕینەوە شوناسی عەرەبییان لە ڕێگەی سەرقاڵکردنیان بە بژێویی و هیوا تایبەتەکانیان[1].

عەرەبستان بە کرداریی پەیوەندیی سیاسیی و بازرگانیی هەبوو لەگەڵ چەندین دەوڵەتی عەرەبیی و بیانیدا لەوانە: عێراق، ئیماراتی عەرەبیی لە خەلیج و بەریتانیا و رووسیاو تورکیا بە ئێرانیشەوە دەکرێت بڵێین هۆکارەکانی نسکۆی ئەهواز لە دوو فاکتەردا خۆی دەبینێتەوە:

**فاکتەری نێوخۆیی:** ئەم فاکتەرە خۆی دەبینێتەوە لە لاوازیی بونیاتی ئەهوازییەکان بەهۆی دووچاربوونیان بە هەژاریی و نەزانیی و نەخۆشیی و داکشانی ئاستی بژێویی و نەبوونی هۆشیاریی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لە دەورانی ئیمارەتی "البوكاسب الكعبية" و هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی لەئەنجامی نفوزی بیانیی لە لایەک و، ئەو ستەموزۆرەی کە بەهۆی حوکمڕانی شێخ خەزعەلەو تاقمەکەیەوە ڕووبەڕووی دەبوونەوە لە لایەکی ترەوە.

---

[1] قطيشات (ياسر)، الاحواز (عربستان): **القضية المنسية في اجندة الشرق الاوسط**، صحيفة منبر الحرية، ٢٠٠٩/٨/٢٤، لە سایتی (المحيط) (تۆڕی میدیایی عەرەبیی) وەرگیراوە: http://mohet.com/show-files

- **هۆکاری دەرەکیی: چەندین فاکتەر چڕبوونەوە بۆ سەرنخونکردنەوەی ئیمارەتی ئەهوازی عەرەبیی لەوانە:**

1. **دەرکەوتنی نەوت لە ئەهواز لە ساڵی ١٩٠٨.**
2. **شۆڕشی لینین لە ساڵی ١٩١٧، کە مەترسییەکی گەورەی دروستکرد بۆ بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا لە ئەهوازو نێوچەی خەلیجی عەرەبیی.**
3. **دەرکەوتنی رەزاخانی پەهلەویی لە دەسەڵاتدا لە ئێران، کە نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی فارسیی دژە ناسیۆنالیزمی عەرەبیی دەکرد، بەشێوەیەك هەوڵیدا هەرچی سیمای عەرەبییە لە ئەهواز ( عەرەبستان) کوێربکاتەوە، دیسان هەرچی پەیوەندیی و هاوبەستەگیی عەرەبیی هەبوو بە ئەهوازیی عەرەبییەوە پساندی.**
4. **پشتیوانی ئینگلیز لە داگیرکاریی فارسیی لە دژی ئەهواز، کە تاڕادەیەکی زۆر هاریکاربوو لە نسکۆی عەرەبە ئەهوازییەکان و، ئینگلیزەکانیش بۆ خۆیان دانیان بەوەدا ناوە.**
5. **هەڵوێستی نەرێنی عەرەب.**

**لەسەرجەم دەیەکانیشدا جووڵانەوەو رێکخراوی شۆڕشگێڕیی و سیاسیی لە ئەهواز دروستبوون، کە گوزارشتیان لە خواستەکانی دانیشتوانەکەی کردووە، ئەو جووڵانەوەو رێکخراوانەش بریتین لە :**

- **پارتی سەعادەت: لە ساڵی ١٩٤٦ دامەزراوە.**
- **بەرەی رزگاریی عەرەبستان: لە ساڵی ١٩٥٦ دامەزراوە.**

- **بەرەی نیشتیمانی رزگاریخوازیی عەرەبستان:** لە ساڵی ١٩٦٤ دامەزراوە.
- **بەرەی نەتەوەی رزگاریخوازیی عەرەبستان و خەلیجی عەرەبیی:** لە ساڵی ١٩٦٠ دامەزراوە، لە نێوچەی بەسیتین و خەفاجبە، رێکخستنەکانی نێوچەکانی موحەمەرە، عەبادان ، ئەهوازی پایتەخت، حوێزەی گرتەوە.
- **بەرەی نەتەوەیی رزگاریخوازیی عەرەبستان:** لە ساڵی ١٩١٧ دامەزراوە و بنکەی جموجوڵەکانی موحەمەرە و نێوچەکانی دەورووبەری بوو، لە ساڵی ١٩٦٩ نێوی خۆیان گۆڕی بۆ بەرەی رزگاریی ئەهواز.
- **جووڵانەوەی شۆڕشگێڕیی رزگاریخوازیی عەرەبستان:** لە ساڵی ١٩٦٨ بەخۆ کەوتوون، جووڵانەوەکە چەندین ژمارەی لە بڵاوکراوەی زایەڵەی شۆڕش/اصداء الثورة بڵاوکردۆتەوە، جەختی کردۆتەوە لەسەر تێکشکاندنی پایەکانی حوکمڕانیی رەگەزپەرستیی لە ئێران.
- **بەرەی جەماوەریی رزگاریخوازیی ئەحواز:** لە ساڵی ١٩٦٨ سەریهەڵداوە، راشیگەیاندووە کە خەباتی ئەوان بەشێکی دانەبڕاوە لە خەباتی ئێران بۆ سەراوبنکردنی سیستەمی شاهەنشاهیی و دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی دیموکراسیی.

کێشەی ئەهواز هەڵچوون و داچوونی لە نێوان هاوسیٚ عەرەبەکانیدا دروستکردووە، بۆ ئەم مەبەستە ئێران پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ سوریادا پچڕی وەك ناڕەزایەتییەك لەسەر ئەو لێدوانانەی، کە سەرۆك وەزیرانی سوریا یوسف زەعین لە پەرلەمانی سوریادا بە

ئاشکرا گوتی: پێویسته "عەرەبستان لە دەستی داگیرکاریی ئێرانیی رزگار بکرێت". لە ساڵی ١٩٧٥ تەواوی نوسینگەکانی رێکخستنە سیاسییە عەرەبستانییەکانی لە عێراق داخران و برێکیان گوازرانەوە بۆ سوریاو لوبنان و لیبیا، بەهۆی مۆرکردنی رێکەوتننامەی جەزایر لە نێوان عێراق و ئێراندا.

*** رۆڵی سوننە لە سەرنخونکردنەوەی شاو سەرکەوتنی شۆڕشی خومەینیدا:**

هەڵەیەکی زەقە گەر بروامان وابێت یاخود بڵێین شۆڕشی ئێرانیی لە ساڵی ١٩٧٩ "شۆڕشێکی ئیسلامیی" بووە. بەو مانایەی کە پاڵنەرەکانی ئاینیی رووت بوون یاخود بڵێین پیاوانی ئاینیی شیعەو حەوزەی قوم لە پشت شۆڕشەکەوە بوون. لەڕاستیدا شۆڕشێکی جەماوەریی گشتیی بوو، تێیدا تەواوی تەوژمە سیاسییە لیبراڵیی و چەپ و نیشتیمانییە ئێرانییەکان تێیدا بەشداربوون، سەرباری رۆڵی پێشەنگی ئیسلامییەکان سوننەو شیعەو، تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیی، بە دانیشتوانی کوخی سەرچیاوچۆڵەکان و، پشتێنەی هەژاریی دەورووبەری مەزنە شارەکانی ئێران بەتایبەت تاران و، بازرگانانی بازاڕ لە نێوجەرگەی پایتەختی ئێران، سەرباری قوتابیان و رۆشنبیران و تەواوی چین و نێوەندی ئێرانیی، لە پاڵ سەرجەم پارتە بەرهەڵستکارەکانی رژێمی شاهەنشاهیی. عەرەبی ئەهواز رۆڵی دیاریان هەبوو لە سەرکەوتنی شۆڕشدا، بەتایبەت لە

رێگەی بەشداریی سەرەکیی ئەوان لە مانگرتنەکانی کرێکارانی نەوت بەشێوەیەك تواناکانی رژێمەکەی شایان گۆجکردو، رووخانی رژێمەکەی گورجتر کرد.

دیسانەوە ئەهلی سوننەی ئێرانیی بەشدارییانکرد لە خۆپیشاندانە ملیۆنییەکاندا، لە زۆربەی شارەکانیشدا وزەی خۆپیشاندانەکان بوون بەتایبەت لە تاران ئەمەش لە لایەن برێك لە رێبەرانی شۆڕشەوە جەختی لێکراوەتەوە بگرە خودی خومەینیی لە چەندین بۆنەدا جەختی کردۆتەوە[1]، سەرباری رۆڵی زانایانی سوننە، لێرەدا دوانیان بە نمونە وەردەگرین:

**شێخ عەبدولعەزیز مەلا زادە:** نێوبراو هەستا بە هەڵمەتێك کە بڵاوبوونەوەی هۆشیاری ئاینیی و سیاسیی لێکەوتەوەو رێبەرایەتیی دروستکردنی ١٥٠ مزگەوتی کرد، هەروەها لە کۆلێژی زاهیدان وانەی وتۆتەوە لەپاش فشارەکانی شا بەجێی هێشتووە، پاشتر رێبەرایەتیی سڕینەوەی ئەو بیدعەو شتە پڕووپووچانەی کردووە کە لە سەردەمی ئەودا لە هەرێمی بلوچستان بڵاوبۆتەوە، دیسانەوە رێبەرایەتیی یاخیبوونی خەڵکی شیرازی کردووە دژ بە شاو هاوکێشەکەی قڵپ کردۆتەوەو شکستی هێناوە بە پلانی لێدانی یاخیبوونی خەڵکی

---

[1] بۆ نمونە بڕوانە:

هويدي(فهمي)، **إيران من الداخل**، الطبعة الرابعة، مركز الاهرام للترجمة والنشر. مال الله (محمد)، **موقف الخميني من السنة** (الجزء الاول، دراسة بدون ذكر دار النشر، محملة من الانترنت.

نێوچەکەو لە ڕۆژی جەژنی قورباندا گوتاری داوە لەمبارەوە، هەمدیسان پلانی بەرپرسان شکستی هێناوەو لەو ڕۆژەدا گوتوویە:" ئێمە خەڵکانێك نین وەك کۆیلەیەك لە کۆیلەکانی شا بەکارمان بهێنن، ئێمە شمەکێکی بۆماوە نین هەرکەسێك هەستێت پیاوانمان بباتو وەك مەڕ سەریان ببڕێت..."[1]. هەروەها وێڕای ڕووداوەکەی خانمە وەزیری پەروەردەو فێرکردن ( پەروین ئیعتیسامی) لە دەورانی شاداو تەنگەتیلەکردنی عەبدولعەزیز مەلا زادە لە کۆلێژی زاهیدان.

مەلا ئەحمەدی موفتی زادە: نێوبراو هاریکاربوو لە کوژانەوەی جیاوازییە مەزهەبییەکان، هەروەها لە کوردستان هانی خەڵکیدا لە ڕێگەی گوتارو پشتیوانیی ماددیی و مەعنەویی بە ئامانجی پاڵپشتیکردنی شۆڕش و بەشداریی لە ڕێپێوان و نارەزایەتییەکاندا، دیسانەوە دەستی دایە هەڵمەتێکی گەورە دژ بە شاو بێلایەنی خۆی ڕەتکردەوە، بگرە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشدا تۆکمەکردو پەیامێکی نارد بۆ خومەینیی لە تاراوگە، تێیدا جەختی کردبۆوە لەسەر ئەو شتانەی پێویستە بکرێن بۆ خستنی شاو دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامیی، لە ساڵانی یەکەمی شۆڕشدا لەدژی نەیارەکانی وەستایەوە لە پاش بەرپاکردنی هەڵمەت لە دژی و ڕەخنەبارانکردنی.

---

[1] ڕۆژنامەی (المجتمع)ی کوێتیی، ٢٦ی ئیپریلی ١٩٨٨، لە "احوال اهل السنة في إيران" وەرگیراوە، عبدالله محمد غریب، سەرچاوەی پێشوو.

## کۆتایی

دەکرێت بڵێین هەرچی ڕوودەدات لە ئێرانی ئەورۆدا لە جیاکاریی و نەبوونی مافەکان بەسەرجەم شێوەکانیەوە بەسەر ئەهلی سوننەدا دەرەنجامی سروشتی مەزهەبیی شۆڕش و ڕژێمە سیاسییەکەیەتی[1] (ڕژێمی ویلایەتی فەقیە) و سروشتی واقیعی جوگرافیی لە ئێران و مێژووی ئەم وڵاتە وەك لە کۆڵینەوەکەدا روونمان کردەوە، لە پێش فەتحی ئیسلامیی یاخود ئەو ساڵانەی پاش هاتنی ئیسلام بۆ ئێران. بەڵام دیسان دەرەنجامی فاکتەرەکانی دابەشبوونی جوگرافیی و ئەو فاکتەرە مێژوویانەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە، دیسانەوە

---

[1] لە راستیدا خوێندنەوەکان بۆ رەوشی سوننە لە ئێران هەمەلایەنن، لەپاش شۆڕش، دەستوور جەختی کردۆتەوە لەوەی سوننەکان دەتوانن لە فەرمانگەکان دابمەزرێن و لە پۆستەکاندا بەگەڕ بخرێن، بەڵام حکومەتە یەك لە دوایەکەکان تاقە کەسێکی لە سوننەکان بۆ جارێکیش نەکردۆتە جێگری سەرۆك یاخود وەزیر، یاخود جێگری وەزیر، یاخود باڵوێزی وڵات، یاخود سەرۆکی پارێزگایەك لە پارێزگاکان. لەمانەش سەیرتر بەشداریی ئەوان لە بەڕێوەبردنی ئەو پارێزگایانەشدا کە زۆرینەیان سوننەن لاوازە، هەروەها جیاکاریی تایفیی روون و ئاشکرایە لە بابەتی بژاردەی سوننەکان و وەرگرتنی پۆستەکان. سەبارەت بە هێزەکانی پۆلیس تەنها لەسەرەتای شۆڕشدا بۆ ماوەیەکی کورت دادەمەزرێنران، لەئێستاشدا سوننەکان ئامادەییان نییە لە هێزە چەکدارەکاندا، وێڕای ئەو جیاکارییانە سوننەکان لە جۆرێك لە دڕدۆنگیی و ڕاڕایی و نادڵنیاییدا دەژین، بەپێی گوتەی زانایای سوننە لەتاران و ئەسفەهان و کرمان و یەزدو ئەو شارانەی کە زۆرینەیان شیعەن مزگەوتی سوننە بوونی نییە، دیسانەوە چاودێران باس لە چەندین پێشێلکاریی دەکەن دەرهەق بە سوننە لە قوتابخانەو پەیمانگەکاندا.

دەگەڕێتـەوە بـۆ بـارودۆخی سیاسـیی و کۆمەڵایـەتیی پـێش شـۆڕش- سەردەمی محەمەد ڕەزاشاو سـەردەمی بـابی- هـەروەها سروشـتی ئـەداو هاوپەیمانییـە سیاسـییەکانیان لـەو دەمـەدا، بـەڵام چـۆن ڕێبـەرو زانـاو بیریارانیان نەیانتوانی سروشتی ئایندەیی شۆڕشەکە بەهەند وەربگرن و پێشبینی بکـەن بەتایبـەت ئەوانـەی ڕەخنـەیان لـە شـۆڕش و پیاوەکـانی دەگــرت لــە پاشــتردا ، زۆری نــەبرد مــسوڵمانانی ســوننە دووچــاری شــێوەکانی ســـتەم و زۆرو چەوســـانەوە بوونـــەوە، بگـــرە جـــەخت لەوەدەکەنـەوە کـە خومـەینیی هەڵگەڕایـەوە لـە پـشتیوانییەکانی ئـەهلی سوننە لە شۆڕشدا. لـە دیاریترینییـان مـەلا ئـەحمـەدی موفتی زادە، کـە چارەنووسـی زینـدان بـوو بەدرێـژایی دوو دەیـە، هـەروەها هـەمان چارەنووسیش بۆ شێخ محەمـەد تاهیر خاقانی، کـە خومـەینی بـەخۆی بـەڵێنی پێـدا مـافی عـەرەب بـدات، بـەڵام بەڵێنەکـەی نەبردەسـەر، نێـوبراو قۆڵبەستکراو بەدەستبەسەریی لە قوم گیانی لەدەستدا.

# پوختەیەك دەربارەی ئێستای سوننەكان لە ئێران

عیمران سەمیح نەزال[•]

## دەروازە

لـەم چـەند سـاڵەی دواییـدا تیـشكەكان بـە وردیـی خراونەتەسـەر كۆماری ئیسلامیی ئێران و، لەماوەی ئایندەشدا پتر زیاد دەكەن لەسـەر گـەورەترین ئاسـتی نێودەوڵـەتیی و هـەرێمیی و نیشتیمانیی، بـە تیـشك خـستنەسەر دۆسـیە ئەتۆمییەكـەی ئێـران بێـت لەگـەڵ ئاژانـسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمیی یاخود بە رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی ئێـران لەگـەڵ دەوڵـەتی ئیـسرائیل یـاخود لـە رێگـەی حیزبـوڵڵاو حەماسەوە، یاخود لە رێگەی سەركۆنەكردنی مامەڵەی حكومـەتی ئێـران بەرامبـەر بـە ئۆپۆزیـسیۆنی ئێرانیـی لـە پـاش دوا هەڵبـژاردنی سەرۆكایەتیی لەلایەن كۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، هـەروەها گرێـدانی بە سزا نێودەوڵەتییە چاوەڕوانكراوەكان لە لایەن نەتـەوە یەكگرتووەكانـەوە لـەپێش چارەسـەركردنی سـەربازییانەی كێـشەكە، هـەروەها هاوپـەیمانێتیی نێودەوڵـەتیی و هـەرێمیی هەوڵـدەدات دەوڵـەتانی

---

[•] كۆڵەرو نووسەرێكی ئوردنییە.

هاوسێی ئێران بەتەواوی تواناکانیانەوە رووبەڕووی ئێران ببنەوە. لە نێوانیشیاندا رووبەڕووبوونەوەی مەزهەبیی، تاکو جەنگەکە جەنگێکی بیانی نەبێت بۆ نێوچەکەو دانیشتوانەکەی وەك هەڵەکانی جەنگ لەگەل عێراق و ئەفغانستان و هەرەسهێنانی هەردوو سیستەمەکەی حوکمڕانیی لەو دوو دەوڵەتەدا.

لێرەوە دەگونجێت قسەکردن لەبارەی جووڵانەوەکانی ئەهلی سوننە لە ئێران بچێتە نێو حسێبی هاوکێشەی گۆڕانکاریی چاوەڕوانکراو لە ئێران. سوننەکان بەشێکی گرنگن لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی دژبە رژێمی دەسەڵاتدار، بەهۆی مێژووی دووروودرێژیان یەکەم لە قۆناغی پشتیوانیکردنی رژێم، دووەمیش بەرهەڵستیکردن و هەوڵدان بۆ گۆڕینی رژێمەکە، هەروەها بەهۆی قورسایی فیکریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییانەوەو، بەهۆی درێژبوونەوەی پاڵپشتی هەرێمیی، کە دەکرێت لە دەوڵەتانی هاوسێی سوننەوە پێیان بکات، یاخود لەرێگەی سەرجەم نەتەوەکانەوە، کە نوێنەرایەتی ئەهلی سوننە دەکەن لە عەرەب و کورد و بلوچ و تورکمان و ئەوانی تر، واتە قسەکردن لەبارەی جووڵانەوە ئیسلامییەکان و سوننەی ئێران دابڕاو نییە لە هەلومەرجە نێودەوڵەتیی و هەرێمیی و نیشتیمانییەکانەوە، کە بەرۆکی رژێمی ئێستای ئێرانی گرتۆتەوە.

ئەمەش بەهیچ کلۆجێك ناکاتە تۆمەتبارکردنی ئەو کۆڵێنەوانەی، کە ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرن بە پاتەخۆریی بۆ هەر لایەنێکی نێودەوڵەتیی یاخود هەرێمیی، بەهۆی رەوشی ئێستاوە، بەڵکو دەبێت یەکەم

پێویستبوونی بابەتێکی لەمشێوە بەهەند وەربگرین، دووەمیش بە پێوەری بەرژەوەندییە ئیسلامییەکان بەگشتیی، لەسەرەتاشدا بەرژەوەندییەکانی گەلی ئێران بەسەرجەم پێکهێنەرە نەتەوەیی و مەزهەبیی و کەمینە ئاینییەکانەوە. شیعە بێت یاخود سوننە. ئەم کۆڵینەوەیە لە بەرژەوەندیی ئەهلی سوننەدا نییە بە دژی شیعە یاخود بە پێچەوانەوە، دیسانەوە لە بەرژەوەندی عەرەب نییە بەدژی فارس یاخود بە پێچەوانەوە، یاخود دژی هیچ نەتەوەیەکی تری ئێران نییە، چونکە ئامانجی سەرەکیی زانینی راستیی و بەکارهێنانیەتی بە قازانجی هاونیشتیمانیانی ئێران، بەهەوڵدان بۆ ئەفراندنی هەلومەرجی فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بەشێوەیەك کۆمەکیی تەواوی گەلانی ئێران بکات بۆ باشکردنی دۆخی ئێران و پێشخستنی دەوڵەتەکەیان.

هەڵایسانی شۆرشی ئیسلامیی، لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، چەخماخەی ئومێد بوو بۆ زۆرینەی موسڵمانان لەسەر زەویدا، ئەمەش تەنها لەبەر بەرزکردنەوەی دروشمی حوکمڕانیی ئیسلامیی بە عەقیدەو شەریعەت و دەستوورەوە، لە سیستەمێکی حوکمڕانیی کۆماریی پەرلەمانیی هەڵبژاردنی دیموکراتیداو[1]، هەروەها

[1] الدكتورة نيفين عبدالمنعم مسعد، صنع القرار في إيران والعلاقات العربية الايرانية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، الطبعة الثانية، ٢٠٠٢، ص ٢٨٠. وليد خالد مبيض وجورج شكري كتن، خيارات إيران المعاصرة، دار علاءالدين، دمشق، الطبعة

بـەهۆی بانگـەوازی بـۆ یـەکێتیی مـسوڵمانان لـەژێر دروشمـی "نـە شیعەگەرایی... نە سوننەگەرایی، بەڵکو ئیسلام"دا[1]، بۆیەشە لە پێشی پێشەوەی مسوڵمانانی پاڵپشت لە شۆڕش‌و بەشدار تێیدا سوننەکان بـوون لـە ئێـران بەتـەواوی نەتـەوەو جووڵانـەوەو کۆمەڵـەو دامـەزراوە زانستییەکانەوە[2].

بـەڵام زۆری نـەبرد ئـەو پـشتیوانییە گەورەیـە بـە بـا چـوو، وەختێـك ڕژێمـی ئێـران شوناسـی مەزهـەبیی شـیعەگەریی دۆگمـای گرتەبـەر[3]. هـەروەها هـەروەختێکیش ئامانجـەکانی بـەدیار کـەوتبێ لـە دەسـتگرتن بەسـەر ڕێبەرایـەتیکردنی جیهـانی ئیـسلامییدا هـەرکات بـۆی لـوا بێـت[4]، جـا بـە داگیرکردنـی زەوی‌و زاری دەوڵـەتانی هاوسـێ بێـت، یـاخود بـە

---

الاولى، ۲۰۰۲، ص ۳۹. عبدالله نبالي، الجمهورية الاسلامية الايرانية في الميـزان، د.ت، ص ۲۷۱.

1 محمد سرور زين العابدين، احـوال اهـل الـسنة في إيـران، دار الجابيـة، لنـدن، الطبعـة الرابعة، ۲۰۰۷، ص ۱۸.

2 محمد سرور زين العابدين، احوال اهل السنة في إيران، سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۷–۲۹–۵۰.

3 داخرانی مەزهەبیی بریتیـە لـە قەتیسبوونی خوێندنـەوەو مەعریفـەو فـەتوادان لەسـەر تاقە مەزهەبێك‌و ئافـەرۆزکردنی مەزهەبـە ئیـسلامییەکانی تـر، بـۆ زانیـاری زیـاتر عمـران سميع نزال، المدخل العلمي لفهم القران الكريم، نظرات في التجديد المنهجي، دار قتيبة، دمشق، ودار القراء، عمان، الطبعة الاولى، ۲۰۰۳، ص ۲۳۱.

4 الدكتور وليد عبدالناصر، إيران دراسة عن الدولة والثورة، دار الشروق، القاهرة، الطبعة الاولى، ۱۹۷۷، ص ۷۱.

دروستکردنی کاریگەریی لەسەر رووداوە سیاسییەکان[١]. دوا هاوارو لاڵەی ئیمامی نوێی ئەزهەر شێخ ئەحمەد تەیب بۆ میدیاکان لەبارەی "شەپۆلی شیعەگەرایی"[٢] گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئازاردانی دەوڵەتانی ئیسلامیی و کۆڕە زانستییە مەزنەکانیان لە هەوڵوهەڵپەکانی کۆماری ئیسلامیی بەدەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی دەوڵەتانی ئیسلامیی تر، جابە دەستێوەردانی راستەوخۆ بێت یاخود ناڕاستەوخۆ یان بە بانگەوازکردن بۆ مەزهەبی شیعەی ئیمامیی، یانیش بە پشتیوانیکردنی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دەسەڵاتانە[٣]، بەتایبەت لە دەوڵەتانی عەرەبیدا، کە رێژەیەك لە شیعەی ئیمامیی و زەیدیی و ئیسماعیلیی و عەلەویی و دروزیی تێیدایە[٤]، ئەمەش بەشێوەی تایفە یاخود تایفەی گەورە یاخود مامناوەندو کچکە، بگرە تەنانەت گەر چەند کەسێکیش بن، چونکە ئەوەی رژێمی ئێران بەهەندی وەردەگرێت

---

[1] الدكتور مهدي شحادة، والدكتور جواد بشارة، إيران تحديات العقيدة والثورة، مركز الدراسات العربي – الاوروبي، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٩٩، ١٤٠. الدكتورة نيفين عبدالمنعم مسعد، صنع القرار في إيران والعلاقات العربية الايرانية، ص ٢١٠.

[2] چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ کەناڵی بی بی سی عەرەبیی ئەنجامدراوە، لە گوتەیەکدا لەچوارچێوەی بەرنامەی "في الصميم"، کە رۆژی دووشەممە (٢٠١٠/٤/٥) پەخشکراوە، بڕوانە سایتی یەکێتی جیهانیی زانایانی مسوڵمان و سایتی ئیسلام اونلاین لە رۆژی ٢٠١٠/٤/٧.

[3] الدكتور وليد عبدالناصر، دراسة عن الدولة والثورة، ص ١٠٦.

[4] الدكتور وليد عبدالناصر، دراسة عن الدولة والثورة، ص ٩١.

پەلکێشانی مەزهەبیی و سیاسیی شۆڕش و ڕژێم و دەسەڵاتەکەیەتی یاخود پەلکێشانی پڕوپاگەندەیی بۆ "پرنسیپەکانی شۆڕش لە نێو مسوڵمانانلدا لە تەواوی جیهاندا"[1].

## پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان ئێران و دەوڵەتانی عەرەبیی و ڕەنگدانەوەکانی

بابەتی نییە گەر کۆڵینەوەیەك بکەیت لەبارەی ڕێکخستن و جووڵانەوەکانی سوننە لە ئێراندا بەبێ زانینی قۆناغەکانی گەشەسەندنی پەیوەندییە سیاسییە گشتییەکان لە نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ زۆرینەی دەوڵەتانی عەرەبی و[2]، ڕەنگدانەوە ئایینیی و نەتەوەییەکانی لە نێوخۆدا لەسەر سوننەکان لە ئێران و، لەسەر شیعەکان لە دەوڵەتانی عەرەبیدا. شۆڕشی ئیسلامیی لەسەرەتای هەشتاکاندا دەنگ و سەدای گەیشتە نیشتیمانی عەرەبیی بەهۆی چەندین فاکتەری شاراوەوە[3]. پاشتر جەنگی ئێران- عێراق

---

[1] الدكتور وليد عبدالناصر، دراسة عن الدولة والثورة، ص ٦٢-٧٠.

[2] الدكتور محمد صاح المسفر، البعد السياسي للعلاقات العربية الايرانية، وقائع ندوة التعاون العربي الايراني، منشورات منتدى الفكر العربي، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣، ص ٣٦. الدكتور بيروز مجتهد زاده، التحولات الاساسية في السياسة الخارجية الايرانية في عهد الاصلاحيين، مجلة دراسات شرق اوسطية، عمان، العدد ١٢، ٢٠٠٠، ص ٦٥.

[3] محمد حسنين هيكل، حرب الخليج اوهام القوة والنصر، القاهرة، مركز الاهرام للترجمة والنشر، الطبعة الاولى، ١٩٩٢، ص ١١١.

دژوارتـرین سـاتەکانی ململانـێ هاوچـەرخی نێـوان هـەردوو نەتـەوەی فارسـیی و عـەرەبیی بـوو، هـەردوو دەوڵـەتی شـەڕکەر تـەواوی چـەکە مـاددیی و مەعنـەویی و ئـاینیی و مەزهـەبیی و نەتـەوەیی و مێـژوویی و کەلتوورییەکانیان بەکارهێنا[1]. ئەمەش ئەهلی سوننەی لە ئێراندا خستە نێو دۆخێکی بەرتەسکەوەو بەشدارییان نەکرد لەو جەنگەدا، حکومەتـە یـەك لـەدوا یەکـەکانی ئێـرانیش جووڵانـەوەکانی ئـەهلی سـوننەیان تۆمەتبار دەکرد بەوەی پەیوەندییان هەیە بە ئەجێندا دەرەکییەکانـەوە لەگەڵ دەوڵـەتانی هاوسێ، کە تـەواویان سوننەن و لـەپێش داگیرکاریی ئەمەریکیی بۆسەر ئەفغانستان و عێراق[2].

سیاسـەتی دەرەوەی ئێـران، کـە پێـشتر باسمـانکرد، بەرامبـەر بـە دەوڵـەتانی عـەرەبیی و ئیسلامیی گـەورەترین کاریگـەریی هـەبوو لەسـەر تێڕوانینییـان بۆ ئـەهلی سـوننە لـە ئێران، لـە بەرامبەریـشدا تێـڕوانینی دەوڵەتانی عەرەبیی بۆ شیعە لە دەوڵەتانی عەرەبیدا، هـەروەها لـەپاش داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە، دانانی حکومەتێکی نوێ لەسـەر بنـەمای دابەشـکاریی تـایفیی و ئیتنیـی، ئـەو بابەتانـەی کـردە بابـەتی هەسـتیارو بـە چـاوی گومـان و ترسـەوە لـە لایـەن دەوڵەتـە عـەرەبیی و ئیسلامییەکانەوە تەماشادەکرا[3]. بۆیەشە تا ئەوڕۆکە جێگەی پرسیارو

---

[1] الدكتور على محافظة، البعد السياسي في العلاقات الايرانية العربية، وقائع الندوة حول التعاون العربي الايراني/ طهران، ١٤-١٥ اكتوبر (تشرين الاول) ١٩٩٩، ص ٦٤.

[2] الدكتور وليد عبدالناصر، دراسة عن الدولة والثورة، ص ٨٦-٨٧-٨٩.

[3] الدكتور وليد عبدالناصر، دراسة عن الدولة والثورة، ص ٨٦.

شــيكاريی و كۆڵينەوەيــە لەلايــەن دەزگــا ئەمنييەكانــەوە لــە لايــەن سياسەتوانان و زاناو رۆشنبيرانی عەرەبەوە، بەئامانجی زانينی ئامانجە راستەقينەكانی، گـەر ئـايينی و مەزهـەبيی و تـايفی بێـت، يـاخود لەبـەر هۆكاری سياسيی بێت لە پێش هەرشتێكی تردا، رەنگبێ خۆی مەلاس دابێت بە تايفەی شيعە ياخود سوننە، هەروەختێك تايفيـەتی مەزهـەبيی بوونی تايفيی و جوگرافيی هەبێت، وەك مەسەلەی عێراقيی و لوبنـانيی و ئەفغانيی و يەمەنييدا، ياخود بەسترابێتەوە بە هۆكاری سياسييەوە وەك بەرەنگاربوونــەوەی پــرۆژە رۆژئاواييــە ســەرمايەدارييەكان لــە نێوچــە عـەرەبيی و ئيسلامييەكاندا[1]. رژێمـی ئێـران لەسـەروەختی سـەركەوتنيدا دوژمنايەتيی راستەوخۆی رۆژئاوای رانەگەياند، كە رۆژئاوا پشتيوانی لێكـرد، يـاخود دوژمنايــەتيی لەگــەڵ ويلايەتــە يەكگرتووەكانــدا، كــە زەمينەی خۆشكرد لە بەردەواميدا بۆ جڵەوكردنی دەسەڵات[2]، يـاخود بە بيـانووی بەگژداچوونەوەی پـرۆژە زايۆنييـەكان، كـە فەڵەسـتين و زەوی و زاری تــری عــەرەبی داگيركــردووەو[3]، دوژمــنی باوەكوشــتەی عــەرەب و مسوڵمانانە بە كشتيی[4].

ئەمـەش بە واتـای ئـەوە دێت بەشێكی گـەورەی سياسـەت و قەيرانـە ئێرانييـەكان دەكەوێتـە ژێـر كاريگـەری سروشـتی پەيوەندييـەكان لەگـەڵ

---

[1] الدكتور وليد عبدالناصر، دراسة عن الدولة والثورة، ص ٥٩.

[2] الدكتورة امال السبكي، تاريخ إيران السياسي بين ثورتين (١٩٠٦-١٩٧٩)، عالم المعرفة، العدد ٢٥٠، ١٩٩٩، ص ٢٣٩.

[3] الدكتور وليد عبدالناصر، دراسة عن الدولة والثورة، ص ٨٥.

[4] صـلاح عبـدالله (مترجـم) صـورة إيـران في الاعـلام الاسـرائيلي، مركـز الدراسـات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٩٧، ص ١٧-٢٩.

دەوڵەتانی عەرەبیی ئیسلامییدا، نەك بەتەنها لەسەر ئاستی جیاوازیی نەتەوەیی و جیاوازی زمانیی و جیاوازیی عەقایدیی و، جیاوازی مەزهەبیی، بەئەندازەی ئەوەی جیاوازییە لەسەر نفوزی سیاسیی و تۆمەتبارکردنی یەکتری بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆییدا[1]، دیسانەوە بە ئەندازەی ئەوەی جیاوازییە لەسەر ئامادەیی سەربازیی لە کەنداوی عەرەبیی و ئاستی هێزەکەی و، بەکارهێنانی دەرچە ئاویی و تەنگە دەریاییەکانەوە بەڵکو لە داگیرکردنی بڕێك دوورگەی عەرەبیی سەربە دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو، واتە واقیعی هاوچەرخی ئێران رستێك قەیرانی نێوخۆیی و دەرەکیی بە خۆوە دەبینێت، کە مەترسی لەسەر بوونی ئەو وڵاتە دروست دەکات، هەروەها کاریگەریش لەسەر پێگەی ئەهلی سوننە لە ئێران دروست دەکات بە شێوەی راستەوخۆو ترسناك، لەسەریٚ هەموویانەوە:

١. قەیرانی گەورەو درێژخایەن لە ئازادییە سیاسییەکاندا، کە لە پاش دواهەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا گوزارشتی لەخۆی کردووە، مەترسیش بوو بۆسەر هەرەسهێنانی سیستەمی تۆتالیتێری ئێرانیی[2].

---

[1] الدكتور وليد عبدالناصر، دراسة عن الدولة والثورة، ص ١٠٦-١٠٧. محمد سرور زين العابدين، احوال أهل السنة في إيران، ص ٣٨.

[2] يوسف عزيزي، إيران الحائرة بين الشمولية والديمقراطية، دار الكنوز الادبية، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠١، ص ٩-٥٢.

٢. قەیرانی ئابووریی دژوارو سەخت، کە مەترسییە بۆ دارمانی سیستەمە ئابوورییەکەی و مایەپووچبوونی[١]، بەهۆی کورتهێنانی بودجەو هەژاریی و ئاستی بەرزی بێکارییەوە.

٣. قەیرانی کۆمەڵایەتیی بەرفراوان، کە مەترسییە لەسەر لەباربردنی یەکێتیی کۆمەڵایەتیی، نەتەوەیی، ئیتنیی و ئەخلاقیی.

٤. قەیرانی فیکریی و دنیاگەریی "سێکیۆلاریزم"، کە مەترسییە لەسەر پەرتبوونی دیمەنی فەرهەنگیی و پەرتەوازەبوونی.

٥. قەیرانی ریفۆرمخوازیی بەرفراوان لە دەستەوسانبوون لە قەڵاچۆکردنی گەندەڵیی و ستەمکاریی نێوخۆیی لەبەر هۆکارە کەلتورییەکان[٢].

## کاریگەریی داخرانی مەزهەبیی/الانغلاق المذهبي

ئەو قەیرانانەی پێشتر ئاماژەمان پێدا، لە لایەن برێک لە پسپۆرە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانەوە شیتەڵکراوە، سەرەتا لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی لە ئیسلامییە ریفۆرمخوازە ئێرانییەکان، یاخود لەلایەن هاوڵاتیانی ئێرانەوە، هەروەها لەلایەن چاودێرانی

---

[1] الدكتور بيروز مجتهد زاده، التحولات الاساسية في السياسة الخارجية الايرانية في عهد الاصلاحيين، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.

[2] الدكتور محمد خاتمي، الدين والفكر في شراك الاستبداد، دمشق دار الفكر، الطبعة الاولى (معادة)، ٢٠٠٤، ص ٧٣.

دەرەکیشەوە لەلایەن ڕۆژنامەوان و تۆژەرانەوە. خاڵی هاوبەشی نێو ئەو هەڵسەنگاندن و شیکارییە فیکریی و سیاسییانە ڕێکەوتنی سەرجەمی ئەوانەیە لەسەر کۆمەڵێك هۆکار، ئەوانیش:

١. تاقانەبوونی شوناسی فیکری پیاوانی ڕژێمی سیاسیی ئێران و، نێوەندگەرایی ڕۆڵیان لە ڕێبەرایەتیکردنی بانگەوازو شۆڕش و دەوڵەتدا[١].

٢. داخرانی مەزهەبیی فیقهیی لەسەر مەزهەبی شیعەگەریی سوننەتیی[٢].

٣. دۆگمابوون لەسەر تاقە ڕەنگێك لە گوتاری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و فیکریی[٣].

ئەم هۆکارانەو هۆکارەکانی تر لە بنەڕەتدا پشت دەبەستێت بە کەلتوری مێژوویی گرووپی شیعەو، بەدیاریکراویش مەزهەبی شیعەی ئیمامیی جەعفەریی دوانزە ئیمامیی، بەدەر لە مەزهەبەکانی تری شیعە، وێڕای ڕێگەدان بە مەزهەبە ئیسلامییە کەلتورییەکان یاخود هاوچەرخەکان بەبەشداریکردنی سیاسیی یاخود کۆمەڵایەتیی و فیکریی، تایبەتتر شوێنکەوتەکانی مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعە[٤].

---

[1] الدكتور وليد عبدالناصر، دراسة عن الدولة والثورة، ص ١٢٣.

[2] محمد سرور زين العابدين، احوال اهل السنة في إيران، ص ٨٠.

[3] يوسف عزيزي، إيران الحائرة بين الشمولية والديمقراطية، ص ١٨٥.

[4] محمد سرور زين العابدين، احوال اهل السنة في إيران، ص٦٤.

که له جیهانی ئیسلامیدا زۆرترین ئامادەیی و بەربڵاویی هەیەو، سێ یەکی گەلی ئێرانی مسوڵمان پێکدەهێنن، وێڕای وەسفی خۆیان بەوەی سیستەمێکی حوکمڕانی کۆماریی ئیسلامییە واتە سیستەمێکی حوکمڕانی نوێ‌و دیموکراسییەو، دەگەڕێتەوە بۆ ویستی گەل بە پێوەرە سیاسییە هاوچەرخەکان، تا ئەوەی نوقم دەبێت لە کەلتورگەرایی داخراوو ئینتیما بۆ ململانێ‌و قین لەدڵی رابردوو، ئەمەش رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر قەیرانە نێوخۆییەکانی وەك چۆن رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر قەیرانە دەرەکییەکانی، قەیرانی ئەهلی سوننەو رێکخستن‌و جووڵانەوە سیاسییەکانی یەکێکە لە گەورەترین قەیرانە نێوخۆییەکان، کە تۆڵەسەندنەوەی مەزهەبیی لە دەسەڵاتدا دەیخوڵقێنێت بگرە (ئایدۆلۆژیاکان گەورەترین کاریگەریی گرنگ پێکدەهێنن لەسەر پرۆسەی سیاسەتسازیی دەرەکیی)[1].

هۆکارە نێوخۆییەکانی قەیرانە هاوچەرخەکانی ئێران فاکتەری هەرە گەورەی قەیرانە گشتییەکانی ئێرانە، ئۆپۆزیسۆنی شیعەی ریفۆرمخوازیش، کە ئەوڕۆ میر حوسێن موسەوی‌و کەڕوبی‌و خاتەمی نوێنەرایەتیی دەکەن تەنها یەکێکن لە رووەکانی قەیرانەکە نەوەك هەمووی، وەك میدیا جیهانیی‌و پاشکۆ هەرێمییەکانیان دەیبینن، گرفتی هەرە گەورەو کۆن بریتییە لە هەڵوێستی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی ئێران بەرامبەر ئەهلی سوننەو جەماعەو رێکخستن‌و

[1] الدكتور وليد عبدالناصر، دراسة عن الدولة والثورة، ص ٥٦.

جوولانـەوە سیاسـییە بـیٚ توندوتیژییەکانیـدا هـەر لـە سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ئیـسلامیی خومەینییـەوە، ئەمـەش بۆتـە هـۆی وەرچـەرخانی بزافـی سـوننەگەرایی لـە هێزگـەلێکی هاریکـارو پـشتیوان بـۆ شـۆڕش و ڕژێـم بـەرەو هێزگـەلێکی ئۆپۆزیـسیۆن، بەشـێوەیەك ڕێگـەی پێنـەدراوە بەشـداریی کـاراو راسـتەقینەی هـەبێت لـە دامودەزگـا سیاسـیی و ئـابووریی و کۆمەڵایەتییـەکانیی دەوڵەتـدا، وێڕایـی ئـەوەی ڕێگـەی پێنـەدراوە بەشـداریی ئـەمنیی و سـەربازیی هـەبێت، ڕێگـەش نـەدراوە بـە داواکارییە دەستوورییەکانی، کە زامنی مافـەکانی تـەواوی هاوڵاتیانیان دەکـات، دیـسانەوە گـویٚ لـە بانگـەوازە زۆروزەوەنـدەکانی سـوننە نـەگیراوە، کـە داوای برایـەتیی ئیـسلامیی و مافـە دادپەروەرانـە ئینسانییەکان.

### دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران تایفەگەریی دەچەسپێنێت

دەکرێـت بڵـێین چـەند لایـەن و هێزێکـی ئێرانیـی هەوڵیانـداوە تـۆوی دووبـەرەکیی لـە نێـوان ڕژێمـی حـوکمڕان و سوننەکان لـە ئێـران بـچێنن، هـەروەك چـۆن چـەندین هێـزی بیـانیی هـەوڵی نانـەوەی پـشێویی و دووبـەرەکییان داوە لـە نێـوان عـەرەب و ئێرانییەکانـدا، بەتایبـەت بـە هەڵایسانی جەنگ لە نێوان ئێران و عێراقدا[1]. دیسانەوە دەکرێـت بڵـێین پێش هەڵایسانی ئەو جەنگە دووبـەرەکیی و ئاژاوەی تـایفیی لە نێوان

[1] محمد حسنين هيكل، حرب الخليج، ص ١٢٤.

شیعەو ئەهلی سوننە لە ئێران لەسەرەتادا بوو. ئەهلی سوننە لە ئێران پێشەنگی ئەو هێزە ئیسلامییانە بوون، کە بەشداربوون لە شۆڕشەکەی ئیمام خومەینیدا دژبە رژێمەکەی پێشووی محەمەد رەزا شا، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەڵام چاوچنۆکیی ستەمکاران‌و شەیدابوونیان بەگەیشتن بە دەسەڵات‌و تۆڵەسەندنەوە بە هێزو خۆسەپاندن، ئەجێندای خۆیان بەسەر گەلی ئێراندا سەپاند، شیعە بن یاخود سوننە، هەروەها ئەجێندای تایفەگەریی نەتەوەییشیان بەسەر نەتەوە نافارسە ئیسلامییەکانی تردا سەپاند، ئەمەش وایکردووە ئۆپۆزیسیۆن پتر رەوتە بەرگرییە ئاشتییەکەی دژ بە رژێم بەرزبکاتەوەو، رێوشوێنە نارەزایەتییەکانی بەرفراوانتر بکات، بەڵام بێئەوەی وەڵامێکی دەسکەوێت، کە لە ریفۆرم‌و راستکردنەوە چاوەڕێی دەکرد، بگرە هەرلە ساڵانی یەکەمی شۆڕشەوە بڕێکی زۆر لە پیاوانی رژێم‌و بەرهەڵستکاران وەرچەرخان بۆ دانیشتووی هەمیشەیی لە گۆڕستانەکاندا یاخود لە گرتووخانەکاندا یاخود لەدەرەوە پەرتەوازە بوون.

وێڕای دەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی لەسەرەتای شۆڕشی ئیسلامییەوە دژبە رژێمی فەرمانڕەوا، لە شیعەو سوننە، بەڵام چۆرتم‌و نارەحەتییەکانی ئەهلی سوننە لە ئێران زیاتر بوو لەوانی تر، بەتایبەت ئۆپۆزیسیۆنی شیعەی ریفۆرمخوازیی، بەو پێیەی ئومێدی ئەهلی سوننە مانەوەی شۆڕشی ئیسلامیی بوو، هەروەها شۆڕش وەرنەچەرخێت بۆ شیعەگەرایی، ( ئەگەر هەر لەیەکەم رۆژەوە

شۆڕشێکی شیعیی بووایە بەنێوی شیعەگەراییەوە، نەوەك بەنێوی ئیسلامەوەو، سوننەکانیش بەشدارییان تێدا نەکرادایە، گەر وابوایە هۆکارێکی گەورە نەدەبوو بۆ ئەو هەموو ناڕەحەتیی و ئازارە بۆ سوننەکان، بەڵام شۆڕشەکە ئیسلامیی بوو بەنێوی ئیسلامەوە، ئەهلی سوننەش هاوکاریی و پشتیوانییان کرد، رۆشنبیرانی ئەهلی سوننەو تەواوی خەڵکیی لەگەڵ برا شیعەکانیان بەهەمان توانا و پەرۆشیی و سۆزەوە بەشداربوون لە شۆڕشدا)[1].

ئەهلی سوننە بەهۆی ئەو داخرانە سیاسیی و مەزهەبییەی دەوڵەتی ئێران و دامودەزگا فەرمییەکانییەوە زۆرترین ناڕەحەتی بینیوە، تا ئەورۆکەش زۆرترین تاوان دەرهەق بە ئەهلی سوننە دەکات بە بەراورد بە ئۆپۆزیسیۆنی شیعەی ریفۆرمخوازیی، چونکە پێکهاتەی سیاسیی سیستەمی حوکمڕانیی لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی زیاتر سەرکوتکارە بۆ ئەهلی سوننە وەك لە ئۆپۆزیسیۆنی شیعەی ریفۆرمخوازیی. هەرلە سەرهەڵدانی شۆڕشەوە، سوننەکان لە دەرێی بەشداریی فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن، بەڵام هەرچی ئۆپۆزیسیۆنی شیعەی ریفۆرمخوازییە لە دەسەڵات و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بوون زیاتر لە قۆناغێك، هەلی باڵاشیان دراوەتێ وەك سەرۆکایەتیی کردنی کۆماری ئیسلامیی لە لایەن ئەبولحەسەن بەنی سەدرو هاشمی رەفسنجانی و موحەممەد خاتەمیەوە، کە بە پلەی جیاواز چوونە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن، دیسانەوە لە پۆستی سەرۆك

[1] محمد سرور زين العابدين، احوال اهل السنة في إيران، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.

وەزیراندا وەك میر حوسێن موسەوی بەرهەڵستكار، كە پێش ئەوەی بچێتە نێو ریزەكانی ئۆپۆزیسیۆنەوە سەرۆك وەزیران بوو، لەگەڵ مەزنە رێبەران و پێشەوایانی تری شیعە، چونكە سیستەمی سیاسیی ئێران لەبەرژەوەندی تایفەی شیعەی جەعفەری دوانزە ئیمامیدایە لە رووی یاسایی و دەستووریی و مومارەسەوە، هەروەها بەوپێیەی دەوڵەتی هاوچەرخی ئێران لەرووی ئایدۆلۆژیی و سیاسییەوە لەسەر بنەمای مەزهەبگەرایی كەلتوریی داخراو دامەزراوە.

### هەستی دەستەجەمعیی سوننەكان لە ئێران و بارودۆخیان

مێژووی ئەهلی سوننە لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هاتنی ئیسلام بۆ ئەو وڵاتە لە سەدەی یەكەمی كۆچیدا (سەدەی حەوتی زاینی)، لە سەردەمی هەردوو خەلیفە عومەری كوڕی خەتتاب و عوسمانی كوڕی عەففان خوا لێیان خۆش بێت، لە نێویشیاندا وڵاتی فارس[1]، هەندێكی تر ریشەی جیاوازیی ئەو رۆڵەی نێوان سوننە و شیعە لە ئێران و دەورووبەری ئێران دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی عوسمانیی توركیی و سەفەویی فارسیی[2]، جیاوازی ئێستاش رەنگدانەوەو درێژكردنەوەی جیاوازییەكانی رابردووە، بێگومان ئەم

---

[1] الدكتور عبدالمنعم حسنين، **إيران في ظل الاسلام في العصور السنية والشيعية**، القاهرة، دار الوفاء، الطبعة الاولى، ١٩٨٨، ص ٢٣.

[2] الدكتور عبدالعزيز سليمان نوار، **الشعوب الاسلامية "الاتراك العثمانيون"، الفرس مسلمو الهندس**، دار النهضة العربية، بيروت، د.ت، ص ٣٧٩.

بۆچوونە بەڵگەو گومانی خۆی هەیە، بەتایبەت ئەگەر هۆکارەکانی ئەو جیاوازییە فیکریی و عەقایدیی و مەزهەبیی بێت بەتەنها، یاخود شیمانەکانی تری ئەو جیاوازییە ئەو هۆکارە سیاسییانەی پێشوو بێت کە باسمانکرد، هەروەها ململانێی لەسەر دەسەلاّت و کێبڕکێی هەژموونی هەرێمیی و نێودەوڵەتی راست و دروستترە بە حوکمی مێژوو و واقیع، ئیدی هۆکارە فیکریی و عەقایدیی و مەزهەبییەکان دەبنە ئامراز لە ململانێکەدا پتر لەوەی هۆکاربن یاخود ئامانج، بەو بەڵگەیەی دەوڵەتە عەرەبییە هاوچەرخەکان، هۆکارە فیکرییەکان بەهەند وەرناگرن مەگەر لەرووی ترس و تۆقینەوە، نەوەك لەرووی تۆمەت و تاوانبارکردنەوە، هەروەها لایەنی ئێرانیش بەهەمان شێوە. هەروەها بەو بەڵگەیەی کە لێککەیشتنی سیاسیی لە نێوانیاندا گەر رووی بدایە ئەوا هۆکارە فیکرییەکانی پووچەڵدەکردەوە یاخود لاوازی دەکرد یاخود پەراوێزی دەخست، هەروەها بە بەڵگەی بوونی جیاوازیی و پێکرا ژیانی مەزهەبیی لە زۆر بەشی عەرەبیی یاخود ئیسلامیدا، بە بێئەوەی ئەو جیاوازییە مەزهەبییە سەربکێشێت بۆ شەڕەقۆچی سیاسیی لە نێوانیاندا، لەپاڵ ئەمەشدا قسەکردن لە بارەی لایەنی سیاسیی و ململانێی دەسەلاّت و کێبڕکێی هەژموونگەریی ئەوڕۆکە، لایەنی فیکریی و داخرانی مەزهەبیی فەرامۆش ناکات، بەڵکو بەتەنها دەیخاتە نێو سنووررو ئاستەکانی خۆیەوە.

ئەو فشارە کەلتورییە مەزهەبییەی، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەگەڵ ململانێ سیاسییەکانی نێوان ئێران و بڕێك لە دەوڵەتانی عەرەبیی،

هەروەها جەنگی ئێران- عێراق و، ئەو کارەسات و ماڵوێرانییە دەروونیی و دارایی و تواناییەی روویدا رەنگدانەوەی لەسەر هاوڵاتیانی شیعە هەبوو لە دەوڵەتانی عەرەبییدا، بەشێوەیەکی توندیش لەسەر هاوڵاتیانی ئێرانیی سوننە، تۆرەمەکەی عەرەبیی بێت یاخود کوردیی یاخود بلوچیی یاخود تورکمانیی یاخود هەر تۆرەمەیەکی تر لەو نەتەوە مسوڵمانانەی، کە لە ئێراندا بوونیان هەیە. سوننەکان لە ئێران ژمارەیان لە نەتەوە مسوڵمانەکانی تر زیاترە، مسوڵمانی سوننە لە ئێران بەپێی ئامارە نیمچە فەرمییەکان ژمارەیانی ١٤ بۆ ١٩ ملیۆن موسڵمانە[1]. لە رووی زمان و مەزهەبی فیقهیی و عەقایدیی سوننیەوە فرە رەنگن، بەسەر ماتوریدی، ئەشعەری، سەلەفی، حەنەفی و شافیعیدا دابەشبوون، لە زۆر نێوچەدا بڵاوبوونەتەوە، لەپاڵ زۆر شاری تردا بە تارانی پایتەختی ئێرانیشەوە. پتر بوونی جوگرافییان لە سنوورەکانی ئێراندایە، نە وەك لە نێوەندی وڵاتدا. هەروەها میدیای فەرمیی ئێران باس لەو بابەتە ئاینییانە دەکات، کە کێشەی شیعەن لە دەوڵەتانی عەرەبیی و ئیسلامییداو پشتیوانییان لێدەکات، کێشەی ئەهلی سوننە لە ئێران پێویستی بەوانەیە گرنگیی پێدەدەن و بەحەق و دادپەروەریی تیشك دەخەنە سەری. بۆ ناساندنی و روونکردنەوەی وێنەی راستەقینەی و زانینی ئەو رێکخستن و بزاڤانەی نوێنەرایەتیی دەکەن و،

---

[1] إبراهيم الاهوازي، اهل السنة في إيران بين التحديات الواقع وافاق المستقبل، موقع الشرق العربي للدراسات الحضارية والاستراتيجية، المملكة المتدة، لندن.

کۆڵینەوە لە رووە فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان لەسەر گۆڕەپانی ئێرانیی، بەو پێیەی پێش هەرشتێکی تر هاوڵاتی ئێرانین، بریا لەبەرامبەردا لەلایەنی دەوڵەتیی فەرمییەوە دانبنرایە بە سروشتی قەیرانەکەدا، هەروەها دانانان بە ئۆپۆزیسیۆنی سوننەی ئاشتیخوازدا، کە خاوەن بەرنامەی ریفۆرمخوازیی و راستگۆییە.

سەدلەسەد رژێمی ئێران و دەسەڵاتدارانی فەرمانڕەوا هەرگیز داننانێن بە هیچ چۆرتەو ناڕەحەتییەکی سوننەکاندا، ئەگەریش دان بەشتێکدا بنێن بە هەڵسوکەوتی تاکەکەسیی نێوی دەبەن، کە پێچەوانەی یاساو دەستوورە، بەو پێیەی سوننە لە ئێراندا لە گۆشەنیگای فەرمییەوە هاوڵاتی ئێرانین و ماف و واجباتی دەستوورییان هەیە وەك هاوڵاتیانی تری ئێران، وێڕای ئینتیمای ئایینی یاخود مەزهەبیی یاخود نەتەوەیی هتد، ئەمەش لەلایەن گوتەبێژانی بزووتنەوە سوننەگەراکانی ئێرانەوە بەڕاست لەقەڵەم نادرێت، ئەوانەی کە دەسەڵاتدارانی ئێران تۆمەتباریان دەکەن بە سیخوڕیی بۆ دەوڵەتانی تری هاوسێ بەبێ نێوبردنیان، یاخود بەبەکرێگیراوی بۆ دەوڵەتانی ئەورووپیی یاخود ئەمەریکا. لە ئێستادا کۆڵینەوە لە رەوشی سوننەکان لە ئێراندا لانیکەم وەستاوەتەوە سەر ئەوەی سوننەکان بۆ خۆیان لە راستییەکان دەدوێن، بەتایبەت ئەوەی خوێنەرانی رێکخستن و بزاڤە سوننییەکان لە ئێران دەیڵێن لە رێگەی کتێب و سایت و پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە، یاخود لەرێگەی چاوپێکەوتنە رۆژنامەوانییەکانەوە...هتد، هەروەها بەراوردکردن

بەهەرچـی ئۆپۆزیـسیۆنی ئێرانیـی دەیڵێـت بەگـشتیی. لـەپاڵ بـە هەندوەرگرتنی ئەو نارەزایەتییانەی کە دەوڵەتانی عـەرەبیی و ئیسلامیی دەیکـەن لـە دەسـتێوەردانی رژێمـی ئێرانیـی لـە کاووبـاری نێوخۆییانـدا وەك پێـشتر باسمـانکرد. لـەو بارودۆخانـەی کـە سـوننەکان لـە ئێرانـدا تێیکەوتوون:

- هەسـتکردنیان بـەوەی کەمینـەن لـەژێر سـایەی دەوڵەتێکـدا، کـە تێروانینـەکانی لەسـەر بنـەمای داخرانـی سیاسـیی و مەزهـەبیی بنیاتنراوە.

- بڕوایـان بـەوەی دووچـاری چەوسـانەوەی کۆمەڵایـەتیی رێکخـراوو بیٚ پاساو دەبنەوە.

- هەڵبـژاردنی ئاراسـتەی ئاشـتیخوازیی وەك مەنهـەجێك بـۆ گـۆڕین و چاکسازیی.

- شـوێنکەوتن و گوێڕایـەڵیکردنی خـواو پێغەمبـەر(د.خ)و پێـشەوا مسوڵمانەکان.

- فرەڕەنگیی نەتەوەیی و زمانەوانیی و جوگرافیی لەسەرجەم نێوچە ئێرانییەکاندا.

- فرەیـی ئینتیمـای مەزهـەبیی و فرەیـی مەنهـەجی فیکریـی و سیاسیی و کەلتوریی و هاوچەرخەکان.

## ڕێکخستن و بزاڤە سیاسییەکانی سوننە لە ئێران

جووڵانەوەو پارتە سیاسییە هاوچەرخەکانی سوننە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی جووڵانەوەو پارتە ئیسلامییەکان لە وڵاتانی عەرەبیی و ئیسلامیی گەورەو هاوسێدا، هەروەها کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی پێڕەوو ڕێچکە فیکرییە باوەکان تێیاندا، وەك جووڵانەوەی سەلەفیی، بزووتنەوەی تەبلیغ و دەعوە، بزووتنەوەی ئیخوان ئەلموسلمین و جووڵانەوە سۆفیگەراکان...هتد، دیسانەوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری کتێب و ئەدەبیاتە بەردەستەکانی شوێنکەوتووەکانی ئەو ڕێبازو تەوژمە فیکرییانە، چونکە زۆربەی زانایانی سوننەی ئێران دەرچووی زانکۆ ئیسلامییەکانی مەدینەو پاکستان و ئەزهەرن، قوتابیەکانیان لەسەر هەمان ئەو کتێب و ئەدەبیاتە فێر دەکەن، کە لەوێ فێری بوون.

وێڕای ئەوەی دەوڵەتی ئێران ڕێگە بە سوننەکان نادات بزاڤ و پارتی فیکریی یاخود کۆمەڵایەتیی و سیاسیی لەسەر بنەمای مەزهەبیی یاخود تایفیی دابمەزرێنن، بەڵام لەدۆخی تاکڕەویی مەزهەبیی بەدەسەڵاتی سیاسیی و سەرکوتکردنی کۆمەڵایەتیی شارو گوندو دێهاتەکان، کە زۆرینەیان سوننەن، زانایانی سوننە جووڵانەوەی فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی ئاشتیانەیان دامەزراندووە بە ئامانجی بەرگریکردن لە بوونی مەعنەوییان و، گەیاندنی خواستە مەدەنییەکانیان بە حکومەتە ئێرانییە یەك لەدوا یەکەکان. بەپێی پێشبینی زۆرینەی سوننەکان، کە خاڵی هاوبەشی ئەرێنیی نێوانیان بریتییە لەوەی کە سەر بە ئەهلی سوننەو جەماعەن، هەروەها خاڵی

هاوبەشی نەرێنیی نێوانیان ئەوەیە کە بێبەشن لە مافە فیکریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و سیاسییەکانیان. بگرە مافە ئابووریی‌و یاسایی‌و دەستوورییەکانیش. ئەوەی نەهامەتی ئەوان زیاد دەکات نەزانی جیهانی ئیسلامییە بە کێشەکەیان‌و، پچڕانی پەیوەندییان بە برا سوننەکانیانەوە لەسەرتاسەری وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا[1].

نەهامەتی نێوخۆیی سوننەکان لە ئێراندا هۆکاری یەکەمە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە فێرخوازییەکان‌و، بنیاتنانی نێوەندی فەرهەنگیی‌و، دامەزراندنی گرووپی کۆمەڵایەتیی‌و، پێکهێنانی ئەنجومەنی شورای تایبەت بەخۆیان‌و، دامەزراندنی جووڵانەوەو رێکخستن‌و پارتی سیاسیی، هەروەها بەوپەڕی توانایانەوە کاردەکەن لەپێناو ناساندنی کێشەکەیان، بۆیە پێگە ئەلەکترۆنیی‌و سایتەکانیان ئاوەڵا کردووە بۆ راڤەکردنی کێشەکەیان‌و، ئاشکراکردنی نەهامەتییەکانیان لەبەردەم جیهانیی عەرەبیی‌و ئیسلامیی‌و نێودەوڵەتییدا، ئامانجەکانی ئەوان پتر فەرهەنگیی‌و کۆمەڵایەتییە وەك لەوەی سیاسیی بێت، هەوڵدەدەن لەپێناو پاراستنی پابەندبوونیان بە ئایین‌و قورئان‌و فەرموودەوە، هەروەها بەرگریکردن لە مافە ئاینییەکان‌و ئازادیی عەقایدیی‌و مەزهەبیی لە وڵاتەکەیان لە زێدی باوباپیرانیان، بێئەوەی ئامانجیان دەرچوون بێت لە رژێمی سیاسیی ئێران‌و نەپساندنی پەیوەندیی لەنێو تاکەکانی گەلی ئێرانداو،

---

[1] محمد سرور زين العابدين، احوال اهل السنة في إيران، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

پێکهەڵنەپڕژان لەگەڵ ڕژێمدا، گەر ناچار نەکرێن بەهێز بەرگریی لەخۆیان بکەن بە سەرجەم شێوەکانیەوە مادديی و مەعنەویی.

## کۆتایی

مۆرکی گشتیی ڕێکخستن و بزاڤە سوننەگەراکان زانستیی و ئاشتیانەیە، زاناکان دایانمەزراندووە نەوەك شۆڕشگێڕان یاخود خەواریجەکان دوور لە توندتیژیی و هەوڵدان بۆی، وێڕای دووچاربوونیان بە ڕێگریی کردن و دادگایی کردن، کێشەی بنەڕەتییان کێشەی دادپەروەریی و یەکسانییە لە هاولاتیبوون و مافە مەدەنیی و سیاسییە تەواوەکان، ئەوەی چاوەڕواندەکرێت دەوڵەتی ئێران بە تێگەیشتن و وەلامدانەوەی خواستەکانیان ڕووبەڕوویان بێتەوە، مادامێکی بزاڤگەلێکی ئاشتیانەن و، لە یاساو سیستەم دەرنەچوون.

هەرچی چاوەڕوان دەکرێت لە دەوڵەتی ئێران ئەوەیە تەواوی تواناکانی بخاتەگەڕ بۆچارەسەرکردنی کێشەکانیان بەبێ بەکارهێنانی هەڵوێستەکانیان یاخود هەڵوێستەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی بەگشتیی و سوننە بەتایبەتیی، لە لایەن هێزە بیانییە جۆراوجۆرەکانەوە، بۆ ئەوەی لێکترازانی جیۆپۆلەتیکیی دروست نەکەن بەشێوەیەك ئێران لە ئایندەدا نەتوانێت لەبەرامبەریدا خۆی بگرێت، هەر هەنگاوێك بە قازانجی لێکنزیکبوونەوەی نێوان دەوڵەتی ئێران و جووڵانەوە سوننەگەرا ئێرانییەکان دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی

شـەبەحی جـەنگ، کـە هێـزە دەرەکییـەکان شـەوورۆژ گـەلی ئێرانـی پێدەتۆقێنن، هەروەها پێچەوانەکەشی راستو خەتەرناکە.

دەورانـی دەوڵـەتانی داخـراوو دەوڵـەتانی تاقـە حیزبیـی کۆتـایی پێهات. دەوڵەتانی ئەوڕۆکە دەوڵـەتانی سـەرجەم هاوڵاتیانن، هەرچـەندە ئاینـەکانیان جیـاواز بێـت، چـجا ئـەوەی خـاوەن یـەك ئـایین بـن، ئایـا تێگەیـشتن لـەو ئایینـەی بڕوایـان پێیـەتی لێکیـان دەترازێنێـت؟. فرەڕەنگیی فیکریی و کەلتوریی هاوچەرخ فاکتـەری هێـزە گـەر بـە باشـی بـەڕێوەببرێتو بـەکاربهێنرێت، ئـەرکی جووڵانـەوە نیـشتیمانیی و نەتەوەیی و ئیسلامییەکان خوڵقاندنی فرەڕەنگییە، کە هێزو هەرەکـەتی نەتـەوە دروسـت دەکـاتو، لاوازو پەرتـەوازەی ناکـات، دیـسانەوە رێگـە نـادات مەزهەبگـەرایی عەقایـدیی یـاخود فیقهیـی ببنـە خـاڵی لاوازیـی و داوەشان، شەرعییەتی جیاوازیی مەزهەبیی و باش بەڕێوبردنی لە نێوان مـسوڵمانانـدا لـە ئێـرانو وڵاتـانی تـردا چـەکێکی بـەهێزە بـۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەو گوڕەشە نێوخۆیی و دەرەکییەکان.

لە هەمان کاتیشدا دەکرێت قسەکردن لـە بارەی بزاڤە سوننەگەراکان لە ئێران وەبـەربهێنرێت لـە دروسـتکردنی کەشوهەوایـەکی سـەقامگیریی هـەرێمیی و نێودەوڵـەتیی، بەشـێوەیەك ژیـان بـە ئاشـتیی و بـێترس دەستەبەر بکەن بۆ دانیشتوانی نێوچەکە، هـەروەها پـەلکێش نـەکردنی جارێکی تـری نێوچـەکە بـۆ جـەنگێکی وێرانکـەر، بەمـشێوەیە تـەوەری سوننە لە ئێرانو جووڵانـەوە سیاسییەکانیان، کـە نوێنـەرایـەتیی دەکـەن لـە گـرنگترین فاکتـەرەکانی سـەقامگیریی ئێـرانن و، گـەورەترین فاکتـەری

سەقامگیرییشە لە تەواوی نێوچەکەدا، لەژێر سایەی رژێمی ئێستای حوکمڕان بێت یاخود هەر سیستەمێکی حوکمڕانی تر، کە گەلی ئێران بە ویستی ئازادانەی و بە سەرجەم پێکهاتەکانی و هێزە فیکریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانیەوە دروستی بکەن، بەبێ تۆڵەسەندنەوە لە تایفەیەك یاخود نەتەوەیەکی تر. ئەمەش بەبێ بەشداریی سەرجەم لایەنەکان بەشێوەیەکی دیموکراسیی بەدی نایەت، بەمەرجێك مامەڵەیەکی باش لەگەڵ بەها کەلتوریی و هاوچەرخەکان بکرێت، لە رێگەی گشتاندنی فەرهەنگی شەرعییەتی جیاوازیی فیقهیی و عەقایدیی و سیاسیی لە نێوان مسوڵمانە ئێرانییەکانداو، بڵاوکردنەوەی بەهاکانی ئازادیی ئاینیی و مافەکانی مرۆڤ بۆ سەرجەم هاوڵاتیانی ئێران، بەبێ جیاکاریی بیروباوەڕێکی ئاینیی یاخود نەتەوەیی یاخود رەنگێك یان تۆرەمەیەك یاخود زمانێك یاخود چینێك، عاقڵ ئەوەیە پەند لە ئەوانی تر وەردەگرێت.

# سوننەکانی ئێران...

## "کۆڵینەوەیەکی سۆسیۆ سیاسییە لەبارەی بارودۆخی پێکهاتنی هۆشیاریی دەستەجەمعیی تایفەیەک"

عەلی ئەلحوسێنی•

### پێشەکی

ئەم کۆڵینەوەیە نە بە شاراوەیی نە بە راشکاویی ئەوە بە گریمانە ناگرێت، کە مەزهەبی سوننی لە ئێران چەوساوەو ژێرچەپۆککەوتوو بێت لەسەر حسێبی مەزهەبی شیعە، ئەزموونی نووسەر لە پاش دەیەیەک ژیان لە ئێران جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هاوڵاتیانی شیعە ئەوانەی لەگەڵ رژێمی فەرمانڕەوادا نەیارو ناکۆکن دووچاری چەوسانەوە دەبن پتر لە سوننەکان. چەوسانەوەو ژێر چەپۆککەوتنی ئەهلی سوننە، چەوسانەوەی بزوێنەرە سیاسییەکان یاخود ئاینییەکانن، بە پلەیەکی گەورە لە هۆکارە سیاسییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. لە مۆدێلی عێراقداو پشتیوانی بەردەوامی ئێران بۆ جووڵانەوە سوننەگەرا

---

• نووسەرێکی عێراقییە.

تیرۆرستییەکانی سەر گیانی مرۆڤی عێراقیی و شیعەکانی ئەم وڵاتە بەڵگەیەکە تەنها پێویست بە سەلماندنی زیاتر ناکات.

ئێران خاوەن پێگەیەکی میحوەریی و گرنگە لە نەخشە هەرێمیی و جیهانییەکاندا، لە رووی فرەیی سەرچاوەکان و توانا ئابووریی و مرۆییەکانەوە بێت یاخود بەهۆی پێگە جوگرافییەکەیەوە، کە ئەکەوێتە نێوجەرگەی ئاسیاوە. لە پێش فەتحی ئیسلامیی بۆ سەر ئێران ئاینزایی زەردەشتیی و مەجوسیی بەربڵاو و ناسراو بوون، هەروەها (ئاینزای فەرمیی) ئیمپراتۆرییە فارسییەکان بوون، کە فەرمانڕەوایی ئێرانیان دەکرد، کۆتا ئیمپراتۆریەتیان ئیمپراتۆریەتی ساسانیی بوو، کە فەتحی ئیسلامیی سەراوبنی کرد. ئیدی لەو دەمەوە ئاینێکی نوێ رووی لە ئێران کرد. فەتحی ئیسلامیی بۆ سەر ئێران لە ساڵی ١٣ك(٦٣٤ز) دەستیپێکرد واتە لە ئاخروئۆخری سەردەمی خەلیفە ئەبوبکردا، لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتابیشدا فەتحی ئیسلامیی ( فەتحی راستەقینە بۆ سەر ئێران) بەردەوام بوو شەڕی نەهاوەند لە ٢١ك(٦٤٢ز) بە فەتحی فەتحەکان ناسراوە، چونکە شەڕەکە بەتەواویی ئیمپراتۆریەتی ساسانیی لە بنج هێنا. بۆیەشە هەمیشە ئاماژە دەدرێت بە فەتحی ئێران لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتابداو، ئاماژە نادرێت بە سەرەتاکانی فەتحی ئیسلامیی لەسەردەمی ئەبوبکردا، بەڵام لەگەڵ کۆنتڕۆڵکردنی زۆربەی نێوچە ئێرانییەکان لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا فەتحکردنی وڵاتی فارس کۆتایی پێنەهات بەڵکو لەسەردەمی خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوڕی عەففاندا

بەردەوامبوو، کە لەسەردەمی ئەودا یەزدەگردی سێیەم دوا پاشای ساسانییەکان لە ساڵی ٣١ك(٦٥٢ز) کوژرا. بەکوشتنی پەڕەکانی ئێرانی دەورانی ساسانیی یاخود غەیرە مسوڵمان پێچرایەوە[1]. هەر لە ساڵی ٢١ك تا ٩٠٧ك(٦٤٢ز-١٥٠٢ز) ئێران دەوڵەتێکی سوننی بووە لە راشیدینەوە بە سەردەمی ئومەوییو عەباسییەکانەوە تا سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەویی، واتە نۆ سەدە ئێران لەو ماوەیەدا خاوەن مۆرکێکی سوننەگەرا بوو لەگەڵ بوونی بڕێك شیعە لە هەردوو سەردەمی ئەمەوییو عەباسیدا بەتایبەت لە پێنج شاردا: کاشان، سەبزاوەر، قوم، ساوە، نەیسابوور، کە ئامادەیی بەرچاوو ئاشکرای شیعەی تێدابوو، لێرەدا راست نییە بگوترێت، وەك بڕێك کۆڵەران باسی دەکەن کە گوایە پێش سەرهەڵدانی سەفەوییەکان هیچ شیعەیەك بوونی نەبووە، ئەو قسانە پشت نابەستێت بە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی بە ئەندازەی ئەوەی پەرچەکرداری دەمارگیریی مەزهەبییە. ئێران بەو شارانەوە کە نێومان برد لە گرنگترین پێگەکانی بەرهەڵستکارانی سەردەمی ئەمەوییو عەباسیی بوو، زۆربەی بەرهەڵستکارانیش شیعە بوون هەرچەندە سەر بە چەند گروپێکی جیاوازبوون، ئێران زێدی شۆڕشی زەیدییو کەیسانییەکان بوو، هەرلەوێشدا جووڵانەوەی ئیسماعیلیی

---

[1] الوردي، علي، لمحات إجتماعية من تاريخ العراق، ج١، بغداد ١٩٦٧. (سەرچاوەکە بە تەواوی وردەکارییەکانییەوە)، هەروەها بڕوانە بابەتی "الصفويون" لە ئینسایکلۆپیدیای جیهانیی عەرەبیی (کۆپییە ئەلەکترۆنییەکەی): www.mawsoah.net/-27k

لەدایکبوو، هەروەها بوو بە نێوەندی چالاکیی ئیسماعیلییەکان بەتایبەت جووڵانەوەکەی حەسەن ئەلسەباح ناسراو بە حەشاشەکان.

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ئێران بۆ ماوەی نۆسەدە شوێنکەوتەی مەزهەبی سوننی بوون. لەم وڵاتەدا دیارترین و بە نێوبانگترین ئیمامەکانی سوننەو زاناو فەقیهەکانی دەرکەوتن، وەرچەرخانیش روی نەدا بەرەو مەزهەبی شیعە تا دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن سەفەوییەکان ٩٠٦ك(١٥٠١ز) بە رێبەرایەتیی ئیسماعیلی سەفەویی، کە بە فەرمی مەزهەبی شیعەی ئیمامی کردە مەزهەبی فەرمیی دەوڵەتی سەفەویی لە تەواوی ئێراندا.

خانەوادەی سەفەوییەکان سەر بە خێڵە تورکەکانن لە نێوچەی ئازەربایجان، لە پاش کەوتنی دەوڵەتی عەباسیی نێوەکەشیان لە شێخ سەفیوودینیی ئەردەبیلییەوە(٦٥٠-٧٣٥ك/١٢٥٢-١٣٣٥ز) وەرگرتووە. سەفوەددین و پاشتر کوڕەکەی سەدرەددین سوننی بوون، هەروەها ئەو کۆمەڵە ئاینییەی لە ئەردەبیل دایانمەزراند سوننە بوون، خواجە عەلی ئەوەیان رێبەرایەتیی کۆمەڵەکەی لە ساڵی ٨٠٢ك(١٤٠٠ز) وەرگرت، ئەو شیعەگەرێکی میانڕۆ بوو، پاشتر کوڕەکەی شێخ ئیبراهیم رێبەرایەتیی کۆمەڵەکەی کرد لە ململانێدا لەگەڵ ئەهلی سوننە لە داغستان، لە کوڕەکەی شێخ حەیدەر رێبەرایەتیی کۆمەڵەکەی لە ساڵی ٨٥٩ك(١٤٥٥ز) گرتە دەست و هەمان رێچکەی گرتەبەر، سێ لە کوڕەکانی جێگەی ئەویان گرتەوە

گـچکەترینیان ئیـسماعیل، کـە دامەزرێنـەری راسـتەقینەی دەوڵـەتی سەفەوییە.

پـاش سـەرهەڵدانی دەوڵـەتی سـەفەویی لـە ئێـران لـە سـاڵی ٩٠٦ك(١٥٠١ز) یەکەم کارێك کە دامەزرێنەرەکەی ئیسماعیلی سەفەویی پێی هەستا راگەیاندنی مەزهەبی شیعەی ئیمامیی بوو وەك مەزهەبی فەرمیی دەوڵەتی سەفەویی لە ساڵی ٩٠٧ك(١٥٠٢ز) . بڕێك لە گێڕانەوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە پاش راگەیاندنی مەزهەبی شیعەی ئیمامی وەك مەزهـەبی دەوڵـەتی سـەفەویی ئیـسماعیل کۆمـەڵێك لـە شـوێنکەوتووانی ناردووە تـا بـەنێو گـەڕەك و کۆڵانەکانـدا بێن و بـچن و جنێـو بـە خەلیفـە راشـیدینەکان بـدەن، بـەو کۆمەڵـە گـوتراوە (برائـت جویـان/ المتبرئـون) دژ بـە خەلیفـە راشـیدینەکان، وەختێـك ئەوانـە هەڵدەستان بە جنێودان بە ئەبوبکرو عومەرو عوسمان دەبوو هەرکەس گوێی لێبوایە دووبارەی بکردایەوە: زیاد بێت و کەم نەبێت، هەرکەسێك دووبـارەی نەکردایەتـەوە ئـەوا هەڵدەسـتان بـە پارچەپارچـەکردنی بـە شمشێرو ڕم[1].

بڕێـك لـە گێڕانـەوە ئێرانییـەکان بـاس لـەوە دەکـەن، کـە وەختێـك ئیـسماعیلی سـەفەویی مەزهـەبی شـیعەی کردۆتـە مەزهـەبی فـەرمیی، هـەروەها وەختێکیش دەسـەڵاتی سـەپاندووە بەسـەر شـاری تـەبرێزدا

---

[1] هـەمان سەرچـاوەی پێشوو. هـەروەها بڕوانـە: الـشیبي، مـصطفی کامـل، الطريقـة الصفوية ورواسبها في العراق المعاصر، مكتبة النهضة، الطبعة الاولى.

یەکەم پایتەختی دەوڵەتی سەفەویی، ڕووبەڕووی ئاستەنگ بۆتەوە لە لە پەیداکردنی بانگدەرێك گوزارشتی (اشهد ان علیا ولی الله) بڵێتەوە، ئەمەش هۆکارێك بووە لە پشتبەستنی شا ئیسماعیلی سەفەویی و، کوڕەکەی تەهماسب و نەوەکەی شا عەباسی یەکەم بەهێنانی شێخانی شیعە لە جەبەل عاملی لوبنانەوە تا هەستن بە بڵاوکردنەوەی دروشمەکانی مەزهەبی شیعە لە وڵاتدا. یەکەم کەس کە لە لوبنانەوە بانگهێشتکرا بۆ ئەو مەبەستە شێخ نورەدین عەلی کوڕی عەبدولعالی ئەلکەرکیی بوو ناسرا بە عەللامە کەرکیی، پاش ئەویش محەمەد کوڕی عیزەدین حوسێن کوڕی عەبدوسەمەد ئەلعاملی ناسراو بە شێخ بەهائیی کە گرنگترین کەسایەتی وڵات بوو لە پاش شا عەباسی سەفەویی، لە پاڵ کەسە نزیکە لوبنانییەکانیان، کە پاشتر بوون بە مەزنە زانا لە دەرباری سەفەویدا[1].

لە پاش مردنی ئیسماعیل دەوڵەتی سەفەویی داوەشا بەهۆی ئەوەی فەرماندەکانی تورکمان بوون و دەسەڵاتیان لە ئەمارەتەکانیاندا بەشکردبوو شاو تەختەکەیان بۆ چارەنووسیان بەجێهێشت لەسەروبەندی شەڕەقۆچی لەگەڵ عوسمانییەکاندا، بەڵام دەوڵەتی سەفەویی لەسەردەمی عەباسدا(٩٩٦-١٠٣٨ك/١٥٥٨-١٦٢٩ز) سەرلە نوێ هێزو شکۆی بۆ گەڕایەوە. بڕێك لە سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن شا عەباس هانای بردووە بۆ ڕاهێنەرانی ئینگلیز بۆ ڕاهێنانی

---

[1] الوردي، علي، سەرچاوەی پێشوو.

سوپاکەی‌و نوێکردنەوەی، تا بتوانێت بەرامبەر عوسمانییەکاندا خۆی بگرێت، هەروەها وەدەرنانی پورتوگالییەکان لە دوورگەی هورمز سالی ١٠١١ك(١٦٠٢ز) بە پاڵپشتی ئینگلیزەکان، بەڵام دەوڵەتی سەفەویی سەرلەنوێ دژواربۆوە لەپاش مردنی عەباس ئیدی" موورادی چوارەمی عوسمانی" عێراق‌و بەغدای گرتەوە، دیسان تەبرێزی داگیرکردو شکستی پێهێنان‌و کۆمەڵکوژیی لە دژی خەڵکی هەمەدان ئەنجامدا. عوسمانییەکان‌و رووسەکان باشترین ویلایەتەکانی باکوورو رۆژئاوایان دابەشکرد لەنێوخۆیاندا. دەوڵەتی سەفەویی لە ساڵی ١١٤٩ك(١٧٣٦ز) سەرنخونبۆوە. پاش سەفەوییەکان خانەوادەی تر دەسەڵاتیان گرتەدەست وەك زەندیی‌و قاجاریی‌و پەهلەویی (خانەوادەی رەزاشا)، کە شۆڕشی ئێرانی لە ساڵی ١٩٧٩ سەراوبنیکرد. ئەوانەی بەدواداچوونیان کردووە بۆ مێژووی سیاسیی ئەو خانەوادانەی کە فەرمانڕەوایەتیی ئێرانیان کردووە تێبینی ئەوەیان کردووە، کە بەشێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵ سوننەدا کردووە وەك ئەوەی خەڵکانێك بن گومانیان لە لایەنگرییان بۆ دەوڵەت هەبێت، پاشتر گیرۆدەی پشتێکردن‌و پەراوێزخستن بوونەتەوەو، بڕێکیان ناچاربوون لە ئێران دەرچن بەرەو ولاتانی ترو ولاتانی عەرەبیی.

### جوگرافیای سوننەگەرایی لە ئێران

سوننەکانی ئێران بە چڕی لە نێوچە دوورە دەست‌و سنوورییەکاندا چڕبوونەتەوە دوور لە نێوەندی شارە سەرەکییەکانی وەك تاران،

ئەسفەهان، شیراز، مەشهەدو تەواوی نێوەندە گرنگەکانی وەك تەبریز. ئەو بڵاوبوونەوەیەی سوننەکان لەسەر سنوورەکانی ئێران، بەتایبەت سنوورەکانی باکووری رۆژئاواو باکووری رۆژهەڵات، هەروەها خاڵی بوونی مەزنە شارەکان لە بوونی سوننە، زۆر لە کۆڵەران دەیگەڕێننەوە بۆ ئەو سەرکوتو چەوساندنەوەو لەنێوبردنە نیمچە کۆمەڵییەی، کە دووچاری تایفەی سوننەو زانایانی بۆتەوە لەلایەن سەفەوییەکانەوە، لەسەرەتاکانی سەدەی دەی هیجرییەوە دەست پێدەکات، کە وڵات بوو بە شیعەو خانەوادەی سوننەکانو رێبەرەکانیان پەنایان بردە بەر ئەو شوێنانە یاخود پاشەکشەکردنی بەرەو نێوچە سنوورییە شاخاوییەکان بە ئامانجی دڵنیاییو سەلامەتییان، ئیدی سوننەگەرایی ئێرانیی، سوننەکان هەر لە سەفەوییەکانەوە لە نێوچە سنوورییە شاخاوییەکاندا گیرسانەوە وەك بلوچستانو کوردستانو نێوچە سنوورییەکانی تر، تورکمانە سوننەکان لە باکووری ئێران نیشتەجێن، هەروەها کوردەکان لە رۆژئاوای ئێران نیشتەجێن لەسەر سنووری تورکیا – عێراق. سەرباری بوونی عەرەبی سوننە لە کەنارەکانی خەلیج، بەتایبەت لەنجەو دوورگەی قشم. بوونی ئەوان لە پەراوێزدا کەلە پشتییەوە سەرکوتکردن گرتونیەتەوە وایکردووە پەراوێزخراوو دووربن لە نێوەندەکانی کاریگەریی، ئەمەش بەردەوامبوو تەنانەت لە پاش کەوتنی دەوڵەتی سەفەویی ١١٤٩ك( ١٧٣٦ز) تا ئەوڕۆکە.

گەر نێوچەکانی نیشتەجێبوونی سوننەکانی ئێران لەرووی ژمارەوە بخەینەڕوو ئەوا وێنەکە بەمشێوەیەی لای خوارەوە دەبێت:

- کوردستان: دەکەوێتە رۆژئاوای ئێران و نێوەندەکەی شاری (سنە)یە، پارێزگایە نەوەك هەرێم، چونکە بوونی کورد تەنها لەو پارێزگایەدا کورت نابێتەوە بەڵکو چەند پارێزگایەکی تر هەیە کە بەهەمان رێژە کوردی تێدا نیشتەجێیە وەك هەردوو پارێزگای ئازەربایجانیی رۆژئاوا، کە دەکەوێتە باکووری رۆژئاوا، کورد زۆرینەیەو کەمۆکەیەك تورکیشی تێدایە، لەگەڵ پارێزگای کرماشان، کە زۆرینەی کوردن و دەکەوێتە چوارچێوەی نەخشەی کوردستانی ئێران لە رۆژئاوادا، دیسان گەلی کورد زۆرینە پێکدەهێنن. ئەم هەرێمە، کە کوردستانی ئێران پێکدەهێنێت بوونی سوننە تێیدا رێژەکەی جیاوازە، بەڵام لە کۆتاییدا بەهەرێمێکی سوننی ( لەسەر مەزهەبی شافیعی) لەقەڵەم دەدرێت، لەپاڵ کەمۆکەیەك شیعە بەتایبەت لە کرماشان.

هیچ ئامارێکی سەربەخۆ نییە، کە رێژەی کەمە نەتەوەکان دیاریی بکات جگە لە کوردانی سوننە. هەرێمی کوردستانی ئێران یەکەم کۆماری کوردیی بەخۆبینی، ئەویش کۆماری مەهابادی کوردیی بوو، کە بە پشتیوانی ئەوکاتی سۆڤیەت دامەزرا، بەڵام تەمەنی کورت بوو، بەهۆی فاکتەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە رووخا، لەو دەمەوە کوردان جیاخوازانە دەجوڵێنەوەو خواستی خۆیان بۆ سەربەخۆیی لە تاران راگەیاندووە، یان دامەزراندنی دەوڵەت یانیش لانیکەم دامەزراندنی هەرێمێك، ئەم گوتەیە جەخت لە گوتەیەکی رێبەرێکی کورد عیزەدینی حوسێنی دەکاتەوە لەسەروەختی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامییداو پاساوهێنانەوەی نێوبراوو بانگەوازکردنی بۆ

سەرخستنی و پشتگیریکردنی لەلایەن گەلی کوردەوە. گوتوویە: **"لەگەڵ خومەینیدا جەنگمان هەڵایسان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانمان لە خودموختاریی، هەروەها دامەزراندنی پەرلەمانی تایبەت بە خۆمان نەوەك لە رووی بڕوای ئاینییمانەوە، دیسانەوە لەپێناو فێربوونی زمانو بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی خۆمان، شۆڕش ستەمکاریی لەبنهێنا، بەڵام کۆتایی نەهێنا بە جیاکاریی دژ بە کەمەنەتەوەکان"**[1].

گوتەیەکی لەمشێوەی رێبەرێکی کورد لەسەرەتای شۆڕشدا جەخت دەکاتەوە لە راستێتی مەترسییەکانی دەوڵەتی ئێرانیی تا ئەوڕۆکە لە بەرامبەر کورددا، لە چەندین شۆڕشو راپەریندا کاریان لەسەر کردووە، کە کوردان لە هەرێمەکەیاندا بەرپایانکردووەو بەرجەستەبووە تا نزیکەی ساڵو نیوێك لەمەوبەر، بەڵام سەرجەم ئەو شۆڕشو راپەرینانە سەرکوتکراونو لەنێوبراون... لێرەدا ئاماژە دەدەین بە گووتەیەکی عیزەدین حوسێنی کە گووتویە هەرێمی کوردستانی ئێران یەکێکە لە گەورەترین موڵگەکانی سوننە لە ئێرانداو تا ئەوڕۆکە رێبەرانی دەوڵەتی ئێرانی دڕودۆنگ کردووە.

- **سیستانو بلوچستان:** لە رووی جوگرافییەوە بە دووەم مۆڵگەی گەورەی سوننەکانی ئێران لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام گەورەترین

---

[1] الريس، رياض نجيب، مصاحف وسيوف، إيران من الشاهنشاهية إلى الخاتمية، دار الريس، ط١، بيروت، ٢٠٠٠.

کاریگەریی هەیە لە هەڵچوونی بەردەوام لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانیدا، ئەم پارێزگایە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، گەلی مسوڵمانی بلوچ گەورەترین ڕێژەی دانیشتوانەکەی پێکدێنێت، لە باشووری خۆراسانەوە درێژ دەبێتەوە تا دەریاچەی عومان لە باشوور، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ سنوورەکانی پاکستان، لە رووی مەزهەبییەوە سەر بە مەزهەبی حەنەفین، بەڵام بەمدواییە لەسەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامییەوە مەزهەبی حەنەفیی بەهێزەوە چۆتە نێویانەوە بەتایبەت تەوژمە وەهابییەکان، کە ڕێبەرەکانیان لە شانشینی عەرەبیی سعودیەو پاکستان خوێندوویانە.

رووبەری هەرێمی بلوچستان ١٨١٥٧٨ کیلۆمەتر دووجایە، ١,٩٪ی رووبەری ئێران پێکدەهێنێت. لە هەرێمەکەدا چوار رووبار هەیەو، خاوەنی سنووری ئاوییە لە دەریاچەی عومان بەدرێژیی ٣٠٠ کیلۆمەترو، خاوەنی سنووری وشکانییە لەگەڵ پاکستانو ئەفغانستاندا، دیسانەوە کەناری گابهاری تێدایە، یەکێکە لە گرنگترین کەنارە سەربازییەکان، سەرباری سنووری بازرگانیی لەسەر دەریای عومانو دەکەوێتە باشووری پارێزگاکە.

بە پێی ئامارێکی فەرمیی، کە لە سەرەتای ساڵی دووهەزاردا ئەنجامدراوە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمەکە دەگاتە ٢١٥١٥٦٨ کەس زۆربەیان سوننە مەزهەبن، سەرباری شوێنی تایبەتو تاقانەی هەرێمەکە، بەڵام تا ئەوڕۆکە فەرامۆشکراوە، ئەوڕۆکە لە چوارچێوەی ئەو هەرێمو پارێزگایانەدایە لە ئێران کە زۆرترین ڕێژەی هەژاریی

تێدایە، لە پاش شۆڕشیش بۆتە ڕێڕەوی بە پیتو گەورەی مافیاکانی ماددە هۆشبەرەکان. هەندێك لە ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن ئەو ماددە هۆشبەرانەی، کە لە ئێرانەوە ئاودیوی جیهان دەکرێت ٧٠٪ی لەم هەرێمەوە سەرچاوەی گرتووە، هەمدیسان بە پێی سەرچاوەکانی نێو خودی ئێران[1]، لە لایەن کەسایەتییە باڵادەستەکانی ڕژێمی ئێرانەوە بەڕێوە دەبرێت. هەرێمەکە بەشێوەیەکی بەردەوام ڕووبەڕووی دەسەڵات دەبێتەوە، بەڵام سەرجەمیان بەسەرکوتکردن کۆتایی دێتو، جاڕسبوونو دڵتەنگیی گەلی بلوچ پتر دەکات.

– **هەرێمی خۆراسان:** دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، سوننەکان دەکەونە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە بەرامبەر بە ئەفغانستانو هاوسێی بلوچستان.

– **نێوچەی تورکمان سەحرا:** دەکەوێتە باکووری ئێران واتە لە کەنارەکانی دەریای قەزوینەوە تا سنووری باشووری دەوڵەتی تورکمانستان، سوننەکانی ئەوێ حەنەفی مەزهەبن.

– **هورمزگان:** بەدیاریکراویی شاری بەندەر عەباسو دەورووبەرییو، دوورگەی قشمو نێوچەکانی کەنارەکانی خەلیجو دەریای عومان.

– **لوڕستان:** دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئێران، سوننەکان لە هەندێك دێهاتو دەورووبەریدا بوونیان هەیە وەك ( طلە دار، خور، أوز، خنج، بستك، فیشور، جناح)...هتد.

---

[1] لەسەر سایتی ئەلەکترۆنیی "جامعە اهل سنت ایران" بە فارسیی، هەروەها سایتی "اطلاع رسانی شیعیان" بەفارسیی: www.shiayan.ir/-40k

- شـاری بوشـەهرو نێوچـەو دێهاتـەکانی دەورووبـەری لـەپاڵ نێوچەکانی (بندر مقام، طاوبندی، کشکنارو نێوچەکانی تری باشووری رۆژئاوای ئێران.

- برێـك دێهـاتو دەوروبـەری شـاری خاڵخـاڵی سـەر بـە پارێزگـای ئەردەبیل.

- نێوچەی تـەواش ( دەیلم)و عەنبـەران دەکەونـە رۆژئـاوای دەریـای قەزوین لە پارێزگای گەیلان.

**سوننە لە دەورانی شادا**

رژێمی شاهەنشاهیی، کە خانەوادەی پەهلەویی رێبەرایەتیی دەکرد، هەوڵیدا چاو لە ئەزموونی ئەتاتورك بکات لە تورکیا، بەڵام بە شێوەیەك زۆر جیاواز لە ئەتاتورك، شا پەنای بردەبەر فشاری بەردەوامو زۆر بۆ هێنانی گەلی ئێرانو ناچارکردنیان بە پۆشینی جلوبەرگی رۆژئاوایی، کە لـە کەسـە نزیـكو وەزیرەکانییـەوە دەسـتی پێکـرد لـە پـاڵ کرانـەوەی تـەواوو گـشتگیر بـەرووی رۆژئـاوادا. وێـڕای سـێکیۆلاربوونی رژێمەکـە کەچی سوننەی ئێران دەیاننالاند بەدەست جیاکاریی و پەراوێزخستن و نەبوونی رۆڵیان بەشێوەیەك لەگەڵ قورسایی ئەواندا بێتـەوە لـە ئێرانـدا، بـەڵام بـەپێی سروشـتی رژێمـی ئـەو دەمـی شاهەنـشاهیی پیـادەکردنی جیاکاریی لـە روانگەیـەکی تـایفیی یـاخود مەزهەبییـەوە نـەبوو بەڵکو لـە روانگـەی رەگەزییـەوە بـوو. چـونکە سـوننەکان بەگـشتیی لـە گـەلانی نافارسـن، بۆیەشـە وەك هـاوڵاتی پلـەدوو ژیـاون لـە پـاڵ پەراوێزخستنی

روون‌و ئاشكرايان له بواری ئیداریی‌و وه‌زیفیی‌و یه‌كسانییان له‌گه‌ڵ فارسه‌كاندا. ئه‌و هه‌لومه‌رجانه پاڵی به پیاوی ئاینیی ناسراو له ئێران ئه‌حمه‌دی موفتی زاده‌وه نا- ئه‌و كات رێبه‌ری رۆحیی ئه‌هلی سوننه بوو له ئێران- له‌گه‌ڵ عه‌بولعه‌زیز بلوچی - موفتی‌و رێبه‌رێكی سوننه بوو- رێككه‌وتن له‌سه‌ر دامه‌زراندنی ئه‌نجومه‌نی شورای ئه‌هلی سوننه ناسراو به "شمس" كورتكراوه‌ی نێوی ئه‌نجومه‌نه‌كه‌یه، ده‌وڵه‌ت ئه‌و ده‌مه مژول بوو به به‌رهه‌ڵستكارانی شیعه‌و ئه‌وانه‌ی جیابوونه‌وه، ئیدی ئه‌م هه‌له‌یان قۆسته‌وه جارێك له تاران‌و جارێك له بلوچستان دانیشتن‌و، راسپارده‌ی گرنگیان دایه ده‌وڵه‌ت، به‌ڵام له پاش شۆڕش چالاكییه‌كانی وه‌ستا، موفتی زاده ناكۆكیی هه‌بوو له‌گه‌ڵ خومه‌ینیدا[1].

**سوننه له پاش شۆڕش**

**خومه‌ینی: "سوننه‌و شیعه هه‌ردوو باڵه‌كه‌ی ئیسلام‌و شۆڕشن"**

سه‌روه‌ختێك خومه‌ینی له پاریس بوو به‌ڵێنی به ئه‌هلی سوننه‌دا، كه مافه‌كانیان یه‌كسان ده‌بێت به‌شیعه، ئه‌وده‌مه ئه‌هلی سوننه گومانیان له به‌ڵێنه‌كه‌ی نه‌بوو وه‌ختێك له‌زۆر چاوپێكه‌وتن‌و گوته‌یدا دووباره‌ی ده‌كرده‌وه، وه‌ختێكیش شۆڕش له ساڵی ۱۹۷۹ هه‌ڵایسا زۆرێك له سوننه‌كان به‌شدارییان كرد له شۆڕشداو پشتیوان‌و هاریكاربوون، زۆربه‌ی رێبه‌ره‌كانیان داوایان له جه‌ماوه‌ر كرد به‌شداربن له شۆڕشدا

---

[1] الريس، رياض، سه‌رچاوه‌ی پێشوو.

بەو هۆیەشەوە سەدان کەس بوونە قوربانی، بەڵام بە تێپەڕبوونی ساڵی یەکەم ئەوە روون بۆوە، کە سیاسەتی جیاکاریی دژ بە سوننەی ئێران و باقی رەگەزە نافارسەکان بەردەوامە، رەنگبێ رەهەندێکی یاسایی وەرگرتبێت وەختێك دەستووری ئێران شیعە بوونی سەرۆك و پۆستە بالاکانی کردە مەرج.

هەرچی خومەینیە سووربوونی خۆی دووپات دەکردەوە بەوەی ئەهلی سوننە یەکێکن لە دوو باڵەکەی شۆڕش، تەنها دروشمێك بوو لە رێگەی لە خشتەبردن و کەمەنکێشکردنیان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە ئاینیی و سیاسییەکانیان، پاش بەدیهێنانی ئەوەی ویستی و سەرکەوتنی شۆڕش ئیدی سوننەکان سەرکوتکران و پەراوێزخران و ئەوانەی دەنگیان دلێر کرد لەنێوبران، لەپاش کۆتایی هاتنی دۆسیەی بەرهەڵستکارە چەپڕۆکان و پارتە سێکیۆلارەکان. وێڕای ئەوەی رژێمی ئێرانیی دامەزراندنی کۆڕێکی دەوڵەتیی راگەیاند بۆ پێکڕا نزیککردنەوەی مەزهەبە ئیسلامییەکان و یەکێتی نێوان مەزهەبی سەرەکیی شیعەو سوننە، سوننەکان وا تەماشایان کرد، کە لەخشتەبردنی میدیایی دەوڵەتانی هاوسێیە بەتایبەتی کە دەوڵەتانی سوننە، یاخود وەك جۆرێك لە پڕوپاگەندە، یەکێك لە پیاوانی ئاینیی سوننە، بەڕێوەبەری قوتابخانەی خانەی زانستە ئیسلامییەکان لە زاهیدان کۆمێنتی داوەو بەمشێوەیە دەئاخفێت: "بەرپرسانی کۆڕی لێکنزیکردنەوەی نێوان مەزهەبە ئیسلامییەکان بەئامانجی یەکێتی و یەککەوتن، گەشت بۆ تەواوی جیهان دەکەن، بەڵام بەداخەوە لەنێوخۆدا

کۆڕەکــە کارناکــات بــە ئەنــدازەی ئــەوەی پیــشانی دەرەوەی دەدات، ئەمــەش پرســیارمان لا دەهروژێنێــت بەشــێوەیەك ئێمــە لــەنێوخۆدا چەندین کێشەمان هەیە کە ڕووبەڕووی یەکێتی دەبێتەوە جەختی لەوە کردۆتــەوە، کــە چارەســەرکردنی نەهامەتییــەکانی ئــەهلی ســوننە زۆر گرنگترە لە دۆسیەی ئەتۆمیی و، بەرەنگاربوونەوەی دوژمنی دەرەکیی، کە تەنها بە یەکێتی نێوخۆیی دەبێت"[1].

ڕێبەرایەتی ئێران هەمیشە نکۆڵی لە بوونی هەرجۆرێك لە سیاسەتی جیاکــاریی دژ بــە ســوننە دەکــەن، ڕایانگەیانــدووە ئــەوان بەشــێکی ســەرەکین لــە پێکهاتــەکانی گــەلی ئێــران و مێــژوویان پرشــنگدارە بــە پــشتیوانییان لــە ڕژێمــی ئیــسلامیی و بەشــدارییان لــە جــەنگی دژ بــە عێراقدا.

لەبەرامبەریشدا چەندین ڕێبەری سوننە هەن، کە پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتدا باشەو، پشتیوانی دەسەڵاتن و جەخت دەکەنەوە لەوەی کە ڕژێمــی ئێــران ڕەگەزپەرســت و تایفەگــەرا نییــە، ســەرۆکی دەســتەی زانایانی سوننە لە ئێران شێخ عەبدوڕەزاق بوخاریی چەوساندنەوەی سوننە لەلایەن شیعەوە لە ئێران ڕەتدەکاتەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە سوننە لەپاش سەرکەوتنی شۆڕش دەسکەوتی زۆریان بەدەستهێناوە، ڕێبەرایەتیی شۆڕش توانیویانە تەواوی ناکۆکییەکانی نێوان سوننەو

---

[1] بڕوانە: سایتی جامعە اهل سنت ایران: www.iranmehr.com ، هەروەها بڕوانە: ژ. ٥٠-٥١ی گۆڤاری "السنة" لەسەر سایتی ئەلەکترۆنیی: www.alsunnah.org

شـيعه لابـەرن، كـه لەسـەردەمی شـادا هـەبوون. بوخـاری داوای چارەسەركردنی ناكۆكییەكان دەكات لـه ڕێگەی گفتوگۆو گەنگەشـەی شارستانییەوە، هەروەها دووركەوتنـەوە لـه دەمارگیریو دۆگمابوون لـه بیروبۆچووندا.

دیسانەوە بوخاریی ڕێبەری سوننەكان پێیوایه ئەهلی سوننه هیچ گرفتێكیان لـه ئێراندا نییه " حكومەتی ئێران سەرجەم پێداویستیو داواكارییەكانی سوننەی دەستەبەركردووەو، سوننەو شیعه لـه ئەركو مافدا یەكسانن، بۆ زانیاریی سوننه قوتابخانەی تایبەت به خۆی هەیه لـەپاڵ حـەوزەی زانـستیو نێوەنـدیی ئـاینیی، كـه هـەموو وانـەكانی تایبەت به مەزهەبی سوننەی تێدا دەخوێنرێت( تەفسیر، فەرموودە، فیقـه، ئوسـوڵی فیقـه)، ئـەو وانانـه بەرامبـەرن بـەو پرۆگرامانـەی، لـه ئەزهەرو مەدینەی منەوەرەو سووریادا دەخوێندرێن".

لـه وەڵامـی پرسـیاری "الـوطن"ی كوتێـدا تایبـەت بـه جیاكـارییو پشتگوێ خستنی سوننه، بوخاری وەڵامـی داوەتـەوە:" ئەوانـه لەسـەر بنـەمای "جیـاواز بـەو خـۆت دەرخـه/خـالف تعـرف" كاردەكـەن" ئـەوان نـازانن چـی لـه ئێـران دەگوزەرێـتو، زۆر دوورن لـەوەی چـی ڕوودەدات لـەوێ. سروشـتییه ئـەوان بەدەسـت كـەموكوڕی لـه یـەكێك لـه لایەنـه ئینسانییەكاندا بنـاڵێنن، مۆجكارییان دەكەم ڕووبكەنه خوای گەورەو، سوپاسـگوزاری ئـەو نیعمەتـه گەورەیـه بـن كـه ئێمـەی تێـداین، لێـرەدا ئاماژە دەدەم بەوەی ساڵانه لـه ئێران سـوننەو شیعه كۆنگره دەبەسـتن لەبارەی یەكێتییو برایەتی ئیسلامیی"[1].

[1] جريدة الوطن الكويتية (حوار مع الشيخ عبدالرزاق البخاري)، ٢٠٠٧/٥/٣.

ئەو نمونە بالاّیەی، کە بوخاری لەبارەی دۆخی ئەهلی سوننەوە باسی کردووە، یان لەبەر ترسانە لە دەسەلاّت یاخود لەبەر چاوچنۆکییەتی: چونکە ناکرێت ناکۆکییەکانی سوننە لەگەلْ رژێمی ئێراندا رەت بکرێتەوە، بەتایبەت ئەو ناکۆکییانە بۆتە هۆی هەلاّیسانی راپەرینی جەماوەریی لە تەواوی نێوچە سونییەکاندا بە بەردەوامیی لە نێوچە سەرەکییەکان و هەرێمە گەورەکاندا، ئەو ناکۆکیی و جیاوازییانە ئاماژەی پێدەدەم لە سالاّنی یەکەمیداو، لە رێگەی دەیان راپۆرتەوە لە نێوخۆی ئێراندا لەبارەی بێبەلێنیی شۆرش لەبەرامبەر ئەهلی سوننەدا، لە کۆنگرەی جیهانیی پێشنوێژانی جومعەی سوننەکان، کە لە سالّی ١٩٨٢ لە تاران بەسترا چەندین پێشنیارو راسپاردەی لەخۆ گرت بۆ رێبەرایەتیی ئێران سەبارەت بەوەی ئەهلی سوننە لە ئێراندا رووبەرووی دەبێتەوە[1]. راسپاردەکان ئاماژەیان بە چەندین خالّ داوە، کە پەیوەستە بە لایەنی عەقایدیی و سوکایەتی نەکردن بە خەلیفە راشیدینەکان و، سزادانی ئەوانەی سوکایەتی دەکەن و، دروستکردنی مزگەوت لە تاران و، نوێنەرایەتیی سیاسیی و، تێبینی گرنگ لە بارەی دەستووری ئێستای ئێران، بەلاّم هەرچی لە پاش کۆنگرەکە روویدا بریتیی بوو لە قۆلّبەستکردنی برێك لە بەشداربووانی کۆنگرەکە، ئەوانەی کاریان کردبوو لەسەر نووسینی ئەو راسپاردانە.

---

[1] بڕوانە: سایتی جامعە اهل سنت ایران: www.iranmehr.com ، هەروەها بڕوانە: ژ. ٥٠-٥١ی گۆڤاری "السنة" لەسەر سایتی ئەلەکترۆنیی: www.alsunnah.org

- ناڕەزایەتییەکانی ئەهلی سوننە دژ بە ڕژێمی ئێران

۱. کۆتوبەندکردنی ئازادیی بنیاتنانی مزگەوتو قوتابخانە ئاینییە سوننەکان

- تاران بەبێ مزگەوتێکی سوننی

ناکرێت چاو بگێڕیتەوە بە ناڕەزایەتییەکانی ئەهلی سوننە لە ئێراندا بەبێ هەڵوێستەکردن لەسەر سکاڵاو شکاتە هەمیشەییەکانیان تایبەت بە دروستکردنی مزگەوتو قوتابخانەی ئاینیی تایبەت بە خۆیان، کە دەچێتە نێو چوارچێوەی ئازادییە ئاینییەکانو پیادەکردنی سروتو دروشمەکان. وەختێك ئاماژە دەدەین بەو کێشەیە یەکەم شت بە خەیاڵدا دێت داواکاریی ڕێبەرانی سوننەیە هەر لە سەرەتایی شۆڕشەوە تا ئەوڕۆکە بە بنیاتنانی مزگەوتی تایبەت بە خۆیان لە تارانی پایتەخت، کە نزیکەی ملیۆنێك سوننەی تێدایە، بەڵام تاقە مزگەوتێکی تایبەت بە خۆیان نییە، نەك بەتەنها تاران بەڵکو شارەکانی تریش وەك شیرازو ئەسفەهانو یەزد. هەڵوەستەکردن لەسەر تاران ڕەنگبێ لەلای سوننەکان سەیر بێت، چونکە بەتەنها پایتەخت ٦٧ کڵێسای جولەکەی تێدایە، کە ژمارەیان بیستوپێنج هەزار جولەکەیە، لەوەختێکدا پەرستگایەکی زەردەشتییەکان لەنێوچەرگەی تاراندا هەیە کەچی مزگەوتێکی بۆ سوننەکان تێدا نییە، هەندێك کۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ١٥١ پەرستگای ئاینزا جیاوازەکان هەیە جگە لە سوننە[1]. وەڵامی حکومەتە جۆراوجۆرو یەك بەدوایەکەکانی ئێرانیش

---

[1] کۆڤاری "السنة-٥١" لەسەر سایتی ئەلەکترۆنیی: www.alsunnah.org، احوال اهل السنة، زيد العيص، الخميني والوجه الاخر.

یەك وەڵامە: مزگەوتەکانی شیعە کراوەیە لەبەردەم ئەهلی سوننەدا، دەتوانن نوێژی تێدا بکەن، چ پێویست بە بنیاتنانی مزگەوتی تایبەت بە خۆیان دەکات.

سەد لە سەد ئەم گوتەیە سادەییەکی گەورە لەخۆدەگرێت و، ناکرێت لێی بگەین لە دەرێی مەرامەکانی رژێمی ئێران، یاخود دەگوترێت ئەو رێگیری لێکردنە بە بیانووی پاراستنی یەکێتی مسوڵمانانی سوننەو شیعەیەو، دوورکەوتنەوەیە لە هورووژاندنی ناکۆکیی لە نێوانیاندا گەر ئەمە راست بێت ئەی بۆ ئێرانییەکان مزگەوتی شیعە لە دەوڵەتانی دنیادا بنیات دەنێن.

سوننەکانی تاران بڕێکجار نوێژی هەینی بە ناچاریی لە باڵوێزخانەی سعودیە ئەنجامدەدەن، یاخود لە باڵوێزخانەی پاکستان، هەر سەبارەت بەم بابەتە هەندێك لە رۆژنامەکانی ئۆپۆزیسیۆن و سایتە ئەلیکترۆنییەکانیان، پێش چەند ساڵێك، وەڵامێکی ئایەتوڵڵا میسباح یەزدی بڵاوکردەوە، ئەو لە ئێستادا بابی رۆحی تەوژمی موحافزکارییە، لە وەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی هۆکاری دروستنەکردنی مزگەوت بۆ سوننەکان لەلایەن حکومەتەوە لە تاران، گوتوویە:" هەرکاتێك رێگەیان پێدان حوسەینییەك لە مەککە دروست بکەین ئەو کات ئێمەش رێگەیان پێدەدەین مزگەوتێك لە تاران دروست بکەن".

سەرەتای داواکاری سوننەکان لە حکومەت بە ئامانجی بنیاتنانی مزگەوت دەگەڕێتەوە بۆ هەڵایسانی شۆڕشی ئێرانیی، تا ئەوڕۆکە لە پێشی پێشەوەی ئەو بەیاننامانەدایە کە لە دژی دەسەڵاتدارانی ئێران دەری دەکەن، لەساڵی یەکەمی سەرکەوتنی شۆڕشدا شێخ عەبدولعەزیز

بلوچـیی، پەرلـەمانتاری هەڵبـژێردراوی سـوننەکان بـۆ ئەنجومـەنی خیبرەگـان، تایبـەت بـە دیـاریکردن و چـاودێریکردنی ڕێبـەری شـۆڕش (لەرووی کرداریەوە ئەنجومەنێکی شەرەفییە) سەرباری مـەلا ئەحمـەدی مـوفتی زادە، نێـوبراو یەکێکـە لـە مەزنـە زانایـانی ئـەهلی سـوننە لـە کوردسـتانی ئێـران، هـەردووکیان داوایـان لـە خومـەینی کـرد زەوییـەك تـەرخان بکـات بـۆ بنیاتنـانی مزگـەوتێك بـۆ ئـەهلی سـوننە لـە تـاران، خومەینیش ئەوکات ڕەزامەندی دەربڕی لە ئەنجامی فشاری نێوخۆیی و دەرەکیی کـە ڕێکخـراوی جیهـانیی ئیسلامیی پێـی هەسـتا، بـەکرداریش حکومەت چەند پارچە زەوییەکی تەرخانکرد، کە زەوی پیاوانی شـا بـوو دەسـتی بەسـەردا گیرابـوو، بـەڵام سـوننەکان ڕەتیـان کـردەوە، ئیـدی دەهەزار مەتر چوارگۆشە لە زەوییەکانی حکومەت دیاریکرا بۆ مزگـەوت لـە تەنیشت هۆتێـل ئیستقلال، وەختێـك سـوننەکان ویـستییان بنیـاتی بنێن دەسەڵاتدارانی حکومیی دەستیان بەسەر زەوی و داراییەکەدا گـرت بە بیانووی ئەوەی موفتی زادە وەهـابی مەزهەبە، بەمشێوەیە بنیاتنـانی ئەو مزگەوتە تا ئەوڕۆکە وەستاوە[1].

---

[1] وەك زانراوە چەمکی وەهابیزم لە ئێران لە رووی ئاینییەوە ڕەهەندێکی جیاوازی هەیە ئەویش ئاماژەیە بۆ چەندین دەلالـەتی شاراوەی لەنێویشیاندا مێـژوویی و سیاسـیی. دەلالەتـە مێژووییەکـەی پەیوەسـتە بـە تێکـدانی گۆڕەکـانی بـەقیع، کـە بڕێـك ئێـسك و پروسـکی ئیمامـەکانی مەزهـەبی دوانـزە ئیمـامیی تێدایـە، هەرچـی دەلالەتـە سیاسـییەکەیەتی مەزهـەبی وەهـابیی لـە بـەراییترین ئـەو مەزهەبانـە بـوون، کـە دوژمنایەتییان بۆ شۆڕش دەربڕی و شیعەیان بەکافر لەقەڵەمدا سـەرباری ڕەوایـیدانی هەندێکیان بە کوشتنی شیعەکان.

- رووخاندن و داخستنی مزگەوتەکانی سوننە:

سوننەکان زۆرجاران بەڵگە دێننەوە لەسەر سەرکوتکردنی ئازادیی پیادەکردنی ئەرکە ئاینییەکانیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە، سەرکوتکردنی دروشمە ئاینییەکانیان ئەویش بە رووخاندنی ئەنقەستی مزگەوتەکانیان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، هەرجارەو بە بیانوویەك جارێك لەبەر هۆکاری پەرەپێدانی شارەکان و فراوانکردنی، جارێکی تریش بە بیانووی ئەوەی مزگەوتی ( ضـراء) ە ئاژاوە دەنێتەوە، یاخود بە ئامانجی بەندایەتیکردن دانەمەزراوە، یاخود پێشتر رەزامەندیی فەرمیی بۆ وەرنەگیراوە، یاخود پێشنوێژەکانیان پەیوەندییان هەیە بە لایەنە دوژمنکارەکانەوە. تەواوی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی تەنانەت هەندێك لە راپۆرتەکانی رێکخراوە ئیسلامیی و نێودەوڵەتییەکانیش یەکدەنگن لەبارەی رووخاندن و تێکدانی مزگەوتەکانی سوننە، کۆڵینەوەو راپۆرت و بەیاننامەکان باس لە رووخاندنی ژمارەیەکی زۆر مزگەوتی سوننە دەکەن لە تەواوی نێوچەکانی بلوچستان یاخود کوردستان یاخود نێوچە تورکمانەکان، بەڵام رووخاندنی مزگەوتی ( فیض) لە مەشهەد تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی خۆپیشاندانی گەورەو راپەڕینی جەماوەریی لێکەوتەوە دژ بە دەوڵەت و بەو هۆیەوە دەیان هاوڵاتی بوونە قوربانیی زۆریان لێ قۆڵبەستکرا.

**مزگەوتی "فیض":**

مێژووی بنیاتنانی مزگەوتی ( جامع الشیخ فیض)، لە شاری مەشهەدو سەنتەری پارێزگای خۆراسان لە شەقامی خوسرەویی دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەدە لەمەوبەر، یەکێك لە گرنگترین مزگەوتە مێژوویەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران، لەلایەن سوننەکانەوە ڕێزو حورمەتێکی زۆری لێدەگیرێت، بەتایبەت سوننەکانی پارێزگای خۆراسان، بەرپرسانی مزگەوتەکە داوایان لە حکومەت کرد ڕەزامەندی بنوێنێت لەسەر پەرەپێدان و فراوانکردنی پێش تێکدانی بەدوو ساڵ، ئیدی دەستپێکراو شوێنی دەستنوێژ دروستکرا، لەگەڵ گەراجی ئۆتۆمبیل لەژێر زەویدا، پرۆسەکانی بەرفراوانکردنی بەردەوامبوو تا دانانی منارەو گومبەزی نوێ، لە پاش دووساڵ کتوپڕ، دەسەڵاتدارانی ئێران بڕیاریاندا بە تارومارکردنی، بڕیارەکە ناڕەزایەتیی سوننەکانی لێکەوتەوە لەپاڵ ئەوانەی سەروکاری مزگەوتەکەیان دەکرد، بەرگرییەکی توندی لێکەوتەوە ئەو بەرگرییەش وەرچەرخا بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزە ئەمنییەکان و دەیان کوژراوی لەنێو مزگەوتەکەدا لێکەوتەوە، لەپاش تارومارکردنی ئەو مزگەوتە مێژووییە کرا بە باخچەو سەیرانگای گشتیی، پاش ئەوەی لەگەڵ زەوی یەکسانکرا، لە نێوچە سوننییەکاندا خۆپیشاندانی گەورە سەریهەڵدا، لەهەرێمی بلوچستان ناڕەزایەتییەکە توندترو بەهێزتر بوو بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك هەرێمەکە کەوتە دەست خۆپیشاندەران و زۆر بەرپرس و پۆلیس گیران و چەندین نێوەندو دامەزراوەی فەرمیی سوتێنران.

- قوتابخانه ئاينييەكان:

فەهمی هوێدی لە کتێبەکەیدا بە نێوی "ئێران لە نێوخۆدا" باس لەوە دەکات، کە دەسەڵاتی ئێرانیی لەپاش هەڵایسانی شۆڕش بڕیارێکیان دەرکرد تێیدا" بڕیاریان دا بەرگیریکردن لە بنیاتنانی قوتابخانەی تایبەت بە ئەهلی سوننە، بە خۆیان هەستان بە بنیاتنانی قوتابخانە بۆ خوێندنی عەقیدەی ئەهلی سوننەو بۆ سوننەکان، یەکێك لەو قوتابخانانە نێونرا شێخ مەحمود شلتوت، کە بانگەشەکارێکی پێکڕا نزیکردنەوەی نێوان سوننەو شیعە بوو، بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان شیعە بوون، ئەو هەڵسوکەوتە لەلایەن یەکێك لە لایەنگرانی خومەینیەوە دژ بە سوننەکان رەتکرایەوە.

هیچ زانیارییەکم لەبەردەستدا نییە تایبەت بە بوونی بڕیارێکی فەرمیی، کە رێگریی بکات لە دامەزراندنی قوتابخانەی تایبەت بە سوننەکان، بەڵام ئەزموونی دوورودرێژم لە ئێران ئەوە دەردەخات کە دەرکردنی بڕیارێکی لەمشێوەیە زۆر ئاساییە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانییەوە، چەندین حەوزەی زانستی هەیە لە قوم دەگەڕێتەوە بۆ مەرجیعە ئاینییە شیعەکان داخراوە یاخود رێگەی لە پەرەپێدانی گیراوە یاخود رێگە نادرێت بە دروستکردنی قوتابخانەی نوێ. دەسەڵات لە ئێران کێشەیان لەگەڵ قوتابخانە سوننییەکاندا نییە بە ئەندازەی ئەوەی دەترسن لەوەی ئەو قوتابخانانە ببن بە شوێنی رێکخستنی بەرهەڵستکاران دژ بە دەسەڵاتی ئێرانیی و ئاشناکردنی گەل بە خراپەکارییەکانی رژێمی فەرمانڕەوا.

ئــەوەی هویّــدی یــاخود زۆربــەی بەرهەڵــستکارانی ئیّرانیــی باسیانکردووە لە ریّگرتن‌و داخستنی هەندیّك لە قوتابخانە سوننیەكان لە ئیّراندا رۆژانە روودەدات. لەگەڵ ئەو ئیّرانیانەی كە دەوڵەت گومان لە لایەنگرییان دەكات یاخود گومانیان لە كارەكانیان هەیە. دیارترین ئەو مزگەوتە سوننیانەی كە دەسەلاّتدارانی ئیّران فەرمانیانكرد بە داخستنی قوتابخانەی نوری ئیسلام لە كوردستان، قوتابخانەی شیّخ قادر بەخش لە بلوچستان، قوتابخانەی خواجە عەتا لە شاری بەندەر عەباس( هورمزگان). لەپاڵ دەیان قوتابخانەی تر كە سوننەكان لە بەیاننامەكانیاندا دیارییان كردووە[1].

دەسەلاّتدارانی ئیّران دانیان بەوەدا ناوە كە فەرمانیان كردووە بە داخستنی هەندیّك لە قوتابخانەكان، بەلاّم ئەو قوتابخانە داخراوانەیان بــە خانــەی ئاشــووب‌و تیّكــدان لەقەڵەمــداوە، كــە دەیانــەویّت دەســكەوتەكانی شۆرشــی ئیــسلامیی ئیّرانیــی لــە نیّوبــەرن، هــەروەها ریّكخــراوە وەهابییــەكان دزەیــان كردۆتــە نیّــوی لــە دەریّــی ئیّرانــەوە، دیــسانەوە ئــەو ریّكخراوانــە نیّــوی ئــەهلی ســوننە بــەكاردەهیّنن بــۆ تیّپەراندنی ئامانجەكانیان، زۆرجاران حكومەت باس لە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر دەكات لەبارەی وەهابی بوونی ئەو قوتابخانانە، كە لەژیّر نیّوی ئەهلی سوننەدا خۆی مەلاّسداوە، بەشیّك لە هەڵویّستی حكومەتی ئیّران راستیی تیّدایە چونكە دەیان قوتابخانە لە دەریّی ئیّرانەوە

[1] مولوی موسی، اخرین فریاد مسجد فیض (بەزمانی فارسیی).

دەستگیرۆیی دەکرێن، لەنێو هەرێمی بلوچستان هاوسێی پاکستان بوونی هەیەو ئاشکرایە ئیسلامییەکان لەوێ هاوکاریی دەکرێن لەلایەن شانشینی عەرەبیی سعودیەوە.

٢. **قۆڵبەستکردن‌و تیرۆرکردنی کەسایەتییە ئاینیی‌و نەتەوەییەکانی ئەهلی سوننە:**

یەکێکی تر لەو بابەتانەی، کە سوننەکانی ئێران پێوەی دەناڵێنن، هەروەها لەو رێگەوە ئاماژەدەدەن بەو ستەمەی کە دووچاریان بۆتەوە لە پیادەکردنە رەگەزپەرستی‌و تایفییەکانی رژێمی ئێران، بریتییە لە قۆڵبەستکردن‌و تیرۆرکردنی سیمبولە ئاینیی‌و مەزهەبیی‌و فەرهەنگییەکانیان، بە پێی زۆر گێرانەوەو راپۆرت لە نێوخۆو دەرێی ئێراندا باس لە ژمارەی قۆڵبەستکراوان‌و تیرۆرکراوانی سوننە دەکەن کە گەیشتۆتە سەدان کەس، بەڵام ئەو راپۆرتانە گومان لە راستییان دەکرێت چونکە زۆربەیان لەلایەن لایەنە بەرهەڵستکارەکانەوە دەردەچێت‌و زێدەڕۆیی تێدایە، بەڵام بەگشتیی سیمبولە گرنگەکانی سوننەی ئێران دووچاری گرتن‌و تیرۆر بوونەتەوە لەسەرێی هەمووشیانەوە رێبەری بەدیمەنی سوننە ئەحمەدی موفتی زادە، کە لە پاڵ خومەینیدا لەسەرەتای شۆڕشدا وەستا‌و پاشتر ناکۆکیی کەوتە نێوانیان‌و، پاشتر گیرا‌و کۆچی دوایی کرد. لەبەرامبەریشدا چەندین رێبەری شیعە دووچاری گرتن‌و راودوونان بوونەتەوە چونکە ناکۆك بوون لەگەڵ رژێمی فەرمانڕەوادا وەك زانای شیعەی عەرەبیی محەمەد تاهیر خاقانی، کە بەدەستبەسەریی کۆچی دوایی کرد، یاخود ئەوەی

دووچاری ئایەتوڵڵا حوسێن مونتەزەری (ئەندازیاری ویلایەتی فەقیە لە ئێران و ناسراوە بە جێنشینی ئیمام) بۆوە، کە پاشتر جیاوازی هەبوو لەگەڵ خومەینی و خامەنەئیداو، تۆمەتبار کرا بەوەی دژ بە شۆڕش و رژێمە، لەپاڵ ئەوەی زانایەکی شیعەی فارسیی بوو، چەندین ساڵان لە قوم دەستبەسەر بوو.

ئەو نێوو کەسایەتییانەی لە راپۆرت و گێڕانەوەکانی ئۆپۆزیسیۆندا هاتوون، یاخود ئەوانەی لەلایەن سوننەکانی جیهانی عەرەبیی و ئیسلامییەوە باسدەکرێن چەندین خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، کە باس لە جۆری ئەو هۆکارانە دەکەن کە حکومەت لە تیرۆرو گرتن و کوشتنەکانی ئەهلی سوننەدا پێڕەویی دەکات، ئەوانیش:

١. زۆربەیان کۆڵەربوون، یاخود ئەو کەسانە بوون کە لە شانشینی عەرەبیی سعودیە خوێندوویانە، پەیوەندییە نائاساییەکانی نێوان ئێران و سعودیە کاریگەریی ئاشکرای لەسەر ئەو جۆرە پیادەکردنە هەبووە.

٢. ئاشکراکردن و پرسیارکردن لەلایەنی عەقایدیی شیعە، کە لایەنی شیعە لەبەرامبەر عەقایدی سوننەدا دەیکات بەڵام دەسەڵات خۆشی لەم کارە نایەت، نەوەك بەتەنها لە سوننەوە بکرێت بەڵکو لە کەسایەتییە شیعەگەرا دیارەکانیشەوە بێت، کە کار بکەن لەسەر رەخنەگرتن لە سیستەمی عەقایدیی شیعە.

٣. شوێن، پەیوەندییەکی روون و ئاشکرای هەیە بە گرتن و تیرۆرەکانەوە، زۆربەی گیراوان لە بلوچستانن، ئەو هەرێمەی کە خەنجەرە لە لاکەلەی دەوڵەتی ئێرانی ئێستا، هەروەها کوردستانیش.

٣.دامەزراندنی ڕێکخراوەکان و نوێنەرایەتی سیاسیی:

**- ڕێگرتن لە دامەزراندنی ڕێکخراوەکان:**

بە پێی دەستووری ئێران هاوڵاتییان دەتوانن ڕێکخراوو دەستەو کۆمەڵەی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن، بەتایبەت کەمینەکان، بەڵام لەرووی کردارییەوە ئەو بەندە دەستوورییە لەکارخراوە، دەیان ڕێگری هەیە کە دەوڵەتی ئێران دروستی دەکات لەبەردەم هەرکەسێکدا بیەوێت ڕێکخراوێك دروست بکات تەنانەت گەر مومارەسەی کاری فەرهەنگیی گشتیی بکات، ئیدی بێبەشکردنی سوننەکان لەو مافە دەستوورییە هەڵکەوتێکی سروشتیی ڕژێمی دەسەڵاتدارە، کە پردی پەیوەندیی متمانەی لە نێوان خۆیو توێژەکانی کۆمەڵگەدا دروستنەکردووە، لە نێویشیاندا سوننەکان، بۆ نمونە ڕێبەری سوننە مەلا ئەحمەدی موفتی زادە[1]، هەوڵیدا ڕێکخراوێك بۆ ئەهلی سوننە دامەزرێنێت بە نێوی ئەنجومەنی شورای نێوەندی ئەهلی سوننە، کەچی دووچاری گرتووخانەو جەزرەدان بۆوە، وەك سەرچاوەکانی ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی باسی دەکەن، زۆر بەڵگەی تر هەن لەسەر ئەم بابەتە کە دووچاری سەرجەم نەتەوەکانی ئێران بۆتەوە بە تایفەی شیعەشەوە.

---

[1] بڕوانە: سایتی "المسلم"، سایتی "مفكرة الاسلام"، سایتی بیگاه تحلیلی جهان، سایتی اطلاع رسانی شیعیان: www.shiayan.ir/-40kK ، سایتی ئەنجومەنی نیشتیمانیی بەرگریی ئێران: www.ncr-iran.org

- نوێنەرایەتیی نیوەچڵو ناڕاست:

یەکێکی تر لەو بەڵگانەی کە سوننەکان دەیهێننەوە لەبەرامبەر ئەو پیادەکردنە سەرکوتکاریی و ڕەگەزپەرستییە کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی ئێران لەدژیان دەیکات. ئائامادەیی ئەوانە لە ژیانی سیاسیدا یاخود کەس نییە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ئەوان بکات، بەهۆی زاڵبوونی بەرژەوەندیی تاکەکەسیی ئەو سوننانەی کە بەشدارن لە دەوڵەتدا، کە هەمیشە گوێڕایەڵی ڕژێمی دەسەلاتدارانن، لە هیچ پارێزگایەکی کوردستان، پارێزگارێکی سوننە نییە، لەگەڵ ئەوەی تەواوی دانیشتوانەکەی سوننەن، هەروەها لە بلوچستانیش لەسەر ئاستی پۆستە باڵاکانیش لەشۆڕشەوە تا ئەوڕۆکە سوننەیەك نەبۆتە وەزیر، دەقێکی دەستووری روون ئاشکرا هەیە کە دەبێت سەرۆك کۆمار شیعەی ئیمامی بێت بەمەش ڕێگری لە سوننەکان دەکرێت. ئامادەیی ئەوان لە پەرلەمان بیست پەرلەمانتارە، ڕێکخراوە سوننیەکان بەتەنها نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی و ئامانجەکانی ڕژێم دەکەن، نەمانبیستووە نوێنەری نێوچە سوننیەکان لە ئێران گفتوگۆو گوڵمەزێکییان دروست کردبێت بە دانانی یاسایەکی تایبەت بە سوننەو نێوچەکانیان کە لەرووی خزمەتگوزارییەوە بۆ نمونە لاوازە، دیسانەوە ژمارەیان گونجاو نییە لەگەڵ قەبارەی چڕوپڕی دانیشتوانانی ئەهلی سوننە.

**لێدوانە ئێرانییەکان بەرەنکردنەوەی جیاکاریی و رەگەزپەرستیی بەرامبەر بە سوننەکان؛**

ئەو تۆمەتانەی کە زۆر لە سوننەکانی ئێران دەیدەنە پاڵ رژێمی ئێران، کە لەسەر دیارترینییان هەڵوەستەمان کرد بەتایبەت ئەوانەی کە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار یاخود نا ئێرانییەکانی وەك لایەنە عەرەبیی و ئیسلامییەکان دەردەچن کە ئێرانییەکان لەدەسەڵاتدا ئەنجامی دەدەن، ئامانج لێی لێدانە لە ئیسلامیی بوونی شۆڕش، هەروەها ئامانج لێی خستنی ئەو دەسکەوتە "جەماوەریی- خوایی"ە گەورەیە، ئەو رەتکردنەوەیە بەتەنها لەلایەن شیعەکانی سەربە رژێم نییە بەڵکو لە لایەن سوننەکانیشەوە رەتدەکرێتەوە، سەرۆکی دەستەی زانایانی سوننە لە ئێران شێخ عەبدوڕەزاق بوخاری، ئەندام لە کۆڕی جیهانیی لێکنزیکردنەوەی نێوان مەزهەبەکان و موفتی و گوتاربێژی دیار لە ئێران، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی ( الوطن) ی کوێتی[1]،

---

[1] ئەحمەدی موفتی زادە، رۆحانی و رێبەرێکی سوننەی گەورەیە لە کوردستان، دامەزرێنەری یەکەم بزاڤی سوننەگەراییە لە ئێران، کە بە شورای شمس ناسراوە. موفتی زادە پشتیوانیی لە شۆڕکەی خومەینی کرد و داوای لە کوردان کرد پاڵپشتیی شۆڕش بکەن بەئامانجی بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد سەرباری مافەکانی کورد، بەڵام لەسەرەتای شۆڕش لەگەڵ خومەینیدا پێکهەڵپژان، بۆیە قۆڵبەستکراو بۆ ماوەی دە ساڵان لە گرتووخانەدا مایەوە، پاشتر لەساڵی ۱۹۹۲ کۆچی دوایی کرد لەپاش چەند رۆژێك لە بەرهەڵداکردنی، ژێدەرە ئێرانییەکان ئاماژە دەدەن بە کوشتنی.

ئەوە رەتدەکاتەوە کە شیعەکان چەوساندنەوە دەرهەق بە سوننەی ئێران بکەن، جەخت لەوە دەکاتەوە کە سوننەی ئێران شانبەشانی شیعە دەژین، هەروەها لەژێر سایەی دادپەروەریی و یەکسانیی لە ئەرك و مافدا" ژمارەی سوننەی ئێران دە ملیۆنەو، ۲٥٠مزگەوتیان هەیە، سەرباری نێوەندی ئایینیی و حەوزەی زانستیی پرۆگرامەکانی بەرابەرە بە پرۆگرامەکانی خوێندن لە ئەزهەرو مەدینەو سوریا".

دیسانەوە پێیوایە هەرچی باسدەکرێت پڕوپاگەندەیە، بوخاری گوتوویە:" زۆر لایەنی ئەرێنیی لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی لە گۆڕێدایە، جیاوازییەکانی نێوان سوننەو شیعە، کە لەسەردەمی شادا هەبوون کۆتایی پێهات، لەپاش سەرکەوتنی شۆڕش بەڕێز خومەینی لە سەرجەم رۆژنامەکاندا رایگەیاند: کە تەواوی مسوڵمانانی سوننەو شیعە براو یەکسانن لە ئەرك و مافەکاندا، دژی سوکایەتیکردن بوو پێیوابوو هەرکەس ئەو کارە بکات نە سوننەو نە شیعەو، نەتەوەی ئیسلام لەسەر چەمکی یەکتاپەرستی و شەهادەت یەکدەنگن "لا الە اللە، محمد رسول اللە"، هەرکەسێك بێتە نێو ئیسلامەوەو شایەتمان بێنێت ئەوە خۆیی و ماڵ و نامووسی پارێزراو دەبێت و، هەموویان برای ئایینین و پێویستە سۆزو خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبێت بەپێی ئەوەی لە قورئانی پیرۆزو فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ)دا هاتووە".

شێخ عەبدوڕەزاق بوخاری لە درێژەی چاوپێکەوتنەکەدا زۆر وردەکاریی دەخاتەڕوو تایبەت بە سوننەکانی ئێران، ئەوەی سەرنجمان

رادەكێشێت لێدوانی ئەوە لەبارەی كێشانی وێنەیەك كە بە تەواوی دژی راگەیاندراوەكانی دەسەلاتی ئێرانە، پێیوایە پێچەوانەی ئەوە دەرەنجامی دەمارگیریو دۆگمابوونە لە بیروباوەڕدا، گوتوویە: "بڕوامایە ئەو جیاوازییانە، یاخود ئەوانەی پێی هەڵدەستن، لە نەزانینەوە دێتە پێشێ، چونكە عاقڵەكان پابەندبن بە برایەتی ئیسلامییەوە، وەك لە قورئاندا هاتووە:"إن هذه امتكم امة واحدة"، بنچینەكەی لەخوا ترسانو بەندایەتییە نەوەك سوننەو شیعە، شوێنی ئەوان لە رێگەی لەخواترسییەوەیە وەك خوای گەورە دەفەرموێت" ان اكرمكم عندالله اتقاكم"، بۆیەشە لەخواترسان بە بنەما گیراوە چونكە جیاوازی نییە لە نێوان عەرەبو عەجەم، رەشو سپی مەگەر بە تەقواو لەخواترسیی، هەرچەندە حكومەتی ئێران شیعەیە بەلام هەموان لەبەردەم یاسادا یەكسانن، سوننەو شیعە لە ئایینو نیشتیمانپەروەریدا بران".

ئەوەی بوخاری، سەرۆكی دەستەی زانایانی سوننە لە ئێران باسیكرد پێویستی بە هەڵوەستە لەسەركردنە لەو بابەتانەی باسیكردووە گەر وادابنێین نێوبراو سەربە یەكێك لە رێبازە سۆفییەكانە، ئەو سەرۆكی رەوەندی شەرعیی عیرفانیی ئەهلی سوننەیە لە ئێران، ئەوە درك بەو راستییە دەكەین خۆیو گرووپەكەی بڕوایان بە بیری سەلەفیزم نییەو، نەكەوتوونەتە ژێر كاریگەریی قوتابخانە هەرێمیی یاخود ئیسلامییەكانەوە، دیسانەوە نێوبراو لەو كەسایەتییانەیە كە دژی پەنابردنە بەر چەكو پێكهەڵپژانە لەگەڵ دەوڵەتدا، سەرباری

ئـەوەی رێبـازە سـۆفییەکان نـزیکترن لـە مەزھەبـە سـوننییەکان وەك شیعەکان، بەڵام لەبەرامبەردا ئەو لەژێر ترس و باڵادەستی هێزە ئەمنییە ئێرانییەکاندایە، کە تەنانەت ئەوانەشی کاری تێدا دەکەن لێی تۆقیون.

هەرچی بوخاری ئاماژەی پێدا لە رەتکردنـەوەی ئـەوەی برێك لایـەن باسـیدەکەن لـەبارەی ئـەهلی سـوننەوە، سـکرتێری گـشتیی کـۆڕی جیهـانیی ئـەهلی بـەیت حوجەتولئیسلام ئەختـەری لـە خـولی بیستەمی کـۆنگرەی جیهـانیی یـەکێتی ئیـسلامیی جـەختی لێدەکاتـەوە، کـە لـە سـەرەتای سـاڵی دووهەزاروحـەفت لـە تـاران بەسـترا، جـەخت لـەوە دەکاتەوە هەرچی باسدەکرێت لە بارەی چەوسانەوەی ئـەهلی سوننە لـە ئێران رەواجی پێدەدرێت ئەوانە دوژمنی ئیسلامن، کە بـەدرۆ دەلەسـە فرمێسك بـۆ ئـەهلی سـوننە لـە ئێـران دەرێـژن، پرسـیار دەکـات: بۆچـی ئێـستا ئـەو دەنگانـە بەرزبوونەتـەوە؟ ئـەی ئـەو دەنگانـە لـە کـوێ بـوون وەختێك رژێمەکەی شـا پێکرا سوننەو شیعەی دەچەوسانەوە؟ جەخت لـەوە دەکاتـەوە کـە بـارودۆخی ئـەهلی سوننە لـە ئێـران زۆر باشترە لـە براکانیـان لـە دەوڵـەتانی عـەرەبیی و ئیـسلامیدا، ئـەو تۆمەتانـە دروسـتکراوی ملـهوڕانی جیهـانیی و دوژمنـانی ئیـسلامە لـە وڵاتـانی بێباوەڕیی و دووڕوویی.

### خاتەمی و چرکە ساتی کرانەوە

ئێرانییەکان و دەوڵەتانی هاوسێی هـەرێمیی و نێودەوڵـەتیی دەورانـی دەسەڵاتی محەمەد خاتەمی و تەوژمی ریفۆرمخوازیی بە دەورانـی زێـڕین بۆ ئێرانییـەکان لـە قەڵـەم دەدەن، لـە دەورانـی ئـەودا دەرگاکـان لەبـەردەم

ئازادییە کەسیی و کۆمەڵایەتییەکاندا خرانە سەرپشت، لاوانی ئێران هەناسەی ئازادییان هەڵمژی دوور لە دەسەڵاتەکانی لیژنەی فەرمان بە چاکەکردن و دوورکەوتنەوە لە خراپە، کە سەر بە تەوژمە موحافزکارەکان بوون و، رێبەری شۆڕش عەلی خامەنەئی سەرۆکاری دەکرد، دیمەنەکانی لێپرسینەوە و چاودێریی لە شەقام و زانکۆ و تەشکیلات و دەستە و یەکێتیەکاندا بە ئاشکرا گوم بوون، ئێران لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ عەرەبەکانی هاوسێی و رۆژئاوادا گۆڕا، یەکەم هەنگاوەکانی گفتوگۆ لەگەڵ شەیتانی گەورە دەستپێکرد وەك خومەینی نێوی ناوە و، لە گوتاری فەرمی ئێرانیدا بەکارهێنانی بڵاوبووە.

ئێران لەژێر سایەی دەسەڵاتی خاتەمیدا پلەبە پلە هەنگاوی دەنا بەرەو بنیاتنانی دەوڵەتی دیموکراتیی و کۆمەڵگەی مەدەنیی، بەڵام لە بەرامبەردا موحافزکاران و کەسە نزیکەکانی رێبەری شۆڕش بەردەوام فشاریان دەهێنا بە ئاراستەی خستنی خاتەمی و حکومەتەکەی لە رێگەی لێپرسینەوە و بانگهێشتکردنی بۆ پەرلەمان، کە موحافزکاران هەژموونیان بەسەریدا هەبوو، لەپاڵ تانەدان لە وەزیرەکانی و، دۆسیەی وەزیری حکومەتەکەی عەتائوڵلای موهاجیرانی، لەو دەمەدا دۆسیەکەی لە میدیادا هورووژێنرا. لەژێر سایەی ئەو کرانەوە گەورەیەی لە سیاسەتی نێوخۆیی خاتەمیدا هاتە ئاراوە بۆیەکەمجار ئەهلی سوننە لەپاش شۆڕش هەستیان بەوەکرد، کە دەوڵەت دەیەوێت دۆستایەتییان بکات و بەلای خۆیدا کێشیان بکات لەپێناو سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی

متمانـه، کـه سـالانی حـوکمڕانیی موحافزکـاران تارومـاری کردبـوو، بەکرداریی هەندێك گۆڕانکاریی لە بارودۆخی ئەهلی سوننەدا روویداو لە پەرلەماندا ١٤ نوێنەریان هەبوو، دیسانەوە خاتەمی لیژنەی پێکهێنا بۆ بەدواداچوونی باردۆخیان، هەرچەندە سەرۆکی لیژنەکە شیعە بوو خوشـکەزای خـۆی بـوو، بـەلام نزیکبـوو لـە ئـەهلی سـوننەو لـە بارودۆخیانی دەزانی. لەپاڵ ئەمەشدا سوننەکانی تووشی سەرسامی کرد. چۆن شیعەیەك سەروکاری لیژنەیەك دەکات تایبەت بە بارودۆخی ئەوان؟ بەپێی بەدواداچوونم بۆ دەورانی خاتەمی، ئەو بۆیە شیعەیەکی کردە سەرۆکی لیژنەکە لە پاڵ دوو جێگری سوننەدا چونکە فشاری زۆری لێدەکرا لەلایەن رێبەری شۆڕش و داروودەستەکەی، کە بەتەواوی پۆستەکاندا بلاوببوونەوە. لەپاڵ بڕوای خاتەمی بەدامەزراندنی پەیوەندییەکی راستەقینە لەگەڵ سەرجەم لایەنەکانی گەلی ئێران، بەلام نەیتوانی تەرجەمەی بکات لەسەر زەوی لەبەر ئەو هۆکارانەی پێش کەمێك ئاماژەمان پێدا.

سوننەکان لەسەردەمی خاتەمیدا لای خۆیانەوە داوای هێنانەکایەی گفتوگۆیەکی بەرفراوانیان کرد لەنێو کۆڵەران و بیریاران و سیاسەتوانان‌دا، بەئامانجی پێکڕا نزیکیی و لابردنی ناکۆکییەکان و گەیشتن بە رێککەوتنێکی روون و ئاشکرا، کە زەمینە خۆش بکات بۆ لابردنی مەترسی قەیرانەکان، رەنگبێ وای لە گرووپە سوننەکان بکردایە چەکەکانیان دانێن و بچوونایەتە نێو خەباتی سیاسیی و مەدەنییەوە. دواجار ئەوەی ئەهلی سوننە داوایان دەکرد بەدینەهات

لـەبارەی باشـترکردنی بارودۆخیـانو، ناچـارکردنی رژێـم بـەوەی وەك هاوڵاتی پلە یەك مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. بەبڕوای من ئەهلی سوننەو رێبەرەکانیان زۆر هەڵەیان کرد وەختێك داوای هـەموو شتێکیان کـرد لـە حکومەتەکـەی خاتـەمی، کـە موحافزکـاران لـەپاڵ دامـەزراوەی ئاینییـدا دوژمنایـەتی تـەواویان لەگەڵیـدا هـەبوو، بەهەڵەیـەکیان لەقەڵەمـدا، کـە ناکرێت دووبارە بکرێتەوەو ئەمەش بەکرداریی روویدا.

## سوننەکان لەژێر سایەی حکومەتەکەی مەحمود ئەحمەدی نەژاددا

هەرچی لـەدەورانی خاتەمیدا تۆمارکرا، کـە هەشـت ساڵانی خایانـد، رژێمی ئێرانی خستە سەر رێچکەیەك فرە قورسـە بەتـەواوی پاشەکشەی لێبکـات، پـاش ئـەوەی کاریگـەریی قـووڵی بەجێهێـشت لـەلای مرۆڤـی ئاقڵی ئێرانیی، یـاخود ئـەو کاریگەرییانـەی بەجێیهێـشت لـە تێڕوانینی هاوسـێ هــەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانــدا بەگــشتیی وەك دامەزرێنــەری سیاسەتێکی نوێ بۆ دەوڵەتەکەی، بڕوای وابوو هێزوهەرەکـەتی ئێـران لـە چوارچـێوەی پەیوەنـدیی ئـەرێنیی پێـشکەوتوو لەگـەڵ دەوڵـەتانی هەرێمیدا زیاد دەکات، هەروەها لە چوارچێوەی قەوارەیـەکی ئیسلامیدا، کە خاتـەمی کـاری لەسـەر دەکـرد. ئـەوەی خاتـەمی دەسـتی دایـە نـەژاد هەوڵیـدا تـەواوی بکـات بـە هـەنگاوی ناپێکەیشتوانە، کـە ئاماژەیـە بـۆ نـەبوونی ژیریـی لـە بـەڕێوبردنی دەوڵـەتێکی وەك ئێرانـدا، بـەڵام لـە پـاڵ ئەمەشدا بێ کۆڵدان نەژاد دەیویـستو هەوڵیـدەدا دەوڵـەتانی عـەرەبیی و سـوننیی کەمــەنکێش بکــات بــەرەو پــرۆژەی رۆژهــەڵاتی نێوەڕاســتی

ئیسلامیی، کە خۆی رایدەگەیاند بەبێ ئاشکراکردنی وردەکارییەکانی ئەو پرۆژەیەو بنەماکانی. بەگشتیی نەژاد دەیویست دڵی ئەهلی سوننە لە ئێران رابگرێت بە ئامانجی رازیکردنی لانیکەمی هەندێك لە دەوڵەتانی عەرەبیی و ئیسلامیی، کە گازندەیان هەبوو لە دەوڵەتی شۆڕش و بە رژێمێکیان دەبینی کە بوونی سوننە دەسڕێتەوەو دەیخاتە چوارچێوەی پەراوێزی لەبیرچوونەوە.

هەر لەمبارەیەوە دانانی پۆستی راوێژکارێك دێتە پێشی لەلایەن نەژادەوە تایبەت بە کاروباری ئەهلی سوننە لە ئێران، وەختێك فەرمانێکی سەرۆکایەتیی دەرکرد ( ٣ی یەنایەری ٢٠٠٦) بەدیاریکردنی زانای ئاینیی سوننە مەولەوی محەمەد ئیسحاق مەدەنیی وەك راوێژکاری خۆی بۆ کاروباری مسوڵمانانی سوننە. ئاژانسی هەواڵی ئێرانیش هەواڵێکی بڵاوکردەوە، ئەوەی مایەی راکێشانی سەرنجە لە خولی یەکەمدا سوننەکانی ئێران دەنگی خۆیان نەخستە پاڵ نەژاد، کە دەنگی خۆیان دایە ریفۆرمخوازو سەرۆکی پێشووی پەرلەمان مەهدی کەڕوبی لەپێناو بەدیهێنانی هەندێك مەرجدا، وەك پێدانی ماف یەکسان وەك هاوڵاتیانی تر، دروستکردنی مزگەوتێك بۆیان لە تاران و، بەخشینی ئازادی تر، تەنانەت لە خولی دووەمیشدا دەنگی خۆیان دا بە رەفسنجانی، کە لە پلەی دووەمدا بوو لەپاش راگەیاندنی سەرکەوتنی نەژاد.

رەنگبێ هەنگاوەکانی نەژاد لە پاش سەرکەوتنی بۆ تێکشکاندنی بەربەستی ترس هاتبێتە پێشێ لەپاڵ نەبوونی متمانە لە نێوان خۆی و

ئەهلی سوننەدا، بەتایبەت ناسراوە بەوەی سەر بە ئەوپەڕی راستی توندڕۆیە، بەڵام راگەیاندنی فەرمانی سەرۆکایەتیی بەدیاریکردنی راوێژکارێك بۆ ئەهلی سوننە لە چوارچێوەی پەیامێکی شاراوەدا دێتە پێشێ بۆ بەرهەڵستکارانی لە تەواوی تەوژمەکاندا، تەنانەت موحافزکارانیش بەوەی نەیانتوانیوە بەم هەنگاوە بگەن لە قۆناغی پێشتردا، سەرباری پەیامێکی تری فەرمانە سەرۆکایەتییەکەی بۆ دەوڵەتانی عەرەبیی و ئیسلامیی، لە پێشی هەمووشیانەوە ئەوانەی داوای بارودۆخی باشترو یەکسانیان دەکرد بۆ ئەهلی سوننە لە پاڵ ئەوانی تردا لە ئێران، دیسانەوە دڵنیاکردنەوەیان بەوەی نەژاد زێدەڕۆو توندڕۆی رژێمی ئێران نییە وەك پڕوپاگەندە دەکرێت.

ئەمە بڕێك لەو باگراوندە ئەرێنیانەیە، کە دەکرێت فەرمانەکە بە دیاریکردنی راوێژکارێك لەگەڵ خۆیدا هەڵی بگرێت، بەڵام لە بەرامبەردا خوێندنەوەیەکی تر هەیە، کە دژیەکە لەگەڵی هەرچی پێشتر باسمانکرد، پشت بەوە دەبەستێت فەرمانێکی لەو شێوە لە بارودۆخێکی ئەمنیی و سیاسییدا هاتۆتەپێشێ، کە تەواوی ئێران و نێوچەکە بەخۆوەی بینی لەژێر هەڕەشەو گوڕەشەی نێودەوڵەتیی توند لەبەرامبەر ئێراندا، کە ویلایەتە یەکگرتووکان رێبەرایەتی دەکردو دەوڵەتانی عەرەبیش پشتیوانییان لێدەکرد، هەرچەندە پلەکانی جیاواز بێت. ئیدی ئێران لەژێر سایەی دۆخێکی گرژبووو ناسەقامگیردا دەیویست پەیوەندییەکانی بەهێز بکات و، دۆخی هەرێمیی و ئیسلامیی نەرم بکاتەوە لەبەرەنگاربوونەوەی تەحەدیاتە دەرەکییەکاندا، بەڵام

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی ساڵێك بەسەر فەرمانەکەدا دۆخی سوننەکان باشبوونی بەرچاوو هەستپێکراوی بەخۆوە نەبینی بەشێوەیەك تەرجەمەی کارابوونی ئەو پۆستە بکات. تا ئەوڕۆکە وەك خۆیانن‌و نەگۆڕاون، لێرەدا لە راڤەی هەندێك لە بەرهەڵستکارانی نەژاددا بەتایبەت رادیکاڵەکانیان دەبینین فەرمانەکەی نەژاد بەکاربردنی میدیای‌و هێورکردنەوەی نێوچە سوننییەکانی تێنەپەڕاند، کە پێویستی پێی هەبوو لە سەرەتای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیدا.

## فاکتەرەکانی قەیرانی راستەقینەی نێوان سوننەکانی ئێران‌و رژێمی فەرمانڕەوا

پێشتر باسمان لە گرنگترین ئەو تۆمارکردنانەی سوننەی ئێران کرد لەسەر رژێمی فەرمانڕەوا، کە وەسفداربوو بەوەی رژێمێکی رەگەزپەرستی تایفەگەری دیکتاتۆرییە، بەڵام بە بڕوای نووسەر ( بڕێك لە کۆڵەرانی قاڵبوو لە کاروباری ئێرانیش پاڵپشتی دەکەن)، کە قەیرانی سوننە لە ئێران لەگەڵ دەسەڵاتدا رەهەندێکی گرنگتری وەرگرتووە لەو شتانەی کە پێشتر تیشکمان خستەسەر گرنگییەکەی، بەڵام وەك دەرەنجامی ئەو فاکتەرە راستەقینانە دەمێنێتەوە کە پەیوەستە بە تێڕوانینی رێبەرانی ئێران بەرامبەر بە رەگەزی نافارس‌و، تەواوی بەرهەڵستکارانی. ئەو کێشەو بەربەستانەی کە دووچاری سوننەو نێوچەکانیان بۆوە لە زۆر کێشەو نەهامەتیی‌و نارەحەتی، بەتەنها سەرچاوەکەی مەزهەبی نەبوو، هەرچەندە پەیوەندی پێوە هەبوو، بەڵام

ئـەوە تێناپـەڕێنێت، کـە بەشـێکە لـە چـەندین بـەش کـە بـە توندیی بەیەکداچوون. بەشـی ڕەگـەزیی پەیوەنـدیی سـەرەکیی هەیـە لـە پـشت بێبەشبوونی سوننەی ئێران کە پێوەی دەناڵێنێت، زۆرینـەیان بە تۆرە فارس نین، ئەوانیش کورد، بلوچ، تورکمان، تورکو عـەرەبن، بەشێکی تریان پەیوەندیی هەیە بە جوگرافیای نێوچە سوننییەکانەوە، زۆربەی نێوچەکانیان دەکەوێتە دەورو بەرو سنووری ئێران لەگەڵ ئەو دەوڵەتە سوننیانەی، کـە ناکۆکییـان هەیـە لەگـەڵ ڕژێمـی فـەرمانڕەوادا، پلـەو ئاسـتی نـاکۆکیی و پشێوییان چـەندە جیـاواز بێـت لەگـەڵ دەوڵـەتانی هاوسێدا. ئەم بەشانەو بەشەکانی تر بەسن بۆ بەردەوامی گومانو ئەو نادڵنیاییەی کە باڵی بەسەر ڕێبەرانی ئێراندا کێشاوە، بە تایبەت لەو دامەزراوانەدا کە تایبەتن بە پاراستنی شۆڕشو ئەدەبیاتەکەیدا.

ڕژێمـی ئێران ئـەو گومانانـەی بەکارهێناوەو پشتی پـێ بەسـتووە لـە پـەلاماردانو جەزرەبـەدانی ئـەهلی سـوننەو ئـەوانی تـردا، ئەمـەش ڕەپوڕاست ئەوەیە کە فەهمی هوێدی لە نووسینەکانیدا لەبارەی ئێران ئامـاژەی پێـداوە، گوتوویـە:" ئـەو فاکتەرانـە پاسـاون بـۆ هورووژانـدنی گومان لە دژیان، ئەوان لە دیدگای ڕژێمـی ئێرانیـدا بەتـەنها بەرەیـەك نین لـە ڕووی مەزهەبیـەوە جیـاواز بـن، بـەڵکو ڕەگـەزێکی گومانـاوین لـە ئینتیمایان بۆ جەستەی دەوڵـەتی ئێرانـی، زۆرجاران تۆمـەتبار دەکرێن بـە هەسـتان بـە پرۆسـەکانی قاچاخـچێتیو، ڕەدووکـەوتنی لایەنـە دوژمنکارەکان، ئەمانەش پاساون بۆ ڕژێمی ئێران تا سـەرکوتیان بکات، هـەروەها فـەهمی هوێـدی ئامـاژەدەدات بـەوەی"ڕژێمـی ئێـران هەمیـشە

نکۆڵی لەوە دەکات هەستابێت بە چەوساندنەوەو جەزرەبەدانی ئەهلی سوننە لە ئێران، بەڵام بەمدواییە بە ناچاریی لەژێر فشاری رۆژنامەوانیی و هۆکانی میدیاییدا دانی بەوەدا ناوە، کە بڕێک لە پیاوانی رژێم کاری توندوتیژییان دەرهەق بە مسوڵمانانی سوننەو بەرهەڵستکارانی تر کردووە، دەسەڵاتدارانیش دەڵێن بە فەرمانی رێبەرایەتیی یاخود وەلی فەقیە نەبووە".

# کەسایەتییەکانی بیری سوننەگەرایی
# لە ئێرانی هاوچەرخدا

عەباس ئەلمورشید*

دامەزرانــدنی دەوڵــەتی ســەفەویی لــە ئێــران لــە ســاڵی ١٥٠١ز[١] رووداوێکی گرنگ پێکدەهێنێت، نەك بەتەنها بۆ تایەفەی شیعە، بەڵکو بــۆ تایەفــەی ســوننەش. دەوڵــەتی ســەفەویی بــەردەوام نــەبوو لــە بەڕێوەبردنی فەرمانڕەوایەتیی ئێران، لە پاش نزیکەی ٢٠٠ ساڵ لە دامەزرانــدنی داڕمــاو قاجارییــەکان فەرمانڕەوایــەتیی ئێرانیــان گرتــە دەست، فەرمانڕەوایەتی قاجارییەکانیش لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا داڕما بەهۆی شۆڕشی مەشروتەوە (١٩٠٦-١٩١١)[٢]، تا لەنێوچوونیان

---

* کۆڵەرێکی بەحرەینییە.

[1] ئیسماعیلی سەفەویی لەساڵی ١٥٠٠ز ئەم دەوڵەتەی لە ئازەربایجان دامەزراند، پاشتر دەســەڵاتی کێشا بەســەر شــروان و عێــراق و فارســدا، هــەروەها شــیعەی کــردە ئــاینی دەوڵــەت. لــە دەورانــی شــا عەباســی ســەفەویدا (١٥٨٨-١٦٢٩) دەوڵــەتی ســەفەویی گەیشتە ترۆپك، لەساڵی ١٧٢٢ز عوسمانیی و ئەفغانییەکان دەوڵەتەکەیان سەراوبنکرد.

[2] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی وردەکاریی هەر قۆناغێك دەکرێت بگەڕێنەوە بۆ: محمد رضا وصفي، الفكر الاسلامي المعاصر في إيران جدليات التقليد والتجديد، دار الجديد،

بەشێوەیەکی گشتیی لە ساڵی ١٩٢٥. لە کۆتاییداو لەپاش سی ساڵ لەمەوبەر ئێران وەرچەرخا بۆ کۆمارێکی ئیسلامیی بە پێی سیستەمی ویلایەتی فەقیە لەسەر دەستی ئیمام خومەینی(١٩٠٠-١٩٨٩). وێڕای ئەو وەرچەرخانە جۆراوجۆرانە، ئەوەی لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەویدا بەجێگیریی مایەوە بریتییە لە سێ رەگەز:

یەکەم: یەکخستنی ئێران لەرووی جوگراییەوە لەژێر سایەی تاقە دەسەڵاتێکی نێوەندیی پاش ئەوەی چەند دەوڵەتۆچکەیەکی پەرتەوازە بوو.

دووەم: دەستبەسەرداگرتن و مانەوەی حوکمڕانی شیعە لە دەسەڵاتدا وێڕای یەك بەدوایەکدا هاتنی فەرمانڕەواو سیستەمەکانی حوکڕانیی.

سێیەم: وەرچەرخانی مەزهەبیی، کە لە دانیشتواندا روویداو ئەو گۆڕانکارییە گەوهەرییەی لە پێکهاتەی دیمۆگرافیی و مەزهەبییدا هێنایەئاراوە.

رەگەزی سێیەمیان ماددەیەکی بە پیت و دەوڵەمەند پێکدەهێنێت لە ئەدەبیاتی سیاسیی هاوچەرخدا، بەتایبەت ئەم رەگەزە لەو وەرچەرخانە مەزهەبییە دەگمەنە دەکۆڵێتەوە، بەو پێیە ئێران لە دەوڵەتێکی سوننی خاوەن کەلتوری سوننی کەڵەکەبوو، کە گەورەترین

---

بیروت ٢٠٠٠، ص ٢٣-٩٥. فؤاد إبراهيم، الفقيه والدولة، الفكر السياسي الشيعي، دار الكنوز الادبية، بيروت، ١٩٨٩.

زانایانی سوننە بەدرێژایی مێژووی ئیسلایی دایانمەزراند وەرچەرخا بۆ دەوڵەتیکی شیعە، کە گەورەترین و گرنگترین زانایانی تایەفەی شیعەی لێوە دروستبوو، هەمیشە لێرەدا ئاماژە دەدرێت بەو شێوازە توندو خوێناوییەی، کە شا ئیسماعیلی سەفەویی گرتیەبەر بۆ وەرچەرخاندنی ئێران لە کۆمەڵگەیەکی سوننەگەراوە بۆ کۆمەڵگەیەکی شیعەگەرا. لێرەدا ئەوەی شایەنی ئاماژە بۆکردنە، بۆ گەیشتن بە پاشهاتە واقعییەکان لەبارەی دینامیەتی وەرچەرخانی مەزهەبییەوە، بریتییە لەوەی وەرچەرخانی مەزهەبی لە ئێران پرۆسەیەکی بەردەوام و بێ پچڕان بووەو چەندین فاکتەری جۆراوجۆرو گۆڕاو چۆتە نێویەوە، بۆ نمونە، نێوچەی بوشەهر لەسەردەمی دەوڵەتی قاجاریدا چووە نێو شیعەگەراییەوە، لەساڵی ۱۸۲۰ز، بەهۆی هاتنی عەللامە شێخ حەسەن عوسفور لە بەحرەینەوە، بۆ ئەو نێوچەیەو گیرسانەوەی لەوێ، دانیشتوانی ئەو نێوچەیەی بە لای خۆیدا کەمەنکێش کردو شیعەگەرایی تێدا بڵاوکردەوە[1]. لەبەرامبەردا هەندێك لە شارە

---

[1] شاری بوشەهر "پایتەختی پارێزگای بوشەهر" هەر لە دامەزراندنیەوە شارێکی سوننی بووە، تەنانەت شاری دەشتی، کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بنیاتی ناوە شارێکی سوننی بووە، خانەوادەی "ال مذکور" کە هەوەڵ خانەوادەی فەرمانڕەوا بوون لە شارەکەدا، سەرجەمیان سوننەی شافیعیی بوون، تا هاتنی حەسەن ئال عوسفور لە ساڵی ۱۲۱٦ك (۱۸۰۱ز) لە بەحرەینەوە بۆ بوشەهر، هەوڵی زۆری دا بۆ بەشیعەکردنی خەڵکەکەی، ژمارەی شیعەکان بەهۆی چالاکییەکانیەوە زیادیکرد، هەروەها

ئێرانییەکان ئەوانەی خاوەن مۆرکی فارسیی بوون وەك یەزد، کاشان، شیرازو ئەسفەهان، ئەم شارانە لەرووی مەزهەبییەوە وەرچەرخان بەهۆی فاکتەری سیاسییەوە لەسەروبەندی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی سەفەویدا. هەروەها لە ئاکامی وەرچەرخانی مەزهەبیی جارێك سەپێنراوو جارێکی تریش خۆبەخشانە، تایەفەی سوننە وەرچەرخا بۆ تایەفەیەکی کەمینەی مەزهەبیی و، بەهۆی فاکتەرە سیاسییە نێوخۆیی و دەرەکییەکانەوە ئەم کەمینەیە نیشتەجێی سنوورو دەوروبەری ئێران بووە.

ئەم کۆڵینەوەیە هەوڵدەدات تیشك بخاتەسەر بڕێك لەو کەسایەتییە ئێرانییە سوننەگەرایانەی، کە خاوەن کاریگەریی بوون لە نێوخۆی ئێراندا، ئەمەش لەبەر رۆشنایی دینامیەتی وەرچەرخانی مەزهەبیدا، هەروەها کاریگەرییەکانی لەسەر پێکهاتەی هاوپەیمانێتییە سیاسیی و کۆمەلایەتییەکان لە نێوخۆی کۆمەڵگەیەکی دابەشبووی وەك کۆمەڵگەیەکی ئێرانیدا. باسوخواسی ژیان و سەربوردەی کەسایەتییەکان سەرچاوەیەکی بنەڕەتییە لە پرۆسەی شیکاریدا. بۆیە ئەو پرسیارەی دەبێت شیکار بکرێت پشت دەبەستێت بە تێکڕا گرێدانی نێوان وردەکاریی سەربوردی کەسایەتییەکان و ئەو ئەنجامانەی لەسەر ئەرزی واقیع هاتوونەتەدی وەك دامەزراندنی

---

چالاکییەکانی ئال عاشورو ئال ئەمیر لەو سالانەدا رەسەن بوون لە شاری دەشتی بۆ بانگەوازکردن بۆ شیعەگەریی.

جوولانـەوەو پارتـە سیاسییەکان یـاخود بەشـداریکردن لـە پەرەپێـدانی بیری ئـایینی سوننەدا. پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەمەیە: ئەو کەسایەتییە هاوچـەرخانە کامانـەن، کـە کاریگـەرییان لەسـەر تایەفـەی سـوننە لـە ئێراندا دروستکردووە؟ هەروەها ئەو تێڕوانینـە سیاسـیی و مەعریفییانـە کامانـەن کـە تەبـەنییان کـردووە؟ ئایـا فاکتـەرە هەرێمییـەکان دەبنـەهۆی بـەهێزکردنی ئاڕاسـتە ئـایینی و سیاسـییە دیاریکراوەکـان؟ هەلومەرجـە کۆمەلایەتیی و ئابوورییەکانی تایەفەی سوننە لە ئێران چۆن کاریگـەریی دروسـت دەکـەن لەسـەر دەرکـەوتنی ڕێبـەرو کەسـایەتییە کاریگـەرەکان؟ چۆن زانایـانی سوننە سەرچاوەکانی هێـز وەردەگـرن و چـۆن سـەرمایەی مەعریفی و سیاسییان پێکدەهێنن؟

**یەکەم: کاریگەریی دابەشبوونی دیمۆگرافیی سوننەکان لە ئێران**

بەهۆی نـەبوونی ئامـارێکی وردو ڕێگەنـەدان بـە هـیچ لایـەنێك یـاخود ڕێکخراوێـك هەسـتێت بـە ئامـاری کەمینـە مەزهـەبی و نەتەوەییـەکانی ئێـران، فـرە قورسـە ڕێـژەی هـەموو ئەوانـە دیـاریی بکرێـت کـە سـەربە مەزهـەبی ئـەهلی سـوننەن. موسـڵمانانی سـوننە، بـەپێی ئامـارە نیمـچە فەرمییـــەکان ژمارەیـــان ١٤بـــۆ ١٩ ملیـــۆن موســـڵمانە، کـــە ڕێـــژەی ٢٠٪ و٢٨٪ی گـەلی ئێـران پێکـدەهێنن. ئـەوانیش بەسـەر سـێ ڕەگـەزی سەرەکیدا دابەشبوون، کوردو بلوچ و تورکمان، لەپاڵ کـەمێك عـەرەب لـە هــەرێمی عەرەبســتان (ئــەهواز). زۆرینــەی ســوننە لــە نزیــك هێڵــەکانی سـنوور کـە ئێـران جیادەکاتـەوە لـە دەوڵەتـە هاوسـێکانی نیـشتەجێن و گیرســـاونەتەوە، کـــە زۆرینـــەیان ســـوننەن، وەك پاکـــستان و

ئەفغانستان وعێراق و تورکمانستان. هەرچی موسڵمانانی سوننەیە لە رەگەزی فارسیی بوونیان دەگمەنە. لە ئێراندا شەش ملیۆن کورد دەژین و، بە نزیکەیی نیوەی ئەهلی سوننە پێکدەهێنێت. وەك زانراوە ٩٨٪ی گەلی کورد موسڵمانن و پتر ٩٥٪یان ئەهلی سوننەن، گەلی بلوچیش بە پلەی دووەم دێت.

بە پشتبەستن بەو راستیانە کوردو بلوچ بە سەرچاوەی یەکەم دادەنرێن بۆ بەرهەمهێنانی رێبەرانی ئەهلی سوننە لە ئێران. بەوپێیەی خولیای نەتەوایەتیی لە لای کوردەکان، کە هاوشێوەی خولیا فارسییەکەیە، دەکرێت بڵێین رێژەی کاریگەریی کەسایەتیە بلوچەکان لەسەر تایەفەی سوننە بەختدارترە لەچاو رەگەزەکانی تر، لەپاڵ باسکردنی بوونی خولیای نەتەوایەتیی هاوشێوە لە لای بلوچەکان و دەرکەوتنی بانگەوازە نوێیەکان بۆ سەربەخۆیی لە دەوڵەتێکی نەتەوەییدا.

لە گۆشەنیگای شیکارییەوە، هەلومەرجی کەمینەکان بەگشتی وەسفدارە بە هەڵسوکەوتی ئاراستە کۆنەپارێزەکان لە رووی مەعریفییەوە، ئەمەش بۆخۆی دەبێتە مایەی چەقبەستنی پرۆسەی چاکسازیی و گەشەپێدانی فیکریی، پاشتر گەران بەدووی کەسایەتییە فیکرییە ریفۆرمخوازەکان و پەرەپێدەری بیری کەمایەتیی پرۆسەیەکی قورس و تاقەت پڕوکێنە. لە رێگەی پێکرا گرێدانی دۆخی کەمینەکان بە رستێك ماف سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە دەگەینە راڤەیەك بۆ ئەم دیاردەیە، هەر وەختێك دۆخی کەمینە لە پەراوێزدا بێت و دووچاری

پێشێلکاریی بێتەوە، پێوەری کاریگەرییەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی خزمەتی سیاسییەوە، کە کەسایەتیی و ڕێبەری کەمینەکان پێشکەشی دەکەن، کە زۆرترین چانسی دەبێت بۆ پێکهاتنی سەرمایەی مەعریفیی و کۆمەڵایەتیی لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

**دووەم: فاکتەرە کاریگەرەکان لە دەرکەوتنی ڕێبەرە سوننەگەرا ئێرانییەکان**

لەگەڵ داننان بە قورسیی دیاریکردنی ئامارەکانی کاریگەریی لەڕووی بابەتییەوە، دەکرێت تێڕوانینێکی بەرایی دابنێین لە بارەی ئاستەکانی کاریگەریی. ئەو تێڕوانینەش لەسەر دیاریکردنی چوار ڕەهەند پایەدار دەبێت ئەوانیش:

١. جەماوەریی.

٢. دامەزراوەیی.

٣. بزاڤگەریی/الحركية.

٤. دەستکەوت.

**کەسایەتییەکانی بیری سوننەگەرایی لە ئێرانی هاوچەرخدا.**

دەگونجێت کەسایەتییەك چەند پلەیەك لەو ڕەهەندانە کۆبکاتەوە بەگشتیی، وەك دۆخی مەلا ئەحمەدی موفتی زادە (١٩٩٣ مردووە) دامەزرێنەری (مەکتەبی قورئان). لەگەڵ مەلا عەبدولعزیز مەلا زادە، کە بانگخوازێکی بەدیمەن بوو، کە یەکێك بوو لە دیارترین زانایانی بلوچستان و یەکێکیش بوو لە ئەندامانی ئەنجومەنی دەستووریی، کە

دەستووری کۆماری ئێرانی دانا، یاخود کاریگەرییەکەی لەسەر تاقە رەهەندێك یاخود دوو رەهەند کورت دەبێتەوە، وەك دۆخی شێخ عەبدولحەمید ئیسماعیل مەرجیعی ئێستای ئەهلی سوننە، یاخود دۆخی ئەبولفەزلی بورقەعی (١٩٩٢ مردووە)و شێخ شەریعەت سنگلجی (١٩٤٣ مردووە)، کە لە مەزهەبی شیعەوە وەرچەرخان بۆ مەزهەبی سوننە).

لە بەرامبەردا بڕێك لەو کەسایەتییانە دەکرێت بەشێوەیەکی گەورە وایان دابنێین کە کەسایەتی کاریگەرن لە مێژووی ئێراندا، بەلام نائێرانین وەك کەسایەتی مەرجیعی ئایینی گەورە شێخولئیسلام حوسێن ئەحمەد مەدەنی، کە بە مامۆستای زۆر ڕێبەری ئەهلی سوننە لە هەرێمی بلوچستانی ئێراندا لە قەڵەم دەدرێت[١]. گرنگیی کۆتا تێبینی

[١] شێخ حوسێن ئەحمەد مەدەنی ناسراو بە شێخولئیسلام لە نۆزدەی شەوالی ساڵی ١٢٩٦ك (١٨٩٧ز) لەدایکبووە، سەرەتای زانستەکانی لە تاندە لە بەڕێوەبەرایەتیی فەیزئابادی هیندستان زێدی باوانی خوێندووە، لەساڵی ١٨٩٢ز گەشتیکردووە بۆ خانەی زانستەکانی دیوبەندیە لەوێ لەسەر دەستی شێخ مەحمود حەسەن دیوبەندیی فەرموودەی خوێندووەو زۆر لەلای ئەو ماوەتەوە، هەروەها لەلای شێخ خەلیل ئەحمەد سەهارنفوری خوێندوویەتی، پاشتر لەگەڵ بابی رووی‌کردۆتە مەککەو مەدینە لەسەردەمی جەنگی جیهانیدا، لەلایەن پیاوەکانی شەریف حسێنەوە لەپاش دەرچوونیان لە دەوڵەتی عوسمانیی قۆڵبەستکران‌و، بەهاوەڵیی شێخ مەحمود حەسەن دیوبەندیی راگوێزران بۆ میسرو پاشتریش بەرەو ماڵتا، بۆ ماوەی سێ ساڵ‌و دوو مانگ زیندانی کران. لەساڵی ١٩٢٠ بەرهەڵداکراو گەڕایەوە بۆ هیندستان‌و هەستا بە خوێندنی فەرموودەو خوێندنەوەی سیمینارو گوتاری حەماسیی دژ بە داگیرکاریی

دەکەوێتــە ســەر دیــاریکردنی سەرچــاوەی دەرچــوونی ئــەو ڕێبــەرو کەسایەتییە کاریگەرانـە، دەکرێـت تێبـینی ئـەوە بکـەین کـە بـە شـێکی زۆری زانایـانی ئـەهلی سـوننە توانـستی ئاینییـان لـە دەرەوەی ئێـران وەرگرتـووەو لەسـەر دەسـتی خوێندنگـەی ئـاینیی بـەهێزو ناسـراو بـە تێڕوانینە ئاینیی و سیاسییەکانیان گۆشکراون.

بەگشتیی نێوچـەکانی بلوچستان و خۆراسـان لـە ڕۆژهـەڵاتی ئێـران، هــەروەها لــە نێوچــە کەنارییــەکانی باشــوورو پارێزگــای هورمزگــان و پارێزگای فارس زۆربەی ڕێبـەرە سیاسـیی و ڕۆحییـەکانی ئـەهلی سـوننە لــەو نێوچــانەدا ڕوویانکردۆتــە بــیری ســەلەفیی. هــەروەها بڕێــك لــە کەسایەتییەکان و قوتابخانـە ئیسلامییەکان لـەو نێوچانەدا مـەیلیان بـە لای گرووپــی (التبلیـغ والـدعوة)و مەنهــەجی قوتابخانــەی دیوبەندییــە. هەرچـی هـەرێمی ئـەهوازی عەرەبییـە واقیعـی بزاوتـی ئیـسلامی لـەوێ

---

بەریتانیی، جارێکی تریش لەساڵی ١٩٤٢ قۆڵبەستکرایەوەو بۆ ماوەی دووساڵ و چەند مانگێـك زینـدانی کـرا لـە گرتووخانـەی مـوراد ئابـادو گرتووخانـەی ئـیلا ئابـاد تـا بەرهەڵـداکردنی لەسـاڵی ١٩٤٤، نێـوبراو بـەردەوامبوو لەسـەر خـەبات بـە فێرکـردن و بەرهەڵستیکردنی داگیرکەر تا مردنی لە ساڵی ١٩٥٨. لەدانراوەکانی: "نقش حیات" لە دوو بەرگدا، "الشهاب الثاقب علی المسترق الکاذب" وەڵامدانەوەی سەلەفیزم یـاخود ئـەوەی پێـی دەگوترێت وەهابیزمـە، بـە توندیی لـە دامەزرێنـەری سـەلەفیزم محەمـەدی کوڕی عەبدولوەهابی داوە، لە دیارترین قوتابیە ئێرانییەکانی: تـاج محەمـەد بزرگزادەو عەللامە عەبدولعەزیز ساداتی و عەللامە موتەهەری.

جیاوازە لە نێوچەکانی تری ئێران، کە زۆرینەیان سوننەن و بزاوتی ئیسلامیی لەوێ بوونی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی درێژ.

تێبینی دووەم، پەیوەندی پتەوی هەیە بەو جیاوازییە عەقایدیی و فیکرییەی لە ئارادایە لە نێوان رژێمی ئایینی لە ئێران کە لەسەر ویلایەتی فەقیهی شیعەگەرایی پایەدار بووە، لەگەڵ سەلەفیزمدا یاخود ئەوەی لە نێوەندە مەزهەبییەکاندا بە وەهابیزم[1] نێوبراوە، لەپاڵ هاوبەستەگی نێودەوڵەتیی و هەرێمیی پەیوەست بەو پەیوەندییەوە. وەك زانراوە سەلەفیزم بەسەرجەم ئاراستەکانیەوە تێبینی گەورەی هەیە لەسەر بیروباوەڕی شیعەگەریی. زانایانی سەلەفیی بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆیان دەربڕیوە لە بەرامبەر بیروباوەڕی شیعەدا، لە وەختێکدا رێبەرە شیعەگەرا فەرمییەکان لە ئێران پێیانوایە دەبێت بە

---

[1] دەکرێت ئاماژە بدەین بەرۆڵی شێخ ئیسحاق ئەلعیوەزی لە وەرگێڕانی کتێبی سەلەفیی لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی فارسیی لەوانە پوختەی کتێبی "منهاج السنة"ی ئیبن تەیمییە، پتر لە ١٢٥ کتێبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسیی، نێوبراو ئیسحاق کوڕی عەبدوڵلا محەمەد دبیری ئەلعیوەزی لەساڵی ١٩٦٢ لە گوندی بلغانی سەر بە پارێزگای لارستان کە سەر بە نێوچەی فارس ە-شیراز - لە باشووری ئێران، کۆلێژی فەرموودەو خوێندنی ئیسلامیی لە مەدینە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا تەواوکردووە، ماجیستێری لە پەیمانگەی باڵای پێشنوێژو بانگخوازان لە مەککە بەدەستهێناوە، ماجیستێرێکی تریش لە لە بانگەوازو خوێندنی ئیسلامیی لەساڵی ١٩٩٢، بانگخواز بووە بە زمانی فارسیی لە وەزارەتی کاروباری ئیسلامیی و ئەوقاف و بانگەوازو رێنوێنیی لە شانشینی عەرەبیی سعودیە، لەساڵی ٢٠٠٩ لە ماڵەکەی لە ریاز بەهۆی نەخۆشیی درێژخایەن کۆچی دواییکرد.

توندی بەگژ بیری سەلەفیدا بچنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی قەومانی پێکهەڵپژانو راوەدوونانی زانایانی سەلەفیی‌و، ئەمەش وادەکات ببنە پێشەنگی کەسایەتییە کاریگەرییەکان لە رووی بزاڤگەراییەوە، لە زۆر حاڵەتدا کە وەك دۆخی مامۆستا بەهمەن شکوریی لە ساڵی ١٩٨٦لە قەنارەدرا بە تۆمەتی سوکایەتیکردن بە گۆڕستانو بیروباوەڕی شیعە، هەروەها شێخ قودرەتوڵلای جەعفەری، خەڵکی خۆراسان بوو- لە رۆژهەلاتی ئێران - زانکۆی ئەبوبەکری ئیسلامیی لە پاکستان تەواوکردبوو، لە دەیەی سێیەمی تەمەنیدا بوو وەختێك گەڕایەوە بۆ ئێران بە تۆمەتی وەهابیی بوون قۆڵبەستکرا، لە ساڵی ١٩٩٠ لە قەنارەدرا.

**سێیەم: سەربوردو باسوخواسی ژیانی بڕێك لە کەسایەتییە کاریگەرییەکان لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا.**

ئەوەی لە باسوخواسی ژیانو کەسایەتییە هاوچەرخەکان وردبێتەوە تێبینی ئەو کەموکورتییە توندە دەکات ، کە پەیوەستە بە دەرکەوتنی کەسایەتییە سوننەگەرا کاریگەرەکان، لە بەرامبەر زۆر کەسایەتیی شیعەگەرادا، لێرەدا پێویستە ئاماژە بە دوو تێبینی بدەین، یەکەم هۆشیاریی سوننی وەك تایەفە رێچکەی روونو ئاشکرای خۆی وەرنەگرتووە لەم چوار دەیەی دواییدا نەبێت، لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامیدا لە ساڵی ١٩٧٩ زیاتر دەرکەوت. ئەمەش رەنگبێ بگەڕێتەوە بۆ چوونی ئەهلی سوننە بۆ نێو رێکخستنە سیاسیی‌و خێڵەکییەکان کە قورسە کۆیان بکەیتەوە لە نێوان هۆشیاربوون بە

تایەفـەدا، دەبیـنین یـەکێك لـە کەسـایەتییە گـەورەو کاریگـەرەکان لـە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، بریتییە لە کەسایەتیی ئەحمەدی موفتی زادە، کە لـە نێـو تـەوژمێکی سیاسـیی سـێکیوّلاردا کاریـدەکرد، پـێش ئـەوەی وەربـچەرخێت بـۆ نێـو بزاوتـی ئیـسلامیی. تێبـینی دووەم هـیچ بەرهەمێکی فیکریی یاخود پرۆژەی ریفۆرمخوازیی بەدی ناکەی لە لای کەرتێکی بەرفراوانی ئەو کەسایەتییە کاریگەرانە. لێرەدا دەکرێـت بڵـێین پێکهەڵپـڕژانی زووبـەزووی زانایـانی ئـەهلی سـوننە لەگـەڵ رێبـەرانی شۆڕشی ئیسلامیی لیستێك لەو کەسایەتییە سیاسییانەی پێکهێنا کە بوونـــە قوربـــانی خواســـتەکانی ئـــەهلی ســـوننە، لـــەمبارەوە شـــێخ زیـائی(١٩٩٦ مـردووە) یەکێکـە لـە بیریـارانی سـوننە لـە ئێـران دۆخـی ئەهلی سوننە لە ئێران‌و، رۆڵی ئەو فاکتەرانەی کە رێگرن لە دەرکـەوتنی رێبەرایەتییەکی یەککرتوو لەسەر ئاستی ئێران بەمشێوەیە دەئاخفێـت" لە نێو ئەهلی سوننەدا شتێك نییە بەنێوی پاڵپشتیکردنی مەعنەویی تا کۆیان بکاتەوەو کێشەو خواستەکانیان یەك بخات، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بۆ چـەندین هۆکـار لەوانـە: سـوننە لـەرووی جوگرافییـەوە بەسـەر چـوار بـەرەدا دابەشـبوون، هەربەرەیـەك هـەزاران کیلۆمـەتریان لـە نێوانایـە، بەمـەش پەیوەنـدیی نێوانیـان زۆر قورسـە، هۆکـارێکی تـریش خـۆی دەبینێتەوە لە فرەیی ئامانجەکان‌و زمانی هەر گرووپێك لە گرووپـەکانی سـوننە، کوردسـتان داوای سـەربەخۆیی زاتیـی دەکـات لـە پـەنجا سـاڵ لەمەوبـەرەوە، ئـەهلی سـوننە لـە باشـوور بـەهیچ کلۆجێـك داوای سەربەخۆیی ناکەن، بلوچستان زمانی تایبەتی هەیەو نزیکە لە زمانی

کوردیی، تورکمانەکان زمانی خۆیان هەیەو نزیکە لە تورکیی، سوننەی باشوور بەزمانێکی فارسیی قسان دەکەن، هەمدیسان بێبەشکردنیان لە پشتیوانیکردنی ئەهلی سوننە لە ئێران لە ماوەی نیو سەدەدا بۆتە مایەی بێئاگاییان لە زانستە شەرعییەکان، گەر کتێبێکی شەرعیش هەبێت کۆنەو لەگەڵ ئەم سەردەمەدا نایەتەوە. هەروەها ئەهلی سوننە هەست بە پاشکەوتوویی خۆیان دەکەن لە کاروانی شارستانیی ئێرانیی"[1].

هەوڵدەدەین برێک ژیاننامەی زانایانی ئەهلی سوننە لە ئێران بخەینەڕوو، بەخستنەڕووی نمونەی جۆراوجۆری کەسایەتییەکان: سیاسیی و ئایینی، ئاینیی و سیاسیی.

**عەللامە مەلا ئەحمەدی موفتی زادە**

لە ساڵی ١٣٥٢ك(١٩٣٣) لە نێو خانەوادەیەکی رەسەنی ئایینی لەدایکبووە، بابیی و مامی لە مەزنە زانایانی کوردستانی ئێران بوون. مەلا ئەحمەدی موفتی زادە بە دیارترین کەسایەتییە سوننە هاوچەرخەکانی ئێران لەقەڵەم دەدرێت، ئەو هانی گرووپەکانی ئەهلی سوننەی دا پشتیوانیی لە شۆڕشەکەی ئیمام خومەینیی بکەن لە پێش سەرکەوتنیدا لە ساڵی ١٩٧٩. مەلا ئەحمەدی موفتی زادە لەسەرەتادا ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، کتێبێکی تایبەتی

---

[1] چاوپێکەوتنی گۆڤاری "المجتمع" لەگەڵ شێخ زیائی لە رۆژی ٥/١٠/١٩٩٠.

نووسـیوه لـه بـارەی راڤـەی جیاوازییـەكانی نێـوان ئـایین و مەزهـەب. پێیوابووە مەزهەبگەرایی سوننە یاخود مەزهەبگەرایی شیعە لە دەرێـی تێگەیـشتنی ئیـسلامە، هــەروەها هەوڵیـداوە لــەرووی سیاســییەوە بیچەسپێنێت، لە چەندین بەیاننامەدا، کە لە پێش شۆڕش دەریکرد، بە جەختکردنــەوە لەســەر ئــەوەی مەزهەبگــەرایی ئامرازێــك بــووە لــە ئامرازەکانی شا بۆ دروستکردنی بەربەست و قۆرت لەبەردەم بنیاتنانی دەوڵــەتی ئیــسلامیدا[1]. ئــەم تێڕوانینــە گــشتگیرە لــەژێر کاریگــەری تێڕوانینی کۆمەڵەی ئیخوان ئەلموسلمیندا، کە لـە سـەرەتای پەنجاکاندا خزاوەتــە نێــو کوردســتانەوە، ســەرباری هەوڵــە بــانگخوازیی و کــارە سیاســییە بزاڤگەرییــەکانی. مــوفتی زادە هەوڵیــدا بــۆ دامەزرانــدنی چەندین رێکخستن و کۆمەڵە لەوانە مەکتەبی قورئان، ئەنجومەنی شورای ئەهلی سوننە، بزووتنەوەی ئیسلامیی.

جووڵانــەوەی مەکتــەبی قورئــان: ســاڵی دامەزرانــدنی بــەدیاریکراوی نازانرێت چەندەو، پەیوەستە بە ژیانی خۆیـەوە لە راڤەکردنی قورئاندا، کە لە پێش ساڵی ١٩٧٩ پیادەی کردووەو توانیویـەتی لـە کوردسـتانی ئێران کاریگەریی دروست بکات. جموجوڵ و چالاکییەکانی لـە نێوچەی

---

[1] لێـرەدا ئامــاژە دەدەیــن بەوپــەڕی پەرۆشــیی مــوفتی زادە، کــە لــە ســەروبەندی خۆپیشاندانەکاندا هەوادارانی فێری هوتاف کێشان دەکرد " نە شیعی نە سنی، رهبر فقط خميني/نـە شيعی نـە سـوننی، رەهبـەر تـەنها خومـەينيی"، دیـسانەوە لەنێوچـە کوردییەکاندا هوتافیان دەکێشا " لا سنية لا شيعية، إسلامية إسلامية"، "خمينی کاك احمد صل علی محمد"، کاك بە زمانی کوردیی واتە برا.

کوردستان بەرفراوان بوو شوێنکەوتەی زۆریشی لێ گردبۆوە. مەلا ئەحمەدی موفتی زادە، بە یەکەم دامەزرێنەری جووڵانەوەیەکی ئایینی ئەهلی سوننە لە ئێران دادەنرێت، لە پاش شۆڕش موفتی زادەو مەولەوی عەبدولعەزیز کوڕی عەبدوڵڵای مەلا زادە لە بلوچستان پێکڕا ئەنجومەنێکی شورای ئەهلی سوننەیان دامەزراند بە کورتککراوەیی بە خۆر نێوبرا.

بەهۆی هەڵوێستە راشکاوەکانی موفتی زادە لە بارەی بیروڕوانینەکانی ئیمام خومەینی لە کاتی خوێندنەوەی وتارێکدا لە حوسینیەی ئیرشاد لە تاران تەقەی لێکراو، پاشتریش لە ئاخروئۆخری ساڵی ۱۹۸۲ قۆلبەستکراو لە پاش دە ساڵان زیندانیکردن ئازادکرا، ئەو زۆر لەشبەباربوو، هەروەها کوێریش بوو تا لە ساڵی ۱۹۹۳ کۆچی دوایی کرد.

### ناسری سوبحانی

ناسری سوبحانی، بە یەکێك لە کەسایەتییە کاریگەرەکان لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا لەقەڵەم دەدرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١. دامەزراندنی رێکخستنی ئیخوان ئەلموسلیمین لە ئێران لە ساڵی ۱۹۷۹.

٢. بوونی تایبەتمەندییەکانی بانگخوازی بزاڤگەریی.

٣. رۆڵی زیندووی ئەو لە هاندانی ئەهلی سوننە بۆ پشتیوانیکردن لە شۆڕشی ئیسلامیی.

٤.  ئەو كۆمەڵە ئیسلامییەی بە نێوی ( كۆمەڵەی دەعوەو ئیسلاح) تاقە كۆمەڵەی نیمچە فەرمییە لە ئێرانی ئێستادا.

٥.  كۆتایی هێنان بە ژیانی، ئەویش بە لەقەنارەدانی لە ساڵی ١٩٩٢.

ناسری سوبحانی، لە ساڵی ١٩٥١ لە گوندی (دوریسان)ی سەربە شاری (پاوە) لە كوردستانی ئێران لەدایكبووە. لەپاش تەواوكردنی خوێندنی ناوەندیی وەرچەرخاوە بۆ خوێندنی زانستە شەرعییەكان، لەسەر دەستی مەزنە زانایان لە ئێران ئیجازەی زانستیی بەدەستهێناوە. سوبحانی زۆر كاریگەر بووە بەهەریەك لە دامەزرێنەرانی ئیخوان ئەلموسلمین شێخ حەسەن ئەلبەننا و ئەبولعەلای مەودودیی. وەختێك شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران هەڵایسا چەند جارێك سەردانی رێبەرانی شۆڕشی كردووە، داواكارییەكانی گەلی كوردی پێگەیاندوون، دیسانەوە چۆتە نێو ئەنجومەنی شورای ئەهلی سوننە(خۆر). بەشداربووە لە چەندین چالاكی ئیسلامیی لەگەڵ مەلا ئەحمەدی موفتی زادە لەپێناو بەرفراوانكردنی پێگەی جووڵانەوەی ئیسلامیی لە كوردستان. سوبحانی لە پێشەنگەكانی رابوونی ئیسلامییە كە بانگەوازی ئیخوان ئەلموسلمینیان لە ئێران بڵاوكردەوە (كۆمەڵەی دەعوەو ئیسلاح لە ئێران) بە كۆمەكی بڕێك لە بانگخوازانی كوردستانی عێراق و كوردستانی ئێران، چەندینجار گەشتی بۆ دەرەوەی ئێران كردووە، لەوانە گەشتكردنی بۆ توركیا لە ساڵی ١٩٨٨، بەشداریكردنی لە كۆنگرەی رێكخراوی ( رابیتەی ئیسلامیی كوردیی)، كە لە

ئەستەنبولْ رێکخرا، تا ئێستاش دکتۆر عەلی محێدین قەرەداخی سەرۆکایەتی دەکات. لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٩ لە شاری سنە پایتەختی هەرێمی کوردستانی ئێران قۆڵبەستکراو بۆ ماوەی ساڵێك لە زیندان بوو، لە ساڵی ١٩٩٠ هەواڵی لەقەنارەدانی بڵاوبۆوە. لە گرنگترین دانراو بەرهەمەکانی:

١. فەتوای هاوچەرخ لە بارەی دۆخی ئەوکاتی ئێران‌و جیهان بەگشتی.
٢. راڤەی( تهذیب مدارج السالكين)ی ئیبن قەییمی جەوزی.
٣. (الولاية والامامة) بەهەردوو زمانی عەرەبیی‌و فارسیی.
٤. کتێبێك لە زانستی فەرموودەدا.

### مەولەوەی عەبدولعەزیز مەلا زادە

لە دیاریترین زانایانی سوننەی ئێران بوو، پەرلەمانتاری سوننەی هەڵبژێردراوبوو لە مەجلیسی خیبرەگانی دەستوور لە ساڵی ١٩٧٩، هەروەها دامەزرێنەری خانەی زانستەکان(دار العلوم) بوو لە زاهیدان. شێخ عەبدولعەزیز مەلا زادە لە ویلایەتی بلوچستان لە مانگی(ذی الحجة ١٣٣٤ك/ مارسی(ئادار) ١٩١٦ز) لەدایکبووە، لە خانەوادەیەکی ناسراو بە ئاینداریی‌و زانست‌و بەدیمەن لەنێو دانیشتوانی نێوچەکەدا، بابی شێخ عەبدوڵلای ربازی قازی بووەو، دەسەڵاتی هەبووە لە نێو خەڵکیداو گوێی لێگیراوە. نێوبراو گەشتی کردووە بۆ شاری کەراچی‌و پەیوەندیی کردووە بە یەکێك لە پەیمانگا ئاینییە رەسەنەکانی ئەوێ،

لەپاڵ زانستە شەرعییە ئیسلامییەکاندا زانستەکانی تریشی خوێندووە، لە خوێندنی زانستیی بەردەوام بووە لە شاری دەلهی هیندستان، زانستی لە مەزنە شێخانی سەر بەخانەی زانستەکان لە دیوبەند وەرگرتووە.

پاشتر عەبدولعەزیز مەلا زادە گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی خۆی بلوچستان‌و، هەستاوە بە هەڵمەتێکی گەورەی سەرکەوتوو بۆ بنیاتنانی مزگەوت، دواجار ١٥٠ مزگەوتی لە شاری زاهیدان دروستکردووە، لەوانە ئەوەی ئێستا ناسراوە بە مزگەوتی مەککی. بۆ ماوەیەکی کورت مامۆستا بووە لە کۆلێژی حکومیی لە شاری زاهیدان، پاشتریش پەیمانگایەکی شەرعیی بنیاتناوە بە نێوی (قوتابخانەی عەزیزییە)، ئەو حوجرانە ئەو بڕە زۆرەی قوتابیانی نەدەگرت‌و، قوتابخانەکە گوازرایەوە بۆ شوێنێکی فراوانتر لە دەوروبەری شار، لەپاش راوێژکردن بە پیاوماقووڵانی نێوچەکە، قوتابخانەی (خانەی زانستەکان-زاهیدان) بنیاتنرا لە شوێنەکەی ئێستایدا. شێخ عەبدولعەزیز مەلازادە ڕۆڵێکی گرنگ‌و ئەرێنیی گێڕا لە پێش‌و پاش سەرکەوتنی شۆڕشدا. هەلومەرجی نێوچەکە لە ساڵەکانی کۆتایی‌و مانگەکانی پێش سەرکەوتنی شۆڕشدا دژواربوو، پیاوەکانی ڕژێم تا دەهات فشاری زیاتریان دەهێناو پتر کەوتبوونە جڵەوکردنی خەڵکیی، نەدەکرا بەتەنها کاربکات.

شێخ عەبدولعەزیز، بەهۆی کۆمەکی بڕێک لە زانایانی نێوچەکە هەوڵیدا لەپێناو ڕێکخستنی هێزەکان‌و، بەدیهێنانی ئامانجەکانی

شۆڕش بەوپەڕی تواناوە. لە ساڵی ١٩٣٦ لەگەڵ گرووپێك لە زانایانی بلوچستان پارتی یەكێتیی موسڵمانانیان دامەزراندو، بەفەرمی لەسەرەتای شۆڕشدا بە ڕێبەرایەتیی خۆی پارتەكەی ڕاگەیاند. پارتی یەكێتیی موسڵمانان بە ڕێبەرایەتی شێخ عەبدولعەزیز توانی چەند لقێك بكاتەوە لە شارەكانی ئێرانداو، چەندین دانیشتنی گشتیی ئەنجامدا، پارتی نێوبراو لە گەرمەی چالاكییەكانیدا هەستا بە چەندین هەنگاوی سوودبەخش بۆ ئامادەبوونی بەرفراوانی گەل لە ڕاپرسییە گشتییەكەی سەرەتای شۆڕش‌و بەشداریی كارا لە هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی‌و سەرۆكایەتی كۆمارداو، بڵاوكردنەوەی بەیاننامەی روون‌وئاشكرا بۆ بەرگریكردن لە مافە مەدەنیی‌و مەزهەبییەكانی خەڵكی پارێزگاكەو، هەڵبژاردنی كاندیدەكان بۆ ئامادەبوونی لە ئەنجومەنی خیبرەگانی دەستوور لەپێناو بەرگریكردن لە مافەكانی ئەهلی سوننە لە ئێران‌و، چەندین دەسكەوتی تریشی بەدەستهێنا، بەڵام ئامادەبوونی شێخ عەبولعەزیز لە ئەنجومەنی خیبرەگانی دەستوور بەشداریی ئەو لە نووسینی دەستوور بە پشتبەستن بەوەی شێخ كەسایەتییەكی ئایینی‌و مەزهەبییەو لە بواری سیاسیدا چالاكەو یەكێك بووە لەوانەی بۆچوونی خۆی هەبووە لە زۆر بابەتدا. پێیوابووە بەشداریكردنی لە ئەنجومەنی خیبرەگانی دەستووردا پێویست بووە، بەهۆی بانگەوازی خەڵكی‌و زانایان‌و سووربوونیان لەسەر بەشداریكردنی ئەو. لەگەڵ مەلا ئەحمەدی موفتی زادە بەشداریكردووە لە دامەزراندنی ئەنجومەنی شورای ئەهلی سوننە(خۆر). بەتوندیی

دژایەتیی خۆی دەربڕیوە بۆ ماددەی دوانزەی دەستوور کە مەزهەبی دوانزە ئیمامیی لە ئێراندا کردۆتە مەزهەبی فەرمی لەسەرجەم کاروبارو بوارەکانی ژیاندا ( جگە لە باری کەسێتیی، کە سەرجەم تایەفەکان لە مەزهەبو فیقهی خۆیاندا پابەندن پێوەی)، داوایکردووە ئیسلام ( نەوەك مەزهەب) بکرێتە ئایینی فەرمیی دەوڵەت.

## عەبدولەلیك کوڕی شێخ عەبدولعەزیز زادە

شێخ عەبدولمەلیك مەلا زادە، لە ساڵی (١٩٥٠) لە گوندی (حیط سرباز)ی سەر بە شاری ئێرانشەهر لە نێوچەی بلوچستانی ئێران لەدایکبووە. سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە قوتابخانە حکومییەکاندا تەواوکردووە، پاشتر پەیوەندیی کردووە بە قوتابخانەیەکی سوننی لە نێوچەی بلوچستان، پاشتریش بۆ تەواوکردنی خوێندن روویکردۆتە پاکستان، پەیوەندیی کردووە بە خانەی زانستەکان لە کەراچیی و هەشت ساڵان لەوێ خوێندوویەتی، دواجار بە زانایی و فەقیهی و ئەهلی فەتوا خوێندنی تەواو کردووە. لەوێ بە پارت و رێکخستنە جۆراوجۆرەکان ئاشنابووەو، بەشداریی کردووە لەکۆڕو کۆبوونەوەو چالاکییە سیاسییەکانیاندا. پاشتر وەك قوتابی لە زانکۆی ئیسلامیی لە مەدینەی منەوەرە وەرگیراوە، لە پاش ئەوەی قۆناغی زانکۆیی لە کۆلێژی دەعوەو بنەماکانی ئایین تەواوکردووە گەڕاوەتەوە بۆ زێدی خۆی. بەو پێیەی دۆخەکە لەسەرەتای شۆڕشی ئیسلامیدا بەرێژەیی کراوە بوو چالاکیی و رۆڵی

کارای گێڕاوە لە بەدیهێنانی مافە مەزهەبیی و نیشتیمانییەکانی ئەهلی سوننە، هاوکاریش بووە لە پارتی( یەکێتیی موسڵمانان)، کە زانا بەدیمەنەکان لە ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٤٠٠ک(١٩٨٠ن) لە نێوچەی بلوچستان دایانمەزراند.

دیسان شێخ عەبدولمەلیک مەلا زادە رۆڵی دیاری گێڕاوە لە رۆشنبیرکردنی خەڵکی نێوچەکەدا، چەندین خولی رۆشنبیریی کردۆتەوە بۆ پێکرا گرێدانی نێوان مامۆستایان و قوتابیان لە قوتابخانە گشتییەکاندا، لەلایەکی ترەوە پارتە کۆمونیستییەکان لە نێوچەکەدا چالاک بوون. لە ساڵی ١٩٨١ هەستا بە دامەزراندنی رێکخراوێک بە ناوی (رێکخراوی محەمەدیی ئیسلامیی ئەهلی سوننە) بە هاوکاریی لەگەڵ زانایانی رۆشنبیری نێوچەکە. پاشتر رۆژنامەیەکی داناوە بە ناوی( لمعة من الاسلام) بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی ئیسلامیی و رۆشنکردنەوەی ئەندێشەی گەل و گەیاندنی ئامانجەکانی رێکخراوی محەمەدیی. رۆژنامەی نێوبراو بەتەنها دوو ژمارەی لێدەرچوو. دیسان نێوەندێکی کردەوە بۆ بەستنی کۆڕوکۆبوونەوەو چالاکی کۆمەڵایەتی و خوی جیاواز. هەمدیسان بەشدارییەکی کارای کرد لەگەڵ شورای نێوەندیی ئەهلی سوننەدا(خۆر)، کە عەللامە مەلا ئەحمەدی موفتی زادە ١٤٠١ک/١٩٨٠ز لە تاران دایمەزراند، لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنەکەدا قۆڵبەستکراو لە پاش شەش مانگ قۆڵبەستکردنی بەرهەڵداکرا. لە پاش مردنی بابی لە ساڵی ١٩٨٨، هەواداران و هاوەڵانی سووربوون لەسەر ئەوەی بەفەرمی لە دەوڵەتدا

جێگەی بابی بگرێتەوەو بکرێتەوە بە پێشنوێژو گوتاربێژی شاری زاهیدان، بەڵام رەتیکردەوە، لە ساڵی ١٩٩٠ کۆچیکرد بۆ پاکستان. رێبەرایەتی ئەنجومەنی باڵای ئەهلی سوننەی ئێرانی دەکرد لە کەراچیو، گەشتیکردووە بۆ چەندین دەوڵەت، هەستاوە بە پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ کەسایەتیو رێکخستنە ئیسلامییەکان لە جیهانی ئیسلامییدا، دیسانەوە بە وەرگێڕانی پەیامو بابەتە فارسییەکانی وەرگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبیی، لە رێگەی ( نێوەندی ئیسلامیی)وە بڵاویکردۆتەوە. لە شاری کەراچی پاکستان لە ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ مەولەوی عەبدونناسر جەمشید زەهی تیرۆرکران.

## مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدیان

عەللامە مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدیان لە ساڵی ١٣٥٩ک(١٩٣٨ن) لە خانەوادەیەکی ئاینداری پابەند لە شاری مەهاباد لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە لای زانایانی نێوچەکەی تەواوکردووە، پاشتر بەردەوامبووە لەسەر خوێندنو فێربوونی زانستە شەرعییەکان لەسەر دەستی مەزنە زانایانو نێوداران لە کوردستان، لەوانە خوابەخشیوان عیسامەدین شەفیعی، عەللامە مەلا باقری بالك، مەلا محەممەدی قزڵجی، تا گەیشتووە بە پلەی فەتوادانو وانەوتنەوە بە خوێندنی لە لای عەللامە مەلا عەلی وڵزی.

ئەحمەدیان بە بیریارێکی ئایینی لەقەڵەم دەدرێت، خاوەنی شێوازێکی تایبەتە لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر ئەهلی سوننە.

لەپاڵ وەرگرتنی پلەی فەتوادان، ئەحمەدیان پلەی دکتۆرای لە کۆلێژی ئیلاهیات و مەعاریفی ئیسلامیی سەربە زانکۆی تاران بەدەستهێناوە. خۆی تەرخانکردووە بۆ نووسین لەسەرجەم زانستەکاندا، کە خوێندوویەتی و پسپۆڕی تێدا هەبووە، کتێبێکی هەیە بەنێوی( کلام جدید) لە باسەکانی زانستی کەلامی هاوچەرخ، کە لە ئێراندا بڵاوبووە. بەو دواییە بڕێك لەو کتێبانەی ئەحمەدیان نووسیونی لە زانکۆکاندا وەك وانەی سەرەکیی خوێندراون، بەتایبەت لە کۆلێژی ئیلاهیات و مەعاریفی سەربە زانکۆی تاران وەك کتێبی ( کلید حدیث شناسی) کتێبەکە باس لە زانستی بنەماکانی فەرموودە دەکات بە شێوازێکی ئاسان و گوزارشتی کورت و پوخت، بۆ ئەوانەی لەسەرەتای خوێندنی ئاینیدان. هەروەها کتێبەکانی ( تاریخ حدیث) و (قرآن شناسی) و (الایضاح) سەرجەمیان بە فارسی نووسراون و بۆ قوتابیانی زانکۆکان خوێندنی ئاسانە.

لەساڵی ٢٠٠٣ کۆچی دوایی کردووە عەللامە عەبدوڵڵای ئەحمەدیان زۆر دانراوی لە پاش خۆی بە زمانی فارسیی بەجێهێشتووە. وەك (قرآن شناسی) و( حدیث شناسی)، لە زۆر کۆلێژدا وەك پێشتر باسمانکرد دەخوێندرێن. لەپاڵ کتێبەکانی تری ( سیمای خلیفە دوم عمر بن خطاب) و کتێبی ( ترجمة فی رسالة التوحید محمد عبده) و (تحقیقات مطالب فقهی و کلامی) کتێبی (سیر تحلیل بر کلام اهل سنت) و کتێبی (کلام جدید).

### موفتی شێخ قەمەرەدین مەلا زاهی

شێخ قەمەرەدین مەلا زاهی، یەکێکە لە مەزنە زانایانی هاوچەرخی مێژووی بلوچستان. وەك زۆر لەوەی ئەو نێوچەیە روویکردۆتە پاکستان، کە بە ئامانجی خوێندن لەو دەوڵەتە هاوسێیەدا لەسەر دەستی زانایان گەشتی بۆ دەکەن، زانستە شەرعییەکانی لەسەردەستی مەزنە زانایانی سوننە لەو وڵاتەدا وەرگرتووە. لەلای مەزنە شێخانی پاکستان خوێندوویەتی وەك شێخ عەبدوڕەحمان کامیل فوری، شێخ ئیشفاق رەحمان، عەللامە محەمەدی یوسف بنوری. لەپاش گەڕانەوەی بۆ گوندە گچکەکەی چۆتە شاری ئێرانشەهر، لەوێ دەستیکردووە بە چالاکیی ئایینی و زانستیی لەگەڵ شێخ( محەمەد) لە مزگەوتەکەیدا. لە پاش ساڵێك گیرسانەوەی لەوێ مزگەوتی نوری بنیاتناوە لە ساڵی ١٣٨١ك(١٩٦٠ز) مزگەوتەکەی کردۆتە نێوەندی چالاکییە ئایینی و زانستییەکان و خولی خوێندنی راڤەی قورئانی پیرۆزی لەو مزگەوتەدا رێکخستووە، کە هەزاران کەس لەدەوروبەری ئەو شارە ئامادەی دەبوون، پاشتر قوتابخانەیەکی ئایینی بنیاتناوە تایبەت بە خانمان بە نێوی قوتابخانەی ئایینی دایکی ئیمانداران، خانمانی ئەو شارە لەوێ زانستە شەرعییەکانیان خوێندووە، بەهۆی گیرۆدەبوونی بە نەخۆشی کوشندە گیانی لەدەستدا.

شێخ زاهی و هاوەڵانی لە زانایانی سەردەمی خۆی هەستان بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی سەلەفیزم لە بلوچستان، پەیوەندی بەردەوامی هەبووە لەگەڵ مەزنە زانایانی بلوچستان لەسەردەمی خۆیدا

بەتایبەت ڕێبەری ئەهلی سوننە شێخ عەبدولعەزیزو شێخ عەبدوڵڵای ڕەوانبەنــد شــاعیری گــەورەی بلوچــستان ناســراو بــە (ســەعدیی بلوچستان).

**عەللامە عەبدولعەزیز ساداتی**

لە ساڵی ١٣٣٠ك/(١٩١٤ز) لە گوندی کرکین لە نێوچەی سەربازی بلوچستان لەدایکبووە، بابی شێخ مەلا محەمەد سادات زانایەکی بەڕێزی سادات بووە، لە گوندی دزك لە شاری سەراوانەوە کۆچی کردووە بۆ سەرباز، سەرەتا شێخ عەبدولعەزیز چۆتە لای مەلا سەید محەمەد، پێشنوێژو گوتاربێژ لە مزگەوتی دزك. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی مزگەوتی جومعە بووە، کە تاقە قوتابخانەو تاقە نێوەندی زانستیی بووە لەو کاتەدا لە بلوچستان. بەهەمان شێوەی قوتابیانی خوێندنی باڵا ڕوویکردۆتە هیندستان بۆ وەرگرتنی خوێندنی زیاتر. سەرەتا بۆ ئەم مەبەستە گەیشتۆتە( دار الفیوض الهاشمی) لە نێوچەی سەند، لە پاش شەش مانگان لەوێوە گەیشتۆتە ئەجمیر، لەوێشەوە بەردەوام بووە لە گەشتە زانستییەکەی بەرەو سەهارنفورو، پەیوەندی کردووە بە قوتابخانە بەنێوبانگەکەی (مظاهر العلوم) "سەهانفور"، یەکێکە لە قوتابخانە بە نێوبانگو ناسراوەکانی هیندستان، لەسەر دەستی مەزنە زانایانی ئەوێ خوێندوویەتی وەك موفتی سەعید ئەحمەدو شێخ زەکەریای کاندەهلەویی. پاشتر بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا پەیوەندیی کردووە بە زانکۆی دیوبەندی بەنێوبانگ لە

ساڵی ١٣٥٩ك(١٩٣٩ز) لـه دیوبەنـد، لەسـەر دەسـتی برێـك لـە مەزنـە زانایـانی هیندسـتان و مەزنـە مامۆسـتایانیدا خوێندوویـەتی، وەك شێخولئیسلام حوسێن ئەحمـەد مـەدەنی سـەرۆکی کۆمەڵـەی زانایـانی هینـدو، شـێخ مـەولانا ئیعـزاز عـەلی و حەکیمولئیسلام قـاری محەمـەد تەیب هاشمی و، شێخ ئیبراهیم بلیاری و، شێخ مەولانا ئەختەر حوسێن. لەو ماوەیەدا چاوی کەوتووە بە کەسایەتییە دیارەکانی ئەهلی دەعوەو تەزکیە، سوودی لە مۆجگاریی و ئاراستەکردنەکانی ئەوان وەرگرتووە، لەوانە شێخ محەمەد ئیلیاس کاندەهلەوی، شێخ عەللامە ئەشرەف عەلی تهانوی.

لـەپاش جێگیربـوونی لـەو نێوچـەیەدا بۆتـە مـەرجیعی خـەڵك و، قۆنـاغێکی نـوێ لـە ژیـانی دەسـتپێکردووە، کـە بریتییـە لـە ژیـانی چـالاکیی و زیندوویـەتی. لـە پـاش ماوەیـەکی کـورت لـە گەڕانـەوەی ویـستوویەتی مزگـەوتی دزك نـۆژەن بکاتـەوەو، قوتابخانەیـەك لەپاڵیـدا بنیات بنێت، بەڵام لەپاش راوێژ لەگەڵ زانایـانی نێوچەکەو داواکاری بەشێك لە خەڵك بۆ وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری قوتابخانەی (خانـە زانستەکانی زەنگیـان) کە( مولولـوی در محمـد) بەڕێوەی دەبرد، لەگـەڵ مەلا میحراب کە شێخێکی ساداتی بوو لەوانـە بوو کە کاریگـەر بوو بە دەعـوەو تـەبلیغ و پێیـان سەرسـامبوو، چـەندین گەشـتی بـانگخوازیی ئەنجامـداوە بـۆ نێوچـە جیاکـانی بلوچـستان، دیـسان هەسـتا بـە گەشـتکردنی جیـاواز بـۆ نێوەنـدەکانی بانگـەواز لـە پاکـستان، پەیوەندییـەکی هەمیـشەیی هـەبوو لەگـەڵ شـێخ مـوفتی زەینولعابـدین، یەکێك بوو لە مەزنە بانگخوازانی پاکستان.

نێوبراو دادگایەکی پێکهێنا بۆ وەرگرتنەوەی ماف ستەملێکراو لە ستەمکارو، چارەسەرکردنی ململانێکانی خەڵك‌و جیاوازییەکانیان. زۆر گرنگی دەدا بە یەکێتی ئیسلامیی‌و پێکڕاهەڵکردنی نێوان تاکەکانی یەك نەتەوە. لە ساڵی ١٤٢٦ك(٢٠٠٥) کۆچی دوایی کردووە.

**مەلا محەمەدی رەبیعی**

یەکێکە لە مەزنە نووسەران لە کوردستان‌و پێشنوێژی مزگەوتی ئەهلی سوننە بوو لە کرماشان. عەللامە محەمەد رەبیعی کوڕی مەلا عەبدولحەکیم لە ساڵی ١٣٥١ك(١٩٣٠ز) لە گوندی دەرە ئەسپ لە گوندەکانی دیواندەرە لەدایکبووە، لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لە دایکیەوە فێری قورئان بووە، زانستە سەرەتاییەکانی لە نەحوو سەرف لە لای بابی‌و مامی مەلا مەحمودی رەبیعی خوێندووە. پاش مردنی ئەوان زانستە شەرعییەکانی خوێندووەو بەردەوامبووە لەسەر دەستی مامۆستاکانی تر لە ئێران‌و عێراق. لە دوانزە ساڵیدا فێری نووسین بووە، رووداوو بیرەوەریی رۆژانەی لە قاڵبی شیعرو پەخشاندا دەنووسییەوە. مامۆستا رەبیعی لەگەڵ مەزنە زانایانی کوردستان وەك عەللامە ئەحمەدی موفتی زادەو دکتۆر(مریدی)و دکتۆر بەقا سەید شوهەدایی، هەروەها لەگەڵ گەلی کوردی پەرۆش لە کرماشان‌و شارەکانی تری کوردستان بەشداریکرد لە شۆڕش دژبە رژێمەکەی شا، لە پاڵ ئەرکی لە ئێستکە بۆتە پێشنوێژو گوتاربێژ لە مزگەوت ئیمام شافیعی لە کرماشان. یەکەم کتێبی نێوناوە"آینە اسلام" بە زمانی

فارسیی و، هەروەها کتێبی(الباقیات الصلحات)ی لە هەشت بەرگدا داناوە، لەگەڵ کتێبی " مالکیت در اسلام" ( سەرجەمیان بە زمانی فارسی). عەللامە رەبیعی لە شەستوسیٚ ساڵەی تەمەنیدا لە ساڵی ١٩٩٦ بەشێوەیەکی نادیارو تەمومژاویی کۆچی دوایی کرد، لەسەروەختێکدا تیرۆرکردنی سیٚمبولو بیریارانی سوننە زۆربوو.

## شێخ محەمەد ساڵح زیائی

خەڵکی نێوچەی ئیوەزە، یەکێکە لە گەورەترین زاناو رێبەرانی ئەهلی سوننە لە باشووری ئێران، شێخ محەمەد قوتابخانەیەکی ئایینی هەبوو، لە ساڵی ١٩٣٨ لە خانەوادەیەکی خوێندەوار لە گوندی هود سەربە ئیوەز لە پارێزگای فارس لەدایکبووە، روویکردۆتە مەدینەی منەوەرە تا بەردەوام بێت لە خوێندن لە بازنەکانی وانەوتنەوە لە مزگەوتی پێغەمبەر(د.خ). سەحیحی بوخاریو موسلیمو سیرەو تەفسیری لە لای شێخ محەمەد موختار شنقیتی خوێندووە (إحیاء علوم الدین)ی لە لای شێخ محەمەد ئیبراهیم ختنی خوێندووە. مامۆستاکانی لە زانکۆ بریتی بوون لە عەبدولموحسین ئەلعیبادو عەبدولعەزیز بن بازو محەمەد ئەمین شنقیتی.

شێخ محەمەدی زیائی، لە ساڵی ١٩٦٢ گەڕایەوە بۆ ئێران لە گوندی هود مایەوە، لەو ساڵەدا یەکەم نوێژی تەراویحی لە گوندی قەڵات بەجێگەیاند، لە ساڵی ١٩٧٢ چالاکییە زانستییەکانی دەستپێکرد لە قوتابخانە نێوەندییەکانی شاری بەندەرعەباس، لە پاش ئەوەی لە لایەن

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردنەوە لە تاران پێشنیاری بۆکرا زمانی عەرەبی لە سێ شاردا بڵێتەوە. لەهەمان ساڵدا بۆتە مامۆستاو ڕێنیشاندەری حاجیانو بیست ساڵ لەو پۆستەدا ماوەتەوە. لە ساڵی ١٩٦٥ قوتابخانەی زانستە ئیسلامییەکانی دامەزراندووە، لەسەرەتادا تووشی بڕێك گرفت بۆتەوە، بەڵام کۆڵی نەداوە لە بەدەستهێنانی ئەو پرۆژەدا، لە ساڵی ١٩٩٤ لە یەکێك لە ڕێگە شاخاوییەکانی پارێزگای هورمزگان لاشەکەی دۆزرایەوە.

## عەللامە داد ڕەحمان قەسر قەندی

لە ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی سکان لەدایکبووە، کە نزیکەی دوو کیلۆمەتر دوورە لە قەسرقەندی بلوچستان. خوێندنی باڵای لە زانکۆی "دار العلوم دیوبند" تەواوکردووە، لەوێ لەسەر دەستی شێخولئیسلام سەید حوسێن ئەحمەد مەدەنیو عەللامە ئیعزاز عەلیو عەللامە ئیبراهیم بلیاوی خوێندوویەتی، لە ساڵی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کردووە.

## تاج محەمەد بزرگزادە کوڕی ئیسماعیل

لە ساڵی ١٩١٤ لە گوندی نسکەندی سەربە بەڕێوبەرایەتی سەرباز لە پارێزگای سیستانو بلوچستان لەدایکبووە. لە ساڵی ١٩٢٤ ڕوویکردۆتە شاری کەراچی لە ساڵی ١٩٢٤ پەیوەندی کردووە بە خانەی زانستەکانی دیوبەند، دواجاریش لەسەر دەستی شێخولئیسلام حوسێن ئەحمەد مەدەنیو شێخ ئیعزاز عەلیو حەکیمولئیسلام محەمەد

تەیب قاسمی و شێخی فەرموودەناس محەمەد ئیدریس کاندەهلەویی و شێخی فەرموودەناس بەشیر ئەحمەد عوسمانی و شێخ عەبدولحەق نافیع و شێخ عەبدولخالق خوێندنی تەواوکردووە، پاشتر گەڕاوەتەوە گوندی نسکەند (سەربان) و شێخی گەورە عەبدولعەزیز مەلا زادە بانگی کردووە بۆ وانەوتنەوە لە قوتابخانەی عەزیزییە لە گوندی دبکوری سەر بە سەربان، پاشتریش ئەو قوتابخانەیە گوازراوەتەوە بۆ گوندی ئەنزاء (سەربان) لەپاش گەشتی شێخ عەبدولعەزیز بۆ شاری زاهیدان (پایتەختی بلوچستان) شێخ تاج محەمەد بەردی بناغەی قوتابخانەکەی داناوە، لە ساڵی ۲۰۰۹ کۆچی دوایی کردووە.

**موفتی خودانەزەر**

لەساڵی ۱۹۲۰ لە خانەوادەیەکی خاکەڕای پابەند بە ئاینداریی و زانست لە یەکێك لە گوندەکانی زابل( یەکێکە لە شارەکانی باکوور لە پارێزگای سیستان و بلوچستان) لەدایکبووە، شێخ خودانەزەر زانستە سەرەتاییەکانی لە نێوچەی نیمروز( لە ویلایەتەکانی باشووری ئەفغانستان کە خێڵی بلوچ لێی دەژین) لە ئەفغانستان خوێندووە، پاشتر چۆتە شاری کویتا پایتەختی بلوچستانی پاکستان. لەوێشەوە چۆتە سبی و مەستونك تا لەسەردەستی شێخ محەمەد یوسف بنوری و شێخ ئیدریس کاندەهلەوی( هەردووکیان لە مەزنە زانایانیی هاوچەرخی پاکستانن، کە کۆچیان کردووە بۆ ئەو وڵاتە لەپاش جیابوونەوەی پاکستان لە هیندستان) بەمەبەستی خوێندن. پاشتریش

لـه مـەڵتان گیرسـاوەتەوەو بۆتـە قوتـابی و هـاوڕێی فـەقیهی سیاسـیی مـەحمود دامەزرێنـەری قوتابخانـەی ( قاسم العلـوم). لـەنێو هاوڕێکانیـدا پلـەی شـەرەف خوێنـدنی بەدەسـتهێناوە. لـە بڕوانامـەی دەرچـوونی نووسـراوە( بەهرەیەکی هەیـە لە لای کەسـی تـر نییە)و ئەمـەش لـە هیچ بڕوانامەیەکی تردا تۆمارنەکراوە بۆ هیچ هاوڕێیـەکی هاوتەمـەنی خۆی لـە خوێندنـدا جگـە لـە بڕوانامـەی دەرچوونی شێخ عەللامـە( موسـاخان ئـەلبازی). شـێخ عەبدولعـەزیز مـەلا زادە زۆری لێکـردووە تـا بـچێتە زانکۆی خانەی زانستەکان لە زاهیـدان، ئیـدی چۆتە زاهیدانو خـەریکی وانەوتنـەوەو فـەتوادان بـووە لەهـەمان زانکـۆدا مایـەوە تـا کۆچـی دوایـی کرد. هەمیشە پێـی باش بووە نەچێتە نێـو کایـەی بابەتـە سیاسییەکان چەندین پەیامی نووسیوە لە وانە:

١. پەیامی (ارشاد الحیران في حشو الاسنان).

٢. (بیع الوفاء).

٣. (الکلمات الطیبات فی اتخاذ الطعام للأموات) دژ بەو دیاردەیە.

٤. (حاشیة علی شرح ابن عقیل)، تا ئێستاش چاپ نەکراوە.

٥. (محمود الفتاوی) لە چەند بەرگێکدا.

لـە سـاڵی ١٤٢١ك(١٩٩٢ز) لـە رۆژی هەینیـدا لـە نەخۆشـخانەی خاتەمولئـەنبیاء لـە شـاری زاهیـدان کۆچـی دوایـی کـردووە، پاشـتر تەرمەکەی براوەتە مزگەوتی مەککی و پتر لە پەنجاهـەزار کـەس لـە رۆژی هەینیدا نوێژیان لەسەر کردووە.

**دكتۆر ئەحمەد سیاد**

یەکێکە لە کەسایەتییە ئاینیی و مەزهەبییە هاوچەرخەکانی ئەهلی سوننە لە ئێران. لە ساڵی ١٩٠٥ لە گوندی جەنجەك کارون سەر بە بەڕێوبەرایەتی بەندەری شاهباری سەربە کەنارەکانی دەریای عومان لە دایکبووە. وەختێك تەمەنی پێنج ساڵیدا بووە لە پاش چەندین گەشت بۆ کەراچی و دەوحە روویکردۆتە مەدینەی منەوەرە، پەیوەندی کردووە بە کۆلێژی فەرموودە لە زانکۆی ئیسلامیی لە مەدینە، پاشتر پلەی دکتۆرای لە فەرموودەی پیرۆزدا بە پلەی باڵا بەدەستهێناوە بە پێشکەشکردنی کۆڵینەوەیەکی ترو تەخریجکردنی فەرموودەکانی (المعجم) ی ئیبن عەرەبی. لەپاش بیست ساڵ لە خوێندنی زانستەکان داوای لێبووردنی کردووە لە وەرگرتنی پلەو پۆست لە سعودیەو ئیمارات، لە گوندەکەی خۆی قوتابخانەیەکی دامەزراندووە بەنێوی پەیمانگای( دارالسنة) لەگەڵ مزگەوتێك بۆ بەجێهێنانی نوێژی جومعە. دووساڵی نەبردووە لە گەڕانەوەی بۆ ئێران ساڵێك لە تاران قۆڵبەستکراوە، پاشتر گواستراوەتەوە بۆ گرتووخانەی ئەوین لەسەروبەندی بڵاوبوونەوەی تیرۆر لە ئێران کۆچی دوایی کردووە.

**شێخ عەلی دهواری**

بانگخوازێکی سەلەفییە لە ساڵی ١٩٦٠ لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٨٨دا بڕوانامەی لیسانسی لە شەریعەتدا بەدەستهێناوە لە زانکۆی ئیسلامیی لە مەدینەی منەوەرە. پاشتر گەڕاوەتەوە بۆ ئێران لە

مزگەوتەکانــدا گوتــاری داوە. گەڕانــەوەی بــۆ وڵاتەکــەی بەوپــەڕی پەرۆشییەوە بووە بۆ بانگەوازی سەلەف پێشنیاری بۆ کراوە کەناڵێکی ئاسمانی بەڕێوە ببات لە دەرێی ئێران، بەڵام ڕەتیکردۆتەوەو پێی باشبووە بمێنێتەوە بۆ بانگەوازو ڕێنوێنیی، بە توندی لە بیروباوەڕو مومارەســە شــیعەگەرییەکان و ئەحنافــە تونــدڕەوەکانی داوە. لــە ڕووداوێکدا لەبەردەم مزگەوتەکەی خۆی لە ڕۆژی دووشەممەدا لە پارێزگای سیستان - بلوچستان تیرۆرکرا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، ئەو سەرپەرشتی کۆڕی زانستی ئیمام بوخاری دەکرد لەو شارەدا.

## عەبدوڕەحمان بیرونی

ئەکادیمیستو یاساناسێکی سوننەی کوردە. لە کرماشانی ئێران لــەدایکبووە، ئێــستا کــە ئەمینــداری گــشتیی کۆمەڵــەی ئیخــوان ئەلموسلیمینە لە ئێران( کۆمەڵەی دەعوەو ئیسلاح، یەکێکە لە دیارترین تیۆرسـێنانی هاوچـەرخی کۆمەڵەکــەو ئەنــدامێکی دیــاری یــەکێتیی جیهــانیی زانایــانی موســڵمانە، کــە شــێخ یوســف ئەلقــەرزاویی سەرۆکایەتی دەکات. لەپاش لە قەنارەدانی شێخ ناسری سوبحانی ڕێبەرایەتی کۆمەڵەی ئیخوان ئەلموسلمین گرتۆتەدەست لە ساڵی ١٩٩٠دا. لەپاش وەرگرتنی پۆستی ئەمینداری گشتی(ئێستا)ی ئیخوان ئەلموسلمین لە ئێران لە لایەن شێخ عەبدوڕەحمان بیرونییەوە پەیوەندی نێوان کۆمەڵەکەو ڕژێمی ئێران گۆڕانی بەسەردا هاتو کۆمەڵەکە چووە

پاڵ تەوژمی ریفۆرمخوازیو هاوپەیمانیی بەست لەگەڵ رێکخراوی( موجاهیدانی شۆڕشی ئیسلامیی)، کە یەکێکە لە دیارترین رێکخستنەکانی سەر بە تەوژمی ریفۆرمخوازیی.

### شێخ مەولەوی عەبدولحەمید ئیسماعیل

شێخ عەبدولحەمید مەرجیعی ئاینی ئەهلی سوننە لە هەرێمی بلوچستان لە ئێستادا، لە لای نێوەندە فەرمییەکان رێزێکی گەورەی لێدەنرێت. لە پاش مردنی دامەزرێنەرەکەی مەولەوی عەبدولعەزیز مەلا زادە، سەرۆکایەتی زانکۆی (خانەی زانستەکان)ی لە زاهیدان گرتۆتەدەستو، بۆتە مەرجیعی ئەهلی سوننە لەوێ، ئێستاکەش پەیوەندییەکی باشی هەیە بە تەوژمی ریفۆرمخوازییەوە لە ئێرانو چەندین گوتاری سیاسیی هەیە. دیسان شێخ عەبدولحەمید چەندین هەڵوێستی سیاسیی هەیە لە دیارترینیان هەڵوێستی بەرهەڵستکارانە دژبە کردەوەکانی بزووتنەوەی جوندوڵڵا، کە خەڵکی سڤیلو دامەزراوە ئاینییەکان دەکاتە ئامانج، پێیوایە رێگەی بەدەستهێنانی مافەکانی ئەهلی سوننە لە ئێران لە رێگەی توندوتیژییەوە نابێت. زۆربەی گوتارەکانی شێخ عەبدولحەمید گوتاری سیاسیینو هەڵوێستی بەرهەڵستکارانەن دژبە حکومەتی ئێران. سەرباری قورسایی سیاسییو ئایینی ئەو کاندیدەکانی تەوژمی ریفۆرمخوازیی هەوڵیاندا لێی نزیک ببنەوە لەم هەڵبژاردنەی دواییدا(٢٠٠٩)و بەڵێنیشیان پێدا ئەگەر سەرکەوتنیان بەدەستهێنا بیکەن بە یەکەم وەزیری سوننە لەپاش شۆڕشەوە.

# جوندوڵلا له ئێران
# شۆڕشێکی جەماوەریی خاوەن مەیلی سەلەفیی

محەمەد عەواویدە*

**دەسپێك:**

بە چەسپاندنی دەستووری ئێرانیی، کە لەسەر بالابوونی نەتەوەیی و عەقایدیی، هەروەها مۆدێلگەرایی سیاسیی ئاینیی (تیۆکراتی) لەپاش هەڵگیرسانی شۆڕش لە ئێران دامەزرا، هیوای بلوچ و ئەهلی سوننەی بەگشتیی پەروازە کرد لە چەسپاندنی مافەکانیان لەپاش هەڵگەڕانەوەی حکومەتی شۆڕشی ئیسلامیی لە پەیمانەکانی بۆ ئەهلی سوننە، کە بەشدارییانکرد لە شۆڕشدا دژ بە شا، سەرباری پێڕەوکردنی تەنگپێهەڵچنینی ویژدانیی و ئاینیی و مەزهەبیی ئەهلی سوننە لەلایەن ئەو حکومەتەوە، هەرچەندە دروشمی (یەکێتی ئیسلامیی) بەرزکردبۆوە وەك ڕوویەکی ئاشکرای کارە سیاسییەکانی،

---

* کۆڵەرێکی ئوردنییە، پسپۆڕە لە جووڵانەوە ئیسلامییەکاندا.

بۆ ئەوەی مافەکانی ئەهلی سوننە وەك تۆقاندنێکی یاسایی بخاتە ژێر ئەوەی پێی دەگوترێت ( ئاژاوەی مەزهەبیی) جگە لە بڕێك مومارەسەی زبرو رەق لەپێناو فشارکردن لە هەرێمە سوننییەکان تا لەگەڵ واقیعە نوێکەدا بتوێنەوەو، لە هۆشیاریی سوننەی ئێرانیدا نەخشەی نوێی خەباتی ئاشتیانەو سیاسیی و بانگخوازیی دەست پێبکات بە ئامانجی پاراستنی کەلتوری نیشتیمانیی و شوناسی عەقایدیی و تەکاندان بە خواستە مافخوازییەکانیان، بەڵام لە چوارچێوەی بازنە نیشتیمانیی و ئێرانیدا.

هەرێمی بلوچستان، بەو هۆشیارییە بزاڤگەریی و حیزبییەوە، کە تێیدا پێکهاتووە، لە داواکاریی و بەیاننامەکانیاندا جەخت دەکەنەوە لە چیرۆکی چەوسانەوەی ئەهلی سوننە، کە زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمەکە پێکدەهێنن، لە لایەن پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامییەوە، بەڵام بزاوتی بەیاننامەو خواستی لەمشێوە، سەرجەمیان لەو ئاستەدا نین ماف بۆ سوننە بگێڕنەوە یاخود لەرووی جیهانییەوە کێشەکەیان چارە بکرێت، تا دەرکەوتنی رێکخراوی (جوندوڵڵا) لەسەر گۆڕەپانەکە، رێکخراوی نێوبراو سەرکەوتوو بوو لە راکێشانی سەرنجی جیهان بۆ کێشەی هەرێمی بلوچستان بەتایبەتو، هەرێمی سوننییەکان بەگشتیی، لەپاش یەکلاکردنەوەی بژارە/الخیار سەربازیی و سیاسییەکان لەگەڵ حکومەتی شۆڕشی ئیسلامییدا.

لە رێگەی تەکتیکە سەربازییە تۆقێنەرەکانییەوە، رێکخراوەکە توانی تێڕوانینی خۆی لەسەر دیمەنی نێوخۆیی ئێران بسەپێنێتو،

دەسەڵاتی بەهێزو قایمی ئاخوندیی تەنگەتیلە بکاتو، زۆرجاران ببێتە نێونیشانی میدیا جیهانییەکان. ڕێکخراوەکە نویٚو نهێنییە لەسەروەختی جموجوڵو چالاکیی جووڵانەوە ئیسلامییە رادیکاڵەکانو، جموجوڵەکانی لە سێگۆشەی گەرمی پرۆسەکانی قاعیدەو بزووتنەوەی تاڵیبان بەتایبەتیی، شوێنکەوتوانی پێڕەوی لە نەهجێکی سەلەفی- شۆڕشگێڕیی دەکەن، کە پشتی بەستووە بە لانکەی خێڵایەتییو بنکەی جەماوەریی لە هەرێمە سوننەکاندا، پلەبەندیو تۆمەتەکانی سەر ڕێکخراوەکە زۆرن، بەڵام هەموو جارێك جەخت لەوە دەکاتەوە کە سنوورە فیکریی و سیاسییو سەربازییەکانی بریتییە لە سنووری نیشتیمانییو، سەر بە هیچ بەرەیەکی ئیسلامیش نییەو، پەیوەست نییە بەهیچ ئەجێندایەکی سیاسیی جیهانییەوە، بە یەك رستە، بریتییە لە: ڕێکخراوێك کە بانگەشە دەکات بۆ چەسپاندنی مافەکانی ئەهلی سوننە لە بلوچستانو هەرێمە سوننەکانی تر بەگرتنەبەری چەندین بژارەی کراوە.

بەشداریمان بەم کۆڵینەوەیە وەڵامدانەوەی بڕێك پرسیارە لەبارەی ڕێکخراوەکەوەو، تیشك خستنەسەر بونیاتی ڕێکخراوەکەو، کۆڵینەوە لەسەرهەڵدانو ریشە فیکریی و باگراوندە ئایدۆلۆژییەکەی، هەمدیسان گرنگترین جموجوڵەکانی دیاریی دەکاتو وردەکارییەکانی شیکار دەکات، دەکۆڵێتەوە لە هەندێك لە رووخسارە پێویستەکانی لەبارەی هەرێمی بلوچستان بەسروشتو پێگەو مێژوویەکەیەوە، وەك دەروازەیەکی پێویست بۆ کۆڵینەوەکە.

## بلوچستانی هۆشیاریی شۆڕشگێڕیی و پێکهاتنی بزاڤگەریی

بێگومان نیشانەکانی هۆشیاریی شۆڕشگێڕیی لەمێژە لە بلوچستان سەریهەڵداوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی هاتنی نەهامەتیی و وەیشومە بۆ هەرێمەکە، لەگرنگترین رووخسارە سۆسیۆسیاسییەکانیدا لە مەیلی گەلی بلوچدا دەردەکەوێت لەسەر زەمینەیەکی مافخوازیی گشتیی و بە روویەکی ئاشتیانەوە، بەڵام بە بێ پێکهاتن و رێکخستن بە چەمکە بزاڤگەرییە هاوچەرخەکەی، جگە لەم دوو دەیەی دوایی و بەرووخساری دیاریکراوەوە.

بەگشتیی گەر تەماشای نەخشەی جووڵانەوەی سوننەگەرایی بکەین بەگشتیی لە ئێراندا، دەبینین لەرووی جموجوڵی شۆڕشگێڕییەو لەرووی کاتییەوە جیاوازە، چەندین بوار کاری تێدادەکەن، وەك بواری سۆسیۆلۆژیی و بواری ئایدۆلۆژیی و بواری جوگرافیی وەك کارتێکردنی گەوهەریی و دروستکردنی فشار لە ریشەی زەمەنی یەك لەدوای یەکی دامەزراندنی کایەی مەعریفیی شۆڕشگێڕیی لەو هەرێمەدا، لە چوارچێوەی ئەو کارتێکردنانەشدا دەبینین لە هەرێمی کوردستانی ئێران ئەو هۆشیارییە پەیدا بووە لەماوەی نزیکەی چوار دەیە بەسەر دەسپێکی ئەو هۆشیارییەوە لە بلوچستان، هەروەها لەپاش بلوچستان بەدەیەیەك بەنزیکەیی بەسەر ئەهوازدا دەبینین ئەورۆکە لە قۆناغی پێگەیشتن و بنیاتناندایە لە هەرێمی تورکمان و خۆراساندا، بەڵام پەرەسەندنی مەحکومە بەدەستەبەربوونی هاندان و وزەبەخشی پێویست بۆ پێکرا کارتێکردن و گەڵاڵەبوون و توانەوە لەرووبەرە سوننیەکەیدا.

**جوندوڵڵا لە خەباتی مەدەنییەوە بەرەو تەکتیکی چارەسەری سەربازیی**

ڕێکخراوی (جوندوڵڵا) بە گرنگترین جووڵانەوە ئیسلامییە بزۆزەکان لە بلوچستانی ئەورۆکە لە قەڵەم دەدرێت، کە لە سەرجەمیان کاراترە لەسەر هەردوو ئاستی سیاسیی و سەربازیی، لەوساوە کە ڕێکخراوەکە گردبوونەوەیەکی گەنجانە بوو لەسەرەتاکانی پێکڕا گونجانی لەگەڵ هەلومەرجی وەخت، کە داوای بەرگریی ئاشتیانەی دەکرد لە ڕێگەی داواکاریی و ناردنی پەیام بۆ ڕێبەری شۆڕش و نوێنەرانی ئەهلی سوننە (سەپێنراوەکان) لە پەرلەمانی هەڵبژێردراو، بەڵام گرتن و کوشتنی ئەخەویی لاوە ئیسلامییە بزۆزو پەرۆشەکە (ڕێبەری ڕێکخستنەکە) لەگەڵ برێك لە نەوەکانی هەرێمەکە، وەرچەرخانێکی جۆریی دروستکرد لە کەسایەتی ئەوداو کردیە کەسێکی زۆر ڕادیکاڵ و، ئیماندار بەتوندوتیژیی وەك ڕێگەیەك بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و سوککردنی نەهامەتییەکان. ئیدی دەستیکرد بە پێکهێنانی ناوکی یەکەمی ڕێکخراوەکە بە کۆمەڵێك لاوو جاحێڵی پەرۆش، کە پشتیوانییان لە بیرو نەهجی ئەو دەکرد.

لە بانگەوازی ڕێکخراوەکەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە پێکهاتە سیاسیی و سەربازییەکەی و بونیاتە فیکریی و ئەدەبیاتە بەرخۆدانەکەی، ڕێکخراوێکە کە لە فەلسەفەی جیهادییەو کایەی مەعریفیی جووڵانەوە ئیسلامییە شۆڕشگێڕییەکانەوە هەڵقوڵاوە، هەرچەندە دروشمەکانی بەرزناکەتەوەو سرووتە سیاسییەکانیان پیادە ناکات و لەرووی ستراکچەری ڕێکخراوەییەوە لەوان ناکات، بەڵام سەد

لەسەد گرنگی بە ئەدەبیاتەکانیان دەدات و سوود لە ئەزموونە سەربازییەکانیان وەردەگرێت و، هاندان و وزەی بنەڕەتی وەردەگرن لە ئەقڵی ئیسلامیی بزاڤگەریی کە لە نێو هۆشیاری بلوچەکاندایە لە ئێران بەگشتیی، بەتایبەتیش بزاڤگەرەکانیان لە داگیرکردنی هەرێمەکەو دەستبەسەرداگرتنی مافەکانی سوننە لەوێدا، دیسانەوە دۆخی ئەوان لە چوارچێوەی نیشتیمانیی و لەسەر ستراکچەری عەقایدیی، ئەگەریش پێویست بکات مومارەسەی وشك و زبر دەکرێت، ئەمەش تۆمەتێکە کە تەواوی رێکخستنە نیشتیمانیی و ئیسلامییەکان ئاڕاستەی حکومەتی نێوەندیی دەکەن لە ئێران، رێکخراوی "جوندوڵلا" یەکێکە لەو رێکخراوانە.

### ١. سەرهەڵدان و دامەزراندن

رێکخراوی (جوندوڵلا) لەسەر دەستی عەبدولمالیك ریگی لەساڵی ٢٠٠٢[1] دامەزراوە، کە سەربە خێڵی "ریگی"ە، بە یەکێك لە گەورەترین خێڵە بلوچییەکان لەقەڵەم دەدرێت، پێنج بران، یەکێکیان ئێستاکە لە گرتووخانەکانی تاران بەندکراوە. سێیەمییان بەهۆی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو کوژرا، یەکێکی تریشیان تیۆرسێنی راستەقینەی "جوندوڵلا" یە، چونکە ریگی رێبەری مەیدانی رێکخراوەکەیە، برای پێنجەمیان مێژووی کوشتنی دەگەڕێتەوە بۆ

---

[1] علي عبدالعال، جماعة جندالله الايرانية، سلفية ثورية، إسلام اونلاين، ٢٠٠٩/١٠/١٩.

سالی ٢٠٠٢ لە سەرەتای گەرمەی پێکدادانەکاندا، کە دژ بە دەسەڵاتدارانی ئێرانیی لە هەرێمی "سیستان و بلوچستان" سەریانهەڵدا، وەختێك ئەندامانی پاسداران لەبەرچاوی عەبدولمالیکی برایدا کوشتیان، ئەو لاوە تەمەنی لە بیست و سێ ساڵ تێپەڕی نەدەکرد، ئیدی بڕێك لە هاوەڵانی گرد کردەوە لەپێناو ئەنجامدانی پرۆسەی چەکداریی دژ بە هێزە حکومییەکان تا دەست لە دانیشتوانی ئەو هەرێمە هەڵگرن کە سوننەی تێدا نیشتەجێیە لە باشووری رۆژهەڵاتی ئێران، لەوێشەوە ئەم لاوە وەرچەرخا بۆ گەورەترین بەرهەڵستکاری رژێمی تاران، هەرچەندە سەرچاوە ئێرانییەکان دوورتر لەوە دەڕۆن، پێیانوایە ریگی لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا لەدژی رژێم دەستی داوەتە چەك، وەختێك گەنگەشەی لەگەڵ زانایانی سوننە "مەولەوییەکان" کردووە لە هەرێمەکەدا تا پشتیوانی لە جوولانەوە تازەکەی بکەن، دیسانەوە پێش یاخیبوونی بۆ ماوەیەك قۆڵبەستکراوە، دەسەڵاتدارانی ئەو نێوچەیە دەڵێن لەشاری زاهیدان بەهۆی جیاوازی خێڵایەتییەوە قۆڵبەستکراوە[1].

ریگی نزیك لە هەڵایسانی شۆڕش لە ئێران لەدایکبووە، بەڵام داخ لەدڵ بووە لە خومەینیی و تاقمەکەی، ئەو نەهامەتییانەی کە خەڵکی بلوچ پێوەی دەتلانەوە. دەیخستە سەرشانی ئەوان، رەنگبێ هەرئەمەش هاندەر بووبێت کە لە منالییەوە ئێرانی بەجێهێشت بەرەو پاکستان

[1] عبدالمالك ريغي زعيم جندالله، ثائر ام متمرد، إسلام اونلاين، ٢٠١٠/٢/٢٤.

تاكو لەوێ لە قوتابخانە ئاينييەكاندا فێربێت، بەهاتنەوەشی چووە نێو ریزكانی رێكخراوی "فورقان"، كە پارتێكی سوننەگەرای نهێنیی خاوەنی تێڕوانینی سەلەفیی بوو، سالأنێك بوو هەوڵیدەدا ستەمونزۆری تایفیی و نەتەوەیی لەسەر گەلی بلوچ هەڵگرێت لەلایەن "داگیركەری فارسییەوە"، پارتی نێوبراو لە ئێراندا رێگەی پێنەدراوە كاری خۆی بكات، بۆیەشە زۆربەی ئەندامەكانی چوونەتە نێو ریزەكانی جوندوڵلاوە[١].

ئیدی جووڵانەوەی ئیسلامیی-جوندوڵلا- بەهۆی ئەو پشتیوانییەی لە نێو گەلی بلوچدا بەدەستیهێنا بووبە بەهێزترین و دیارترین جووڵانەوە بزۆكەكان لە هەرێمەكەدا، تەنانەت بە گەورەترین جووڵانەوەی سیاسیی و سەربازیی پۆلێنكراوە، كە لە نێوخۆدا دژ بە رژێم بووە، توانیشی گورزی كەمەرشكێن بدات لە هێزەكانی ئێران، لە رێگەی پرۆسە سەربازییەكانەوە بێت یاخود لەرێگەی چالاكیی میدیاییەوە[٢].

جووڵانەوەكە توانی لەسەرەتای دامەزراندنیدا بنكەی جەماوەریی بۆ خۆی پەیدا بكات، بەمشێوەیە سەرەتای جموجوڵەكانی بە بڵاوكردنەوەی هۆشیاریی نیشتیمانیی لە نێو ئەهلی سوننە لە بلوچەكان دەست پێبكات، بە چڕی دەستیاندایە بڵاوكردنەوەی كتێب و

---

[1] سەرچاوەی پێشوو.

[2] علي عبدالعال، جماعة جندالله الايرانية، سلفية ثورية، سەرچاوەی پێشوو.

بڵاوکراوه له شاره سوننه‌کاندا له پێناو راکێشانی سه‌رنجی ئه‌هلی سوننه به‌و رووداوانه‌ی به‌سه‌ریاندا دێت‌و، مافه کۆمه‌لایه‌تی‌و سیاسیی‌و مه‌زهه‌بییه‌کانیان له ئێران، به‌لام ده‌سه‌لاتدارانی ئێران هه‌ستان به قۆڵبه‌ستکردنی ئه‌ندامانی جووڵانه‌وه‌که‌و له قه‌ناره‌دانی بڕێکی تریان، ئه‌مه‌ش پالی به جووڵانه‌وه‌که‌وه ده‌نا گورجتر ده‌ست بداته چه‌ك‌و به‌رگریکردن له خۆی ده‌رهه‌ق به‌و سته‌موزۆره‌ی لێیان ده‌کرا[1]، ئیدی رێکخراوه‌که ده‌ستیکرد به پرۆسه سه‌ربازییه‌کانی دژ به حکومه‌تی تاران، توانیشی تیرۆانینی خۆی بسه‌پێنێت به‌سه‌ر دیوی نێوه‌وه‌ی ئێران‌و زۆرجارانیش ده‌سه‌لاتی به‌هێزی ته‌نگه‌تیله‌ده‌کرد.

### ٢. " مانیفێستۆ"ی رێکخراوه‌که

ده‌کرێت رووخساره گشتییه‌کانی " مانیفێستۆ"ی رێکخراوه‌که دیاری بکه‌ین له رێگه‌ی به‌یاننامه‌و په‌یامه‌کانییه‌وه[2]، که ئاراسته‌ی

---

[1] سه‌رچاوه‌ی پێشوو.

[2] بۆ نمونه بڕوانه ئه‌و کۆمه‌ڵه په‌یامه‌ی، که رێبه‌ری رێکخراوه‌که ناردوویه‌تی بۆ بڕێك له سه‌رکرده ئێرانیی و عه‌ره‌بیی و ئیسلامیی و رێکخراوه نێوده‌وڵه‌تییه‌کان، له سایته ئه‌لیکترۆنییه‌کاندا هه‌ندێکیان ده‌ست ده‌که‌ون، وه‌ك نێوه‌ندی کۆڵینه‌وه‌ی ئه‌هواز www.ahwazstudies.org، هه‌روه‌ها نێوه‌ندی په‌یمانگه‌ی عه‌ره‌بیی بۆ کۆڵینه‌وه ستراتیژییه‌کان www.irssforum.com، هه‌روه‌ها سایتی فه‌رمیی به‌ره‌ی دیموکراتیی جه‌ماوه‌ریی گه‌لی عه‌ره‌بیی ئه‌هواز www.alahwaz.org، له‌گه‌ڵ چه‌ندین سایتی تر.

نێوخـۆو دەرەوەی ئێرانـی کـرد بەشـێوەیەك ڕێکخـراوی جونـدوڵلا چوارچێوە فیکریی و مەیدانییەکەی لەبواری ئێرانیدا دیاریکردووە لە زۆر بەیاننامەشـدا بـەرگریی لێکـردووە، بـە ڕەخنەکانیـشی تیـشکی خـستەسەر سیاسـەتەکانی ئێـران لەبەرامبـەر هەرێمەکـەدا، هـەوڵیش دەدات لـەپێناو ڕزگـاربوون لـە سـتەموزۆری" دەسـەلاتی ئاخونـدیی نێوەند".

ڕێکخـراوی جونـدوڵلا پێوایـە ئێـران دەوڵـەتێکی ڕەگەزپەرسـتییەو لەسـەر بـیری تاقـە پیاوێـك، کـە خومەینییـە دامـەزراوە، بنەڕەتەکەشـی لەسەر فەلسەفەی ویلایـەتی فەقیـه داڕێـژراوە، بڕێکـی تـریش پێیانوایـە ڕێکخراوەکـە جووڵانەوەیـەکی سـەلەفیی ئوسـوڵگەرایە، ڕێکخراوەکـەش ڕەتیدەکاتـەوە، ڕاشـیگەیاندووە داوای سیـستەمێکی دیموکراسـی سێکیوڵار دەکات کە ڕێز لە بیروباوەڕەکانی گەل و مەزهەبەکان بگرێت. بۆیەشـە ڕێبـەری جووڵانەوەکـە عەبدولمالیك ریگـی هەسـتا بـە گـۆڕینی نێـوی ڕێکخراوەکـە بـە " جووڵانـەوەی بـەرگریی جـەماوەریی" ریگـی گوتوویـە:" خـەباتی ئێمـە بەتـەنها پـشت نابەستێت بـەکاری سـەربازیی، ئێمە داواکاریی و مـاف خۆمـان هەیـە" . ئامـاژەی بـەوەداوە کـە مەنهـەجی ئـەوان دژی تێـزە ڕادیکاڵییەکانـە، سـوننەگەرا بێـت یـاخود شـیعەگەرا، بـەلام جونـدوڵلا لەهـەمان کاتیـشدا جـەخت لـەوە دەکاتـەوە کـە دژی حکومەتێکـە دوژمنایـەتیی ئـایین بکـات[1]. ریگـی بـەم گوتەیـە جـەخت

---

[1] علي عبدالعال، جماعة جندالله الايرانية، سلفية ثورية، سەرچاوەی پێشوو.

دەكاتەوە لەوەی:" نامانەوێت حكومەتی ئێران وەك هاولاتی تەماشامان بكات، دەمانەوێت تەواوی مافمان هەبێت كە شیعەی ئێران هەیەتی، نامانەوێت جیاكاریی هەبێت لە نێوان شیعەو سوننەدا[1].

هەمدیسان رێكخراوەكە لە سێگۆشەی گەرموگوڕی پرۆسەكانی قاعیدەو تالیبانـدا بەخۆكەوتووە، هەندێك پێیانوایە رێكخراوی" جوندوڵلا" تێكەڵەیەكی فیكرییە لەگەڵ رێكخراوی قاعیدەدا، ئەمەش تۆمەتێكە رێكخراوەكە بەهەموو شێوەیەك رەتیدەكاتەوەو بە پڕوپاگەندەی لەقەڵەم دەدات، كە حكومەتی تاران لەدژیان بلاوی دەكاتەوە بە ئامانجیی سوككردنی پێگەی رێكخراوەكە لەسەر ئاستی جیهانیدا. هەرچی پەیوەندیی رێكخراوەكەیە بە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاوە، جەخت لەوە دەكاتەوە نە لە دوورو نە لە نزیك پەیوەندییان بە رۆژئاواوە نییە، هەر پڕوپاگەندەیەكیش لەمبارەوە بلاوبكرێتەوە كاری حكومەتی تارانە لەپێناو پساندنی پەیوەندیی جوندوڵلاو سوننەكان لە رێگەی ئەو پڕوپاگەندانەوە[2].

هاوتەریب لەگەڵ ئەمەدا، رێكخراوەكە جەخت دەكاتەوە لە پێكڕا هاوبەستەگیی گەلی سوننەی بلوچیی و، متمانەیان بە رێكخراوەكەو مەنهەجیەتی ئەوان لەپێناو بەدەستهێنانی مافەكانیان، بگرە جەختیش

---

[1] كەناڵی ئەلعەرەبییە، بەرنامەی (صناعة الموت)، دیدار لەگەڵ عەبدولمالیك ریگی، هەینی ١١/١٠/٢٠٠٨.

[2] سەرچاوەی پێشوو.

دەکەنەوە لە درێژبوونەوەی ئەو متمانەیە بۆ هەرێمە سوننەکانی تر، کە بڕێك لە جوان و جاحێلانیان چوونەتە نێو ڕێکخراوەکەوەو جەنگیان بەرپاکردووە لە دژی پاسداران بە ئامانجی بەدیهێنانی خواستەکانیان[1]. ڕێکخراوی نێوبراو پەیوەندییان بە ئایدۆلۆژیای سەلەفیی یاخود جووڵانەوە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان یاخود بەرژەوەندییە ڕۆژئاواییەکان ڕەتدەکەنەوە، یاخود بانگەوازی جیابوونەوەیان، بەڵام بڕێك لە سەرچاوە شیکارەکان ئاماژە دەدەن بە لێدوانە ڕاگەیەندراوەکانی ڕێکخراوەکە بە شاراوەیی بڕوایان بە سەربەخۆیی و تێڕوانینی سەلەفیی نقومبوو لە پرۆژەی خەباتکاریدا هەیە.

لەپاڵ ئەوەی ڕێکخراوەکە تەبەنی پراگماتیزمی کردووە لە گوتارە ڕاگەیاندرەوەکەیدا، کە جەخت دەکاتەوە لە پابەند بوونیان بە شوناسی ئێرانیی، ڕەتیشیان کردۆتەوە بلوچەکان هەوڵی سەربەخۆیی بدەن لە ئێراندا، هەروەها ئامانجی خواستەکانیان بریتییە لە بەدیهێنانی دادپەروەریی و یەکسانیی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیی کە خۆی لە بلوچستاندا ببینێتەوەو خاوەن سەروەریی بێت، ئەمەش نەهجێکە پشت دەبەستێت بە بەشێك لە واقیعەت و خەون و خەیاڵ بە گریمانە ناگرێت[2]. تارانیش لای خۆیەوە جوندوڵڵا بە گرووپێکی لادەر یاخود گرووپێکی یاخی دەبینێت و ئەمیرەکەشیان عەبدولمالیك ڕیگی

---

[1] سەرچاوەی پێشوو.

[2] عبدالمالك ريغي زعيم جندالله، ثائر ام متمرد، سەرچاوەی پێشوو.

بە داواکراو لەقەڵەم دەدات کەحوکمی لە قەنارەدانی بۆ دەرچووە[1].

بەکرداریش لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٠ لە پرۆسەیەکی دەگمەنی پاسدارانداا قۆڵبەستکرا، لە ٨ی رەجەب ١٤٣١ك/ ٢٠ یۆنیۆ(حوزەیران)ی ٢٠١٠ لە قەنارەدرا.

### ٣. ستراکتۆری رێکخراوەیی

بنکەی جەماوەریی رێکخراوی" جوندوڵلا" لەسەر بنیاتێکی خێڵایەتیی رووت دامەزراوە، بەپێی سروشتی سۆسیۆلۆژیی باوی هەرێمی بلوچستان، کە سەرۆك خێڵ لەسەرێی هەرەمە خێڵگەراییەکەو بڕیارییەکلاکەرەوە دەدات، بڕێکجار بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنی نێوخۆییدا، ئەمەش تارادەیەکی دوور هاوشێوەیە لەگەڵ بونیاتی سۆسیۆلۆژیی لە پاکستان و ئەفغانستان، رێبەرایەتییە خێڵایەتییەکان وەکو گردبوونەوەی سیاسیی دەردەکەون کە توانایان هەیە تێڕوانینی خۆیان بەسەر دۆخی گشتیدا بسەپێنن.

خێڵی"ریگی" یەکێکە لە گەورەترین خێڵەکانی بلوچستان، کە پایەی سەرەکیی دامەزراندنی رێکخراوەکە پێکدەهێنن، لە رێگەی خانەوادەی عەبدولمالیك، کە لە هۆشیاریی بلوچەکاندا بنجیداکوتاوە لە رەهەندە خەباتگێڕییەکەیدا، هەروەها بڕێك لە نەوەی خێڵە بلوچەکان و هەرێمە سوننەکانی تری بەلای خۆیدا کەمەنکێش کردووە تاکو رەهەندە خێڵایەتییەکەی پێك بهێنن وەك گردبوونەوەیەکی سیاسیی،

---

[1] علي عبدالعال، جماعة جندالله الايرانية، سلفية ثورية، سەرچاوەی پێشوو.

کــە بــەرگریی لــە کێــشەی بلوچــەکان دەکــات لــە چوارچــێوەی رێــساو چەمك و نەریتە باوەکانی سیستەمی خێڵایەتیدا، بە ئاشکرا لە رێگەی بەیاننامــەکانی رێکخراوەکــەوە دەردەکــەوێت، کــە هــیچ ستراکــچەرێکی رێکخراوەیــی بەرچــاوو راشــکاوانە لــە گۆڕێــدا نییــە وەك کۆمەڵەیــەکی سیاسیی حیزبیی یاخود بزاڤگــەریی بە چەمکە تەکنیکیی و ستراکتۆرە رێکخراوەییــەکانی پــارت و جووڵانــەوە سیاســییەکان، هاوشــێوەی "راپــەرینێك"ی جەماوەرییــە لــەپێناو مافــەکانی ئــەهلی ســوننەدا، عەبدولمالیك ریگی رێکخراوەکەی پێناسە کردووە بەوەی: "رابوونێکی جەماوەرییــە، لــە ئــامێزی گــەلی ســوننەدا دەرکــەوتووەو داوای بەرگریکردن دەکات لە مافەکانی ئەهلی سوننەو گەلی بلوچ و، لە هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکانیاندایە"[1].

رێکخــراوی جونــدوڵڵا، مۆدێلێکــە لــە جووڵانــەوە ئیــسلامییە کۆچــەرییەکان، هــیچ بنکەیــەکی سیاســیی یــاخود ســەربازیی جــێگیری نییە، یاخود هیچ بارەگایەکی بزاڤگەریی و حیزبیی نییە لەسەر خاکی بلوچستان، ئەوانەی نوێ دەبنەوە، بڕێکییان دێنە گۆڕەپانەکەو بڕێکی تریش لێی دەردەچن[2]. بەپێی پێویستی هەڵوێستی سیاسیی یاخود سەربازیی رێکخراوەکە یاخود بە پێی پێداویستییەکانی رێکخراوەکەو هەماهەنگی نێوان ئەندامەکانی.

---

[1] کەناڵی ئەلعەرەبییە، بەرنامەی (صناعة الموت)، دیدار لەگەڵ عەبدولمالیك ریگی، هەینی ١١/١٠/٢٠٠٨.

[2] سەرچاوەی پێشوو.

بالّی سەربازیی بە رووی دیاری ڕێکخراوەکە لەقەڵەم دەدرێت و ژمارەیان دووهەزار کەسە، زۆربەیان لە چیاوچۆڵەکانی بلوچستان سەرقاڵی دیاریکردن و جێبەجێکردنی ئامانجەکانیانن، ئەوانی تریشیان ماونەتەوە بۆ پارێزگاریکردن لە ئەهلی سوننەی هەرێمەکە، لە کن ڕێکخراوەکە هیچ سیستەمێکی دارایی بنیاتیی دیراسەکراو نییە، زۆربەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە مووچەکانیان لە بەخشینی نێوخۆیی هەرێمەکە وەردەگرن و، هیچ جۆرە هاوکارییەك لە سەرچاوە دەرەکییەکانەوە وەرناگرێت[١].

## ٤. دیارترین جموجوڵە سەربازییەکانی:

ڕێکخراوی جوندوڵڵا جیاوازە لە پارت و جووڵانەوەکانی هەرێمەکە، پتر مەیلی بە لای کاری سەربازیدایە وەك کاری سیاسیی، جموجوڵە سیاسییەکانیان پتر لەو پەیامانەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئاڕاستەی نێوخۆی دەکات یاخود ئەو داواکارییانەی، کە ڕێبەری ڕێکخراوەکە عەبدولمالیك ریگی ئاڕاستەی سەرکردەکانی دەوڵەتانی عەرەبیی و ئیسلامیی دەکات، وەك هەوڵێك بۆ کەمەنکێش کردنی پشتیوانیی ئەوان. هەرچی بواری سەربازییە دینامیەتی ڕێکخراوەکە بە ئاشکرا دەردەکەوێت لە ڕێگەی پرۆسە نەوعییەکانەوە کە دژ بە پاسداران ئەنجامی دەدات، توانیویەتی زەبری گەورە بوەشێنێت و، سەربازو

---

[١] سەرچاوەی پێشوو.

مەزنە رێبەرانی پاسداران بکاتە ئامانج جگە لە زیانی لۆجیستی و مەعنەویی، لە دیارترین ئەو پرۆسانە[1]:

- یەکەم هەڵمەتی "گرووپی جوندوڵڵا" بە فڕاندنی نۆ سەربازی پاسەوانی سنوور دەستیپێکرد لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەوکات داوایانکرد بگۆڕدرێنەوە بە کۆمەڵێك گیراو لە ئێران، کە حوکمی لە قەنارەدانیان بۆ دەرچوو بوو، بە تۆمەتی " بەرەنگاربوونەوەی فەساد لەسەر زەویی".

- بڕێك لە ئەندامانی رێکخراوەکە لە فێبرایەر(شوبات)ی ٢٠٠٥ هەستان بە تەقاندنەوەی چەند بۆمبێك کە هێزەکانی پاسدارانی لە هەرێمەکەدا کردە ئامانج بەو هۆیەوە ١١ دانەیان لێ کوژرا.

- بڕێك لە ئەندامانی رێکخراوەکەی ریگی لە مارس(ئادار)ی ٢٠٠٥ هەستان بە بڕینی رێگەی نێوان هەردوو شاری زابل و زاهیدان لە نێوچەی تاسوکی و، هێرشیان کردەسەر کاروانی بەرپرسانی مەدەنیی و سەربازیی باڵا لە نێوچەکەدا بەم هۆیەوە ٢١ دانەیان لێ کوژرا، حاکمی شاری زاهیدان لە مردن رزگاری بوو.

- لە مایۆ( ئایار) بڕێك لە ئەندامانی جووڵانەوەکە ١٦ سەربازی ئێرانییان لە هێرشێکدا بۆسەر بارەگای پۆلیس لە شاری سەراوان فڕاندو تیرۆرکران، پاش ئەوەی حکومەتی ئێرانی رەتیکردەوە گیراوانی بلوچ و عەرەب و کورد لە گرتووخانەکانی ئێراندا ئازاد بکات.

---

[1] عبدالمالك ريغي من جندالله إلى المقاومة الوطنية في بلوشستان الايرانية، جريدة القدس، الجمعة ١٩ ديسمبر (كانون الاول) ٢٠٠٨.

- بڕێـك لـه ئه‌نـدامانی جووڵانه‌وه‌كـه لـه ئیپریـل(نیـسان)ی ٢٠٠٦ ڕێگه‌ی نێوان هه‌ردووشاری به‌م و كرمانیـان لـه نێوچه‌ی دارزینی بڕی، به‌و هۆیه‌وه ٣٤ كوژراو زۆر زاماری لێكه‌وته‌وه‌و ژماره‌یه‌كیشیان فڕاند.

- ڕێكخـراوی "جونـدوڵڵا" گـه‌وره‌ترین هێرشـی گرتـه ئه‌سـتۆ بۆسـه‌ر پاسـداران لـه ٢٨ی شـه‌والی ١٤٣٠ك/١٨ی ئۆكتۆبـه‌ری( تـشرینی یه‌كـه‌م)ی ٢٠٠٩ لـه شـاری سـه‌رباز، بـووه هـۆی كـوژرانی ٤٢ ئێرانـی له‌نێویشیاندا مه‌زنه ڕێبه‌رانی پاسداران، سه‌رچاوه فه‌رمییه‌كان باسیان لـه‌وه‌ده‌كرد كـه لـه نێـو كوژراوه‌كانـدا جـێگیری فه‌رمانـده‌ی هێـزه وشكانییه‌كانی پاسداران نور عه‌لی شوشته‌ری‌و، فه‌رمانده‌ی پاسداران له هه‌رێمی سیستان‌و بلوچستان ژه‌نه‌ڕاڵ ڕه‌جه‌ب عه‌لی محه‌مه‌د زاده‌و، فه‌رمانـده‌ی پاسـداران لـه شـاری ئێرانـشه‌هرو، فه‌رمانـده‌ی لیـوای ئه‌میرولوئمینین‌و ژماره‌یه‌كی تر له فه‌رمانده‌ی ئه‌و هێزانه هه‌بوون[1].

ئـه‌و په‌لاماردانـه‌ی، كـه ڕێكخراوه‌كـه دژ بـه پاسـداران ئه‌نجامیـدا، تایبه‌تمه‌نـد بـوو بـه توانایـه‌كی بـه‌رز و وردی هـه‌واڵگریی، حكومـه‌ت سه‌رله‌نوێ ئاماده‌كاریی سه‌ربازیی بۆ نێوچه‌كه گێڕایه‌وه، به‌تایبه‌ت ئـه‌و ته‌كتیكـه سـه‌ربازییانه زۆر لـه شـرۆڤه‌كاران پێیانوایـه، كـه جێپه‌نجـه‌ی ڕێكخـراوی سـه‌ربازیی ئه‌لقاعیـده‌ی پێـوه دیـاربووه، ئه‌مـه‌ش به‌ڵگه‌یه‌كـه له‌سه‌ر درێژبوونـه‌وه‌ی شـه‌پۆلی ئایـدۆلۆژیی لـه سێگۆشـه‌ی گـه‌رموگوڕی

---

[1] علي عبدالعال، جماعة جندالله الايرانية، سلفية ثورية، سه‌رچاوه‌ی پێشوو. هه‌روه‌ها بڕوانه به‌یاننامه‌ی ڕێكخراوی جوندوڵڵا له‌باره‌ی پرۆسه‌كه‌ی سه‌ربازی ئێرانییه‌وه، إسلام اونلاین، ٢٠/١٠/٢٠٠٩.

بزووتنــەوەی تاڵیبــان و ئەلقاعیــدەدا. نێوەنــدی کۆڵینــەوەی بلوچــیش پــشتڕاستی دەکاتــەوە، ئەمــەش وایکــرد حــسێبەکانی هێــزو لاوازیــی و دەسکەوت و زیانیــان ئــاڵۆز بــن لــە چوارچــێوەی کۆمــەڵێك دژیەکیــدا لــە بگرەوبەردە سیاسیی و ئایدۆلۆژییەکانی نێوان ئەفغانستان و پاکستان و ئێراندا، لە کۆتایی ئەم بەشەدا هەوڵ دەدەین ئاماژەی پێبدەین.

## کۆتایی

بێگومــان ڕێکخــراوی جونــدوڵلا بــەهۆی تەکتیکــە ســەربازییە تۆقێنەرەکانیــەوە لــە ئێــران و، گرتنەبــەری ســتراتیژی دوورمــەودا، لــە ڕێگــەی هەوڵــەکانی بــە دروســتکردنی هەماهــەنگیی لــە نێــوان گرووپــە سوننەگەرا بزۆزەکان لە هەرێمە سوننەکانی تردا، هــەروەها پلانــەکانی بــۆ دزەکردنــە نێــو قــوڵایی ئێرانــەوە، ترســێکی ئــەمنیی بــۆ دەســەڵاتی نێوەنــدیی لــە ئێــران دروســتکردووە، بــەڵام مەترســی گــەورەی ڕێکخراوەکە و ترسی گەورەی ئەمنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بریتییە لە توانای پەلکێشانی ڕێکخراوەکە لە چوارچێوەی ئامێزی خێڵایەتیی و ئایــدۆلۆژیی و عەقایــدیی لــە بلوچــستان بەهــەر ســێ هەرێمەکــەی لــە پاکستان و ئەفغانستان و ئێران، ئەمــەش وایکــردووە ڕێکخراوەکە هێــزی لۆجــستیی و ســەربازیی کۆبکاتــەوە و، چوارچــێوەی پرۆســەکانی بەرفراوان بکات لە چەندین بەرەوە دژ بە ڕژێمی ئێرانیی.

لــە لایــەکی تــرەوە، ئــەو پەلکێــشانەی ڕێکخراوەکــە مەترســییەکی روون و ئاشــکرایە لەســەر ئــەو دوو دەوڵەتــەی کــە هەرێمەکــەیان

دابەشکردووە لەگەڵ ئێراندا، بەتایبەت پاکستان، کە ڕێکخراوەکە لە هەرێمەکەدا کەوتۆتە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی خەباتگێڕیی دژ بە مامەڵە چەوسێنەرەکانی حکومەتی پاکستان دژ بە بلوچە پاکستانییەکان، هەروەها پەلکێشانی فیکریی ڕێکخراوەکە، لەلایەن ڕێکخراوی ئەلقاعیدەوە پیرۆزبایی لێدەکرێت، کە پێیوایە هەرسێ حکومەتە فەرمییەکە: پاکستان و ئێران و ئەفغانستان هاریکاربوون لە لاوازکردن و لەباربردن و زیان گەیاندن بە بنکە جەماوەرییەکەی لەو دەوڵەتانەدا، لەبەرامبەریشدا ئەو دەوڵەتانە وێڕای دژیەکییە سیاسیی و ئایدۆلۆژییەکانیان، تا ئەورۆکە پارێزگاریی دەکەن لە بەیەکگەیشتنی بەرژەوەندییە ئەمنییەکانیان بۆ ئەوەی ڕێگەنەدەن لە پەلکێشانی پردی پەیوەندیی و هەماهەنگی لە نێوان جوندوڵڵا و ڕێکخراوە ئیسلامییە بزۆزەکان لەو دەوڵەتانەدا.

هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، شوێنی ڕێکخراوەکە لەو سێگۆشە گەرموگوڕەی پرۆسەکانی ئەلقاعیدە و تاڵیبان ترسی ئەمنیی بەتوندیی لەکن حکومەتی ئێرانی پێشنیار دەکات و، مەترسی ڕێکخراوەکە لەسەر هۆشیاریی سیاسیی و ئایدۆلۆژیی و سەربازیی لەکن ئێرانییەکان قەبەتر دەکات، ئەمەش هاریکاریی هەڵکشانی هۆشیاریی ئایدۆلۆژیی پشتبەستوو بە پرۆسە سەربازییەکان دەکات لەپێناو جیابوونەوەی هەرێمەکە، لێرەو لەوێش باس لە پشتیوانیی نهێنیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکە دەکرێت. بەئامانجی دڕدۆنگکردنی پاسداران و دروستکردنی کێشە بۆ دەسەڵاتی ئێرانیی، هاوکات لەگەڵ

دۆسیەی ئەتۆمیی و فشاری ئیسرائیلیی لە لایەکی ترەوە، تاکو رستێك فاکتەر کار لە دڕدۆنگیی ئێرانیی بکات لە ئایندەیەکی چاوەڕوانکراودا.

کەواتە راستە، ئەوەی رێکخراوەکە پێی هەڵدەسێت لە گرتنەبەری هێڵی جیهادیی دژ بە حکومەتی ئێرانیی لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانیان و دروستکردنی فشار لەسەر رێچکەی فشاری سیاسیی، بەڵام هەڕەشە گەورەکە بەتەواوی لە ئایندەدا خۆی حەشارداوە داخوا رێکخراوەکە سەرکەوتوو دەبێت لە گەیشتن بە جێبەجێکردنە ستراتیژییەکانی، کە پێشتر باسمانکردو رێکخراوەکەش لە مێژە کاری بۆ دەکات، بۆیە حکومەتی ئێران بە باشی درك بە مەترسی ئەو هەڵوێستە دەکات، بۆیەشە هەماهەنگییە ئەمنیی و هەواڵگرییەکانی چڕ کردۆتەوە بۆ قۆڵبەستکردنی رێبەری رێکخراوەکەو لە قەنارەدانی وەك گورزێکی پێشوەخت دژ بە ستراتیژەکانی رێکخراوەکەو، هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی رێکخراوەکە پێش ئەوەی پەل بهاوێت.

# کاریگەرییە دەرەکییەکان لەسەر سوننەکانی ئێران

محەمەد حەسەن فەلاحیە*

زۆربەی کۆڵەران، لە نێویشیاندا حەمید ئەحمەدی (مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی تاران)، کە چەندین کۆڵینەوەو کتێبی پێشکەشکردووە لەبارەی کێشەی گەلان بەتایبەت سوننە لە ئێران لە دیدگایەکی نەتەوەیی و بڕێکجاریش شۆڤێنیانە، پێیوایە لە گرنگترین کاریگەرییە دەرەکییەکان لەسەر سوننە لە ئێراندا، بریتییە لە پێکڕا پەیوەندیی فەرهەنگیی تۆکمەو نزیکیی مێژوویی لە نێوانیاندا لەسەر هەردوو کەناری سنوور کە جیایان دەکاتەوە لە تەواوی سوننەکانی تری دەوڵەتانی هاوسێ، بەتایبەت ئەوانەی کە لە سنووری ڕۆژهەڵات نیشتەجێن، کە گەلێکی بلوچی تر شانبەشانی گەلی بلوچی ئێران لە پشت سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هەن و، لە پاکستان دەژین، سێیەکی دانیشتوانی پاکستان پێکدێنن، بەهەمان شێوەی سنووری ڕۆژئاوای ئێران، کە گەلی کوردی لێدەژی، لەبەرەیەکی تریشەوە گەلێکی کوردیی

---

* نووسەرو کۆڵەرێکی ئێرانییە.

تـر لـە بـاکووری عێـراق و ڕۆژهـەڵاتی تورکیـا هـەن، پەیوەنـدی تۆکمـە و کاریگـەریی هاوبەشـیان هەیـە لـە گـەلی ئێرانـدا، دیـسانەوە هـەمان دۆخیش بۆ تورکمانەکان کە لە باکووری ڕۆژهـەڵاتی ئێران نیشتەجێن و هاوسێی دەوڵەتی تورکمانستانن، کە خۆیـان بەهـەمان تایفەو ڕەگـەز لـە قەڵـەم دەدەن، هەمدیـسان عـەرەب لـە ئـەهوازو کـەنارەکانی خـەلیج و دوورگەکانی باشووری ئێران، هـەمان تایبەتمەنـدی تـایفیی و ڕەگـەزیی و خێڵایـەتیی و نـەریتییان هەیـە، کـە لـە دەوڵـەتانی عـەرەبیی و خـەلیجیی و عێراقیدا هەن، شتێکی ئەوتۆ نییە لێکییان جیا بکاتەوە.

بـۆ چـوونە نێـو بابـەتی سـوننە لـە ئێـران پێویستە ئامـاژە بـدەین بـە سروشتی پێکهاتە ئیتنیی و نەتەوەییـەکان، کـە سـوننەی لێـوە پێکـدێت، سـوننە لـە ئێرانـدا لـە نەتـەوەکانی "کـورد، بلـوچ، عـەرەب، تورکمـان" پێکدێت. زۆرجارانیش لە نێوچە سـنوورییەکانی ئێران نیشتەجێن، لـەم کۆڵینەوەیـەدا ئامـاژە دەدەیـن بـە کاریگـەرییـە دەرەکییـە سیاسـیی و عەقایدیی و ئابوورییەکان لەسەر گۆڕەپانی سوننی لە ئێران لـە ڕوانگـەی جیهانبینی ئێرانییەکانەوە لەم تەوەرانەی خوارەوەدا:

**تەوەری یەکەم: دەرکەوتنی پارتە کۆمۆنیستیی و چەپە سوننەگەراکان**

حەمید ئەحمەدیی، پێیوایە هێزە نێودەوڵـەتییـەکان کێشەی گـەلانیان لە ئێراندا هورووژاندووە، بە ئامـانجی خولیـای نەتـەوەیی لـە لایـان، بەبێ ئـــەوەی نووســـەر ســـەرنج بـــدات لـــە هۆکارەکـــانی ململانیـــێ ســـەربەخۆخوازیی و، بـــەبێ ئـــەوەی خـــۆی لەقـــەرەی ڕیـــشەکانی ئـــەو

هۆکارانە بدات، کە بریتییە لە بێبەشبوونی گەلانی ئێران‌و سوننەکان بەتایبەتیی لە سادەترین مافە ئاینیی‌و نەتەوەییەکان هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی دەوڵەتی نوێ لە ئێراندا تا ئەورۆکەو بێبەشبوونییان لە مافی خوێندنی زمانەکەیان لە قوتابخانەکان‌و ئەنجامدانی سرووتە ئاینییەکانیان لە مزگەوتەکاندا.

بۆ نمونە تەنها مزگەوتێکی سوننە چییە لە تارانی پایتەختدا بوونی نییە، ئێمە رۆڵی کۆمۆنیست‌و چەپەکان رەتناکەینەوە لە پێشنیارکردنی کێشەکانی سوننەو گەلانی ئێرانیی‌و بەکارهێنانی کێشەکانیان، سوننە هەرچی کردبێت لە پێڕەوکردنی ئایدۆلۆژیا یاخود ئاڕاستەیەك دەیکات بۆ گەیشتن بە ئامانجە رەواکانیان، نووسەر پێیوایە لەسەروبەندی دامەزراندنی دەوڵەتی کۆمۆنیستیی لە ساڵی ١٩١٧ لە رووسیادا بە دروشمە رزگاریخوازەکانیەوەو، پشتیوانیکردن لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان‌و، کاریگەرییەکانی لەسەر ئێران. بەتایبەت بلوچ‌و کوردو تورکمان‌و تاڕادەیەکیش عەرەبی سوننەو، دامەزراندنی پارت‌و جووڵانەوەی سوننی کە هەڵگری ئایدۆلۆژیای چەپی مارکسیی بوون.

کاریگەرییە دەرەکییەکان بەردەوام زاڵبوون بەسەر گۆڕەپانی سوننە لە ئێراندا، بەو هۆیەشەوە پارتی کوردیی‌و بلوچیی‌و عەرەبیی‌و تورکمانیی دامەزراون بەهەمان شێوەی جووڵانەوەی چەپی کۆمۆنیستیی‌و بەلشەفیکیی لە یەکێتی شورەویی ئەو کاتدا، ئەو پارتانە کەوتنە ژێر کاریگەریی بیری کۆمۆنیستیی، کە داوای مافی

چارەی خۆنووسینی گەلان دەکات و، بەرگریکردنی لە گەلانی ئێران و سەربەخۆبوونیان لەو دەمەدا، تا ئەوڕۆکەش چەندین پارت و ڕێکخستن هەن کە هەڵگری هەمان ئایدۆلۆژیان، ئەو پارتە چەپڕۆیانەی باسمانکرد دابەشبوون بەسەر نێوەندو چەپ و ڕاستدا، جیاوازن لە ڕووی ئاستی کارایی هەڵگرتنی چەك یاخود هەڵنەگرتنی و لە نێوان خەباتی ئاشتیی و چەکدارییدا. بۆ نمونە چەندین کوت کوتبوون لەنێو حیزبی "کۆمەڵەی" کوردیی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ڕوویاندا، بەهۆی پێکدادانی ئایدۆلۆژییەوە.

نووسەر حەمید ئەحمەدی لە سەرچاوەیەکی تردا باس لە دامەزراندنی یەکەم پارتی کوردیی دەکات بەنێوی "ژێکاف"، بە ڕێبەرایەتیی قازی محەمەد، هەوڵیداوە بۆ دامەزراندنی کۆماری مەهاباد، کە یەکەم حکومەتی سوننەیە لە نێوچەکەدا دروست بووبێت بە پاڵپشتی سۆڤیەتیی، بەلام حکومەتی شاهەنشاهیی ئێرانیی بەشێوەیی چەکداریی پەلاماری داو سەرنخونیکردەوە، لە پاش ماوەیەکی کەم لە دامەزراندنی، کە ساڵێك تێناپەڕێنێت، ئەویش بە پشتیوانیکردنی ڕۆژئاوا لە حکومەتی ئێران قڵپکرایەوە.

لە گرنگترین پارتە چەپە سوننەکانی ئێران: پارتی نەتەوەی بلوچیی (خلق بلوش)، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و" کۆمەڵە".

بڕێکی زۆر لە بژاردەی/النخبة ئێرانیی بڕوایان وایە هەڵکشانی دیاردەی هێزە نەتەوەییە سوننەگەراکان لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی ڕۆژئاوایی، لەسەرێی هەمووشیانەوە ئەمەریکا، ئەوانە

پێیانوایە (حەمید ئەحمەدی)و (ئەو نووسەرە رۆژئاواییانەی، کە پشتیوانی خواستەکانی گەلانی سوننی ئێرانی ناکەن وەك کارل براون) کێشەی گەلانی سوننە، بەتایبەت کوردو بلوچ وعەرەب لە ئێراندا بەهۆی دەستێوەردانی ئەمەریکیی سۆڤیەتی لەو کاتدا هەڵکشاون[1].

حەمید ئەحمەدیی، پارتە کوردییەکان لەسەریشیانەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تۆمەتبار دەکات بە پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئەمەریکادا، بۆ نمونە مەلا مستەفای بارزانی چەندین جار داوای لە ئەمەریکا کردووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی لە ئێران[2]. ئەحمەدی، پێیوایە کێشەی کورد تەنها بە پاڵپشتی دەرەکیی بە پایان دەگاتو، کێشەی کورد بە ژێنگەی گونجاوی ستراتیژی هێزە نێودەوڵەتییەکان دەستەبەر دەبێت لە ماوەیەکی دوورودرێژ لەمەوبەرەوە، دیسانەوە بەتێڕوانینی نووسەر خودی کوردان لانکەی دەستێوەردانێکی لەمشێوەیەن لە هەرێمی کوردستانی ئێراندا، هەمدیسان بڕوای وایە تەکتیکی هاندانی دەستێوەردانی بیانیی " سیمای سەرەکیی جووڵانەوە رزگاریخوازییەکانە لە نێوچەکەدا". پێمانوایە ئەمجۆرە لە وشکبوونەوە کە لایەن شۆڤێنییەکانەوە لە ئێراندا جووڵانەوە رزگاریخوازییە نیشتیمانییەکانی گەلانی پێ تۆمەتبار دەکەن، تەنها خۆڵکردنە چاوە تاکو بەتوندترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا

---

[1] السياسة الدولية ومسألة الشرق الاوسط، ص ٥٧.

[2] القومية والتوجه القومي،ص ٣٠٨.

بکەن کە خۆی دەبینێتەوە لە سڕینەوەی شوناسی ئەوگەلانەدا، گەر بەهەندەوە تەماشای خواستی ئەو گەلانە بکەین دەبینین لە بازنەی داواکاریی ئازادییەکان دەرناچێت: ئازادیی بیروباوەڕو راوبۆچوون‌و بەکارهێنانی زمان‌و بەکارهێنانی سرووتەکان بەدوور لە پەراوێزخستن و زۆر لێکردن.

ئەوەی هاریکارە لەسەر ئاڕاستەی دژە گەلانی ئێران، کە داوای مافە رەواکانیان دەکەن، بوونی تیۆرسێنانی رۆژئاواییە کە کۆمەکیی هاوشێوە ئێرانییەکانیان دەکەن بە بیرۆکەی تەخوینکردنی چالاکەوانان‌و سیمبولەکانی گەلانی ئێرانی لە نێویاندا برینسن، کە کورد تۆمەتبار دەکات بەوەی بوونەتە داردەستی هێزە بیانییەکان‌و، تۆمەتبارکردنی شێخانی کورد وەك عەبدوڕزاق بەدرخان، شێخ مەحمودی بەرزنجی (١٩٢٠)، شێخ عوبێدوڵلا، بە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی رووسیی‌و سۆڤیەتیی[1]. ئەوەی پشتیوانی لەم بیرۆکەیە دەکات بیریاری ئێرانیی ئیرەجی ئەفشارە، کە شێخانی کورد تۆمەتبار دەکات بە پاڵپشتیکردنی مەلیك فەیسەڵ پاشای عێراقی ئەوکات. دیسانەوە دکتۆر ئەحمەدیی پتر لەوە دەڕوات‌و کۆماری مەهاباد کە لە ساڵی ١٩٤٦ قڵپکرایەوە بەوە وەسفدار دەکات، کە کۆمارێکی سۆڤیەتیی بووەو لە نێوقەدی ئێراندا چێنراوە، ئیدی پەرەسەندنی دیاردەی نەتەوایەتیی گەلانی ئێرانیی گوزارشتە لە

---

[1] القبائل الكردية، ص ١٥٨.

دەستێوەردانی نێودەوڵەتیی لە کاروباری نێوخۆی ئێراندا. وەك بەدواداچوونی ئەو ئاراستە فیکرییە باوە لەنێو نێوەندە نەتەوەییە ئێرانییەکاندا، ئەوانەی دژی گەلانی ئێرانن، دەکرێت باس لەوە بکەین کە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئەو پاڵپشتییە جگە لە هەوڵێك بۆ سەرخستنی کێشەکانیان چ شتێکی تر نییەو، ناشچێتە نێو خانەی تەخوین و گومانکردن لە مەبدەئی ئەو لایەنە نەتەوەییانەی گەلانی ئێران، وێڕای بوونی بڕێك لە هەڵەشەیی لەکن ڕێبەرانی گەلانی ئێران، بەڵام خۆ ناکرێت گشتاندن بکەین بۆ تەواوی ئینتیما جەماوەرییە سوننییەکان و بیانسڕینەوە.

بەهەرحاڵ، چەپ لەسەر پێیانی خۆی وەستاوەو پەلی کێشاوە بۆ نێو بلوچەکانی ئێران، بەڵام بە بڕوای ئەحمەدیی کێشەی بلوچ مۆرکێکی نێودەوڵەتیی وەرنەگرتووە، بەقەدەر ئەوەی کێشەی کورد ئەو مۆرکەی وەرگرتووە، بەشێوەیەك بلوچستان بەرەو ئەزموونی کوردستان هەنگاو دەنێت، بەڵام بە بڕوای ئەحمەدی گەمەی فاکتەری نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی زیندوو دەگێڕێت لە سنووردارکردنی کێشەی بلوچداو، تەکاندان بە جووڵانەوە سیاسییە بلوچییەکان بەو ئاراستەیەدا. سیاسەتی بەریتانی لە ١٨٤٠وە لە کێشەی بلوچدا ئامادەیی هەیەو، نفوزی بەریتانیی لە نێو خێڵەکانی بلوچدا بەرجەستە بووەو هۆشیاری لەنێویاندا لەبارەی سەربەخۆییەوە هەڵکشاوە، تاکو دەروازەیەك بێت بۆ ئەو خێڵانەو بەکاری بهێنن وەك ئامرازی فشار دژ بە حکومەتی ئێرانیی، هەروەها گێچەڵکردن بە ئێران بەهوروژاندنی ئەو کێشەیەو،

بەرەنگاربوونـــەوەی تـــەوژمی کۆمۆنیـــستی لەودەمـــەدا . لـــە دیـــارترین نیـشانەکانی نفـوزی بـەریتانیی بریتییـە لـە سیاسـەتی ئیـداریی، کـە بەریتانیا لەنێو سوننەو بلوچدا پێرەوی دەکرد بەنێوی "ساندمن"، کە عـەزیز ئەحمـەد بـڕوای وایـە بـەریتانیا رێبـەرە خێڵەکییـەکانی بلوچـی خستە ژێر فەرمانی خۆیەوە[1]. ئەمەش نفوزی کۆمۆنیستی لە بلوچستان کەمکردەوە، بەڵام وێڕای ئەوەش جووڵانـەوەی "رزگـاریی بلوچـستان" خـاوەن تێـڕوانینی چـەپڕەویی لـە پـاش ماوەیـەك دەرکـەوت، حەمیـد ئەحمـــەدی پێیوایـــە حیزبـــی بـــەعس رۆڵـــی بەرچـــاوی هـــەبووە لـــە جموجوڵـەکانی ئـەو بزووتنەوەیـەدا. فـەرزان فـەر ئـەن عەبدی خـان، کـە یەکێکـە لـە رێبـەرە خێڵەکییـەکانی بلـوچ و سـەرۆکی "جووڵانـەوەی رزگـاریی بلوچـستان" بەغـدای کردبـووە بنکـەی چـالاکییەکانی بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی سیـستەمی شاهەنـشاهیی لـە ئێـران لـە بەغـداو دەوڵەتانی خەلیجی عەرەبیی تر[2].

"بـەرەی نیـشتمانیی گـەلانی ئێـران" بـە پاڵپـشتی حیزبـی بەعـسی ئـەوکات هاوپـەیمانییـەکی پێکهێنـا، کـە بڕێـك لـە کەسـایەتییە ئێرانییـە بەرهەڵـستکارەکانی لـەخۆدەگرت لـە نێویانـدا کەسـایەتی بلوچـیی و تورکیی و چەپڕۆی ئێرانیـی وەك حیزبـی "تـودەی" چـەپ و کەسـایەتییە ئێرانییەکانی تر. لەسەر هەمان شێوەی بەرەکە، بەرەیەکی بلوچـی تـر بە

---

[1] بلوشستان والسياسة البريطانية، ص ٢٠٦.

[2] Ehnic groups and the state. P 360.

نێوی"بەرەی دیموکراسیی بلوچیی" دامەزرا، ڕۆژنامەیەکیشی دەرکرد بەنێوی "راه اتحاد" واتە ڕێگەی یەکێتیی لە بەغدا، پاشتر دابەشبوو بۆ چەند پارتێکی بلوچیی چەپڕۆ. دیسانەوە پارتی سوننەگەرای تر دامەزرا لەسەر هەمان شێوەی " کۆمەڵە"ی کوردیی، لەژێر کاریگەری بیری مارکسیزمدا پارتی سوننەگەرای کوردیی و بلوچیی و عەرەبیی و تورکمانیی دامەزران لەوانە پارتەکانی: "زەحمەتکێشان"( حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)، " کۆمەڵە" ( لقی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)، پارتی "استقلال طلب کردستان"، پارتی کوردستان"( پاك)، "یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کورد"،" ڕێکخراوی گروپی کرمانجیی". هەمدیسان لەژێر کاریگەری بیری مارکسیزمدا چەندین پارتی خاوەن مۆرکی چەپڕۆیی سوننەی ئێرانیی – بلوچستانی دامەزران، ئەوانیش: "جبهە مردم بلوشستان" ( بەرەی گەلی بلوچیی)، نێوەندی کۆڵینەوەکانی بلوچستان ، ( جنبش ملی بلوشستان) پارتی گەلی بلوچیی.

نووسەر پێیوایە دەوڵەتانی عەرەبیی لە پێشەنگی ئەو سیستەمانە بوون لە جیهاندا، کە بەهێزەوە پشتیوانییان لە جووڵانەوە جیاخوازە سوننەگەراکان کردووە لە ئێراندا، بەتایبەت لە بلوچستان و عەرەبستان، ئەو کێشانەیان هورووژاندووە بەو پێیەی کێشەگەلێکی عەرەبین و لەچوارچێوەی ئوممەی عەرەبیدایە، هەروەها دروشمە نەتەوەییەکانی (امە عربیة واحدة من الخلیج الی المحیط". پشتگیری لەو بیرۆکەیە دەکات کە بلوچەکان لە تۆرمەی عەرەبین و پێویستە

هاوکاریی بکرێن بەهۆی مەزهەبی سوننەوەو بەهۆی زمانی نزیکیان لە عەرەبیی و ئینتیما باڵاکانیانەوە.

هاریسۆن سیلنیگ لە کتێبەکەیدا Ethnicity and the political statement in Pakistan ئاماژە بەوە دەدات پێویستە دەوڵەتە عەرەبییەکان پشتیوانی لە بلوچەکان بکەن، ڕاپەڕینی بلوچیی لە بنەڕەتدا ڕاپەڕینی تەواوی عەرەبەو، لە چەندین سەدە لەمەو پێشەوە ڕیشەی بلوچەکان دەچێتەوە سەر عەرەبەکان، هەرچەندە عەرەب کەمتەرخەم بوون لە پێشکەشکردنی پشتیوانیی بۆ بلوچەکان ئەوا مارکسییەکان ئەو بۆشاییە پڕدەکەنەوە کە دەوڵەتانی عەرەبیی نەیانتوانیوە هاوکاریی بلوچەکان بکەن ئەمەش ئەو هەلە لەکیس دەدات لەبەردەم عەرەبدا بەوەی هاوپەیمانێکی گرنگ کە بلوچەکانن لەدەستدەدەن، لەبەرئەوەی ڕژێمی خومەینی لە ئێران هەڕەشە لەسەرجەم دەوڵەتانی عەرەبیی لە خلیج دەکات، هەروەها مۆسکۆ نزیك دەبێتەوە لە تەنگەی هورمزو تەواوی خەلیج، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازیی ڕۆڵی عەرەبیی لە خەلیجو، دەکرێت عەرەب پارێزگاریی لە شوناسی عەرەبیی خەلیج بکات لەبەردەم شەپۆلی ئێرانیی، کە هەوڵی فارساندنی دەدات.

بۆیە هەمیشە ترسی ئێرانییەکان لەبەرامبەر بلوچدا پشتیوانیی عەرەبیی بووە، ئەوڕۆکە ترس لە ئینتیما، کە ئێرانییە دژەکانی گەلانی سوننەی تۆقاندووە، لەبەرامبەریشدا ترسی بەهێز لە لای بلوچەکان، هەستکردنە بە ئینتیمای نەتەوەیی و ئاینیی لە لای گەلانی سوننە.

هەمدیسان نێوچەی تورکمان سەحرا لەهەمان دۆخدایە، چەندین پارتی خاوەن تێڕوانینی تورکمانی چەپڕۆ لە ئێراندا دامەزراوە لەوانە: "رێکخراوی رزگاریی تورکمان سەحرا"( سازمان آزادی بخش ترکمن صحراء)، "بەرەی نیشتمانی دیموکراسی تورکمان"( حرکت ملی دمکراتیك ترکمن). لەبیرمان نەچێت نزیکی جوگرافیی ئەو نێوچانە لە یەکێتی سۆڤییەتەوە رۆڵی خۆی هەیە، هەرچیش لەمبارەوە رۆڵی کارا دەگێڕێت، لە قۆناغەکانی پێشتردا رووسیا ئەفغانستانی داگیرکردو سنوورێکی جیاکەرەوەی دروستکرد لە نێوان نێوچە سوننە ئێرانییەکانو یەکێتی سۆڤییەتی خاوەن ئایدۆلۆژیای مارکسیی.

بەهەمان شێوە پارتی سۆسیالیستیی خاوەن مۆرکی نەتەوەیی دامەزرا، بەپێی پەلکێشانی بەرەیی ئایدۆلۆژیی و زنجیرەبوون، بەشێوەیەك نێوچەی عەرەبیی لە ئێران جموجوڵی پارتە چەپڕۆو نەتەوەیی و ئاینییەکانی بەخۆوە دەبینی لەهەمان کاتدا، بەرەی دیموکراسیی ئەهوازیی (خاوەن ئاراستەی چەپ)، جوولانەوەی رزگاریی عەرەبستان (خاوەن ئاراستەی بەعسی نەتەوەیی)، لیژنەی نەتەوەیی بالا (خاوەن بیری عەرەبیی)، خودی پارتی ناسریی لە ئەهواز لقی پارتە ئێرانییە چەپڕۆکان بوو لە نێو کرێکاراندا سەریهەڵدا لە کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێمی ئەهواز وەك حیزبی تودە، پارتی کرێکارانی ئێرانیی، فیدائیانی خەلق( اکثریت و اقلیت)و پارتە چەپەکانی تر. سەبارەت بە عەرەبەکانی تر، غەیرە ئەهوازییەکان، ئەوانەی لە نێوچەکانی بوشەهرو، کەنارەکانی باشووری ئێران وەك

"بەنــدەری لەنجــە"و دوورگــەی " قــشمو کــیش" دانیــشتوانانی تــری عــەرەب لــە ئێرانــدا، لــە چوارچــێوەی مــۆرکی ئــاینیی ســەلەفیدان، کەمۆکەیەکییان نەبێت نەچوونە نێو پارتە چەپو کۆمۆنیستییەکان.

هەرچی عـەرەبی ئـەهوازە، پارتـە کۆمۆنیـستییو چـەپەکان بەهـەمان شـێوەی پارتـە کوردییـەکان بـوون، هەرچـەندە ڕەوتـی ئـەو جووڵانەوەیـە شاراوەتەوە، بەهۆی بوونی پەلکێشانی نەتەوەیی لە نێوچەی عەرەبیدا، بەتایبــەت بــوونی ڕێبــەرانی ناسیۆنالیــستی عــەرەبیی، کــە داوای ناســیۆنالیزمی عــەرەبییو یــەکێتی عــەرەبییان دەکــرد وەك جــەمال عەبدولناسر، جێکەوتـەکانی لەسـەر تـەواوی نێوچـەی خـەلیج، بەهـەمان شــێوە پارتــە ناسیۆنالیــستەکان وەك حیزبــی بەعــسی عــەرەبیی ئیـشتراکیی. لـەپاش ئـاوابوونی تـەوژمی ناسیۆنالیـستیی، ئاڕاسـتەی عـەرەبیی لـە لای عـەرەبی ئێـران بـەرەو بیری سـەلەفیی قاعیـدیی چـوو، دانیــشتوانانی نێوچــەکەش لــەرووی بــیرو مەنهەجــەوە پیــادەی ئــەو ئایدۆلۆژیایانە دەکەن.

### تەوەری دووەم: دەرکەوتنی پارتە سێکیۆلارە سوننەگەراکان

ئەمـەش بەهۆی کاریگـەریی بیرو ئایـدۆلۆژیای لیبراڵیی و بانگەشـەی ویلایەتــە یــەککرتووەکانی ئەمــەریکا بــۆ مــاف چــارەی خۆنووســینو، جاڕنامــەی جیهــانیی مافــەکانی مرۆڤــەوە هاتــە پــێش. ئاســتی کاریگەربوونی سوننە بەو ئایدۆلۆژیا دەرەکییانـەوە دەبیـنین، گـرنگترین فاکتـەرەکانی پشت ئەو کاریگـەرییە دەرەکییانـە لەسـەر سـوننەی ئێران

دەگەڕێتەوە بۆ چوارچێوەی مێژوویی بەتایبەت لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیی و، ئەو سیاسەتانەی کە جێبەجێی لەسەردەمی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا بەجێهێشت لەسەر گەلانی جیهان، بەشێوەیەك کوردانی ئێران وادەبینن کە بەسەر سێ دەوڵەتدا دابەشکراون ( لەراستیدا بەسەر چواردە دەوڵەتدا)، بەردەوامن لەسەر هەوڵەکانیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت هەر لە سەرنخونبوونەوەی فەرمانڕەوایەتی عوسمانییەوە، بەڵام بێئاکام بووە.

هەر لەو دەمەشەوە کوردان داوای سەربەخۆیی دەکەن و، خواستەکانیان بە چەندین شێوە دەرخستووە، چەندین شۆڕشیان هەڵایساندووە کە ناکرێت لێرەدا باسیان بکەین وەك شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا، کە یەکەم شۆڕشی کوردیی بوو داوای سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سوننە بکات، بەهەمان شێوەی دەوڵەتی شیعەگەرای قاجاریی لە ئێران. ئیدی شۆڕشەکان بەردەوام بوون، لە ساڵی ١٩٢٥ شۆڕشی شێخ سەعید لەگەڵ چەندین شۆڕشی رزگاریخوازیی کوردیی روویاندا، بەهەمان شێوەی بلوچەکان و عەرەبی ئەهوازو عەرەبی دوورگەکانی باشوور لە ئێران و تورکمان. کاریگەریی دەرەکیی لەسەر سوننەی ئێران، خۆی لە ئایدۆلۆژیای لیبراڵیزمدا دەبینێتەوە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەرکەوت، بەدیاریکراویش لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی، لەگەڵ درووشمەکانی رزگاریی گەلان و داواکانی بە ماڤ چارەی خۆنووسین لە راگەیاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەیاننامەکانی مافەکانی مرۆڤدا.

ئیدی گەلانی ئێرانی بەتایبەتیش سوننە کەمتر روویان لە لیبراڵیزم ناوە، بەهۆی بوونی متمانەیەکی بنجداکوتاو بەهۆی مومارەسەکانی بەریتانیا، کە لە نێوچەکانیدا پێی هەڵدەساو دوالیزمەی ئەو پێوەرانەی بەکاردەهاتن دژ بە سوننەی ئێرانو، پەیوەندییان بە حکومەتی نێوەندییەوەو ، نزیکبوونەوەی رێبەرانی سوننەی ئێرانیی لە ئاراستەی سۆڤییەتی پاڵپشت لە ئافەرۆزکردنی هەژموونی لیبراڵیزمو، رزگاریی گەلانو هاوکاریکردنیان لە رووی ماددیو مەعنەوییەوە، وێڕای ئەمانەش مەزهەبگەرایانی سوننەی ئێران لە رواڵەتدا دژ بە بیری چەپ مانەوە، کە تۆمەتباریان دەکرد بە ئیلحادو شتی تر، بە پشتبەستن بەمەش چەندین پارت دامەزران، کە لە پەنجەی دەست تێناپەڕنوخاوەن مۆرکی لیبرالیی سوننی بوون، لەوانە پارتی دێموکراتی لیبراڵی کوردستانیی.

هەرچی عەرەبە لە ئەهواز دابەشبوون بەسەر چەندین پارتی ئاینییو نەتەوەییو چەپدا، چەپ لە جووڵەدا بوو، سەلەفیی ( ئەنسارو سوننە) لیبراڵ ( پارتی هەماهەنگیی ئەهوان) نەتەوەیی ( پارتی ناسریی بەرەی عەرەبیی بۆ رزگاریی ئەهوان) چەپ لە بەرەی جەماوەریی بۆ رزگاریی ئەهوازو، بەرەی نەتەوەییو جووڵانەوەکانی ترو، ئاراستە فیکرییەکان کە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی بیرو ئایدۆلۆژیا نزیکو دوورەکان، کە لەگەڵ خواستو خەونەکانیاندا دەهاتەوە.

## تـەوەری سـێیەم: دەرکـەوتنی جووڵانـەوەی سـەلەفیی و کاریگەرییـەکانی لەسەر گۆڕەپانی سوننیی

بڕێـك لـە کۆڵـەران، لـە نێویـشیاندا محەمـەد رەزا حافزیـان داوای فیـدراڵیزمی تـایفیی یـاخود فیـدراڵیزمی سیاسیی کـردووە، بـۆ گـەلانی ئێران هەروەها پێویستی گرنگیدان بە سـوننەی بلـوچ_ ئێرانیـی لەلایـەن حکومەتـەوە، ئـەو کۆڵەرانـە چـەندین چارەسـەریان پێشنیازکردووە، بـۆ ئەو کێشەیەو سوورن لەسەر پێدانی ماف ئاینیی زیـاتر، ئەمـەش بـەهۆی هەڕەشەو گوڕەشەی ئەمنیی دژ بە ئێـرانو، بـەکارهێنانی کـارتی سـوننە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە، کە لە هەوڵوهەڵپـەدان بۆ قڵپکردنـەوەی رژێمـی ئێران، لەسەریێشیانەوە ئەمـەریکاو ئیـسرائیلو دەوڵـەتانی عـەرەبیی وەك سعودیە.

محەمـەد رەزا حافزیـان، باسـی لـەوە کـردووە، کـە سـعودیە رۆڵێکـی بەرچـاو دەگێڕێـت لـە هورووژانـدنی کێـشەی سـوننە لـە ئێرانـدا بـۆ رووبەڕووبوونەوەی پەلکێشانی شیعەگەرایی، جەخت لەوەدەکاتـەوە کـە مەزهـەبی حەنـەفیی بـڵاو لـە نێـو بلوچـە ئێرانییەکانـدا هەڕەشـەیەك دروست ناکات بەقەدەر ئـەوەی پەلکێشانی سـەلەفیی دروسـتی دەکـات، کـە دەچـێتە نێـو ئێـران لەبـەرفراوانترین دەرگاکانـەوە لـە رێگـەی سـعودیەوە، دیـسان نێـوبراو دەوڵـەتانی عـەرەبیی تۆمـەتبار دەکـات بـە هەوڵـدان لەسـەر خوڵقانـدنی شوناسـی عـەرەبیی سـوننەگەرای بلـوچ بـە ئامانجی بەرنگاربوونەوەی شیعە لە ئێران. هەمدیسان دەڵێت: وەهابیزم (سەلەفیزم) قوتابخانەیەکە هەڵدەسێت بە ئامادەکردنی رێبـەرانی بلـوچ،

ئەوانــەی لــە دەرەوە رەوانــەی نێوچــەکە دەکــرێن و، یەکــسەریی بەدەرچوونیان لەو قوتابخانەیە دەکەونە ژێر کاریگەریی وەهابیزمەوە.

دیــسانەوە مەولــەوی عەبدولحەمیــد ئیمــام جومعــەی زاهیــدان گوتوویە: "ئاستی خوێندنی سوننە ناگاتە ئەو بڕوانامانەی، کە سعودیە دەیبەخــشێت بــە مەولەوییــەکان، بۆیەشــە زۆرێــك لــە مەولەوییــەکان خوازیــارن خوێنــدنیان لــە ســعودیە تــەواو بکــەن، ئەوەشــی پاکــستان و هیندســـتان لـــەرووی بڕوانامـــەوە دەیبەخـــشن ناگاتـــە ئاســـتی ئـــەو بڕوانامانەی سعودیە دەیبەخشێت".

کۆڵـەر درێـژە بـە قـسەکانی دەدات: پـاش گەڕانـەوەی بلوچـەکان لـە سعودیە پیادەی بیری سـەلەفیزم دەکـەن، کـە بڵاوبۆتـەوە بەهۆی پێکڕا پەیوەنـدی زانـستی نێـوان گرووپـی مەولـەویی و سـعودیە و گــەلی بلوچەوە. دیسان کۆڵـەر بـاس لـەوە دەکـات کـە گـرنگترین فاکتـەرەکانی بڵاوبوونـەوەی سـەلەفیزم لـە نێوەنـدەکانی بلوچـدا لـە ئێـران بریتییـە لـە بوونی لێکنزکیـی نێـوان بلوچـی ئێـران و بلوچـی پاکـستان، کـە زەمینـە خـۆش دەکـات بـۆ بڵاوبوونـەوەی و بەشـێوەیەکی چـڕوپڕ. بەڵگەیـەکی تریش لە ئارادایە دەگەڕێتـەوە بۆ ئەوەی بلوچە حەنەفییـەکان لـە هێڵـی جیاکەرەوەی نێوان ئێران و پاکستاندا نیشتەجێن، هۆکـارێکی تـریش بـە بڕوای نووسـەر- هـەژاریی ئـابووریی و فەرهـەنگیی و کۆمەڵایـەتیی و ئـەو جیاکارییـە کـە دژ بـە سـوننە پیـادە دەکرێـت، لەگـەڵ ئـەو جیاوازییـە گەورەیـەی لـە نێـوان مەزهـەبی فـەرمیی لـە وڵاتـدا کـە شـیعەیە لەگـەڵ مەزهـەبی سـوننە لـەو نێوچـانەدا، سـەرجەم ئـەو هۆکارانـە پاڵیـان بـە

سەلەفییەکانەوە ناوە جڵەوی دەستپێشخەرییەکە بکەن‌و هەوڵە پڕوپاگەندەییەکانیان چڕ بکەنەوەو کێشەی گەورە دروست بکەن، کە رووبەڕووی رژێمی ئێرانی دەبێتەوە لەو نێوچانەدا.

نووسەر لە بابەتەکەیدا باسی لە حیزبی فورقان دەکات، کە پارتێکی سوننەگەرایەو، لە بلوچستانی ئێران لە چالاکیدایە، گروپێکیش لە کۆمەڵەی " مەولەوی" بلوچیی بەرهەڵستکار لە ریزەکانیدا لەخۆ دەگرێت، پارتەکە سەر بە پارتی (هاوەڵان) (الصحابة))یە کە لە پاکستان لە چالاکیدایەو، پەیوەندی بەردەوامی هەیە بە حکومەتی سعودییەوە، هەروەها لەلایەن وەزارەتی حەج‌و ئەوقافی ئاینیی سعودیە ڤیزا دەداتە ئەندامەکانی ئەو گرووپە بچنە نێو سعودیەوە، گرووپی نێوبراو پشکی گەورەی بەردەکەوێت لە هوروژاندنی دڵەڕاوکێ‌و پشێوییەکانی پاکستان، فەلسەفەی بوونی رێکخراوێکی لەمشێوەیە لە بنەڕەتدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی شیعەو بەرهەڵستیکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و لەنێوبردنی شیعەکانی پاکستانە، رێکخراوەکە شیعە بە مسوڵمان نازانن.

چەندین رێکخستنی تر هەن هەڵگری ئایدۆلۆژیای دژە یەکێتی سۆڤییەتین، ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە موجاهیدانی سوننەی ئێرانی لە ئەفغانستان لە قۆناغی جەنگدا دژبە یەکێتی سۆڤییەت‌و ئەندامانی لە کوردو بلوچ‌و ئەوانی تر پێکدەهات، پاشتر چوونە نێو سەلەفیزم‌و بیربۆچوونەکانی رێکخراوی ئەلقاعیدە، چەندین رێکخراوی تریش، کە هەڵگری هەمان شێوازی کارکردن بوون سەریانهەڵدا. لە لایەکی

تریشەوە زۆربەی پارتە سوننە کوردییەکانی تر تا ئەوڕۆکە لەژێر کاریگەریی چەپدان‌و، ترپەی دڵی چەپی ئێرانین، هەروەها شوێنی ئەو پارتانەن کە هەڵگری بەیداخی سۆسیالیزمن، هەروەها بەهۆی نزیکی نێوچە سوننیەکان لە پایتەختی ئێرانەوە، چونکە تاران پەناگەی رێبەرانی کۆمۆنیستی ئێرانیی بوو بەدرێژایی ماوەکانی رابردوو.

هەرچی بلوچە سوننەکانە، پارت‌و رێکخراوەکانیان هەڵگری مۆرکی ئاینیی سەلەفین، جیاواز لە دۆخی سوننە لە کوردستان، بڕێکیان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی بیری سەلەفیزمی جیهادیی لەپاش دەرکەوتنی‌و، چوونی موجاهیدانی عەرەب لە رێگەی بلوچستانەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ داگیرکاریی سۆڤییەتیدا، پاشتریش ئەمەریکیی، لەوێ لە نزیکەوە بیری سەلەفیزمیان ناسیوە. هۆکارێکی تریش نزیکی بلوچستانە لە شوێنی رێکخراوی ئەلقاعیدە لە بلوچستانی پاکستان‌و ئەفغانستان، بەڵام پارێزگاریی کردووە لە شێوازو لۆکاڵیی بوونە ئاینییەکەی، بە بەکارهێنانی ئایدۆلۆژیای ئاینیی نەتەوەیی تێکەڵ بە بیری جیهادیی سەلەفیزم، دیسانەوە لە بلوچستان چەندین رێکخراو دامەزراون لەسەر ئەو رێوڕەوتە لەوانە: **جووڵانەوەی بەرگریی جەماوەریی لە بلوچستان "جنبش مقاومت ملی بلوشستان"**، (جوندوڵڵا: ئەم رێکخراوە دەستیگرتووە بەسەر گۆڕەپانی بلوچیدا تا گرتنی عەبدولمالیك ریگی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە، پاشتر لە یۆنیۆ(حوزیران)ی ٢٠١٠ لە قەنارە درا).

رۆڵــی مــەلایانی ســوننەمان لــەبیر نەچــێت لــە پــشتگیریکردنی خواســتەکانی گــەلانی ئێرانیــی و، پــشتیوانیکردن و پاراســتنی ئــاینی ئیسلام لـە مەترسـییەکان، لـە دیـارترین ئـەو مەلایانـەی کـە پاڵپـشتی جووڵانـەوە سـوننییەکان بـوون وێـڕای جیـاوازیی فیکریـی و ئایـدۆلۆژیی لەگەڵیـدا ئـەویش شـێخ عیـزەدین حوسـێنییە ئیمـام جومعـەی مـەهاباد بووەو، داوای خودموختـاریی سـوننی کـردووە بـۆ کـوردانی ئێـران، ئـەم داوایــە هاوبەشــە لەگــەڵ داواکارییــەکانی بزووتنــەوە چــەپەکانی تــری کوردستان.

بە پێچەوانەی جووڵانـەوەی سـوننەی ئـەهوازیی، عـەرەبی سـوننە لـە باشووری ئێران و دانیشتوانانی دوورگەی (قشم و کیش...) نـزیکترن لـە ڕێکخـستنە ســەلەفییە جیهادییــەکان، هەنــدێکی تریــان جووڵانــەوەی میـانڕۆی ئـاینیین بـە گرتنەبـەری بـیری سـوننەی میـانڕۆ لـە مەککـەو مەدینـەو ئەزهـەرەوە سەرچاوەیان گرتـووە. بڕێکـی تریـشیان ڕێـچکەی دژانەیان گرتۆتەبەر بۆ شەڕکردن خۆیان گەیاندۆتە ئەفغانستان و، لـەپاڵ ڕێکخراوەی ئەلقاعیدەو تاڵیباندا دەجەنگن. ئامارەکانیش پشتگیریی لـە بـوونی ژمارەیــەك لــەو عەرەبانــە دەکــەن لــەنێو ڕیزەکــانی ئەلقاعیــدەدا، یـاخود زانیارییـەکان ئامـاژە دەدەن بـە بـوونی ئـەوان لـە گرتووخانـەی گوانتانامۆ تا ئەوڕۆکە.

## تەوەری چوارەم: بیری سوننەگەرای سوننەتیی دەرەکیی

بیری سوننەگەرایی لە ئێران لەلایەك کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئیبن تەیمییە، لەپاڵ بیری میانڕۆیی کە لە دامەزراوەی ئاینیی لە سعودیەوە دەردەچێت وەك سەرچاوەی سەرەکیی بیری سوننەگەرایی ئێرانیی چالاك دەکات لە لایەکی ترەوە. چەندین دەوڵەتی خەلیجی تر بەتایبەت کاریگەرییان لەسەر بلوچەکان و عەرەبی سوننەی ئێرانیی هەیە بە شێوەیەکی گشتیی، دیسانەوە دەرکەوتنی چەندین جووڵانەوە کە هەڵگری ئەو بیروبۆچوونانەن بۆ سوننەی ئێران لە دەوڵەتانی نێوبراودا، لە گرنگترین ئەو کاریگەرییانە کە لە گۆڕەپانی سوننەدا بەجێیانهێشتووە بوونی ڕەوەندی گەورەی سوننەیە لە دەوڵەتانی هاوسێ و دەوڵەتانی عەرەبیی و ڕۆژئاواییدا، بەشێوەیەك کوردانی سوننە لە ئێران لە ئەوروپا گرددەبنەوە لەپاڵ گرنگترین ئەو دەوڵەتانەی کە سوننەی کوردی تێدا هەن و لەرووی ئابووریی و مەعنەوییەوە کاریگەریی دروست دەکەن لەسەریان وەك فەرەنسا و ئەڵمانیا و سویسرا و وڵاتانی ئەسکەندناڤیی، کە پشتیوانیی ماددیی پارتە سوننە کوردییەکان دەکەن، کە لە نێوچەکانیاندا لە حەرەکەتدان. هەمدیسان بڕێکییان کاردەکەن لەسەر دەستەبەرکردنی توانای ئابووریی بە ئامانجی قەرەبووکردنەوەی پاشکەوتنی ئابووریی کە لە دەسەڵاتدارانی ئێران دژ بە سوننە پیادەی دەکەن، هەروەها دروستکردنی کۆمپانیا و دامەزراوەی ئابووریی لەپێناو دەستگیرۆیی کردن و پشتیوانیی دارایی دانیشتوانی نێوچەکانیان و، هاریکاریی ئەو کەناڵە ئاسمانیانەش دەکەن کە روویان لە نێوچە سوننە کوردییەکانە.

سەبارەت بە بلوچە سوننەکانی ئێران زۆربەیان لە نێوچە عەرەبیەکاندا بوونیان هەیە، بەتایبەت دەوڵەتانی هاریکاریی خەلیجی، سەرباری پاکستانی هاوسێیان، دیسان بەهۆی جموجوڵی ئابووریی بلوچەکان لە دەوڵەتانی خەلیجیداو کاریگەریی ئەرێینی دروستکردووە لەسەر دۆخی ئابووریی بلوچەکان، ئەوانەی گرفتاریی هەژاریی ئابووریی و پەراوێزخستن بوونەتەوە لەلایەن دەوڵەتانی نێوەندی ئێرانەوە.

هەمدیسان بلوچەکان لە ئەفغانستان و باکووری رۆژهەڵاتی ئێران و تاجیکستان لە جموجوڵدان و، پیادەی چالاکیی ئابووریی دەکەن و کۆمەکی دارایی دانیشتوانی نێوچەکانیان دەکەن، وێڕای بوونی رەوەندێکی بلوچیی لە بەریتانیا، بەڵام بە ئەندازەی رەوەندی کوردیی نابێت. هەروەها کۆمەکی دارایی و مەزهەبیی و سیاسیی و کردنەوەی کەناڵی ئاسمانیی و، دروستکردنی مزگەوت و کتێبخانە لە هەرێمی بلوچستان بەهۆی رەوەندی بلوچەوەیە لە دەرێی بلوچستان. هەمان دۆخیش سەبارەت بە عەرەبەکانی ئێران، کە لە دەوڵەتی خەلیجی و ئەوروپیی نیشتەجێن و، لەرووی دارایی و سیاسییەوە لە جموجوڵدان و، بە پاڵپشتی سەرەکیی لەقەڵەم دەدرێن لەرووی گەشەپێدانی سیاسیی و ئابووریی عەرەبەکان، بەڵام لەرووی ئابوورییەوە هەمان دۆخ جیاوازە سەبارەت بە تورکمانەکان، چونکە زۆربەی تورکمانەکان بە بەراورد بە باقی سوننەکانی تری ئێران دۆخی ئابوورییان باشترە بەهۆی خاوەندارێتی زەوی کشتوکاڵیی و سەرچاوەی ئابووریی گەورە.

## تەوەری پێنجەم: کاریگەریی هەرێمیی دەوروبەری ناوچە سوننیەکان

لەم تەوەرەدا ئاماژە دەدەین بە کاریگەرییە سیاسیی و ماددیی و فیکریی و عەقایدییەکان لەسەر سوننەکانی ئێران، لەنێو ئەو کاریگەرییە دەرەکییانەدا لەسەر گۆڕەپانی سوننە لە ئێران بوونی توێژێکی رۆشنبیری سوننەکانی ئێرانە، کە لە زانکۆو پەیمانگا رۆژئاواییەکان دەرچوون، بە ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستییەوە گەڕاونەتەوە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش هەستاون بە دامەزراندنی پارتی سۆسیالیستیی چەپ، ئامانجی زۆربەیان سەربەخۆییە، کە گەلانی سوننەی ئێران داوای دەکەن، زۆربەیان هەستاون بە دامەزراندنی پارتی سیاسیی ئامانجیان داواکارییەکانی ئەهلی سوننە بووە لە ئێران، ئەوانە دەرچووی زانکۆ ئەوروپییەکانن، لە دیارترین کەسایەتییە سوننەکان، کە سالآنێکی دووررودرێژ کاریکردووە لەپێناو مافی کورد لە خودموختاریی عەبدوڕەحمان قاسملۆیە، ئەو رۆشنبیرێکی سۆسیالیستی کوردە، مامۆستای وانەبێژ بووە لە زانکۆی پاریس و، سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە.

بمانەوێ و نەمانەوێ چینی رۆشنبیری سوننەی ئێران لە کورد و بلوچ و تورکمان و عەرەب دەرچووی زانکۆ رۆژئاواییەکانن و بزاوت و بەرەی جیاوازیان دامەزراندووە، یان بۆ سەربەخۆیی، یانیش داوای پرنسیپی فیدرالیزمیان کردووە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلانی سوننە لە ئێران، ئەو کاریگەرییەش دیارە لە ژیانی سوننەکاندا جێپەنجەی لە نێوەندی سوننەی ئێرانیدا بەجێهێشتووە، چونکە

زۆربەی رێبەرانی جوولانەوە شۆڕشگێڕییە سوننەکان بیری مارکسیزمییان هاوردەکردووە تاکو لەگەڵ سەربەخۆییدا بیێتەوە، واتە گونجاندنی لەگەڵ دۆخ و رەوشی گەلانی سوننە لە ئێراندا.

سەبارەت بە کاریگەریی دەرەکیی لەسەر سوننەی ئێران، بزووتنەوە چەکدارەکان پشتیوانی لەو نێوچانەوە وەردەگرن، کە هاوسێی نێوچەکانیانن، ئەو کوردانەی کە سەر بە پارتە چەکدارەکانن دەچنە نێو کوردستانەوە لە دەرچە سنوورییەکانی تورکیاو عێراقەوە، هەڵدەستن بە کردەوەی چەکدارانە دژ بە حکومەت، ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ بەردەوامیی جەنگی پڕوکاندنی چەکداریی دژ بە حکومەتی نێوەندیی. پاشتر نێوچە سوننەکانی تر، کە سەر بەهەمان رەگەزو مەزهەبن لە عێراق هاوکاریی سەربازیی و لۆجیستی پێشکەش بە کوردانی ئێران دەکەن و لە نێوچەکانیاندا پەنایان دەدەن.

هەروەها بلوچەکانیش لەهەمان دۆخدان، ئەوانەی لەنێو سنوورەکانی پاکستان و ئەفغانستان بە ئاسانی دێن و دەچن بەهۆی بوونی بلوچستانێکی تر لەسەر سنووری رۆژهەلاتی بلوچستانی ئێران و، دەکەوێتە پاکستان و ئەفغانستانیشەوە، لەبەر ئەوەی بلوچی پاکستان ٤٠٪ی تەواوی بلوچەکان پێکدەهێنن، بلوچی پاکستان بە خاوەنی قورسایی رۆحیی و ماددیی لەقەڵەم دەدرێن بەسەر بلوچەکانی ئێراندا، لەوێوە پارتی سیاسیی و بزووتنەوەی چەکداریی دەستبەکار دەبن. هەمان شتیش بەسەر کوردو عەرەب و ئەوانی تری سوننە جێبەجێ دەبێت، بەرەی رزگاریی بلوچستان بە رێبەرایەتی رەحیم زرد

کوهی لە بلوچستان دامەزرا. هەمان دۆخیش سەبارەت بە فیدائیانی بلوچ بە ڕێبەرایەتی ئامانوڵلای بەرەکزایی، ئەو سەربە خانەوادەی دۆست محەمەدییە، ڕێبەری بلوچەکانە، کە لە تۆرەمەی بلوچەکانە ناسراوە بە خەباتگێڕیی لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانی بلوچ لە ئێراندا، نێوبراو هەستا بەدامەزراندنی بزووتنەوە چەکدارییەکەی لە بلوچستانی پاکستان.

هەمدیسان جووڵانەوەی چەپی بلوچیی لە ڕۆژئاوا بوونی هەیە بە نێوی "**ئەنجومەنی شورای نەتەوەیی بلوچیی**"، کە لە ئەمریکا چالاکەو داوای جیابوونەوەو سەربەخۆیی دەکات، هەروەها "پارتی دیموکراتی بلوچیی" کە پارتە چەپڕۆ بلوچییەکان دایانمەزراند لە چوارچێوەی پارتە چەپە ئێرانییەکاندا، ئەوان بەشێکن لە "**شۆڕشگێڕانی فیداکاری چەپی ئێرانیی**"، ئەم پارتە داوای فیدراڵیەت دەکات بۆ بلوچستان و، هەڵگری تێزی فیدراڵیزمی سۆسیالیستییەو، لە رووی ئایدۆلۆژییەوە نزیکە لە پارتە سۆسیالیستەکانی رووسیاوە. بلوچستانی ئێران هەمیشە لەژێر کاریگەریی دۆخی بلوچستانی پاکستاندایە، چونکە بلوچستانی پاکستان لەنێو سیستەمی فیدراڵییدا زۆر کراوەن جیاواز لە ئێران. بلوچەکان بەتەواوی ئازادییەوە لەو هەرێمە پاکستانییەدا جموجوڵ دەکەن، تا ئەوڕۆکەش لە چالاکیدان و شۆڕشگێڕانی بلوچیش کردوویانە بەدەروازیەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی حکومەتی نێوەندیی لە ئێران بەدرێژایی قۆناغەکان.

گەلانی سوننەی ئێران بەهۆی پەیوەندیی خوێن و پەیوەندیی خێڵەکییەوە نزیکن لەگەڵ کەسوکاریان لە پشت سنوورەکانەوە، ئیدی ئەو ترسە پاڵیان پێوە دەنێت بەرەو رزگاربوون و داواکردنی سەربەخۆیی و یەکخستنی هەردوو کەناری سەر سنوور وەك پێشتر باسمانکرد، ئەوانی بەشێوەی پەرت پەرت دەژین. بۆ نمونە هەمان خێڵ و هۆزەکان لە نێوان بلوچستان_ ئێران و پاکستان و ئەفغانستاندا دابەشبوون، بەهەمان شێوەش خێڵە کوردیی و عێراقییەکان، بەهەمان شێوەش عەرەبەکانی نێوان سنووری عێراق و ئەهواز، یاخود عەرەبەکانی باشووری ئێران و ئەو دوورگانەی کە پەیوەندیی خێزانیی و سۆزداریی و خێڵەکیی لەگەڵ عەرەبەکانی خلیج دەیان بەستێت بەیەکەوە.

ناکۆکییە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان لە نێوان حکومەتی ئێران و وڵاتانی تر، رۆڵی گێڕاوە لە توندبوونەوە و کەمکردنەوەی قەبارەی داواکارییەکانی گەلانی ئێران، بەداخەوە دەوڵەتانی رۆژئاوایی ئەم کارتەیان لە خزمەت بەرژەوەندییەکانیاندا بەکارهێناوە بە بێ ئەوەی کۆمەکییان پێشکەش بکەن شایەنی باسکردن بێت. وەختێك دەوڵەتانی رۆژئاوایی و عەرەبیی لەگەڵ ئێراندا ئاشت بوونەوە لەسەردەمی محەمەد رەزاشای پەهلەویی، ئیدی کێشەی گەلانی ئێرانیان لەبیرچۆوە بەتایبەت سوننەکان، وەختێکیش ناکۆکییەکان پەرەیانسەند لەگەڵ حکومەتی نێوەندیدا کارتی گەلان بەکاردەهێنن لەپێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تەسکی خۆیان و دەچنە نێو هاوپەیمانێتییەوە لەسەر

حسێبی گەلان لەهەر دەمێکدا بیانەوێت، وەختێك بەرژەوەندییان نەبێت لە رۆژنامەو کەناڵە میدیاییەکانیانەوە باس لە کێشەکانیان دەکەن، بگرە هەنگاو هەڵدەگرن‌و داوای مافەکانیشیان دەکەن‌و، پشتیوانی لۆجیستی پێشکەش بە پارتە نەتەوەییەکان دەکەن، وەختێکیش ناکۆکییەکانیان لەگەڵ ئێراندا کۆتایی پێدێت، رێبەرەکانیان رادەستی حکومەتی ئێرانی دەکەنەوە.

لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا بینیمان، وەختێك حکومەتەکەی عەبدوننا سر پشتگیریی لە ئەهوازو بلوچەکان کرد لەپێناو سەرخستنی کێشەکانیاندا، هەوڵیشدرا بە توندیی هەردوو کێشەکە لە گۆڕەپانی عەرەبیدا پێشنیاز بکات، رۆژنامەکانیان کەوتنە باسکردنی کێشەکانیان وەك ئەوەی "ریاز نەجیب ریس" کردی لە گۆڤاری "المستقبل"داو بۆچوونەکانی لە حکومەتی میسریی ناسرییەوە وەرگرتبوو، گۆڤارەکە لە پاریس دەرچوو، چەندین بابەتی نووسیوە، وەك پشتیوانیی لە کێشەی عەرەبیی‌و بلوچیی لە ئێران‌و بلوچستان، دیسانەوە بابەتی "دیار العرب" بەقەڵەمی نووسەری عێراقیی "معان العجلی" لە ساڵی ١٩٧٩ لە بەغدا رەنگدانەوەی دۆخی پشتیوانیی کێشەی بلوچ بوو لە لایەن رژێمی پێشووی عێراقەوە، هەمدیسان چەندین رۆژنامەو ئێستگە پشتیوانییان لە سوننەی عەرەب‌و بلوچ لە ئێراندا کرد، بەڵام لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی عێراق _ ئێران هەردوو کێشەکە فەرامۆشکران، حکومەتی ئەودەمی عێراق عەرەب‌و بلوچەکانی لە خاکەکەی توڕدا، بەهەمان شێوەش دەوڵەتانی عەرەبیی‌و رۆژئاوایی تریش. ئیدی

پشتیوانیی دەرەکیی گەلان پەیوەستە بە ئاستی پەیوەندیی دەوڵەتان بە حکومەتی تارانەوە، تا ئەوڕۆکەش ئەو دۆخە بەردەوامیی هەیە.

### تەوەری شەشەم: شۆڕشی زانیاریی و کاریگەرییەکانی

زۆرجاران جووڵانەوەکانی سوننەی بلوچ و کوردو ئەوانی تر لەدەرێی ئێران کەوتوونەتە جموجوڵ و، لەگەڵ نێوخۆدا لەپەیوەندیدا بوون بە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای زانیاریی و جیهانی پەیوەندییەکان بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنگرانیان لەنێوخۆدا، کۆڵەر محەمەد رەزا حافزیان لەم چوارچێوەداو لە بابەتێکیدا گوتوویە: "لەدەرێی ئێران چەندین جووڵانەوەو رێکخستنی سوننە لە رێگەی پێگەو سایتەکانی ئینتەرنێتەوە لەجموجوڵدان و بیروبۆچوونەکانیان و بڕوا ئاینیی و نەتەوەییەکانیان لەنێو سوننەی ئێراندا بڵاودەکەنەوە، بۆیەشە ژمارەیەك لەو رێکخستنە سیاسییە سوننیانە کە پێشتر لە گۆڕەپانی سوننەی نێوخۆییدا کایەیەکی ئەوتۆیان نەگێڕاوە، ئەوڕۆکە بەهۆی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە لەگەڵ گرووپەکانی نێوخۆیان لە پەیوەندیدان و رای خۆیان دەردەبڕن لەگەڵ هەرکەسێك بیانەوێت گفتوگۆو دەمەتەقێ بکەن. بلوچستانیش لەم دۆخە بەدەر نییە لەگەڵ تەواوی نێوچە سوننییەکانی تردا. شۆڕشی زانیارییەکان بەربەستە سنوورییەکانی تێکداوەو کاریگەریی دروستکردووە لەسەر سوننەکانی ئێران و وردەکاریی رووداوەکان لە وڵاتدا".

حافزیـان، دریـژه بـه قسەکانی دەدات: "تـەکنۆلۆژیای زانیارییـەکان کاریگـەریی کردۆتـە سـەر پەیوەنـدیی نێـوان گـەلانو، جیهـانی دەرەکییـانو، پەیوەنـدیی خۆبـەخۆیان، ئەوڕۆکـە دوالیزمـەی تـەکنۆلۆژیای زانیـاریی بۆتـە فاکتـەری یەکلاکـەرەوە لـە هەڵبـژاردنی شوناسـی نەتـەوەیی و جیهـانگیریی و مۆدێرنـەو لابردنـی بەربەستەکانی بـەردەم سـنوورو پەیوەنـدیی دەوڵـەتان بەیـەکترەوە، ئەمـەش بۆتـە پاڵپـشتی گـەورەی نێوچـە ئێرانییـەکان ئەونێوچـانەی زۆرینـەیان سـوننەن‌و، ئاڕاسـتەی سـوننەو کاریگەرییـەکانی لەسـەر پەیوەندییەکانیان بە حکومەتی نێوەندییەوە".

شۆڕشی نوێی زانیارییەکان کاریگەرییەکی بەرچاوی بەجێهێشتووە لەسەر تەواوی وڵات، بەتایبەت سوننە لە ئێراندا، کە خۆی دەبینێتەوە لـە کەناڵـە تەلەڤزیۆنییـەکان‌و شۆڕشـی ئینتـەرنێت‌و، ڕۆڵـی لـە پێکـڕا پەیوەندیی نێوان گەلان، سیاسەتوانانی ئێران وەسفداریان کـردووە بە شۆڕشـی سـایبیریی و جـەنگی نـەرم بەهۆی کاریگەرییەکانیـەوە، ئیـدی ئەم دیاردەیە بەرچاوترین‌و کاریگـەریی گـەورەی دەرەکیـی هەیـە لەسەر ئێـران‌و، کاریگەرییـەکانی لەسـەر بەنێودەوڵـەتیکردنی کێشەی گـەلان، زۆربەی کۆڵەران بڕوایان وایە بەهۆی گرنگی پێدانی دەوڵەتان‌و هۆکانی میـدیا لەسـەر ڕووداوەکـانی ڕۆژهـەڵاتی نێووەڕاسـت‌و ئێـران، لـەپاش شۆڕشـی ئاینیی کە لـە ساڵی ١٩٧٩ دا ڕوویـداو تا ئەوڕۆکە، هـەروەها ڕۆڵی ئێران لە کێشە هەستیارەکاندا وەك لوبنان‌و فەلەستین، بارودۆخی نێوخۆیی ئـەم وڵاتـە لەسـەرێی هەمووشیانەوە کێشەکانی وەك کێشەی

سوننه له ئێران لەسەرێی گرنگی پێدانی نێودەوڵەتیی دێت، کە هەمیشە لەسەر مێزی گفتوگۆکانو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا پێشنیاز دەکرێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بالادەستیی و گرتنە دەستی ئەو دۆسیانە لەلایەن پارتە نەتەوەییە سوننەکانەوە .

جان برتن، کۆڵەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، کە سەر بە قوتابخانەی سیاسیی خاوەن تێروانینی فیکری واقیعییە، بڕێک چارەسەری بۆ کێشەکانی ململانێ نێودەوڵەتییەکان لەبارەی گەلانەوە پێشکەشکردووەو داوای دەستکاریکردنی ڕێچکەکانی گەلانو چارەسەرکردنی کێشەکانیانی کردووە.

## تەوەری حەوتەم: کاریگەریی بژاردە سوننەگەراکان

بژاردەی ئێرانیی بەردەوامە لە گردکردنەوەی پشتیوانی نێودەوڵەتیی بۆ کێشەکانیان، وێڕای تۆمەتبارکردنیان لەلایەن حکومەتی ئێرانیی و لەلایەن شۆڤێنییەکانەوە بە بەکرێگیراویی، لەوەختێکدا کۆڵەران لەبارەی گرفتە ئیتنییەکانەوە پێیانوایە هۆکاری سەرەکیی لەپشت بوونی کێشەی ئاینیی یاخود ئیتنی لە ئێراندا بریتییە لە واقیعی جیۆسیاسیی رۆژهەلاتی نێوەڕاستو ئێران بەدیاریکراوی. بەشێوەیەك بەپێی یەکێك لە تێڕوانینە نێودەوڵەتییەکان، هەڵگرتنو لابردنی کێشە ئیتنیەکانە لە ئێرانو، بەردەوامبوونی لە واجیهەداو، تەبەنیکردنی تیۆرەکانی قوتابخانەی بیری "ویلسۆن"، کە لە بنەڕەتدا سێکیۆلارەو لە ئاراستەشدا لیبراڵەو،

داوای دامەزراندنی ئۆتۆنۆمیی دەکات بۆ گەلان، ئەوانەی کە بەخت یاوەریان نەبووەو، لە چوارچێوەی دەوڵەتدا مافە ئیتنییەکانیان بەدەستنەهێناوە، ئەمەش بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەو مافانەو دوورخستنەوەیان لە ستەموزۆرو جیاکاریی ئاینیی و مەزهەبیی. برێکی زۆر لە چالاکوانانی سوننەی ئێران پشتگیریی لە پرنسیپی لیبراڵیزم دەکەن و، تا ئەوڕۆکەش داوادەکەن دەوڵەتانی رۆژئاواو ویلایەتە یەککگرتووەکان بەتایبەتیی جڵەوی ئەو کێشەیە بگرنە دەست.

هەرچی پەیوەندیی هەیە بە هەوڵی نێودەوڵەتیی لەپێناوسەرخستنی گەلانی ئێران، چەندین بڕیار لە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەککگرتووەکان، ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤو، رێکخراوە رۆژئاواییە جۆراوجۆرەکان دەرچووەو بەدواداچوونیان بۆ ئەو کێشەیە خستۆتەسەرشانیان، بەهۆی داواکاریی چالاکوانان لە بواری مافەکانی گەلان لەم چوارچێوەیەدا، ئیدی وایکردووە زۆر لە بژاردە ئیتنییەکان پرنسیپی" ویلسۆن" وەربگرن لەپێناو داواکردنی مافەکانیان و سەربەخۆییدا.

وەك پاساوی مێژوویی پێکڕا نزیکبوونەوەی برێك لە رێکخستنە سوننەکانی ئێران و کۆمۆنیزم دەری دەخات، بەپشتبەستن بە بانگەوازی لینین و هەوڵەکانی بۆ بنیاتنانی پردی دۆستایەتیی لەگەڵ دەوڵەتانی ئاسیایی و ئەفریقیی و، پشتبەستنی مارکسیزم بە یەکخستنی جیهان و بانگەوازی نێوبراو بۆ دامەزراندنی حکومەتە زاتییەکان و، ماف بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی وەك پرەنسیپی

رزگاریی گەلانی، دیسانەوە بیرۆکەی سۆسیالیستی لەنێو ئێرانییەکاندا پتر لە گەلانی تری رۆژهەلاتی نێوەڕاست بنجی داکوتا. ئەم پرنسیپە خاڵی بەیەکگەیشتنی لیبراڵیزم و سۆسیالیزمە لە نێوان پارتە ئێرانییەکاندا بەتەواوی ئاراستە فیکرییە چەپەکان یاخود لیبراڵییەکان تەنانەت ئاینییەکانیش، ئەوان لەم بڵندگۆوە سوودیان بینیوە، تەنانەت سەلەفییە ئێرانییەکانیش لەنێویاندا بلوچەکان، بۆ نمونە عەبدولمالیک ریگی چەند جارێک لە کەناڵی VOA ئەمریکیی لیبڕاڵیی بە زمانی فارسیی دەرکەوتووە و هەموانیش دەزانن ریگیی چ سەلەفیگەرایەک بوو، بەڵام مامەڵەی لەگەڵ ئەم کەناڵەدا کرد و کێشەکەی پێشنیار کرد وێڕای جیاوازیی فیکریی لەگەڵیاندا، هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنەکانی مقاوەمەتی چەپی ئێرانی و تەواوی لایەنە ئێرانییەکانی تر.

### تەوەری هەشتەم: رۆژهەلاتناسیی و رۆڵی لە هوروژاندنی کێشەی سوننەدا

هەندێک لەنێو ناسیۆنالیستە بە پەرۆشە ئێرانییەکان بڕوایان بە زەرورەتی تواندنەوەی گەلان لە بۆتەی دەسەڵاتی ئێرانیدا هەیە، هەروەها گۆڕینیان بە شیعە و فارساندنیان بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی فارساندن و پرۆسەی شیعەگەرایی بەو پێیەی دووپایەی سەرەکین، کە ئێرانی پێ دەناسرێتەوە و نزیکە لە گەلی فارسیی شیعەگەرا، لێرەدا بیانوو دەهێننەوە و سوننە تۆمەتبار دەکەن بە بەکرێگیراویی بۆ بیانیان، ئەویش بە وەرگرتنی پشتیوانیی بیانیی جیاواز و پابەندبوونیان بە مەزهەبی سوننەوە.

لەسەرێی ئەو تیۆرسێنە ئێرانیانە حەمید ئەحمەدیی نووسەرە، کە لەم کۆڵینەوەیەدا زۆر نێوی برا بەهۆی تێزەکانیەوە سەبارەت بە کێشەکانی گەلان و نووسینی چەندین کتێب کە باس لە کێشەکانیان دەکات. نێوبراو گوتوویە:" رۆژهەڵاتناسیی فاکتەری سەرەکییە لە هوروژاندنی هەستی نەتەوەیی لە لای گەلانی ئێران بەگشتیی و سوننەکان بەتایبەتی، ئەو رۆژهەڵاتناسییە سەر بە ئەجێندا رۆژئاواییەکانە بۆ پارچەکردنی ئێران بۆ چەندین دەوڵەتۆچکە. دیسانەوە ئەحمەدی لەژێر نێوی "رۆژهەڵاتناسیی و کاریگەرییەکانی لەسەر گەلانی ئێران" گوتوویە:" رۆژهەڵاتناسانی رۆژئاوایی هەوڵیانداوە بازنەی بیری نەتەوەیی و تێڕوانینی رەگەزیی و ئیتنیی لەلای گەلانی ئێران بەرفراوان بکەن، ئەویش بە هوروژاندنی کێشەکانی زمانە غەیرە فارسییەکان و مەزهەبی سوننە، بۆیەشە زۆر لە سۆسیۆلۆجیستەکان و زانایانی زمانناسیی و ئەنترۆپۆلۆجییەکان و، مێژوونووسان و سیاسەتوانانی رۆژئاوایی هەوڵیانداوە کێشەی گەلانی ئێرانی بهروژێنن و، بە چڕی باسی لێوە بکەن لەپێناو گەیشتن بە مەرامەکانیان. هەروەها هەوڵیانداوە ریشە مێژووییەکانی زمانی نەتەوەیی گەلانی ئێران ئاشکرا بکەن و، خولیای نەتەوەیی بهروژێنن و، بەکاری بهێنن و دژ بە زمانی فارسیی تاکو دەستبکەن بە پرۆژە جیاخوازییەکانیان، زۆربەی ئەو رۆژهەڵاتناسانە جولەکەن لەنێوشیاندا رۆژهەڵاتناسیی جولەکە مەجری ئارمینۆس وامبری، لە ساڵی ۱۹۱۳ مردووە، خزمەتی بە ئامانجە داگیرکارییە بەریتانییەکان کردووە، چەند

جارێك سەردانی نێوچەكەی كردووەو كتێبەكانیان لێوانڕێژە لە هوروژاندنی خولیای نەتەوەیی جیاخوازیی"[1].

ڕۆژهەڵاتناسێكی تر جەخت دەكاتەوە لەسەر نەتەوایەتیی بلوچیی بەبێ ئاینزای سوننی ئیسلامیی، پێیوایە بلوچ لە نەوەی بابلییەكانن‌و خولیای نەتەوەیی ئەوانی هوروژاندووە، دیسانەوە هەردوو ڕۆژهەڵاتناس "راولینسۆن، لۆرد كرۆزن"، "عینایەتوڵلای بلوچ " یەكێكە لە ڕێبەرە نەتەوەییەكانی بلوچ، هەردوو ڕۆژهەڵاتناسی نێوبراو بە ئیلهامبەخشی نەتەوەی بلوچ‌و خولیای نەتەوەی بلوچ لەقەڵەم دەدات. بە بڕوای نووسەر بژاردەی بلوچ‌و كوردو عەرەب بیری ڕۆژهەڵاتناسییان وەرگرتووە، كە پڕە لە نەتەوایەتیی‌و دژی بیرۆكەی ئینتیمایە بۆ ئێران.

---

[1] القومية والتوجه القومي لدى الشعوب في إيران، ص ٣٥٥.

# دەربارەی مافخوازیی سوننەکانی ئێران
# ئەمتومانی ژمارەکان و مۆتەکەی مانەوە

ئەحمەد ئەلحەمدی*

ئەم کۆڵینەوەیە قاڵ دەبێتەوە لە رەهەندی دیمۆگرافیی- دانیشتوانی کەمینەی[1] ئیسلامیی "سوننی" لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، کە خاوەن زۆرینەی ئیسلامییە (شیعەی ئیمامیی)، تێیدا نمونە گەلێك لە دۆسیەی مافخوازیی ئاشکرا دەکرێت، وەك بەدواداچوونێکی مافخوازیی ئاینیی فیکریی، هەروەها مەدەنیی کۆمەڵایەتیی. ئامانج لێی بەرچاوپۆشنی زاتی

---

* کۆلەرێکی سعودییە.

[1] پێویستە وەسفکردنی "کەمینە"و "هەستکردن بە کەمینە" لێکجیابکرێتەوە، چونکە یەکەمیان "کەمینە" - سەرەتا جێگەی گرنگی پێدانی ئەم کۆڵینەوەیە - لە کۆڵینەوە روپێوییەکانی دانیشتواندا دەبڕدرێت بەسەر: کۆمەڵێك مرۆڤدا: کە لەنێو کۆمەڵێکی مرۆیی قەبارە گەورەدا دەژین و، لەرووی تایبەتمەندیی رەگەزیی/فەرهەنگیی/ئاینییەوە جیاوازن، بەو مانایە نا هەڵوێستی سیاسیی دیاریکراویان هەبێت، لەئاکامی ئەو جیاوازییانەوە مامەڵەی ناجۆری لەگەڵ بکرێت جیاواز لەمامەڵەی زۆرینە. دووەمیان "هەستکردن بە کەمینە" - ئامانجی ئەم کۆڵینەوەیە - دەگونجێت لەروانگەی کۆڵینەوە ئەنسرۆپۆلۆجییە فەرهەنییەکان و دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە بیخوێنینەوە. وەختێك کۆمەڵێك - هەروەها تاکەکانیش - هەست بە کەمینە بکەن لەگەڵ نەبوونی جیاوازییەکی تایبەتمەندی گرنگ لە ئەوانی تر، بەشێوەیەك هەست بە کەمینە بوون بکات. جیاوازییە گرنگەکان یاخود بنەڕەتییەکان، هەروەها ژمارە بە مانای یەکەم و دووەم لە پێوەرە سەرەکییەکانی وەسفکردنی کەمینەن. بڕوانە: علي الكتاني، الاقليات الاسلامية في العالم اليوم، مكتبة المنارة، الطبعة الاولى، ١٩٩٨، مكة المكرمة - السعودية، ص ٦. عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الاولى، ١٩٨٧، بيروت - لبنان، ص ٢٤٤. سليمان توبولياك، الاحكام السياسية للاقليات المسلمة في الفقه الاسلامي، دار النفائس، الطبعة الاولى، ١٩٩٧، بيروت - لبنان، ص ٢٨. يوسف القرضاوي، في فقه الاقليات المسلمة، دار الشروق، الطبعة الاولى، ٢٠٠١، القاهرة - مصر، ص ١٥.

ئیسلامیی– ئیسلامیی لە نێوخۆدا لە هەرچی پەیوەستە بە رەهەندی ئیسلامیی نێوخۆییەوە، هەروەها بە رۆڵی شارستانیی نێوەندیی، کە لە دەرێوە داوا دەکرێت، لەگەڵ رەهەندی ئیسلامیی هەرێمیی بۆ زانینی هەرچی روودەدات لە نەخشەی ئامادەبوونی جیهانیدا.

## دیاردەی سوننەگەرایی لە ئێران

تێبینیکردنی پەیوەندیی و دابەشبوونی دیاردە ئینسانییەکان – هەروەها سروشتییەکان– دەبێتە مایەی بنجداکوتینی ئەو بنەمایانەی، کە (نیشانەکان) ئاشکرا دەکەن لە نێوان دیاردە مەدروسەکانو، ئەو دیاردانەی تر، کە خاوەن (تایبەتمەندیی) هاوشێوەی ئەون، ئیدی تواناکانی ئاشکرانو دۆزینەوە لە فرە رەنگییە شوێنییەکاندا/المكانیة زانیارییەکان دەخاتە نێو پێکهاتەیەکەوە کە هەمیشە بالایە، هەروەها هەوڵدەدات بگات بە ئەنجامێك سوودی لێوەربگرێت لە ژیانی مرۆڤدا لە پوختەی ئەزموونەکانی دادیَ لە هەوڵەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان.

لێرەدا وەختێك باس لە دانانی "رووی مەزهەبیی"[1] سوننە دەکەین لە کۆماری ئیسلامیدا بە لێکنزییەکانی وانەی ئینسانیی (کۆمەڵگەیی، ئابووریی، عیمرانیی) لە رێگەی فەلسەفەی شوێنناسی/علم المكان–

---

[1] دەگونجێت دیسانەوە رووی سیاسیی جوگرافیی ژینگەیی لە شوێنناسیدا لێکنزیك بکەینەوە لەرێگەی ئەوەی پێی دەگوترێت کایەی "جیۆپۆلیتیکای سیاسیی/جوگرافیای سیاسیی"، واتە: پێکڕاگرێدانی یەکەی سیاسیی – دەوڵەت – بە زەوییو خاکەوە، هەروەها پەیوەندییە گەشەسەندووەکانی نێویو، حاڵەتەکانی پێکدژیی لەنێویدا. بڕوانە: الكسندر دوفاي، الجغرافيا السياسية، تعريب: حسين حيدر – عويدات للنشر والطباعة، الطبعة الاولى، ٢٠٠٧، بيروت – لبنان. عاطف الحلبي، الجغرافيا الاقتصادية والسياسية والسكانية والجيوبولتيكا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، الطبعة الاولى، ١٩٨٩، بيروت – لبنان، ص ١٩٧.

جوگرافیا[1] ، بۆ نمونــه ئـەم لێکنزیکییــە لــە دوو ڕووەوە سـوودمان پێدەگەیـەنێت: یەکـەم هەرەسـهێنان بـە هەڵـچوونە عاتفییـەکان(حوکمـە ئاینییـەکان بەسـەرکوتکردنی مەزهـەبیی بۆ نمونـە/ سـوودێکی ئـەوتۆ ناگێڕێـت لـە دیـاریکردنی زانـستیی دیاردەکانــدا. دووەم: زۆرجـاران ئەنجامی یەکەمە- لەنێوبردنی کردەوە مەدەنییەکان (ڕێکخستن و هەوڵە دنیاییـەکان بـە ڕەتکردنـەوەی وجـودیی)، دیـسان سـودێکی ئـەوتۆ ناگێڕێت لە پلاندانانی کرداریی کۆمەڵگەکاندا، هەروەها لە پێشکەوتنی نێوان شارستانیەتەکانیشدا.

## کێشەی مافخوازیی سوننەکانی ئێران

گرفتـەکانی سـوننەی ئێـران وەك کەمەنەتەوەیـەك ، کـە مـاف هەیـەو ئـەرکی لەسـەرە: کێـشەی ئاسـتی شارسـتانیی قـەوارەی فیکـری شـیعەگەرایی لـە لایـەك، ڕووە سیاسـییەکەی و بڵاوبوونـەوە کۆمەڵگەییەکـەی لـە لایـەکی تـرەوە پێـشنیار دەکـات، کـە دواجـار بڕیارسـازە. هەرکـە باس لـە "کەمەنەتـەوەی سـوننە" دەکرێـت چـەندین حـوکمی پێـشوەختە دێتـە پێـشێ، گرنگترنییـان: چـەمکی لاوازتـرین یـاخود بێدەسـەڵات، یـاخود ئـەوەی ئاسـتی توانـای بـەهێزترین دەردەخـات، یاخود ئـەوەی پەیوەنـدیی هێـزی بە ئـەوی تـرەوە هەیـە، هەڵوێستی لەبەرامبەر کەرامـەتی ئـەوی تردا، بە گوزارشتێکی تر: ئایا

---

[1] محسن المظفر، فلسفة علم المكان/الجغرافيا، دار صفاء للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، ٢٠٠٥، عمان – الاردن، ص ١٤٠-١٤١.

ئاستی سووربوون لەسەر مافی ئەوی تر وەك بەشێکی سەرەکیی لە "چەمکی مافی خود"[1] چییە لە ژیانی ئازادانەو هەستکردن بە دڵنیایی لە ژیانێکی شایستەدا؟

زۆر جاران لە رابردووو ئێستای مێژووی قەوارە شارستانییەکاندا، سەرهەڵدانی دەوڵەتانە لەسەر فرەیی ئایینو نەتەوەکان[2]، ئێران یەکێکە لەو دەوڵەتانە، کە گەنجینەیەکی فرەیی فەرهەنگیی گەورەیە، بۆ نموونە لە رووی فرەیی زمانەوە نزیکەی سەدودە زمانی تێدایە، گرنگترینییان پێنج زمانە، ئەوانیش: فارسیی- زمانی فەرمی دەوڵەتە- بلوچی- کوردیی، عەرەبیی ، ئازەریی[3]. وەختێك فارسەکان چوونەتە نێو ئیسلامەوە تێروانینە عەقایدییەکانیان شێوەی خۆی وەرگرتو، لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا بالآبوونو، رزگاریان بوو لە کۆتوبەندی حوکمڕانیی رەهاو، قوتاریان بوو لە کۆتوبەندەکانی ستەموزۆرو دیکتاتۆریی‌و، تەنانەت رۆحیشیان ئاسوودە بوو، هەروەها لەنێویدا عاریفو سۆفیو زاهیدی تێدا دەرکەوت[4].

---

[1] هيثم مناع، الامعان في حقوق الانسان، موسوعة عالمية مختصرة، اللجنة العربية لحقوق الانسان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٠، دار بيسان، بيروت- لبنان، دار الاهالي، دمشق – سورية، ص ١٢١-١٢٢.

[2] عاطف علبي، الجغرافيا الاقتصادية والسياسية والسكانية والجيوبولتيكا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، الطبعة الاولى، ١٩٨٩، بيروت – لبنان، ص ٢٦٥.

[3] موسوعة ويبكيديا الحرة الالكترونية، مادة الجمهورية الاسلامية، ١٢ مارس ٢٠١٠.

[4] احمد الحوفي، تيارات ثقافية بين العرب والفرس، دار نهضة مصر، الطبعة الثالثة، ١٩٧٨، القاهرة – مصر، ص ٢٧٧-٢٧٨. إبراهيم شتا، التصوف عند الفرس، دار المعارف، سلسلة كتابك ٦٢، طبعة ١٩٧٨، القاهرة – مصر، ص ٣ وما بعدها.

**ئاماری سوننەکان پرۆسەیەکی سەختە**

پرۆسەی دابەشبوونی جوگرافیی لە گردبوونەوە سوننییەکانی ئێراندا لە دوولاوە سەختە :

یەکەم: بەڵگەنامە نیشتمانییەکان، کە هاوڵاتی ئێرانیی هەڵیدەگرێت مەزهەب و ئاینزای تێدا نییە، ئیدی سوننە- ئاڕاستەکەی هەرچییەك بێت- یەکسانە بە شیعە- ئاڕاستەکەی هەرچییەك بێت- ئەوکات ئێمە لەبەردەم کەمینەیەکداین لە ئینتیمای ڕەگەزی ئاینیی بۆ هەرکەسێك کە بیەوێت لەبەرامبەریدا مەعریفەی هەبێت، لەوڕووەوە کە هەردووکیان بە تەنها هەڵگری وەسفی ئاینیی ئیسلامن.

دووەم: بوونی ئەمجۆرە لە وەسفدارکردن دەبێتە مایەی کەڵەکەبوونی گرووپە ئیتنییەکان و، گرفتی سوننە قوڵتردەکاتەوە، وەك هەڵکشانی قەیرانی تایفەگەریی و ڕەگەزپەرستیی کۆمەڵگەیی، تایفەی سوننە لە ئێران دووەم مەزنە تایفەیە[1]، لە پاش زۆرینەی شیعەی ئیمامیی، کە لە ئامارەکانی ئەمدواییەدا ڕێژەی لەسەدا هەشتا و پێنجی تێپەڕاند.

کۆڵینەوەو هەوڵەکان لێکنزیکن، ئامارەکانی دانیشتوان بە وردیی و دڵنیایی ژمارەی مسوڵمانانی سوننە لە ئێراندا دەرناخەن، زانینی ڕێژەیان بە قورس لە قەڵەم دەدەن، بەڵام ئەوەی سوننەکان باسی

---

[1] همام عبدالمعبود، المستقبل الاستراتيجي لأهل السنة في إيران، تحقيق صحفي موقع المسلم نت، ٢٠٠٦/٤/٢٣.

لێوەدەکەن کەمتر نییە لە " ١٤ بۆ ٢٠ ملیۆن کەس"[1]. ڕێژەی سەدییان بیست بۆ سی لەسەدە لە تێکڕای ژمارەی دانیشتوان[2]. بۆ زانیاری ژمارەی دانیشتوانی ڕەسەن لە ئامارەکانی ٢٠٠٩دا بە نزیکەی حەفتاوچوار ملیۆن کەس قەبڵێنراوە[3]. خشتەی (١)و(٢) ڕێژەکان دیاریی دەکەن شانبەشانی ئاماری دانیشتوانو، گیرسانەوەی نێوچەییان:

خشتەی (١)

| ساڵ | ڕێژەی تێکڕای مەزندەی دانیشتوان | ڕێژەی مەزندەیی سوننە |
|---|---|---|
| ٢٠٠٠ | ٧٠ ملیۆن کەس | ٢٥٪ |
| ٢٠٠١ | ٧٤ ملیۆن کەس | ٢٥٪-٣٠٪ |

---

[1] سعد نامي، إيران: ٢٠ مليون نسمة يمثلون اهل السنة، صحيفة الرياض – السعودية، عدد ١٥١١٧، ١٣ نوفمبر ٢٠٠٩. همام عبدالمعبود، المستقبل الاستراتيجي لأهل السنة في إيران، تحقيق صحفي موقع المسلم نت، ٢٠٠٦/٤/٢٣.

[2] عبدالله الغريب، احوال اهل السنة في إيران، ٢٠٣، نشر، ناصر السيد القسطاوي، الطبعة الثانية، ١٩٩٠، القاهرة – مصر، ص ٢٠٠. طه الديلمي، هذه هي الحقيقة، مركز الرافدين للدراسات الارتيادية، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩، ص ٢٤.

[3] موسوعة ويبيكيديا الحرة الالكترونية، مادة: قائمة الدول حسب عدد السكان، ٢١ مارس ٢٠١٠.

## خشتەی (٢)

قەوارە سوننییەکان لە ئێران[١]:

| پارێزگا/ شار | شوێن | وەسفدارکردنی گشتیی | وەسفدارکردنی مەزهەبیی بزاوتگەرایی |
|---|---|---|---|
| پارێزگای خوزستان/ ئەهواز | رۆژئاواو باشووری رۆژئاوا | پێشتر پێی دەگوترا (عەرەبستان) واتە ولاتی عەرەب، ئێستا پێی دەگوترێت ئەهواز | سەلەفی، کۆمەڵەی دەعوەو تەبلیغ |
| پارێزگای کوردستان | رۆژئاوا | زۆرینەی کورد | شافیعی |
| پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا | باکووری رۆژئاوا | زۆرینەی کورد | سەلەفی |
| پارێزگای کرماشان | رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵات | - | ئیخوان ئەلموسلمین |
| ناوچەی تورکمان سەحرا | باکوور | - | حەنەفی، سەلەفی، سۆفی - ئیخوان ئەلموسلمین |

[1] علي عبدالعال، خارطة الحركات السنية في إيران، إسلام اونلاين نت، ٢٠٠٩/٣/١.

| | | | |
|---|---|---|---|
| پارێزگـــــــای خۆراسان | باکوور | - | حەنەفی/ سۆفی |
| پارێزگـــــــای سیـــــــستان و بلوچستان | باشـــــــووری رۆژئاوا | زۆرینــەی بلوچـــی سوننە | حەنــەفی/ ســەلەفی و کۆمەڵــەی دەعــوەو تەبلیغ |
| پارێزگـــــــای هورمزگان | باشوور | زۆرینەی لـە بەنـدەر عـــەباس، قـــشم، کـــــــەنارەکانی خەلیجی عەرەبیی | شافعی |
| پارێزگای فارس | باشوور | زۆرینەی لارستان | شافعی |
| شاری بوشهر | باشـــــــووری رۆژئاوا | - | شافعی |
| پارێزگـــــــای ئەردەبیل | باشـــــــووری رۆژئاوا | کـەنارەکانی شـاری خاڵخاڵ | شافعی و حەنەفی |
| نێوچـەی تـاڵش و عەنبەران | باکوور | رۆژئـاوای دەریـای قەزوین | شافعی و حەنەفی |
| تارانی پایتەخت | باکوور | دوو ملیۆن سـوننەی تێدایە | شافعی |

ئەو کێشانەی، کە دووچاری "ئاریشەی سوننە" لـە ئێران بۆتـەوە بـە توندیی ئاڵۆزو بەیەکداچووە، سەرچاوەکەش بەتـەنها مەزهـەبیی نییـە- هەرچـەندە گـەورەترین فاکتـەرە- بەشـێکیان دەگەڕێتـەوە بـۆ هۆکـاری رەگەزیی لە دەوڵەتێکی فرە رەگـەزی وەك ئێرانـدا، تـەواوی مـسوڵمانانی

سوننه له ئێران به تۆرەمه فارس نین، یان کورد یان بلوچ یان عەرەب یان تورکن، یاخود بەهۆی فاکتەری جوگرافییەوە زۆربەی سوننەکان لە دەوروبەری ئەو دەوڵەتانەدا دەژین کە سنووریان بە دەوڵەتە سوننەکانەوە هەیەو ناکۆکن لەگەڵ ئێراندا وەك ئەفغانستان، پاکستان‌و عێراق، هەرچی کێشەکەیانی زیاتر کردووە " رەهەندی سیاسییە"، کە خۆدەبینێتەوە لە بەدەمەوەنەچوونی شۆڕشی ئیسلامیی لەسەرەتادا.

ئەو فاکتەرانەو چەندینی تر پاساون بۆ گومانکردن لە سوننەکان، ئەوانەی لە دیدگای- رژێمی ئێرانیدا بەتەنها بەرەیەك نین لە رووی مەزهەبییەوە جیاوازبن، بەڵام رەگەزێکی گومانلێکراون لە ئینتیمایان بۆ جەستەی دەوڵەتی ئێرانیی، زۆرجاران تۆمەتبار دەکرێن بە پرۆسەکانی قاچاخچێتیی یاخود پەیوەندیگرتن لەگەڵ لایەنە دوژمنکارەکاندا، ئەمانەش پاساوی تەواون بۆ رژێمی ئێرانی تا ژێر چەپۆکیان بخات، یان لانیکەم سڵیان لێ بکاتەوە، هەرچەندە رژێم دووپاتی دەکاتەوە، هەڵنەستاون بە چەوسانەوە یاخود جەزرەبەدانیان، بەڵام بەمدواییەدا، لەژێر فشاری میدیادا دانی بەوەداناوە کە برێك لە پیاوانی رژێم هەستاون بە کاری توندوتیژیی دژ بە مسڵمانانی سوننەو گرووپە بەرهەڵستکارەکانی تر، بەڵام دەسەڵاتداران گوتوویانە ئەو کارانە بە فەرمانی رێبەرایەتی یاخود مەرجەعیەتی ئایینیی نەبووە[1]. لێرەدا برێك نموونە دەهێنینەوە بۆ هەڵوێست‌و مامەڵەی رژێمی ئێران لەبەرامبەر کەمینەی سوننەدا لە ماوەی " شۆڕشی ئیسلامیی" دا، بەتایبەت – تا

---

[1] إبراهيم الاحوازي، اهل السنة في إيران بين تحديات الواقع وافاق المستقبل، مقال: مركز الشرق للدراسات الحضارية والاستراتيجية، ٢٠٠٥/٥/٢٣.

ئەم نزیکانە- وەك بیلۆگرافیایەکی روون و ئاشکرای پێشێلکارییەکان دژ بە لایەنە سوننەکان کە دوو شکڵی وەرگرتووە: یان کردنە ئامانجی سێمبولەکان یاخود بانگخوازەکان، یانیش ئاڕاستەی قەوارەو جموجوڵە سوننییەکان کراوە، زۆرجاران ئامرازەکانی دەزگای سیاسیی، یاخود عاتیفەی تاکە کەسیی هەڵچوو لەلایەن مەرجەعیەتە ئاینییەکانەوە پێی هەستاون، وەك لەم پارێزگایانەدا روویداوە:

- پارێزگای خوزستان/ ئەهواز

لە چاوپێکەوتنێکدا[1] لەگەڵ سەباح موسەوی، نووسەری عەرەبیی ئەهوازیی، نیشتەجێی کەنەدا بەڕێوبەری سایتی (نێوەندی عەرەبیی کەنەدیی) پسپۆڕ لە کاروباری ئێرانیدا باس لە هەندێك پێشێلکاریی دەکات:

- مزگەوتی گەورەی بەندەری (لەنجە) لەلایەن پاسدارانەوە لەسەرەتای هەشتاکاندا هێرشکراوەتە سەری، بەوهۆیەشەوە دەیان کوژراو و زاماربوونی لە نوێژخوێنان لێکەوتەوە.
- پاش کەوتنی شاو سەرهەڵدانی رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەسەڵاتدارانی ئێران زۆریان هێنا بۆ عەرەبەکانی ئەهواز، هەروەها کاریان لەسەر سڕینەوەی شوناسی عەرەبیی کرد بە ئامانجی باڵادەستیی فیکریی و فەرهەنگیی.

---

[1] علي عبدالعال، خارطة الحركات السنية في إيران، إسلام اونلاين نت، ٢٠٠٩/٣/١.

- دەسەلاتدارانی ئێران هەستان بە قوڵبەستکردنی ئیمامی سوننەکان لە هەرێمەکە شێخ عەبدولحەمید دوسەری، فەرمانی گرتنی بۆ ماوەی حەفت ساڵان بۆ دەرچوو، هەروەها مزگەوتی ئیمام شافیعیی قفڵی لێدرا، کە تاقە مزگەوتی سوننەکان بوو لە هەرێمەکەدا، سەرباری قوڵبەستکردن و لە قەنارەدانی زۆر چالاکوانی ئیسلامیی.

- لە ساڵی ٢٠٠٥ بەڵگەنامەو نووسراوە فەرمییەکان دەریانخست، کە لەلایەن بالاترین دەستەی ڕێبەرایەتییەوە لە ئێران دەرچووە- نووسینگەی سەرۆکایەتیی کۆمار- باس لە کۆچپێکردنی زۆرەملێی سەدان هەزار ئەهوازیی دەکات و شوێنگرتنەوەیان لەلایەن عەجەمەکانەوە لەچوارچێوەی سیاسەتی فارساندنی بەردەوامەوە[١].

-" نێوەندی ئەهوازیی بۆ مافەکانی مرۆڤ، باس لەوە دەکات ، کە دەسەلاتدارانی ئێران هەستاون بە کوشتنی خەڵکی بێخەتای ئەهواز- ڕێژەی عەرەبی سوننە تێیدا زۆرە- لەپاش هەرخۆپیشاندانێکی مەدەنیی ئاشتیانە بە ئامانجی چاندنی ترس و تیرۆر لە دڵیانداو هەوڵدان بۆ خەفەکردنی دەنگیان، کە داوای مافەکانی مرۆڤو مافە مەدەنیی و مرۆڤایەتییەکانیان دەکەن[٢].

---

[1] صباح الموسوي، الاحواز عربية وإن طيل ليل إغتصابها، العربية نت، ٢٠/٤/٢٠٠٩.

[2] بۆ وردەکاریی زیاتر لەمبارەوە بڕوانە بەدۆکیۆمێنتکردنی دەیان فلیم لە وێنەی زیندوو لە سایتی: المركز الاحوازى لحقوق الانسان نت: www.acfh.info/acfh

- **پارێزگای کوردستان**

ئەو هەرێمە مێژوویی و ڕەسەنە لە ماوەی پاش شۆڕشی (١٩٧٩)دا ڕستێك پێشێلكاریی دەرهەق بە سێمبولەكانی سوننە كرا:

- ناسری سوبحانی، یەكێكە لە سێمبولەكانی ئەهلی سوننە لە هەرێمی كوردستان، ساڵی ١٩٩٢ لە قەنارەدرا، بە تۆمەتی بڵاوكردنەوەی وەهابیزم لەپاش لێدانی توندی لەلایەن هەواڵگری ئێرانییەوە.

- ئەحمەدی موفتی زادە، یەكێكە لە سێمبولەكانی سوننە لە كوردستانی ئێران، دامەزرێنەری یەكەم جووڵانەوەی ئاینییە لە ئێران لە پاش شۆڕش، بە (شمس- شورای مسوڵمانانی سوننە) ناسراوە، بەهۆی هەڵوێستە ڕاشكاوەكانییەوە لەبارەی ڕوانینی تایفەگەریی ڕژێمەكەی خومەینیی لە كاتی پێشكەشكردنی گوتارێكدا لە "حوسەینیەی ئیرشاد" لەتاران تەقەی لێكرا، پاشتر قۆڵبەستكرا، لەپاش دەساڵان لە زیندانیكردنی موفتی زادە ئازادكرا، ئەویش لەپاش دڵنیابوون لە تووشبوونی نێوبراو بە نەخۆشی كوشندە، لە ساڵی ١٩٩٣ پاش چەند مانگێكی كەم لە ئازادبوونی و ڕێگەنەدان بۆ چارەسەركردنی لەدەرەوەی وڵات گیانی سپاردو لەلایەن پاسدارانەوە كفنودفن كرا.

- مەلا محەمەدی ڕەبیعی، یەكێكە لە نووسەرە بەناوبانگەكانی كوردستانی ئێران، نێوبراو ئیمام جومعەی شاری كرماشان بوو، مزگەوتەكەی لە ساڵی ١٩٩٦ داخرا، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە

لەهـەمان سـاڵدا تیرۆرکـرا، لـەپاش تیرۆرکردنـی شـارەکە خرۆشـاو خۆپیـشاندانو ناڕەزایـەتیی بـەخۆوە بـینیو دەیـان کـەس کـوژرانو زامداربوونو دەیان کەسیش قۆڵبەستکران[1].

– ئەیوب گنجی، لە ساڵی ۲۰۰۸وە قۆڵبەستکراوەو جەزرەبەدراوە، پێشنوێژو گوتاربێژی مزگەوتی قوبا بوو لە شاری سنە[2].

- پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا:

– شـاری مـەهاباد، یەکێکـە لـە گـرنگترین شـارە سـوننییەکان، کـە دەکەوێتـە باشـووری دەریاچـەی ورمـێ لـە دۆڵێکـی تەنگەبەردایـە، بەرزییەکـەی لەسـەر ئاسـتی دەریـا ۱۳۰۰ مـەترە، لـە پارێزگـای ئازەربایجـانی رۆژئـاوادا (بـاکووری رۆژئـاوای ئێـران – مـەهاباد بـەلای کوردەکانەوە سیمبولێکی نیشتمانییە– زۆرینـەی سوننەیە– پایتـەختی کۆماری مـەهاباد بـوو، کـە لەوپـەڕی باکووری رۆژئاوای ئێران دامـەزرا، دەوڵەتۆچـکەیەکی تەمـەن کـورت بـوو لـەڕووی نێودەوڵەتییـەوە دانـی پێـدانراو لـە لایـەن سـۆڤێتەوە وەك کۆمـارێکی کـوردیی پـشتیوانی لێـدەکرا، کۆمارەکـە لـە سـاڵی ۱۹٤٦ دامـەزرا، پـتر لـە ۱۱ مـانگی نەخایانـد[3]. پێشێلکارییەکانی ئێـران دەرهـەق بە مـافی کوردانی سوننە ئەوێشی گرتـەوە، مـەلا سـەید محەمـەد ئەبوبـەکری، ئیمـامێکی سـوننی

---

[1] عبدالمنعم البلوشي، معاناة اهل السنة في إيران، الحلقة الثانية، مجلة السنة، العدد ٦٨، البينة نت.

[2] "سني نيوز نت: www.sunni-news.netK ، ۳ يناير ۲۰۱۰.

[3] سني اونلاين: www.sunnionlin.us/arabic ،۲۹ إبريل ۲۰۰۹.

بوو له گوندی رەبت نزیکی سەردەشت (باکوری رۆژئاوا)، لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە لەسەر رێگای مزگەوت بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی گوللەباران کرا، بیست‌وپێنج قەوانی بەتاڵ لە شوێنی رووداوەکە دۆزرایەوە[1].

- پارێزگای کرماشان:

ئەم پارێزگایەش راوەدوونانی سێمبولەکانی ئەهلی سوننەی لە ئێران بەخۆبینی، لەوانە مەلا حوسێنی حوسێنی، یەکێك بوو لە زانایانی ئەهلی سوننە لە پارێزگای کرماشان[2].

- پارێزگای خۆراسان:

- رێژەی سوننەکانی خۆراسان تا نێوەراستی هەشتاکان ٢٥٪ بوو، زمانی فەرمییان فارسییە، لە ساڵی ١٩٨٥ شێخ مەولەوی محێدین، کە بەرێوبەری قوتابخانەیەکی ئاینیی سوننەبوو بە تۆمەتی وەهابی بوون قۆڵبەستکرا، بەهۆی هەستانی نێوبراو بە جموجوڵی زانستیی، هەرچی بە هەڵە زانیبایە رەتی دەکردەوە.

- کۆمەڵەی "جوانا توحید" جارێك بە تۆمەتی کۆمۆنیستیی، جارێکی تریش بە تۆمەتی لایەنگریی کۆمەڵەکە بۆ موجاهیدینی خەلق داخراوە، ناسراوە بە نزیکییان لە سوننەوە.

---

[1] صحيفة الشرق الاوسط، العدد ٨٦٢٤، ٩ يوليو ٢٠٠٢.

[2] صباح الموسوي، ما موقف الاخوان من مأساة سنة إيران؟، العربية نت، ٣٠ نوفمبر، ٢٠٠٨.

- شاری تایباد، ژمارەی دانیشتوانەکەی تا نێوەڕاستی هەشتاکان بیست‌وپێنج هەزار کەس بووە، لەسەدا حەفتایان سوننەبوون، لە گوتارو جموجوڵە مەدەنییەکاندا چاودێریی ئەمنییان لەسەرە[1].

- پارێزگای سیستان و بلوچستان

- سوننەکان، کەزۆرینەن لە ژیانێکی سەرەتاییدا دەژین بەهۆی فەرامۆشکردن و پەراوێز خستنەوە لەنێو توێژی گەنجاندا ماددەی هۆشبەر بەربڵاوە.

- دەسەڵات باس لە بوونی وەهابیزم و وەهابییەکان دەکات و، فەتوای تەکفیریان بۆ دەردەچێت.

- سۆفی دۆست محەمەد، کە چالاکەوانێکی ئاینیی بوو بۆ ماوەی دوو ساڵان قۆڵبەستکراو، لە گرتووخانە خزێنرا[2].

- زانکۆی خانەی زانستەکانی زاهیدان، گەورەترین نێوەندی زانستیی ئەهلی سوننەیە لە ئێران، لە وەختێکدا مزگەوتی مەککی - گەورە- لە شاری زاهیدان، گەورەترین نێوەندی زانستیی ئەهلی سوننەیە لە ئێران، گەورەترین مزگەوتی ئەهلی سوننەشە لە ئێران[3].

---

[1] عبدالله الغريب، احوال اهل السنة في إيران، ٢٠٣، نشر، ناصر السيد القسطاوي، الطبعة الثانية، ١٩٩٠، القاهرة – مصر، ص ١٤٠-١٤٦.

[2] م.س: لا ١٤٧-١٤٩.

[3] إسماعيل قلجايي، الجامع المكي واثره في المجتمع السني الايراني، سني اونلاين نت، www.sunnionlin.us/arabic .

- رژێمی فەرمانڕەوا تەواوی ئەو قوتابخانانەی داخست، کە مەزهەبی سوننەی ئیسلامیی تێدایە دەخوێنرێت لە هەرێمی بلوچستانی ئێران، جگە لە چوار قوتابخانە[1].

- پارێزگای فارس

هەندێك پێیانوایە شاری شیراز- سەربە پارێزگای فارس- بە ئامانجکراوە(کوشتنی زانایان، داخستنی نێوەندەکانی خوێندن، هەرلە وەختێکی زووەوە لە مێژووی دەسەلاتەکانی ئێران تا سەردەمی شۆڕشی ئێرانیی لە گرنگترین نێوەندەکانی زانستو فیقهو شیعر بوو لە مێژووی ئەو نەتەوەدا، وەك ئەستێرە گەشە لە ئاسمانی شارستانیەتی ئیسلامیدا دەدرەوشایەوە بە دەرچوونی عەبقەرییو هەلکەوتەکان لە تەواوی هونەرو زانستەکاندا گەشەیەکی رەسەنو مەزنی بەخۆوە بینی لە مێژووی خۆیدا، بەلام پاشتر بەرەو ئاوابوونو نەمانو پاشکەوتن رۆیی لە زانستە ئیسلامییەکاندا پاش ئەوەی لانکەی ئەو قوتابیانە بوو، کە لە تەواوی ولاتەوە روویان تێدەکرد، هەروەها پەناگەی خاوەن زانستو عیرفانو تەزکیە بوو ئەم شارە هاوشێوەی شارە سوننەکانی تر حالوباری خراپەو ئازادییەکانی

[1] امیر طاهري، معاناة الاقلیات في المیزان، العربیة نت، www.alarabiyah.net ، ٢٦ فبرایر ٢٠١٠.

سوننه به ئامانج كراوه وەك نێوەندێكی زانستی لەلایەن رژێمەوە، وەك شارەكانی تر كه سوننەی بوونی هەیه وەك ئەسفەهان و تەبرێز[1].

-شاری بوشەهر: شیعاندنی زۆرینەی سوننه:

- بوشەهر یەكێكە لەو شارانەی ئێران، كە دەكەوێتە باشووری رۆژئاوای ئێران، رووبەرەكەی نزیكەی (٢٧٠٦٥٣كم[2]) یەو، نزیكەی ٦٥٣٠٠٠ كەس تێدا نیشتەجێیە، ٤٨٪ یان دێهاتنشینن و باقیەكەی تریشیان لەشارەكاندا گیرساونەتەوە.

- شاری بوشەهر(پایتەختی پارێزگای بوشەهره، هەرلە سەرهەڵدانیەوه شارێكی سوننی بووه، (شاری دەشتی، كە عومەری كوڕی عەبدولعەزیز بنیاتی ناوه بەهەمان شێوه شارێكی سوننی بووه)، خانەوادەی ئال مەزكور یەكەم خانەوادەی فەرمانڕەوا بوون لەوشارەدا، تەواوی شارەكه ئەهلی سوننەی شافیعیی بوون، تا هاتنی حەسەن ئال عوسفور(١٢١٦) لە بەحرەینەوە بۆ بوشەهر، زۆر هەوڵیداوه بۆ شیعاندنی خەڵكەكەی، بەهۆی چالاكییەكانیەوە رێژەی شیعە زیادیكردووه، دیسانەوه چالاكییەكانی ئال عاشورو بەحرەینییەكان و چالاكییەكانی ئال ئەمیر، لە شاری "دەشتی" رەسەن بوون، لەو سەروبەندەدا بانگەوازیان بۆ شیعەگەرایی كردووه.

---

[1] ابو عبدالله البلوشي، مدينة شيراز قبل الصفوية وبعدها، سني اونلاين نت، www.sunnionlin.us/arabic، ١٢ يوليو ٢٠٠٨.

لەگەڵ بوونی ئەو مێژووە دووورودرێژەدا، کە سوننەی تێدا ژیاوە لە بوشەهر، تا ئێستاکە کۆڵینەوەیەکی گشتگیرو تەواو لەبارەی مێژووی ئامادەیی زاناکانیان نەکراوە، هەروەها لە بارەی چالاکییەکانیان بەتایبەت نێوەندە فێرکاریی و پەروەردەیی و نووسینگە کەسییەکان مەزنە زانایانی ئەوێ، هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەردەست نین لە بارەی زانایان و زانایانی دانیشتوو لە بوشەهر، یاخود ئەو کتێبانە کامانەن کە نووسراوە یاخود وەرگێردراوە لەسەر دەستی ئەوان؟، ئێستاکە دوو مزگەوتی سوننەی تێدایە[1].

- پارێزگای ئەردەبیل

- ژمارەی دانیشتوانی بەڕێوبەرایەتی خاڵخاڵ- سەربە پارێزگای ئەردەبیل- دەگاتە نزیکەی هەزار خێزان و ٢٨٠ خێزانیان بە ژمارەی ١١٢٠ کەس ئەهلی سوننەن، باقیەکەی شیعەن[2].

- لە رۆژی ١٣ی مارس(ئادار)ی ٢٠١٠ دەسەڵاتدارانی ئێران زانای جاحێڵی ئاینیی شێخ عەلی رەزا رەسوڵییان قۆڵبەستکرد، کە یەکێکە لە زانایانی ئەهلی سوننە لە شاری مەشهەد (لە کۆندا نێوی توس[3]) بوو. شایەنی باسە ئەم زانا جاحێڵە مامۆستا بوو لە زانکۆی خانەی

---

1 اهل السنة في بوشهر، سني اونلاين نت: www.sunnionlin.us/arabic، ٢٧ يناير، ٢٠١٠.

2 التعريف بمناطق اهل السنة والجماعة في مقاطعة اردبيل، سني اونلاين نت: www.sunnionlin.us/arabic، ١١ مايو ٢٠٠٨.

3 بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شاری مەشهەد: www.alhasanain.com/modon/mashhad.htm

زانــستەکانی شــاری زاهیــدان، پــێش دووســاڵ لــە قۆڵبەســتکردنی روویکــردە زێــدی خــۆی لــە خۆراســان و ســەرقاڵی چــالاکیی ئــاینیی پــەروەردەیی بــوو، دەســەڵاتدارانی ئێــران قۆڵبەســتیان کــرد، لــە پــاش هەڵکوتانــە ســەرماڵەکــەی، هــەروەها بانگهێشتکردنی بــۆ وەڵامدانــەوەی پرســــیارەکان لــــە فەرمانگــــەی هــــەواڵگریی، ئــــەو رۆشــــتنەی رۆشــــت نەگەڕایەوە[1].

- نێوچەی تالش و عەنبەران:

- قوتابخانــەی پێــشەوا عەبــدولقادر گــەیلانیی- ســوننی - لــە شــاری ئەســالم، لــە شــارەکانی نێوچــەی تــاڵش یەکێکــە لــە نێوچــە ســوننیەکانی سنوورەکانی باکوور، لە ساڵی ١٩٧٥ جموجوڵی زانستیی و ئاینیی تێکەوت بە هــەوڵ و تەقــەللای مەزنــە زانایــانی نێوچــەکە لــەو دەمــەدا وەك شــێخ شــێر محەمەد ئافەندیی و شێخ حاجی رەئوف ئافەندی و موسلم ئافەندی. هەروەها خوێندنی زانستە شەرعییەکان تێیدا بۆ ماوەی پانزە ساڵان بەردەوامبوو لە نێــو مزگــەوت و ژوورە ســادەکانی تەنیــشتیدا، پاشــتر قوتابخانەکــە بــەهۆی بوونی توانای داراییەوە گواسترایەوە بۆ مزگەوتی نوێی فاروقی گەورە، شێخ بورهان ئەفەندی پێشنوێژی مزگەوتەکە کاروبارەکانی بەڕێوەدەبرد، پاشتر بە کۆمەکیی دانیشتوانی شارەکە بە بەخشینی پارچە زەوییــەکی وەقف بینــای نــوێی قوتابخانەکــە بنیــاتنرا پــاش کۆمــەکیی جــەماوەریی و هاوکــاریی و وەرگــرتنی مۆڵــەت لەلایــەن شــارەوانی و دامــەزراوەکانی تــرەوە، ئیــدی جموجوڵــەکانی بــەردەوامبوو تــا زۆرهێنــان و فــشار لەلایــەن بەرپرســانی نێوچــەکەوە جارێك بە بیانووی ئەوەی مۆڵــەتی جموجوڵی فێرکردنــی نییــە،

---

[1] سني اونلاين: www.sunnionlin.us/arabic، ١٣ مارس ٢٠١٠.

بەڵام وەختێك مامۆستایانی قوتابخانەكە بەرگرییان كرد، پاش چەند مانگێكی تر گوتیان بینای مزگەوتەكە بە كەڵكی بوومەلەرزە نایەت و بە بوومەلەرزەیەك بەسەر مامۆستا و قوتابیەكاندا هەرەس دەهێنێت، ئیدی بەردەوامبوون لە فشارەكانیان لەسەر مامۆستایانی قوتابخانەكە تا وێرانیان كرد[١].

- تارانی پایتەخت

- سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەدەن، بوونی سوننە لە تارانی پایتەخت كەم نییەو، خەمڵاندنەكان لە بارەی ڕێژەیانەوە جیاوازە، هەندێك پێیانوایە كەمتر نییە لە (ملیۆنێك سوننە)، هەروەها نێوەندە سوننییەكان باس لەوە دەكەن، كە سوننەكانی تاران تاقە مزگەوتێكییان نییە، وێڕای ئامادەیی گەورەی ئەوان، لایەنەكانی تریش[٢]، ئەو پڕوپاگەندەیە ڕەت دەكەنەوە، بەهەرحاڵ بەڵگەیەك لەسەر لاوازی كۆڵینەوەی ڕووپێویی بیبلۆگرافیی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئاستی ناڕۆشنیی و لێڵیی كێشەی سوننە لە ئێران و سیاسەتە نێوخۆییەكانی.

- لە تاران هیچ نێوەندێك یاخود دامەزراوەیەكی فەرمیی نییە بەدواداچوون بكات بۆ كێشەكانی ئەهلی سوننە، نوێنەرەكانیشیان لە ئەنجومەنی شورادا كە هۆكاری كەمی ڕێژەكەیان دەگەڕێتەوە بۆ شورای

---

[1] شبكة البلوش الاخبارية نت: http//baloshna.blogspot.com، ٢٨ نوفمبر ٢٠٠٨.

[2] محمد ناصر البخيتي، ظاهرة الشيعة فوبيا.. اخطر داء يصيب الوعي العربي، صحيفة الاخدود نت.

نیگەهبانی دەستوور، کە شیاویی و لێهاتوویی زۆربەی کاندیدەکانی ئەهلی سوننە رەتدەکاتەوە، ئەوانەی خاوەن ئەزموون و شایستەن[1].

- لە لایەکی ترەوە - لە مێژوویەکی نزیکدا- سەرچاوە ئێرانییەکان باس لەوە دەکەن کە حکومەت رێگریی کردووە لە رێبەری ئەهلی سوننە لە ئێران "عەبدولحەمید بلوچی" -پیاوێکی ئاینیی دیارە- گەشت بکات بەرەو دەرەوەی وڵات" عەبدولحەمید بە داوەتنامەی شا عەبدوڵڵای سعودیە، لە سێتمبەری ٢٠٠٩دا گەشتیکرد بەرەو سعودیە.

- پابەندبوونە یاساییەکان: داواکاریی پێداچوونەوەی مافە نێوخۆییەکان

- لە ماددەی (١٢)ی دەستووری ئێرانیدا هاتووە لەهەر نێوچەیەکدا شوێنکەوتووانی مەزهەبێك زۆرینە بوون، ئەوا حوکمە نێوخۆییەکانی ئەو نێوچەیە بەپێی ئەو مەزهەبە دەبن، لەگەڵ پاراستنی ماف شوێنکەوتووانی مەزهەبەکانی ترو، دەستوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆییان.

- دەستووری ئێران رێگری کردووە لەوەی سوننەکان خۆیان کاندید بکەن بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، چونکە بە راشکاوی تێیدا هاتووە: "دەبێت سەرۆك شوێنکەوتەی مەزهەبی شیعەی ئیمامیی بێت"[2].

- لە ماددەی(١٥)ی دەستووردا هاتووە پێویستە لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندندا بەزمانی کەمینە بخوێندرێت[1]، وەك پاراستنی

---

[1] صحيفة الشرق الاوسط، العدد ١١٣٦٢، ٦ يناير ٢٠١٠.

[2] ايمن حسونة، الاقلية السنية في إيران، وكالة الاخبار العراقية نت، www.iraq4allnews.dk، ٦ مارس ٢٠١٠.

زمانی نەتەوەیی لە لایەك و ڕێزگرتن و لەبەرچاوگرتنی کەمینەکان لەلایەکی ترەوە.

ئەمانە سێ نمونە بوون لە پابەندبوونە یاساییەکان، یەکەم و سێیەم لە بەرژەوەندی ئەهلی سوننەیە لە ئێران، کارانەکردنی ئەو برگە دەستووریانە بەشێکە لە گرفتی مافخوازیی کەمینەی سوننە لە ئێران، بۆیەشە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لێیانەوە دروستبوون لەنێوخۆیدایە، وەك چارەسەرکردنی قەیرانی تایفەگەریی.

**- پابەندبوونە یاساییەکان: داواکاریی پێداچوونەوەی مافە دەرەکییەکان:**

– ئێران بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکانی مۆر کردووە ئەوانەی خاوەن گەنجینەی مافخوازین و لەرووی نێوخۆیی و دەرەکییەوە پابەندی کردووە بە چەندین لیست، کە ماف کەمەنەتەوەکانی بە گشتیی تێدایە، کەمینەی سوننەش بەتایبەتیی:

– ئێران ئەندامە لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیی، بەڵێننامەکانی ڕێکخراوەکەش ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١. چەسپاندنی هاوبەستەگیی ئیسلامیی (لە رووی نێوخۆیی و دەرەکییەوە).

٢. کارکردن بۆ سڕینەوەو جیاکاریی رەگەزپەرستیی.

---

[1] همام عبدالمعبود، مستقبل اهل السنة في إيران، التنوير للدراسات الانسانية نت، ٢١ مارس ٢٠١٠.

٣. ڕێزگرتن له مافی چارەی خۆنووسین و، دەستوەرنەدانە کاروباری دەوڵەتانی ئەندام.

٤. چارەسەرکردنی کێشەکان بەرێگەچارەی ئاشتیی و[1] دانوستان.

کەواتە ئەو برگە یاساییانە یەکێکە لە گەورەترین بەرپرسیارێتییەکانی ئێران لەسەر ئاستی هەرێمیی: عەرەبیی و ئیسلامیی و، ئاستی نێودەوڵەتیی، پێویستە جێکەوتە یاسایی و سیاسییەکانی هەڵبگرێت. یەکێك لە سیما شارستانییە دیارەکان، کە بە شێوەیەکی گەورەتر سەرهەڵدەدات، بوونی قەوارەگەلێکە لە چارەنووسسازیی و لێهاتوویی و لە پێکرا ئاوێتەکردن و گرێدانی نێوان قەوارە نێوخۆییەکان وەك رەگەزی هێزو دەوڵەمەندیی، هاوپەیمانییە دەرەکییەکانیش وەك رەگەزی سوودوەرگرتن و بەخشین[2].

## کۆتایی

ئەزموونی مێژوویی ئێران لەگەڵ " کەمینەی سوننە" دا، لە چوارچێوەی پێشهاتە نێوخۆییە دیاریکراوەکاندا بووە، هەروەها لەژێر سایەی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی و سیاسییدا بووە، گرنگترین شتێك، کە جیای دەکاتەوە تایبەتمەندێتی شیعەگەریی زۆرینەی ئێران و،

---

[1] حمد عزيز شكري، الاحلاف والتكتلات في السياسة العالمية، سلسلة عالم المعرفة/ رقم ٧، المجلس الوطني للثقافة والعلوم والادب، طبعة يوليو (تموز) ١٩٧٨ الكويت، ص ١١٧-١١٨.

[2] سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦-١٧.

نێوەندگەرایی "مەرجیعە ئاینییەکان"ە[1] لە بڕیارسازیی لەبارەی چارەنووسی سوننەکانو، گەڵاڵەبوونی ئەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتیانەی، کە لێیەوە دروست دەبن، هەروەها پێکهێنانی ئاڕاستەکانی رای گشتیی لەبارەیەوە.

ئاشکرایە شکستی مسوڵمانان بەگشتیی، دەرەنجامی ژیریی و ئاوەزی دوژمن نییە[2]، بەڵکو وازنەهێنانە لە ستەمکاریی نێوان خۆیانو بەکارهێنانی نەعرەتەی تایفەگەرایی، کە لە کۆتاییدا جگە لە ستەمکاری دەرەکیی و نێوخۆیی هیچ خزمەتێکی تر ناکات[3].

هەرچەندە باسمان لە سوودی وانەو پێشکەشکردنی نمونە مافخوازییەکانی کەمینەی سوننە کرد لە ئێراندا، بەڵام ئەم وانەیەو ئەو سوودە، سەرۆکی ئێران محەمەد خاتەمی، بەم گوتەیە پوختی کردۆتەوە: "ئەوەی ئێمە بەدرێژایی هێڵی بیری سیاسیی لەدەستماندراوە، بریتییە لە نەبوونی پرسیار لە بارەی ماهیەتی زاڵبوونو مەیدانبازیی، هەروەها چۆنیەتی دەربازبوون لێی"[4].

---

[1] وليد عبدالناصر، إيران: دراسة عن الثورة والدولة، دار الشروق، الطبعة الاولى، ١٩٩٧، القاهرة – مصر، ص ١٢٣.

[2] وائل عادل: كتاب: زلزال العقول، ص ٤٦، اكاديمية التغيير، http:aocfm/site

[3] عيسى الشارقي، حينما تبكي امة جلادها، مجلة التجديد، البحرين، ص ٣٦،٤٠، العدد الخامس، ابريل ٢٠٠٩.

[4] محمد خاتمي، الاسلام والعالم، مكتبة الشروق، الطبعة الثانية، ٢٠٠١، القاهرة – مصر، ص ١٤٠.

# پاشکۆی وێنە




**نەخشەی ئێران**




**نەخشەی دابەشبوونی جوگرافیی سوننەکانی ئێران**



شێخ عەزعەل محێسن



عەبدولعەزیز مەلا زادە



ئەحمەدی موفتی زادە



ناسری سوبحانی



ئەحمەدی موفتی زادەو مەلا محەمەدی رەبیعی



مەلا محەمەدی رەبیعی



شێخ عیزەدینی حوسێنی



دکتۆر ئەحمەد سیاد



عەللامە عەبدولعەزیز ساداتی



عەبدولمالیك ریگی

# سوننەكانی ئێران

ئەم كتێبە چەند سەرنجێكی بایەخدار لەخۆدەگرێت لەبارەی شوناسی تەوژمی سوننەگەرایی، دۆخی ئاڵۆزو كێشمەكێشە مەزهەبییەكان، بەربەستو قۆرتە دەستوورییەكان، ڕێگریكردنو بەشداری پێنەكردنی سیاسیی، سستی گەشەپێدانی ئابووریی، پاشكەوتنی فەرهەنگییو ئەوقەیرانە زۆروزەوەندانەی، كە دووچاری گرووپە ئیتنییەكان بۆتەوە لە كۆماری ئیسلامیی ئێراندا. تێیدا بەوردی تیشك خراوەتە سەر نەخشەی دابەشبوونی پارتو، ڕێكخستنە سیاسییەكان، كەسایەتییە بەهەژموونو كاریگەرەكان، خواستو داواكارییەكان و جیاكارییە مەزهەبییەكان لەم وڵاتەدا.

كتێبی "سوننەكانی ئێران" ئاوڕدانەوەیەكی ناوازەی ئەكادیمییە لە دۆخی سیاسیی، ئابووریی، كۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی سوننەكان بە گشتییو سەنگو خەباتی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان بە تایبەتیی.

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)